# ڕانانی ستراتیجی

وەرزنامەیەکی ستراتیجی وەرزی وەرگێڕانە،
مەڵبەندی دیراساتی گشتی دەریدەکات.

ژمارە (٤)ی شوباتی ٢٠٢٤

خاوەنی ئیمتیاز: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

سەرنووسەر: د. یوسف گۆران

جێگری سەرنووسەر: د. ئومێد ڕەفیق

بەڕێوەبەری نووسین:
باران توانا

بۆردی ڕاوێژکاران:

پ.ی.د. مۆفەق خالد
پ.ی.د. زانا حسن
پ.ی.د. ڕێبوار زین الدین
م. ناودار زیاد

هەڵەبڕ: هەژیر عبدولرحمان

ناونیشان: عێراق - کوردستان - سلێمانی - چوارچرا

# سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

## تۆماری یاسایی

ژمارە: 977

ڕێکەوت: 16/7/2023

بەپێی بڕگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای ڕۆژنامەگەریی لەکوردستان، ژمارە (35)ی ساڵی 2007 ، پاش ئەوەی کە دەرکەوت گۆڤاری ( ڕانانی ستراتیجی ) وەرزییەو خاوەن ئیمتیازی ( مەڵبەندی دراساتی گشتی ی.ن.ک ) و سەرنووسەرەکەی ( یوسف صمد لطف الله )، مەرجە یاساییەکانی تێدا بەدیهاتووە، لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەژمارە متمانەی ( 977 )تۆمارکرا، بۆ ماوەی یەک ساڵ.

ئازاد حەمەدەمین

نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

# ناوەڕۆك


◆ **بریکس و هەنگاونان بەرەو جیهانی فرە جەمسەری** ........................................................ | ٥
نووسینی: د. یوسف گۆران

◆ **بریکس، حکومڕانیی جیهانی و ئالنگارییەکانی هەماهەنگیی نێوان وڵاتانی باشوور لە پاش جیهانی ڕۆژئاوا**............ | ٧
نووسینی: نیال دەجان، باس هومیژمایژرس، ئێکاترینا ئاراپۆڤا
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

◆ **فراوانبوونی بریکس بۆ ئەندامانی دامەزرێنەری بلۆکەکە چی دەگەیەنێت؟**................................................ | ٢٣
نووسینی: دکتۆر هیزەر ئاشبی، دکتۆر دانیال مارکی، کیرک ڕاندۆڵف، کیرتیکا شەراد، هێنری توگێندهاتو ئالی ڤێرجی
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

◆ **ڕۆڵی بریکس لە جیهانی سیاسیدا**......................................................................................... | ٣١
نووسینی: ئۆلگا کۆلێسنیچێنکۆ، ئەلێکساندەر ڕۆزانۆڤ و لیو دێیین
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

◆ **ڕۆڵی بریکس لە ئابووریی جیهانیدا**....................................................................................... | ٤١
نووسەران: دکتۆر ئەبیشک ئاناند
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

◆ **جێبەجێکردنی ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام لە وڵاتانی "بریکس "دا**.......................................... | ٥٧
نووسینی: سەجاد علی، تالب حوسین، گۆولیانگ ژانک، محمد نورونبی، بێنژیان لی
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

◆ **بریکس وەك بنەمایەکی جێگرەوە بۆ حکومڕانیی ئابووریی جیهانی، سەرنجێك**........................................ | ٧٥
نووسینی: دان زایرایک
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

◆ **بەرهەمهێنانی وزە وەك بنەمایەك بۆ پەرەپێدانی بەردەوامی وڵاتانی بریکس**...................................... | ١٠١
نووسینی: ی.ن.باریکینا، ا.گ.چرنیخ، باونا
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

◆ **وڵاتانی بریکس ڕووبەڕووی ڕەوتە نوێیەکانی ئابووریی جیهان دەبنەوە**.............................................. | ١٠٩
نووسینی: ئایرینا گابرێلا ڕادولێسوا، میرلا پانایتا، کاتالین ڤۆیکاب
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

◆ **بریکس، ئایا هاوسەرگیرییەکی بەرژەوەندی دەتوانێت بەردەوامبێت؟**.................................................. | ١٢١
نووسینی: کاتارینا کرالیکۆڤا
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

◆ **لوتکەی (٢٠٢٣)ی بریکس، بە دوای نەزمێکی جیهانیی جێگرەوەدا دەگەڕێت؟**........................................... | ١٢٩
نووسینی: ئەنجومەنی شوراکان
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

◆ **وڵاتانی بریکس: لە کوێی داهاتوودان و چ کاریگەرییەکیان لەسەر ئابووری جیهانیی دەبێت؟**........................ | ٣٢١
نووسینی: ماثیۆ بیشۆپ
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی



# بریکس و هەنگاونان بەرەو جیهانی فرە جەمسەری

د.یوسف گۆران

بریکس وەك بیرۆکە بۆ ناوەڕاستی دەیەی نۆیەمی سەدەی رابردوو لەلایەن ڕوسیا وەك ئەڵتەرناتیڤێکی فرەجەمسەری ئابووری بۆ جیهانی تاك جەمسەری پاش شەڕی سارد پێشنیار کرا. ئەم بیرۆکەیە پاش زیاتر لە ١٠ ساڵ لە ٢٠٠٩ یەکەمین کۆبونەوەی وڵاتانی (بەڕازیل، ڕوسیا، هند، چین) بە پراکتیکی کرا، پاشان بە بە ئەندامبوونی ئەفریقای باشوور ناوەکە و ڕێکخراوەکە بە فەرمی بوو بە (بریکس) و وەك کۆمەڵەیەکی ئابووری جیهانی ناسرا.

دەرکەوتنی بریکس لە دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەکەم لەسەر ئاستی جیهاندا بە ڕێککەوت نەبووە، لە دەیەی یەکەمدا(٢٠٠٠-٢٠١٠) بۆ یەکەمین جارو لەسەردەمی ئۆبامادا ئەمریکا وەك تاقە زلهێزی جیهانی گلۆرەی کەوتە لێژی و لە زۆر شوێنی جیهاندا دەستی بە پاشەکشێ کرد. لەو ماوەیەدا وڵاتانی چین بە پلەی یەکەم و پاشان هیند و بەڕازیل ڕۆڵیان لە ئابووری و نێوەندە نێودەوڵەتییەکاندا فراوانتر بوو. ئاستی بەشداریکردنی ئابووری وڵاتانی بریکس لە دەیەی دووەمدا (٣٠٪) کۆی ئابووری جیهانی تێپەڕاند.

هەرچەندە لە دەیەی سێیەمدا چەندین وڵاتانی تر( ئێران، میسر،سعودیە) بۆ بەئەندامبوون لەم کۆمەڵە جیهانییە بانگێشت کران و وا چاوەڕوان دەکرێت بەشێکی وڵاتان ببنە ئەندام لەم کۆمەڵەیە، بەڵام هێشتا جگە لە هەماهەنگی ئابووری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی هیچ مۆرکێکی سیاسی یان سەربازی لەخۆ نەگرتووە.

لە ڕاستیدا بە تێڕوانین لە وڵاتانی پێکهێنەری سەرەکی بریکس ئەوە دەبینین کە سەربارى بەرژەوەندی بازرگانی وئابووری هاوبەش ئەم وڵاتانە لە ڕووی ستراتیجی نەتەوەیی و تێڕوانینی جیهانیان جیاوازی زۆریان هەیە. هیند و چین سەرباری تێگەیشتنی ئابووری و بازرگانی جیاوازی و تەنانەت ململانێی سیاسی و ستراتیجی فراوانیان هەیە. ڕوسیا و چین لەگەڵ هەماهەنگییان لە چەندین بابەتی ئابووری و سیاسی نێودەوڵەتی، بەڵام لە چین بە ستراتیجێکی ئابووری درێژخایەن بەرنامەڕێژی بۆ پەلهاوێشتی ڕۆڵی جیهانی دادەڕێژێ و باوەڕی بە ململانێی سەربازی و هاوپەیمانی ئەمنی نیە، لەلایەکی تر ڕوسیای ئێستا لەلایەك خەونی گێڕانەوەی هەژموونی سەردەمانی سۆڤیەتی بەسەر زۆر لە دراوسێکانی هەیە و لەلایەتی ترەوە لە ئابووری و دبلۆماسییەتی دەرەکیشی تا ئاستێکی زۆر پشت بە پیشەسازی سەربازی دەبەستێ.

بە گشتی وڵاتانی بریکس تێڕوانینی جیاوازیان بۆ ڕۆڵی جیهانی خۆیان و کۆمەڵەکە هەیە، هەندێکیان وەك بەڕازیل و سعودیە و هیند و چین زیاتر دەیانەوێ بەرەو ڕێکخراوێکی ئابووری جیهانی چالاکی ببەن، وڵاتانی وەك ڕوسیا و ئێران و باشووری ئەفریقا سەرباری گرینگیدان بە لایەنی ئابووری دەیانەوێ ئەم ڕێکخراوە وەك ئەلتەرناتیڤێکی جیهانی بەرەو فرەجەمسەری سیاسی ببەن و لە ئەنجامدا گۆڕانکاری لە سیستەمی بەڕێوەبردنی نێودەوڵەتی ڕوو بدات کە لە ئێستادا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرکردایەتی دەکات.

ئەوەی لە ئێستادا ڕوونە کە جیهانی تاك جەمسەری پاش شەڕی سارد لە پاشەکشە و لەناوچوونە، شەڕی ئۆکراین و غەززە باشترین بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئاڵنگاری جیددی و ڕاستەقینە هەیە بۆ سەرسیستەمی باوی ئەمنی و نێودەوڵەتی ئێستا. گومان لەوەدا نیە ئیتر لە دەیەی چوارەم و پێنجەمی ئەم سەدەیەدا ئەمریکا تاکە زلهێزی جیهانی نابێت، بەڵکو ڕەنگە بەشێك لە وڵاتانی بریکسی ئێستا بەتایبەت چین و هند بەرەو هێزێکی جیهانی فرە ڕەهەند هەنگاو بنێن، هەروەها ئەوروپاش کە ئێستا لە ژێر چەتری پارێزراوی سەربازی ئەمریکایە، لەم چەترە دەربچێت و هێزی سیاسی و سەربازی و ئەمنی تایبەت بە خۆی پێك بێنێ.

بەم شێوەیە هەرچەندە لە ئێستادا دوورە کە وڵاتانی بریکس ببنە ئەلتەرناتیڤێکی جیهانی بۆ دونیای پاش تاك جەمسەری، بەڵام پێدەچێت ڕێخۆشکەر بن بۆ هەنگاونان بەرەو جیهانی فرە جەمسەری ئابووری و سیاسی و سەربازی.

# بریکس، حکومڕانیی جیهانی و ئاڵنگارییەکانی هەماهەنگیی نێوان وڵاتانی باشوور لە پاش جیهانی ڕۆژئاوا

**نووسینی: نیال دەجان، باس هومیژمایژرس، ئێکاترینا ئاراپۆڤا**
**وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی**

**پوختە**

لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا هەریەک لە وڵاتەکانی بریکس (بەڕازیل، ڕوسیا، هیندستان، چین و ئەفریقای باشوور) پێشکەوتنێکی ئابووریی گرنگو بەرچاویان بەخۆیانەوەبینیوە، گەرچی دەنگە سیاسییەکانیان لە حکومڕانیی جیهاندا بە قەدەر پێشکەوتنی ئابووریان زیادینەکردووە. بەشداریکرنیان لە کۆڕی "بریکس ، حکومڕانیی جیهان، هەروەها ئاڵنگارییەکان بۆ هاوکاریی باشوورو باشوور یاخود هەماهەنگی وڵاتانی باشوور (هاوکارییەکی تەکنیکییە لە نێوان وڵاتانی تازەگەشەسەندوو و وڵاتانی باشووردا) لە قۆناغی دوای ڕۆژئاوادا"، کە باسوخواسێک هەیە بۆ بازارە تازەپێگەیشتووەکان لەگەڵ وڵاتانی تازەگەشەسەندوودا، کە ڕۆڵێکی گرنگتر بگێڕن لە حکومڕانیی جیهاندا. کەلێنێکی فراوانتر هەیە لە نێوان ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئابووریی گەشەسەندوو لەگەڵ وڵاتانی تازەگەشەسەندوو لە سیستەمی جیهانیدا، لەگەڵ توانای بەشداریکردنیان لەو سیستەمەدا. هەرچەندە لەم کاتەدا چەندین ئاڵنگاریی سیاسیو ئابووریی ناوخۆو نێودەوڵەتی ئەم هەوڵە سنووردارادەکات. بۆ تێگەیشتن لەم

حاڵەتەو هۆکارەکەی، پێویستدەکات لە دیاردەی بریکس تێبگەین لە چوارچێوەیەکی گشتی لە گۆڕانی هێزی جیهانی بەرەو باشووری جیهان.

**بریکس و ئاڵنگارییەکان بۆ حکومڕانیی جیهانی**

ژینگەی نێودەوڵەتی ئێستا پێناسەدەکرێت بە زیادبوونی کێبڕکێو ململانێو بەرەنگاربوونەوەی هێزو دەسەڵاتە گەورەکان لە گۆڕینی دەستپێشخەرییەکان یەکگرتنی ناوچەییو هەڕەشەی نوێ بۆ سەر سیستەمی ئاسایشی نێودەوڵەتی. بازاڕە گەشەسەندووەکانو وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان ڕۆڵێکی مانادار دەگێڕن لەو ڕەوتەدا، بە تایبەتی لە گەشەسەندنی هەماهەنگی لە نێوان بازاڕە گەشەسەندووەکانو وڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا لە شێوەی هەماهەنگیی وڵاتانی باشووردا. سیستەمی نەریتیی حکومڕانیی جیهان لە تەنگژەدایە، بە هۆی هەوڵە بەردەوامە شکستخواردووەکانی بەمۆدێرنکردنی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی (WTO)و دامەزراوەکانی "بریتۆن ودز"و بانکی جیهانیو سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (IMF). لە ئەنجامدا بۆشاییەکی فراوانتر هەیە لە نێوان ڕۆڵی ڕاستەقینەی بازاڕی تازەپەرەسەندوو و وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لە سیستەمی جیهانیدا، لەگەڵ توانای بەشداریکردنیان لە پرۆسەی بڕیاردان لە دامەزراوە جیهانییەکاندا. ئابووریی ئەو وڵاتانە لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا پەرەیسەندووە، هەرچەندە، دەنگی ڕامیارییان بە سنوورداری ماوەتەوە، چونکە سیستەمی ئێستای جیهانی بە گشتی بە نەگۆڕاویو وەکو خۆی ماوەتەوە.

بەرزبوونەوەی بازاڕە تازەپەرەسەندووەکانو وڵاتە تازەگەشەسەندووەکان هاوشانە لەگەڵ ڕەوتێکدا بەرەو لێکترازانی حکومڕانیی ئابووریی جیهانیدا. ئەم پێکهاتەو چوارچێوەیە تا دێت، بە بەردەوامی دابەشدەکرێت لە نێوان کۆمەڵە گەورەکانی هاوکاریی نێوان حکومەتەکاندا، لەگەڵ کۆمەڵێک شێوازو کردار کە لەگەڵ یەکتردا جیاوازن لە سەر هێڵی جۆراوجۆر، لەوانە: هاوکاری بەرامبەر بە کێبڕکێو ململانێ لەگەڵ یەکخستن لە بەرامبەر هەڵوەشاندنەوە. لە کۆتاییەکانی ساڵانی ٢٠٠٠و ٢٠١٠ کەسایەتیی ئاڵۆزو لێهاتوو بەدەرکەوت لە حکومڕانیی جیهانیدا، لەگەڵ بەدەرکەوتنی کۆمەڵەیەکی نوێ لە هێزە دەرکەوتووەکانو هەوڵەکان بۆ بەهێزکردنی هەماهەنگیو هاوکاری لە نێوان هەرێمەکاندا. لە ناو زۆرینەی تردا ئەمانەی لەخۆگرتووە: دەستپێشخەریی پشتێنەو ڕێگەی چین، کە لەلایەن کۆماری چینەوە دانراوە، هەوڵدەدات ئاسیا لەگەڵ ئەفریقاو ئەوروپادا لە ڕێگەی تۆڕە وشکانیو دەریاییەکانەوە ببەستێتەوە، بانکی گەشەپێدانی نوێ، بانکی وەبەرهێنانی ژێرخانی ئاسیا، (G٢٠)و ڕێکخراوی هەماهەنگیی شەنگەهای. ئەم گەشەپێدانانە ئاڵنگارییەکی ڕوون دەخاتەڕوو بۆ سەرکردە ڕۆژئاواییەکان لە

حکومڕانیی جیهان، هەروەکو چۆن زلهێزە ناوچەییەکان کێبڕکێ لە سەر کاریگەری دەکەن دژی ڕۆژئاوا. لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەمان کاتدا، شێوەی ئەم ژینگە جیهانییە لە گۆڕاندایە، هەروەها ئاڵنگارییەکی ئاشکراش بۆ ئەم هێزە بەدەرکەوتووانە دەخاتەڕوو. هەماهەنگی لە نێوان بەڕازیلو ڕوسیاو هیندستانو چینو ئەفریقای باشووردا، کە زیاتر بە بریکس ناسراون، ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەوتو ئاڵنگارییانەیە کە لە سەرەوە باسکراوە. کاریگەریی گرووپە سیاسییەکان لە سەر حکومڕانیی جیهانی بووەتە بابەتێکی بەمشتومڕو گفتوگۆیەکی بەردەوام لە نێوان زانایانی زانستە سیاسییەکان لە ماوەی یەکەمین کۆبوونەوەیان لە ساڵی ٢٠٠٦دا. پرسیارە بنەڕەتییەکە لەم گفتوگۆیەدا ئەوەیە کە چۆن بریکس کاریگەریی لە سەر هەیکەلی حکومڕانیی جیهانی هەیە. ئەم گفتوگۆیە دەربارەی چۆنیەتیی بیرکردنەوە سەبارەت بە بریکس هێشتا پەیوەندیدارە، لەبەرئەوەی چوارچێوەی ئەمڕۆی جیۆپۆلەتیکی دەرەکی زۆر جیاوازە لەوەی کە بۆ یەکەم جار گرووپەکە سەریهەڵدا.

**سەرهەڵدانی بریکس**

ساڵی ١٩٩٦، وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی فیدراسیۆنی ڕوسیا، یێڤگنی پریماکۆڤ، بیرۆکەی فرەجەمسەریی خستەڕوو، کە ئەوەش بەشێکە لە دروستبوونی بریکس . پریماکۆڤ تیشکیخستەسەر باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەردوو وڵاتانی چینو هیندستاندا، هەروەها پێشنیاری بونیادنانی سەنتەرێکی هەماهەنگیی ئابووریی کرد لە نێوان ئەو سێ لایەنەدا، وەک جێگرەوەیەک بۆ فراوانبوونی ڕۆژئاوا لە دوای جەنگی سارد. لە ساڵی ٢٠٠١دا جیم ئۆنێل زاراوەی بریکسی داهێنا، کە لە ڕاپۆرتێکدا گۆڵدمان ساکس بە ناونیشانی بونیادنانێکی باشتری ئابووریی جیهان بڵاویکردەوە. لەو ڕاپۆرتەدا پلانی ئەوە دانرابوو کە لە ماوەی ٤٠-٥٠ ساڵیدا بریکس (کە لەو کاتەدا بەبێ وڵاتی ئەفریقای باشوور بوو) کە دەتوانێت هاوشێوە، هەتا دەشتوانێت پێش ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووریو وڵاتانی گەشەسەندوو بدەنەوە لە ڕووی شارەزایی ئابوورییانەوە. لە ساڵی ٢٠٠٦دا، ٥ ساڵ لە دوای بڵاوکردنەوەی کورتکراوەی بریک، چوار زلهێزە بەدەرکەوتووەکان پرۆسەی وتووێژی سیاسییان دەستپێکرد، کاتێک لە پەراوێزی شەستویەکەمین کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) وەزیرەکانی دەرەوەیان بۆ یەکەم جار کۆبوونەوە.

لە دوای ساڵی (٢٠٠٨)ەوە کۆبوونەوەی هەمەچەشنی وەزیرانی بریک ڕوویدا، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٩دا یەکەمین کۆبوونەوەی لوتکەی بریک کرا، لە ساڵی ٢٠٠٨ لە قەیرانی داراییی جیهاندا، دوو خاڵی گۆڕان لە پەرەسەندنی بریکس یەکیانگرت، یەکەم: زیاتر

ڕووندەبووەوە کە "نەگونجان"ێک هەیە لە نێوان ڕێژەی بەهێزیی ئەوکاتی وڵاتانی بریکدا، بە تایبەتی وڵاتی چین، کە ناسراوترین وڵاتی بازرگانییە لە جیهاندا، هەروەها لە ڕێژەی نزمیی دارایی نێودەوڵەتییاندا. ئەگەرچی بووبوون بە قەرزدەرێکی بەرچاو، بەڵام وڵاتانی بریکس نەبوبوون بە بەشێکی بەرچاوو گرنگ لە بازاڕەکانی پشکی جیهانداوە نەبوون بە دەستەیەکی گرنگ لە ناوەندی دارایی جیهاندا، هەروەها کۆمپانیاکانیان پێشڕەوی وەبەرهێنی وڵاتان نەبوونو دراوە ناوخۆییەکانیان لە مامەڵە بازرگانییەکاندا بە شێوەیەکی باو کاری پێ نەدەکرا. دووەم: وڵاتانی بریک ئەوەیان پشتڕاستکردەوە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا بەردەوامبوون لە کۆنترۆڵکردنی بازارەکانی دارایی جیهانو حکومڕانیی دارایی جیهان، بەڵام ئەوان مەرج نییە بە پێی پێویست بەڕێوەبەرانی شارەزا بن، یاخود سەرپەرشتێکی متمانەپێکراو بن، بەو پێیەی تەنگژەی دارایی جیهانی بیروبۆچوونی وڵاتانی بریکی بەهێزترکرد، کە پێویستیان بە "بەرگرییەکی بەهێزتر" هەیە لە بەرامبەر هێزی ئەمریکاو پێگەی تایبەتی دۆلاری ئەمریکیدا، هەروەها پارێزەرێک لە دژی گورزی ئابووری لە خراپبەڕێوەبردنی دارایی ئەمریکا.

سەرەڕای ئەو پێشکەوتنانەش، ڕۆڵی بریکس لە سیستەمی حکومڕانیی جیهانداو توانای لە پێکهاتەی ئەجندای جیهانیدا بە شێوەیەکی فراوان مشتومڕی لە سەرە. بەدامەزراوەییکردنی ناوخۆی بریکس و بەهێزکردنی هاوکاریی بریکس ، هەروەها فراوانکردنی ئەجێندای بریکس بە سنوورداری ماوەتەوە، گرووپەکە وەک دەزگایەکی بنەمادار بە پرس کاردەکات. هەروەها هیچ ستراتیژییەکی هاوبەش و تێڕوانینێکی گەورە لە نێوانیاندا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وڵاتانە لە بنەڕەتدا هاوبەشیان هەیە لە ڕێزگرتن لە سەروەریی نەتەوەییاندا، گوشار پەرەسەندنو گەشەپێدانی ئابووری دەکەنەوە، هەروەها ئەوان سیستەمی فرەلایەنەی ئێستا کە نوێنەرایەتییەکی گونجاویان نییە، بەنارەوادەزانن.

بریکس ( لە (٢٠١١)وە لەگەڵ باشووری ئەفریقادا) زیاتر لە سەدا ٢٠ی تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی جیهان پێکدەهێنن (GDP). بە سەرنجدان لە گەشەسەندنی هێزی بریکس لە ئابووریی جیهاندا، شیکەرەوان پێناسەی بریکس دەکەن وەک سەرکەوتنێکی پتەو، گشگیرترو هەماهەنگی، هەم بۆ خۆیانو هەم لە ناو کۆمەڵەی وڵاتانی ٢٠دا، لە بریی هەموو وڵاتە تازەپەرەسەندووەکان. دۆخی دارایی هاوبەشی بریکس فۆڕمی جۆراوجۆر دەگرێتەبەر، لە فشارەوە بەرەو "چاکسازیی ناوخۆیی" لە دامەزراوەی هەمەلایەنە یان بازاڕە جیهانییەکان، بۆ "بژاردە دەرەکییەکان" بە دروستکردنی دامەزراوەی هەمەلایانەی نوێ، یان بە هاوبەشی داکۆکیکردن لە واقیعی نوێ لە بازاڕە داراییە نێودەوڵەتییەکانداو جێی سەرسوڕمانە کە کردارە هاوبەشییەکانی بریکس

زۆرتر سەرکەوتوون. زیادکردنی هەماهەنگیی دارایی بریکس هەنگاوێکی گرنگە بۆ زیادکردنی هەماهەنگییەکانی هەموو وڵاتانی ئەندام. هەروەها ئەنجامە ئەرێنییەکانی هەندێک لە دەستپێشخەرییە هەمەلایەنەکان پشتڕاستدەکەنەوە، لەگەڵ بونیادنانی یەکەم دامەزراوەکانی بریکسدا، لە ناویاندا بانکی نوێی گەشەپێدان، هەروەها کۆمەڵەی یەدەگی ئاڵوگۆڕی دراوی بیانی، لەگەڵ ئەوەشدا داهاتوویەکی سەرکەوتووی چاوەڕێکراو لە میکانیزمی هاوکاریی نێوان بانکەکانی بریکس .

**سنووردارکردنی بریکس**

سەرەڕای هەبوونی ئەم نیشانانەی سەرکەوتن، هەندێک لە پسپۆڕان بریکس بە دەستپێشخەرییەکی کورتخایەن وەسفدەکەن، کە ئامانج لێی چارەسەرکردنی ئەو ئاڵنگارییانەیە کە لە تەنگژەی دارایی جیهانی بەدەرکەوتووە. لە دوای تەنگژەی دارایی جیهانی، خاوبوونەوەی گەشەی ئابووری گومانی لە سەر توانای بریکس دروستکرد. هەندێک لە شیکەرەوەکان ئاڵنگاریی داهاتووی گرووپەکە دەکەن، کە پێشبینیدەکەن بریکس شکستهێناوە لە گەیشتن بە ویستو داخوازییەکانیان پێش تەنگژە داراییەکانی جیهان، بۆ نموونە: ڕەخنەگرتن لە بریکس ، پەیوەندیی بە بێدەسەڵاتییانەوە هەیە بۆ گەیشتن بەو بەڵێنو پەیمانانەی کە لە کۆبوونەوەکانی لوتکەی پێشوودا ئاشکرایانکردبوو. ڕەخنەگرانی دیکە تیشکدەخەنەسەر نەبوونی بەرژەوەندیی هاوبەش، هەروەها ستراتیژی هەمەلایەنە، هەروەها ڕێگەکانی خۆیان بۆ هەبوونو ئەنجامدانی کارەکان. سەرباری ئەمەش، گرووپەکە دووچاری جیاوازیی زۆر بووەتەوە لە هەنگاوو ئەولەویەتییەکانی گەشەپێدان بە هۆی خراپبوونی ململانێ سەربازیو کێشە ناوچەییەکان لە نێوان هیندستانو چیندا، هەروەها لە پێکدادانو شەڕەکان، کە لە دۆڵی گالۆوان لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٠ ڕوویداو بووە هۆی قوربانی لە هەردوولادا، هەروەها بەرزبوونەوەی پێشبڕکێ لە نێوان ڕوسیاو چینو هیندستاندا بۆ کاریگەریو سەرچاوەکانیان لە ئاسیای ناوەڕاستدا.

جیاوازیی بنچینەیی جۆراوجۆر هەیە لە نێوان هەر وڵاتێکی بریکسدا لە هەر ئاستێکی سیاسیو ئابووریو سەربازیو دیمۆگرافیدا بە ڕەچاوکردنی ئامانجە جیهانییەکانیان، بۆ نموونە: لە حکومڕانیی دارایی نێودەوڵەتیدا. ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە وڵاتانی بریکس پێکەوە کۆیگشتیی سەدا ٢٠ی تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی جیهان پێکدەهێنن (GDP)، بەڵام چین ڕێژەی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی لە هەر چوار وڵاتەکەی دیکە زیاترە، هەروەها پەکین زۆر جار هاوبەشی زیاتری هەیە لەگەڵ ئابوورییە پێشکەوتووەکان وەک لە وڵاتە تازەگەشەسەندووەکان. لەبەر هۆکاری جۆراوجۆریی سیاسیو ئابووریی

ناوخۆییو نێودەوڵەتیی هەر وڵاتێکی بریکس ، ئەو وڵاتانە نەماون کە لە دە ساڵی پێشتردا هەبوون. وڵاتانی جۆراوجۆری بریکس ، لەوەتەی تەنگژەی ئابووری کە لە ساڵی ٢٠٠٨دا سەریهەڵدا، ڕووبەرووی پشێویی گەورە بوونەتەوە، کە ڕەگیان لە زیادبوونی نایەکسانی لە داهاتو ساماندا هەیە، دەستڕاگەیشتن بە خوێندنی شایستە، خزمەتگوزاریی تەندروستی، خانووبەرەو ئاسانکارییەکان، جیاوازیی ڕەگەزو ڕەنگو ڕەگەزی، لە کۆتاییدا گۆڕانکارییەکی بەهێزی ناوچەیی (دابەشبوونی شارو گوندەکان) لە ڕووی کۆمەڵایەتیو ئابوورییەوە. نایەکسانیو هەژاری ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە مێژووی ئابووریی سیاسیی بەڕازیلو ئەفریقای باشوورەوە، سەرەڕای باشتربوونی ئەم دواییەی کەیسەکانی بەڕازیلو ڕوسیا، وەک ڕاستییەکی نیگەرانکەر ماوەتەوە. زیادبوونی نایەکسانی لە چینو هیندستان، کە ڕێژەی چینی گەشەسەندنی تێپەڕاندووە، کە ئەمەش هەڕەشەیەکی جددییە بۆ ناسەقامگیریی سیاسی. لە پرسی ڕوسیادا، سەرەڕای کەمبوونەوەی ڕێژەی هەژاری، حکومەتی ڕوسیا سیاسەتێکی داناوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دانیشتوانیدا، سەبارەت بە نیگەرانییەکانیان لە بابەتی نایەکسانی.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەشدا چەندین ڕەوتی گرنگ تیشکدەخەنەسەر جیاوازییە پەرەسەندووەکانی سیاسیو ئابووری لە وڵاتانی بریکس ، لە ناویشیاندا چین، کە بەردەوام لە بەرزبوونەوەدایەو بە پێچەوانەوە دارمانی بەڕازیل. بۆ چین ئەمە ڕێڕەوی تا ڕادەیەک بەرزی گەشەسەندنی ئابووریو گۆڕینی خێرایی مۆدێلی گەشەی ئابوورییەکەی بەرەو گەشەی بەکارهێنان لەخۆدەگرێت. بە پێچەوانەوە، لە دوای دەیان ساڵ لە گەشەی ئابووری، بەڕازیل کەوتەناو قەیرانێکی سەختەوە لە ساڵی ٢٠١٥دا، هەروەها لە کاتی چاکبوونەوەی لە قەیرانەکەیدا پەتای کۆڤید-١٩ وڵاتەکەی گرتەوە، کە پێدەچێت پەتای کۆڤید-١٩ ناهاوسەنگیو نایەکسانی لە وڵاتانی بریکسدا زیادبکات. سەرەڕای ئەوەی گەشەی ئابووریی لاوازی بەراورد بە ساڵانی پێشوو نیشاندا، چین تاکە وڵاتی ئەندام بوو لە بریکسدا گەشەی ئابووریی نیشاندا لە ساڵی ٢٠٢٠دا، هەروەها لە چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١دا گەشەی تێکڕایی بەرهەمی ناوخۆیی تۆمارکرد.

تێڕوانینێکی باو هەیە کە ڕێکخراوی بریکس بایەخی خۆی لەدەستداوە، گرووپی بریکس دەستیکرد بە ڕووبەڕووبوونەوەی "کۆتو بەندەکان بۆ یەکگرتنی زیاتر". لە ڕاستیدا بریکس کۆمەڵە وڵاتێکی ناهاوسەنگن، تەنانەت پێش پەتای کۆڤید-١٩ هەر پێنج وڵاتەکە لە ناو کێشەی ناوخۆییدا بوون. پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوانیان جیاوازن، هەروەها پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکانی خەڵک بۆ خەڵک لە بریکسدا تا ڕادەیەک سنووردارە، کە مەبەست لێی ئاڵوگۆڕی ئابووریو بازرگانیو بیروڕای سیاسییە. ئابووریی چین گرنگترە بە بەراورد بە ئابووریی بەڕازیلو ڕوسیاو هیندستانو ئەفریقای

باشوور، هەروەها بە سەنگی سیاسیو ئابوورییەکەشی. پەکینو نیودەلهی هیچ کام لە کێشەکانی نێوانیان چارەنەکردووە، سەرەڕای پەیوەندیی پوتینو شی جینپینگ، پەیوەندیی نێوان پەکینو مۆسکۆش ناهاوسەنگە. بە واتایەکی تر، داینامیکیی بریکس توانای داڕشتنەوەی حکومڕانیی جیهانی سنووردارەدەکات. دوای دە ساڵو نیوێک لە هەماهەنگییەکانی بریکس ، کۆڕبەندە سیاسییە گرنگە جیهانییەکان، لەوانەش بە تایبەتی دامەزراوەی بریتۆن وۆدزو نەتەوە یەکگرتووەکان، زۆربەیان وەک خۆیان ماونەتەوە. وڵاتانی بریکس سەرکەوتوو بوون لە دامەزراندنی بانکی گەشەپێدانی نوێ، بەڵام کەمتر سەرکەوتوو بوون لە دامەزراندنی دەزگای تایبەت بە هەڵسەنگاندنی قەرز، کە ئەمەش کۆمپانیایەکە کە هەڵسەنگاندنی قەرزەکان دیاریدەکات، کە توانای قەرزار بۆ دانەوەی قەرزەکان بە پێدانی پارەی سەرەکیو سوود لە کاتی خۆیداو ئەگەری نەدانی قەرزەکان هەڵدەسەنگێنێت. وەک لە لایەن هویجمایجەرز (٢٠٢١) لەم سیمپۆزیەمەدا ئاماژەی پێ کراوە، جگە لە بەرژەوەندیی هاوبەشو نەبوونی دەسەڵاتی پێکهاتەیی باڵادەست لە بواری بانکی گەشەپێدانی فرەلایەنەدا، ئەرکی بانکی گەشەپێدانی نوێ زۆر چڕو زۆر تایبەتمەندە. بانکی گەشەپێدانی نوێ بەشداریدەکات لە تێپەڕاندنی دوو لە ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەم کۆمەڵەکە، دروستکردنی متمانەو هاوکاریی پراکتیکی. لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای سەرکەوتنی بانکی گەشەپێدانی نوێ، چەندین پرسیار سەبارەت بە ڕۆڵی بریکس لە حکومڕانیی جیهان وەک خۆیان ماونەتەوە، وەک ئەوەی تا چ پلەیەک ململانێی جیۆپۆلەتیکییەکان لە وڵاتانی بریکسدا شەرعیەتیان لاوازکردووە. ڕۆڵی کۆمەڵەی هەمەلایەنە چییە لە دیاریکردنی پێگەی وڵاتانی بریکس لە حکومڕانیی جیهاندا! نەبوونی وەڵامێکی ڕوون بۆ ئەو پرسیارانە بووە هۆی دروستبوونی نەگونجان لە نێوان زانایاندا سەبارەت بە گرنگیی سیاسیی گرووپی بریکس ، هەر بۆیە زانایان پێویستە لە دەرکەوتەی بریکس تێبگەن لە چوارچێوەیەکی گەورەتری کۆمەڵە جیاوازەکانی زلهێزە تازەپەرەسەندووەکان لە باشوورو ڕۆژهەڵاتی جیهان، کە هەموویان خزمەت بە تەواوکردنی کاریگەریو تەنانەت هەندێک جار دژی دامەزراوە هەمەلایەنە ڕۆژهەڵاتییەکان دەبن، هەروەها جەخت لە حکومڕانییە پەیوەندیدارەکان دەکەنەوە.

**وڵاتانی بریکس و تو اناکانیان بۆ هاوکاریی باشوور-باشوور**

سەرەڕای ئەو مشتومڕەی کە دەکرێت دەربارەی تواناکانی بریکس بۆ داڕشتنی ئەجێنداو کارنامەی جیهانی، بەڵام هێشتا وەک گشتگیرترین پلاتفۆڕمی فرەلایەنە بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییەکانی جیهانی گەشەسەندوو لە سەر ئاستی جیهانی لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی هاوکارییەکانی باشوور-باشوورەوە، بەڵام دوو ڕەوتی دژبەیەک

سەرهەڵدەدەن. لە لایەک بازاڕە تازەپێگەیشتووەکانو وڵاتانی تازەپێگەیشتوو گەشەسەندنی خێرای ئابوورییان نیشانداوە، کە هاوئاڕاستەیە لە زیادبوونو قوڵبوونەوەی هەماهەنگی لە چەندین بواری جیاوازدا. لە ساڵی ٢٠١١دا هەناردەی ئابووریی گەشەسەندوو بۆ ئابووریە گەشەسەندووەکانی دیکە بەرزترین ڕێژەی تێپەڕاند. لەگەڵ ئەوەشدا، بە هۆی چەند هۆکارێکەوە، لە ناویشیاندا بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشەکردن لە وڵاتانی تازەگەشەسەندوودا، بەرزبوونەوەی توانای بازرگانیی ئازادو بەرزکردنەوەی توانای هەماهەنگیی پیشەسازی، هەروەها بەرزبوونەوەی توانای بازرگانی لە جیهانی باشووردا ڕەنگە بەرزتر بێت لە وڵاتە پێگەیشتووەکان.

لە لایەکی تریشەوە، لەم ساڵانەی ڕابردوودا نایەکسانو جیاوازیو لێکترازان لە جیهانی گەشەسەندوودا پەرەیسەندووە. خێرابوونی گەشەی بەرهەمهێنان چڕبووەتەوە لە چەند وڵاتێکی تازەگەشەسەندووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، بە تایبەت لە وڵاتی چین. ناهاوسەنگیی بازرگانی لە زیادبووندایەو تەنانەت لەگەڵ فراوانبوونی بازرگانیی کاڵا بەرهەمهێنراوەکان، ئەمەش پەیوەندیی بە دابینکردنی زنجیرەی جیهانییەوە هەیە، لەگەڵ مانەوەی چالاکییەکانی هەناردەرکردن بە ڕێژەیەکی کەمو دەستکەوتە دیاریکراوەکانیش لەلایەن چالاکییەکانی بنکە ناوەندییەکانەوە سوودی لێ دەبینرێت. ڕەوتی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی بۆ باشووری جیهانی گرنگی بە دەرهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان، کەمکردنەوەی ستانداردەکانی کارو ژینگەیی دەدات، کە دەبێتە هۆی لاوازیی پیشەسازی، لاوازیی بەرهەمهێنانو گەشەی تەکنەلۆژیو فراوانبوونی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی.

زۆرێک لەو ئاڵنگارییانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، ناتوانرێت لە سەر ئاستی نەتەوەیی چارەسەربکرێت، لەبەرئەمەش هەماهەنگیی وڵاتانی باشوور لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیو هەرێمی ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە دەستکەوتنی هاوسەنگییەکی دادپەروەرانە لە نێوان وڵاتانی گەشەسەندوو و وڵاتانی تازەگەشەسەندوودا. کارنامەی هاوکارییەکانی باشوورو باشوور بە بەردەوامی لە گۆڕاندایە، لە کاتێکدا وڵاتانی تازەپێگەیشتووی جیهان دەستدەکەن بە گرنگیدانی زیاتر بە پرسەکانی گەشەپێدانی بەردەوامو یەکگرتوویی دارایی، لە هەمان کاتدا هەوڵدەدەن مەترسییەکانی جیهانگیریی دارایی، پەرەپێدانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانو تێکەڵکردنی کاریگەرانە لە زنجیرەکانی تەکنەلۆژیادا بپارێزن. لە ئەنجامدا مەودای ئامرازەکان ئاڵۆزتربوونو بەرزبوونەوەی هاوکاریی نێوان وڵاتان، میکانیزمەکانی هاوبەشیی گشتیو تایبەتو میکانیزمەکانی هاوبەشیی فرەلایەنە لەخۆدەگرێت.

هاوکاریی باشوور-باشوور بە درێژایی مێژوو بە دوو ڕێگە گەشەیکردووە، ڕێگەی

یەکەم بریتییە لە زیادکردنی هەماهەنگییەکان لە سەر ئاستی نێوان دەوڵەتەکان لە ناو کۆمەڵێک وڵاتی تازەپێگەیشتوودا، دووەمیان پەیوەندیی بە بەشداری چالاکانەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە لە پرۆسەکەدا هەیە، لەوانەش: کۆمەڵەی یەکگرتنی ناوچەیی، هاوپەیمانییە ستراتیژییەکانو پلاتفۆرمی هاوکاریی فرەلایەنە. گرووپی بریکس ڕۆڵێکی بێوێنە لەم پەرەسەندنەدا دەبینێت، چونکە ناوچەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، وەک تەواوکاری جیهانی گەشەسەندوو دەتوانرێت وەک هاندەر بۆ وڵاتانی یەکگرتووی باشوور سەیربکرێت. بریکس هەوڵێکە بۆ بەرزکردنەوەی هاوکاری لە ناو کۆمەڵێک وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا بۆ بەرزکردنەوەی سەقامگیریو بەرزکردنەوەی ڕۆڵی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لە حکومڕانیی جیهانیدا.

## پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکان

ئاڵنگاریی سیاسیو ئابووریی نوێ نەبووە هۆی دارمانی گرووپی کۆڕپەندی سیاسیی بریکس . بە پێچەوانەوە، زیادبوونی ئاڵۆزییە بازرگانییەکان لە نێوان وڵاتانی ڕۆژئاواو هەندێک لە وڵاتانی بریکسداو سەرهەڵدانی پەتای کۆڤید-١٩ ڕەنگە ببێتە هۆی هاوکارییەکی نزیکتر لە نێوان وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا، فۆرمولەی بریکس بەهێزتربکات، هەروەها وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان ڕۆڵێکی بەرچاوتر لە چاکسازیی حکومڕانیی جیهانیدا پەرەپێبدات. ئەم کۆڕپەندە وەڵامی چەندین پرسیاری سەرەکیی توێژینەوە دەداتەوە، بۆئەوەی باشتر لە ڕۆڵی پەرەسەندنی بریکس لە حکومڕانیی جیهانیدا تێبگەین.

- تا چەند بریکس هێزێکی داهێنەرە بۆ گۆڕانکاری لە حکومڕانیی جیهانیدا؟
- چۆن دەتوانین هەڵسەنگاندن بۆ بەدامەزراوەییکردنی ناوخۆیی بریکس بکەین؟
- تا چ خاڵێک بریکس پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی دەرەکی بریکس دروستدەکات؟

چەمکەکانی بەدامەزراوەییکردنی ناوخۆییو دەرەکی پێویستیان بە وردبینیو ڕوونکردنەوەی زیاترە. بەدامەزراوەییکردنی ناوخۆیی بریکس بریتییە لە بەهێزکردنی هاوکارییەکانی بریکس ، هەماهەنگیی بڕیاردانو فراوانکردنی کارنامەی بریکس . بەدامەزراوەییکردنی دەرەکی پەیوەندیی هەیە بە یەکخستنی دامەزراوەکانی بریکسەوە لە تۆڕی دامەزراوەکانی حکومڕانیی جیهانی دەرەوە بۆ بریکس ، هەروەها کرانەوەی بریکس بە ڕووی ئەو وڵاتانەی لە بریکسدا نین.

ڕێگە "تازە" ناوەکیو دەرەکییەکانی (نوێ) هاتووەتەکایەوە بۆ بەهێزکردنی پێکهاتەی کەناڵە تەقلیدییەکان (کۆن)، کە لە سەر بنەمای میوانداریکردنی لوتکە هاوبەشی ساڵانە هاتووەتەکایەوە. وێنەی فراوانی بەدامەزراوەییکردنی ناوخۆییو دەرەکیی

بریکس ، کە لەم وتارەدا کێشراوە، کە پەیوەندیی هەیە بە ڕێوشوێنە لیبراڵییەکان، کە سەیری دامەزراوە ڕێکخراوییەکان دەکەن وەک بابەتێکی گونجاوو گۆڕانکاری، کە بە هۆی ستراتیژیی کارەکتەرەکانەوە بەڕێوەدەچن.

ئەم هێڵە نوێیانەی بریکس وەک زیادکردنێک بۆ سەر هۆکاری بەدامەزراوەییکردن دادەنرێت، کە ئامرازی تایبەتن بۆ گونجاندنی بریکس لەگەڵ ژینگە ستانداردەکەی، ئاماژەیەکە بە سروشتی کۆبوونەوەکانی بریکس بەو پێیەی پرۆسەیەکی گەشەپێدانە بۆ بەردەوامبوونی چالاکییەکان.

لە دواییدا لە ڕێگەی هاوکاریی چالاکییەکانی بانکی گەشەپێدانی نوێوە جەختی لە سەر دەکرێتەوە، کە خۆی لەم پەرەسەندنانەی لای خوارەوەدا دەبینێتەوە:

ا. ئەندامیەتی، کە لە ڕێککەوتننامەی بانکی گەشەپێدانی نوێدا هاتووە کە دەبێت کراوە بێت بۆ ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکانو کراوە بێت بۆ ئەو ئەندامانەی کە قەرزدەدەنو ئەوانەی کە قەرزنادەن.

ب. کاری فەرمانگە هەرێمییەکان، بۆ نموونە: سەنتەری هەرێمی ئەفریقا لە جوهانسبێرگ لە باشووری ئەفریقا، نوسینگەی ناوچەیی لە ساوپاولۆ لە بەرازیل، ئۆفیسی دووەمی بەرازیلیا لە بەرازیل، هەروەها ئۆفیسی هەرێمی مۆسکۆ لە ڕوسیا.

پ. دەستپێشخەرییە هاوبەشییەکان بۆ هاوپەیمانیی جیهانی لە ڕێگەی بانکە فرەلایەنەکانەوە، بانکی گەشەپێدانی نیشتیمانی، بانکە بازرگانییەکان، کۆمپانیاکان، ئەکادیمیاکانو کۆمەڵگە ئەکادیمییەکان. لەم وتارەدا زیاتر سەرنجدەخەینەسەر کەناڵە ناوخۆییو دەرەکییەکانی بەدامەزراوەییکردنی وڵاتانی بریکس ، لە کاتێکدا ئێمە بەهای لوتکەیی بریکس لەبیرناکەین.

لە چوارچێوەی ئەمەدا پێویستی بە لێکۆڵینەوە لە فۆرمو شێوازی نوێی هاوکاری هەیە لە نێوان وڵاتانی بریکس و کارەکتەرە دەرەکییەکاندا، کە ئەنجامەکەی گۆڕانکاریی حکومڕانی بووە لە جیهاندا، پێویستە کە بەراوردی خواستەکانی وڵاتانی بریکس بکرێت بۆ دروستکردنی سیستەمێکی جیهانیی جێگرەوە، کە لە بەرژەوەندیی فرەجەمسەریدا بێت، هەروەها ببێتە هۆی زیادبوونی ڕۆڵی وڵاتە تازەگەشەسەندووەکانو زیادبوونی تواناکانیان لە ڕێگەی هەماهەنگیی وڵاتانی باشوورەوە بۆ گۆڕینی پلاتفۆرمی بریکس بۆ ئامرازێکی کارا بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان. ئەو وتارانەی کە بەشدارن لەم کۆڕەدا، سودێکی میتۆدۆلۆژیان هەیە لە دەستراگەیشتن بە بەڵگەنامە سیاسییەکانو بەیاننامە فەرمییەکانو ئەو ڕاپۆرتە میدیاییانەی کە چاوپێکەوتنە پێکهێنراوەکان دەکەن، لە ناویاندا بەرپرسانی بانکە تازەگەشەسەندووەکان، پسپۆڕانی بریکس و بەرپرسانی حکومەت لە وڵاتانی بریکس .

## بریکس، حکومڕانیی جیهانیو گرنگیی تیۆریو گرنگیی ئەزموونی بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی

گەشەسەندنە خێراکەی هەماهەنگییەکانی نێوان وڵاتانی باشوورو خێرایی زیادبوونی ڕۆڵی بازاڕە تازەسەرهەڵدراوەکانو وڵاتە تازەگەشەسەندووەکان لە کاروباری جیهانیدا لە ناو قەیرانە حکومییە جیهانییەکاندا بووە هۆی خێراکردنو پاڵنان لە گۆڕانکاری لە جیهانی هاوچەرخداو ڕێکخستنو هاوسەنگیی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا گۆڕانکاریی بەسەرداهات، لە ئەنجامدا چەمکی دۆخی نێودەوڵەتی وردە وردە گۆڕانکاریی بەسەرهداهات، ئێستا نەک تەنها بە هێزی سەربازیو ئابووری، بەڵکو لەلایەن وڵاتانەوە لە ڕێگەی "هێزی بیروبۆچوون"ی وڵاتانەوە جێگەیان لە زانیاریو بۆشایی دیجیتاڵیو ئاسایشی خۆراکو وزەدا دەردەکەوێت.

پێویستە لە بریکس تێبگەین لە ڕوانگەیەکو وێنایەکی گەورەترو بە شێوەیەکی چڕوپڕترو پەیوەندییەکی کۆمەڵەی دوو لایەنو سێ لایەن، کە ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکارییەیە کە لە نێوان ئاسیاو زەریای هێمنو جیهانی باشووردا ڕوودەدات، هەروەها ڕەنگدانەوەی بە لەپێشینەدانانی بەها جیاوازەکانە و نزیکدەبێتەوە لە بەراوردکاریی نێوان ئەوروپاو ڕۆژئاواییەکان. بریکس سەرەکیترینو گشتگیرترین پلاتفۆڕمی دیالۆگە لە جیاتیی بازاڕە تازەدەرکەوتووەکانو وڵاتانی تازەگەشەسەندوو کاردەکات. پلاتفۆڕمی بریکس بە وڵاتانی چینو ڕوسیا دادەنرێت، وەک ئامرازێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی ڕۆژئاواو بەهێزکردنی پێگەی بازرگانییان لە حکومڕانیی جیهانیدا. لەم دواییانەدا هەردوو وڵات بوونەتە ئامانجی بەرزبوونەوەی فشاری سیاسیو ئابووری لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە، کە بێگومان کاریگەریی دەبێت لە سەر ئەجێندای فرەلایەنی لە داهاتوویەکی چاوەڕوانکراودا.

ئەم کۆڕە زۆر بابەتییەو بەشدارییەکی بەرچاوی دەبێت لە تێگەیشتنێکی باشتر لە پەرەسەندنی بریکس لە هێزە پاڵنەرەکانیو شێوازە نوێیەکانی، کە دەتوانێت ڕۆڵی گۆڕاوی وڵاتانی بریکس دیاریبکات لە گۆڕینی هەیکەلیەی جیهانیدا.

یەکەم: شیکردنەوەی گشتگیر لە سەر پەرەسەندنی بریکس و شکستو سەرکەوتنەکانی وڵاتانی بریکس و کاری لە سەر بریکس لە پێگەکەیان دەبێتە هۆی دروستبوونی بەشدارییەکی گرنگ لە ئەدەبیاتی بریکس و ئەدەبیاتی دەرەوەی وڵاتانی بریکس لە گەشەپێدانیان لە حکومڕانیی جیهانی. دووەم: دۆزینەوەی گۆڕانکارییەکی فرەڕەهەندی بە شێوەیەکی پلەبەپلە لەلایەن وڵاتانی بریکسەوە، کە ئەجێندای فرەلایەنی یارمەتیدەر دەبێت بۆ دیاریکردنی حکومداریی جیهانی لەلایەن نەوەی داهاتووەوەو یارمەتیماندەدات کە تێگەیشتنێکی باشترمان هەبێت بۆ شێوازەکان بۆ

هەماهەنگی لە سەر ئاستی فرەلایەنی.

کۆڕەکە سەرنجیخستووەتەسەر گۆڕانکارییەکان لە چوارچێوەی ژینگەی جیهانیدا، کە هۆکارن بۆ گۆڕانکاری لە حکومڕانیی جیهانی، لەوانە: ئەو قەیرانانەی کە حکومڕانیی جیهانیو زیادبوونی ڕۆڵی بازاڕە تازەسەرهەڵدراوەکانو وڵاتە تازەگەشەسەندووەکان لە دووبارەشێوەپێدانەوەو گۆڕینی ئەجێنداکان لە ڕێکخراوە جیهانییەکاندا. وەک پێشتر ئاماژەی پێ کراوە، گفتوگۆی بریکس هێشتا هەر بەردەوامەو بە پەیوەندیداری ماوەتەوە، لەبەرئەوەی چوارچێوەی جیۆپۆلەتیکی ئەمڕۆ زۆر جیاوازە لەوەی کە یەکەم جار دروستبوو.

## گۆڕانکارییە پێکهاتەییەکان لەلایەن وڵاتانی بریکسەوە

چەندین بابەت لەم کۆڕەدا هەن کە دەبێتە هۆی تێگەیشتنێکی باشتر لە بریکس لە بازاڕە سەرهەڵدراوەکانو وڵاتە تازەگەشەسەندووەکانو ئەو ئاستانگانەی ڕووبەڕووی جیهانی دوای ڕۆژئاوا دەبنەوە. یەکەم کۆمەڵەوتار تیشکدەخەنەسەر گۆڕانکارییە پێکهاتەییەکان، کە لەلایەن وڵاتانی بریکسەوە سەرکردایەتیدەکرێت. ئەوان لایەنە ڕەخنەییەکانی دیبەیتەکە سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی بریکس لە گۆڕینی یاساو ڕێساکان هەڵدەسەنگێنن، کە پشتگیریی پێکهاتەی حکومڕانیی جیهان دەکەن. بابەتەکە لەوە دەکۆڵێتەوە کە ئایا نەتەوەکانی وڵاتانی بریکس هۆزی پێکهاتەییان بەکارهێناوە بە مەبەستی دروستکردنی بانکی گەشەپێدانی نوێ بۆ گۆڕینی پێکهاتەی حکومڕانیی جیهانی، یان ئەگەر بریکس ڕەوایەتییەکی گەورەتر بدات بەم پێکهاتەیەی ئێستا. ئەمە ئەوە نیشاندەدات کە چۆن وڵاتانی بریکس بە شێوەیەکی کاریگەر حکومڕانیی هەرێمیو جیهانی دروستدەکات بە بەکارهێنانی سوڕە جێگرەوەکان، وەک بانکی گەشەپێدانی نوێ.

لە یەکێک لە تێبینییە پەیوەندیدارەکان بە بابەتەکەوە، وڵاتانی بریکس مامەڵەیان لەگەڵ سیستەمی ڕۆژئاوای لیبڕاڵو نۆڕمەکانیاندا کردووە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، بەڵام هیچیان لە دووبارەبەرهەمهێنەرەکانو یاسا وەرگرە تەواوکەرەکان نەبوون، یەکێک لەو بابەتانەی کە بەسەریداچوونەتەوە لە وتارەکەدا، کە ئەم هێزە تازەسەرهەڵدراوانە هەوڵی گۆڕینی سیستەمی حکومڕانیی جیهانی دەدەن، کە لە هەمان کاتدا لە هەوڵدان بۆ ئەوەی کە نەهێڵن یەکێک لە وڵاتەکان ببێت بە کارەکتەری زاڵ لە ناو سیستەمەکەدا. ئەم بابەتە یەکێکە لەو میکانیزمانەی کە لەلایەن وڵاتانی بریکسەوە دەستپێشخەریی بۆ کراوە، یەکێک لە نموونە ڕوونەکانی ئەم بابەتە لە دانوستانەکانی نێوان وڵاتانی چینو هیندستاندا دەردەکەوێت لە سەر بابەتی دامەزراندنی بانکی

گەشەپێدانی نوێ، کە هیندستان پێویستی بە وەبەرهێنانی ژێرخانەکەی هەیە، بەڵام نایەوێت وڵاتی چین زاڵببێت بە سەر ئەو باشترکردنی ژێرخانەیدا.

**میکانیزمی نوێی حکومڕانیی جیهانی، کە لەلایەن بریکسەوە دەستپێکردووە**

تەوەری دووەم لە سەر ئەم میکانیزمە نوێیانەی حکومڕانیی جیهانییە، کە لەلایەن بریکسەوە دەستپێکردووە. وڵاتە زلهێزە تازەپێگەیشتووەکان تۆڕێکی گرووپکردنو پێکهاتەی هاوتەریب دروستدەکەن بۆ چارەسەرکردنی ناهاوسەنگیی دەسەڵاتو داڕشتنەوەی یاساکان لە حکومڕانیی جیهانیدا. لە سەر تێبینییەکی پەیوەندیدار، سەبارەت بە کردنەوەی بریکس بە ڕووی وڵاتانی غەیرەبریکسدا، فۆڕمولەی بریکس کۆمەڵێک وڵاتی هەمیشەیی لەخۆناگرێت، بە هۆی ئەوەی چوار دەوڵەتەکەی دیکەی بریکس ئاگاداری باڵادەستیی چینن لە گرووپە سیاسییەکەدا. دوو لە گەورەترین ئاڵنگاریی گرووپی سیاسیی بریکس ، کە ڕووبەڕوویدەبێتەوە، بریتین لە دروستکردنی متمانەو هاوکاریی پراکتیکی. تا ڕادەیەک گرووپەکە سەرکەوتوو بوو لە بەدەستهێنانی هاوکاریی پراکتیکی، بۆ نموونە: لەگەڵ دامەزراندنی بانکی گەشەپێدانی نوێدا. لە ساڵی ٢٠١٤ وڵاتانی بریکس هاوکارییەکانیان بەدامەزراوەییکرد بە ڕێککەوتن لە سەر دامەزراندنی ئەم بانکە، کە دیارترین داهێنانی گرووپەکەیە، بەڵام ئەمە دوای پرۆسەیەکی ئاڵۆزی دانوستانی سیاسی-ئابووری ڕوویدا. لەم سیمپۆزیەمەدا، لە بەدامەزراوەییکردنی ناوخۆیی‌و دەرەکیی بریکس لە ڕێگەی بانکی گەشەپێدانی نوێوە دەکۆڵێتەوە. بابەتەکەی بەشداره لە تێگەیشتنێکی باشتر لە پرۆسەی سەختی دانوستانو ئەوەی لە ژێر ڕووی گوتاری فەرمیی بریکسدایە. فەرمانگە ناوچەییەکانی بانکی گەشەپێدانی نوێ، کە لەم دواییانەدا دامەزراون، ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە بەدامەزراوەییکردنی ناوخۆیی‌و دەرەکیی بانکی گەشەپێدانی نوێو یارمەتیدەرن لە مامەڵەکردن لەگەڵ باڵادەستیی لایەنە پەیوەندیدارە ئەگەرییەکانو زاڵبوون بە سەر کێبڕکێدا. پەیوەندیی کیشوەری‌و هاوکاریی ناوچەیی ڕەچاوکردنی ستراتیژیی درێژخایەنی گرنگن بۆ بانکی گەشەپێدانی نوێ، کە تیشکدەخەنەسەر ئەو وێنە گەورەترەی کە پێویستە تێیدا لە بانکی گەشەپێدانی نوێ تێبگەین. گەورەکردنی بانکی گەشەپێدانی نوێ تێکەڵەیەک لە بازاڕە تازەپێگەیشتووەکانو وڵاتانی تازەپێگەیشتوو و ئابوورییە پێشکەوتووەکان لەخۆدەگرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەرچەندە بانکی گەشەپێدانی نوێ دەستپێشخەرییەکی باشوورە، بەڵام داهاتووەکەی زیاتر بەرەو ئاراستەی هاوکاریی باشوور-باکوور دەڕوات.

سەرنجیان لە سەر کاریگەریی بریکسە لە (G٢٠)دا، ئەوان ئاماژە بەوە دەکەن کە

بریکی ئەو کاتە لە یەکەم لوتکەیدا پابەندبووە بە پێشخستنی چاکسازی لە تەلارسازیی دارایی‌و ئابووریدا. جگە لەوەش، سەرکردەکان پشتگیرییان لە ڕۆڵی سەرەکیی جی ٢٠ کرد لە مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی دارایی جیهانی‌و بەڵێنیاندا کە هاوکاریی هاوبەشەکانی دیکە بکەن بۆ بەهێزکردنی چاودێری‌و ڕێکخستنی دارایی‌و چاکسازی لە دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان.

لە دەیەی دووەمی هاوکارییەکانی بریکسدا، پێشکەوتنەکان تێکەڵاوبوون. سەبارەت بە چاکسازی لە دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکاندا، فشارەکانی بریکس کە بە بەڵێنی بەشداریکردنی ٨٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی لە سەرچاوەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیدا بەهێزتربوو، کۆدەنگیی گرووپی (٢٠)ی خێراترکرد لە سەر گۆڕینی ٦٪و ٥٪ لە کۆتاییەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی‌و بانکی نێودەوڵەتی بەرێکەوت بۆ بازاڕە تازەپێگەیشتووەکانی دینامیکی‌و وڵاتانی تازەپێگەیشتوو و پێداچوونەوە بە فۆڕمولەی پشکەکان تا مانگی یەکەمی ٢٠١٤. بڕیارەکەی سیئۆل لە ساڵی ٢٠١٠ی گرووپی ٢٠ بۆ گۆڕینی پشکەکان لە ساڵی ٢٠١٦ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، لە کاتێکدا پێداچوونەوە بە فۆڕمولەی پشکەکان ساڵانە دوادەخرێت. پێشنیاری دروستکردنی دراوێکی یەدەگی نێودەوڵەتی، کە ڕۆڵێکی گرنگتر بە (SDR) بدات، لەلایەن ئەمریکاو بەریتانیاوە بە توندی دژایەتیکراو لە کاغەزەکانی گفتوگۆی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیدا کرایەدەرەوە. سەبارەت بە چاکسازی لە ڕێکخستنی دارایی جیهانی، نوسەران ئاماژە بەوە دەکەن کە هەماهەنگیی بریکس زۆر گرنگ بووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی کەرتە داراییە بالادەستەکانی گرووپی حەوت بۆ ڕێگریکردن یان دواخستنی ڕێکخستن‌و چارەسەرکردنی کاریگەرییە سنووربەزێنەکانی چاکسازییەکە. داهێنانە دامەزراوەییەکانی بریکس ، وەک بانکی گەشەپێدانی نوێ، ڕێکخستنی یەدەگی فریاگوزاریی بریکس و میکانیزمی هاوکاریی نێوان بانکەکان، کاریگەرییەکی کاتالیزۆریان لە سەر حکومڕانیی جیهانی هەیە. بەدواداچوون بۆ هاوکاری لە ناو بریکس و پەیوەندیی لەگەڵ گرووپی ٢٠ بۆ چاکسازی، نوسەران بە پێشکەوتنەکاندا دەچنەوە، سنووردارکردنەکان ئاشکرادەکەن، توانا دامەزراوەییەکان هەڵدەسەنگێنن، کە لە هاوکارییەکانی بریکسەوە سەرهەڵدەدەن‌و تیشکدەخەنەسەر بەشداریکردنی بریکس لە گۆڕینی حکومڕانیی جیهانی لە ڕێگەی پەیوەندیکردنەوە لەگەڵ دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکەو دامەزراندنی میکانیزمەکانیاندا.

## هەڵسەنگاندن و ئەنجام

مشتومڕ لە سەر بریکس هێشتا پەیوەندیدارە، چونکە ژینگەی جیۆپۆلەتیکی دەرەکیی ئەمڕۆ جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە لەگەڵ ئەو کاتەی کە ئەم گرووپە بۆ

یەکەم جار لە ساڵانی ٢٠٠٠دا سەریهەڵدا. بریکس کۆمەڵەیەکی ناهاوسەنگی وڵاتانە، کۆمەڵێک وڵاتی بنەمادار بەرپرسن‌و نایانەوێت زۆر دامەزراوەیی بن، ستراتیژی هاوبەش‌و دیدێکی گەورە لە نێوانیاندا نییە. هەموویان کێشەی ناوخۆیی خۆیان هەیە. پەیوەندییەکانی نێوانیان لە گۆڕاندایە، ئاڵوگۆڕی نێوان کەسەکان سنووردارە، ئابووریی چین گرنگترە لە ئابوورییەکانی بەڕازیل‌و ڕوسیاو هیندستان‌و ئەفریقای باشوور بە یەکەوە. سەرەڕای جیاوازییەکانیان، وڵاتانی بریکس یەکتریان دۆزیوەتەوە، لە کاتێکدا هەوڵدەدەن ڕووبەڕووی ئەو جیهانە نادادپەروەرو فرەلایەنەی ڕۆژئاوا ببنەوە، کە بە گشتی نوێنەرایەتییەکی کەمیان هەیە. ئابووریی ئەم وڵاتانە گەشەیکردووە، بەڵام دەنگە سیاسییەکانیان هاوتای خۆشگوزەرانیی ئابوورییان گەشەینەکردووە، بەڵام دوای دە ساڵ‌و نیو لە کۆبوونەوەکانی بریکس ، کۆڕبەندە سیاسییە پێشەنگەکانی جیهان، لەوانەش: دامەزراوەکانی بریتۆن وۆدزو نەتەوە یەکگرتووەکان، زۆربەیان وەک خۆیان ماونەتەوە. ئەم زلهێزە تازەپێگەیشتووانە هەوڵدەدەن سیستەمی حکومڕانیی جیهانی بگۆڕن، بەڵام کاردەکەن بۆ ئەوەی لایەنێک لە گرووپەکە نەتوانێت ببێتە حیزبی باڵادەست لە ناو ئەم سیستەمەدا. پەسەندکردنی کەسی‌و گۆڕانی سەرکردایەتی ڕۆڵدەگێڕێت لە گرووپکردنی سیاسیی وڵاتانی بریکس . داینامیکی بریکس توانای دارشتنەوەی حکومڕانیی جیهانی سنووردارەدەکات.

ئەم کۆڕبەندە مشتومڕە ئەکادیمییەکان لە سەر پەیوەندییە ئابووری‌و سیاسییەکانی نێوان وڵاتانی بەشداربووی بریکس ، دژایەتییەکانی ئێستاو کاریگەریی میکانیزمە دامەزراوەییەکان، کە دروستکراون، بەرەوپێشدەبات. وڵاتانی بریکس بە ناوجەرگەی هەماهەنگییەکانی وڵاتانی باشوور دادەنرێت، بە بەرزکردنەوەی بەرژەوەندییەکانی گرووپی وڵاتانی بریکس لە ناو وڵاتە گەشەسەندووەکاندا لە بابەتی حکومداریی جیهاندا، بە مەبەستی هاوسەنگکردنی زیاتری تەلارسازیی جیهانی.

کۆڕبەندەکە پێی وایە کە کاریگەریی گرووپی بریکس تا ئێستا سنووردارە، بەڵام پێویستە لە چوارچێوەی فراوانتری گۆڕانی زلهێزە جیهانییەکان بەرەو باشووری جیهانیدا لە بریکس تێبگەین، کە ژمارەیەکی بەرچاو لە لایەنەکان لە پێکهاتەی جیاوازدا زیاتر کۆدەبنەوە. لە چوارچێوەی ئەم گۆڕانکارییە جیهانییەدا، بریکس لە پرۆسەی دروستکردنی تۆڕێک لە دامەزراوەکاندایە لە نێوان وڵاتانی بریکسدا، کە ڕێگە بە هاوکاریی زیاتر لە نێوان ئەندامان دەدات (بەدامەزراوەییکردنی ناوخۆیی)، لە هەمان کاتدا ئەم تۆڕانە لە دامەزراوەکان تێکەڵدەکات بە حکومڕانیی جیهانی‌و کرانەوە بۆ سەرەوەی جیهان. گرووپکردنی بریکس بۆ وڵاتانی غەیرە بریکس (بەدامەزراوەییکردنی دەرەکی). لە پاشخانی پەرەپێدانی پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی ناوخۆیی بریکسدا، پرس گەلێک

هەن کە پەیوەندییان بە دروستکردنی متمانەو هاوکاریی پراکتیکیی نێوان وڵاتانی بریکس لەگەڵ بازاڕە تازەگەشەسەندووەکانو وڵاتانی گەشەسەندوو لە حکومڕانیی جیهانیدا هەیە. دواتریش بەدامەزراوەییکردنی دەرەکیی بریکس سنووردواردەکات.

**سەرچاوە: وێبسایتی سەیج جۆرناڵس**

# فراوانبوونی بریکس بۆ ئەندامانی دامەزرێنەری بلۆکەکە چی دەگەیەنێت؟

**نووسینی: د. هیزەر ئاشبی، د. دانیال مارکی، کیرک ڕاندۆڵف، کیرتیکا شەراد، هێنری توگێندهات و ئالی ڤێرجی**
**وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی**

ئەندامە وەرگیراوە نوێیەکان سەرنجی جیهان بە لای کومەڵەکە ڕادەکێشن، بەڵام ئەندامی زۆرتر بۆی هەیە کۆدەنگی لە کۆمەڵەکە ئاڵۆزتربکات.

لە دوای ئەوەی زیاتر لە ٤٠ وڵات ئارەزووی خۆیان دەربڕی بۆ بەشداریکردنیان لە کۆمەڵەکە، پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا بریکس ڕێدەدات بە ئەندامی نوێ یاخود نا، ئەم پرسیارە لە کۆبوونەوەی لوتکەی هەفتەی پێشوودا وەڵامدراوەتەوە. سەربارى ڕاپۆرتەکانی پێش کۆبوونەوەی لوتکە دەربارەی ئەگەری فراوانکردن، سەرکردەکانی کۆمەڵەی هەر پێنج وڵاتەکە ڕایانگەیاند کە سعودیەی عەرەبی‌و ئێران‌و ئەسیوبیاو میسرو ئەرجەنتین‌و میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی (ئیمارات) لە سەرەتایی ساڵی ٢٠٢٤دا پەیوەندیدەکەن بە گرووپەکەوە.

لەگەڵ زیادبوونی ئەم شەش وڵاتە، بریکس بەڕێوەبەرایەتیی لە سەدا ٤٢ی دانیشتوانی جیهان‌و لە سەدا ٣٦ی کۆی داهاتی ناوخۆیی جیهان دەکات. بە شێوەیەکی سەرەکی ئابووریی ئەم کۆمەڵەیە لە بنەڕەتدا دامەزرا وەک جێگرەوەیەک بۆ سیستەمی نێودەوڵەتی، کە لەلایەن ئەمریکاوە بەڕێوەدەبرێت، ئەمەش بە مەبەستی خستنەڕووی هاوسەنگییە بۆ وڵاتە پەرەسەندووەکان لە باشووری جیهان، بەرانبەر بە دامەزراوە ڕۆژئاواییەکان.

بنەمای هاوڕایی بریکس بووەتە هۆی وەستاندن‌و ڕاگرتنی کاریگەرییەکان لە ڕابردوودا، بەڵام هۆکارە جیۆپۆلەتیکەکان دەبێتە هۆی فراوانبوونی، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جار ئامانجە سیراتیژییە ناکۆکییەکانی هەر ئەندامێکی گرووپەکە ڕۆڵێکی بەرچاوو گرنگ دەبینێت لە دارشتنی داهاتووی سیستەمی نێودەوڵەتیدا. لێکۆڵەرانی دامەزراوەی ئاشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەوە دەکۆڵنەوە کە مانای فراوانبوونی بریکس چییە بۆ ئەندامە دامەزرێنەرەکانی هەریەک لە وڵاتانی "چین، بەرازیل، ڕوسیا، هیندستان‌و باشووری ئەفریقا"و کۆبوونەوەی لوتکەی ئەم دواییانە دەتوانێت چیمان پێ بڵێت دەربارەی پلانەکانی ئەم کۆمەڵەیە لە داهاتوودا.

**چین**

توگێندهات (Tugendhat): ئەم کۆبوونەوەیە بۆ شی جینپینگی سەرۆکی چین وەک سەرکەوتنێکی دیبلۆماسیی گەورە بینراوە.

لە کاتی گەیشتنیدا ستایشکرا بە "ڕاسپاردەی ئەفریقای باشوور"، هەروەها لەگەڵ ڕێبەرانی وڵاتانی ئەفریقادا کۆبووەوە، کە وەک چاودێر بەشداربوون لە کۆبوونەوەکانداو تەنانەت گرژی‌و ئاڵۆزییەکانی نێوان سنووری هیندستان‌و چینی کەمکردەوە، بەڵام لە سەرووی ئەمانەشەوە، چین توانیی لە ڕێگەی فراوانبوونی ئەندامی کۆمەڵەکەوە ئەوە ببینێت کە ئەمەش گرنگە، چونکە تێکەڵکردنی نەیارانی ئەمریکا وەک ڕوسیاو ئێران، لە پاڵ هاوبەشانی ئەمریکا وەک بەرازیل‌و هیندستان لە ناو بریکسدا، ئەمریکا ناچاردەکات ڕەچاوی بەرژەوەندییە ئەمنییەکان بکات، کە ڕەنگە هاوبەشیی پێ بکەن.

لە ڕووی نەرێنییەوە بۆ وڵاتی چین، ئامانجی ڕێکخستنەوەی پێکهاتەی دارایی جیهان لە لایەنی بەرژەوەندییەکانی باشووری جیهان بەردەوامە لە ڕووبەڕووبوونەوەی نائومێدییەکان، لە چەند مانگی ڕابردوودا زۆر شتمان گوێلێبووە دەربارەی ئەگەری ئەوەی دراوێکی هاوبەشی بریکس هەبێت، بەڵام ئەمە لەبەر چەند هۆکارێک پێناچێت سەرکەوتن بەدەستبهێنێت.

بۆ دەستپێکەران، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەندامانی بریکس بڕێکی زۆر لە دراوی یەکتر ڕادەگرن، هەروەها ئەمە ڕوون نییە کە ئەندامانی نوێ یان فراوانکراوانی بریکس تەنانەت ئەگەر بشتوانن، ئێستا دەیانەوێت دراوی ڕۆبڵی ڕووسی بکڕن. لەگەڵ ئەوەشدا دراوی یونای چینی هێشتا لە هەوڵدایە بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی بەهێز لە بازاڕە سەرمایە داخراوەکاندا. لە کۆتاییدا خستنەڕووی یۆرۆ لە ساڵی ٢٠٠٢دا کاریگەرییەکی زۆر لاوازی هەبووە لە باڵادەستی‌و زاڵبوونی دۆلاری ئەمریکی لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا، بۆیە پێناچێت جێگرەوەیەکی داهات ناوەند ببێتە هۆی هەڕەشەیەکی گەورەتر.

هەوڵەکانی چین بۆ بەڕێوەبردنی بانکی گەشەپێدانی نوێ ڕەنگە تا ڕادەیەک باشتر بێت، بەڵام هێشتا ڕوون نییە کە چەند بڕەپارە لە ئەندامانی ئێستاو ئەندامانی نوێ

وەردەگرێت. هەروەها هێشتا ئەوە نەبینراوە کە چۆن ئەم بانکە خۆی جیادەکاتەوە لە بانکەکانی گەشەپێدانی باشووری جیهان، کە پێشتر هەن. لەگەڵ ئەوەشدا بانکی گەشەپێدانی نوێ زیانیبەرکەوتووە بە هۆی پشتبەستن بە پەیوەندییە ناجێگیرییەکانی نێوان ئەندامانی دامەزرێنەرەوە، وەک سەرۆکی پێشووی بەڕازیل،جایر بۆڵسۆنارۆ لە پەیوەندییە ناکۆکەکانیان لەگەڵ چیندا، هەروەها ئەنجامە خراپەکانی پێکدادانەکانی سنووری نێوان چین و هیندستان لەساڵی ٢٠٢٠دا. ئەگەری ئەوەش هەیە کە دامەزراوەکانی بریکس زۆر جار دەبنە قوربانیی هاوشێوە بە هۆی پچڕانی سیاسییەوە.
ئەمە دەمانباتە کۆتا تێڕامان، ئارەزووەکانی چین بۆ فراوانکردنی ئەندامی بریکس ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کە هەوڵێکە بۆ دامەزراندنی خاڵی پێچەوانەی وڵاتانی (G٧)و هێشتا ڕەنگە چین بەبێ مەبەست شتێکی زۆر نزیکی لە (G٢٠)ەوە دروستکردبێت،گرووپێکی گەورە بەبێ سکرتاریەت، بەبێ دەسەڵاتی یاسایی بۆ بڕیاردان، هەروەها زۆر جار بەبێ کۆکبوونو هاوڕایی.
لەگەڵ چەندین بۆچوونی دژبەیەکدا، ئەم فراوانبوونە ڕەنگە ببێتە هۆی دروستکردنی ئاڵنگاریی زیاتر وەک لە دروستکردنی دەرفەت بۆ ئەندامانی دامەزرێنەر، بە تایبەت کاتێک دێتەسەر باسی دروستکردنی دامەزراوەیەکی جێگرەوە بۆ حوکمی ئێستای جیهان. گەورەبوونی بریکس بەبێ دوودڵی وەک گۆرەپانێکی گرنگ دەبینرێت بۆ گفتوگۆ جیهانییەکان لە وڵاتانی داهات ناوەندا، بەڵام ڕەنگە ئەمە گەورەترین کاریگەری بێت لە کاروباری جیهانیدا.

**هیندستان**

مارکی (Markey): کۆبوونەوەی لوتکەی ئەمساڵی بریکس ئەرکێکی سەختو دژوار بوو بۆ سەرۆکوەزیرانی هیندستان،ناریندرا مۆدی، کە مەبەستی چارەسەرکردنی چەندین کێشەی سەخت بوو، هاوسەنگکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕوسیاو ڕۆژئاوادا، سەرپەرشتیکردنی فراوانکردنی بریکس ، هەروەها چارەسەرکردنی گرژیو ئاڵۆزییەکانی سەرسنووریان لەگەڵ ڕوسیادا.
لە ماوەی لەشکرکێشیی ڕوسیا بۆ سەر ئۆکرانیادا، نیودەلهی هەوڵیدا بە هاوسەنگکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ مۆسکۆدا (لە ناویشیاندا ڕێککەوتنی گەورەی نەوتو بەرگری، هەروەها بەردەوامیی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانیان) لە بەرانبەر گوشارەکانی دۆستو هاوبەشەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوای وەک ئەمریکا. ئەمەش بەشێکی بۆ خۆلادان لە تورەیی ڕۆژئاوا، هیندستان کۆبوونەوەی لوتکەی مانگی حەوتی ڕێکخراوی هەماهەنگیی شەنگەهای بۆ کۆبوونەوەی ئۆنلاین گۆڕی، هەرورها ئامادەنەبوونی پوتین لە کۆبوونەوەی لوتکەی بریکسدا بووە هۆی ئاسانکردنی ژیانی هیندستان. بۆ تەواوکردنی هاوسەنگکردنی نیودەلهی، مۆدی تەلەفۆنێکی دۆستانەی بۆ سەرۆک

پوتین کرد لە دوای چەند یۆژێک لە گەڕانەوەی بۆ هیندستان.

دەربارەی فراوانبوونی بریکس ، هاوکات هیندستان هەوڵی هێشتنەوەی پێگەی خۆی دا وەک ئەندامی دامەزرێنەر، بەرەوپێشبردنی ڕابەرایەتیی خۆی وەک دەنگی باشووری جیهان، هەروەها بەرهەڵستیی هەنگاوەکانی پەکین بۆ باڵادەستی لە گرووپەکەدا، بە کۆکردنەوەی هاوبەشە ناوەندییەکانی وڵاتی چین.

شەڕکردنی دژی بڵاوبوونەوەی گریمانەدانانی ئەوەی کە وڵاتی هیندستان سەرەتا دژی ئەجێندای فراوانبوون بوو، مۆدی لە هەوڵدا بوو بۆ دەربڕینی پەرۆشی بۆ ئەندامە تازەکان، پێدەچێت کە لیستە نوێیەکەی ئەندامان خراپتر بێت بۆ وڵاتی هیندستانو ئەمەش پەیوەندییەکانی نێوان سعودیەو ئیمارات باشو گەرمدەکات. تەنها دانپێدانانی ئێران دەبێتە هۆی کێشەی بچووک، چونکە دەبێتە هۆی بەهێزکردنو دوپاتکردنەوەی ناوبانگی گرووپەکە لە دژی ڕۆژئاواو کۆمەڵەکە لەگەڵ ئەندامێکی دیاری تردا پەیوەستدەکات، کە ڕووبەڕووی سزای ئەمریکایان دەکاتەوە.

بە گەڕانەوە بۆ هیندستان، پێشبینیکراوترین چاوپێکەوتنی لوتکە لە نێوان مۆدیو شی جینپینگدا بوو. ئەم دوو سەرکردەیە زۆر بە دەگمەن گفتوگۆیانکردووە لە هاوینی ساڵی (٢٠٢٠)ەوە، کاتێک هێزەکانی چینو هیندستان کە ناوچە ناکۆکەکانی سنووری نێوان چینو هیندستان لێکجیادەکاتەوە، کە بووە هۆی خوێناویترین پێکدادانو شەڕی سنووری لە ماوەی زیاتر لە ٤ دەیەدا.

لە کۆتاییدا کۆبوونەوە نافەرمییە داخراوەکانی یەکبەیەک هەموو نیشانەکانی دانوستانە چڕەکانی تێدا بوو.

هیچ ڕاگەیەنراوێکی لەپێشینە نەبوو، بەرەنگاربوونەوەی داتاکان (هیندستان لە پێش چینەوە بوو)و پێش ئەوەی گۆڕینەوەکە بە شێوەیەکی فەرمی بڵاوبکرێتەوە، ڕۆژێک دواکەوت.

ئەم کۆبوونەوەیە هیچ پێشکەوتنێکی گرنگو ڕوونی دیبلۆماسیی بەدەستنەخست، ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی هیندستان هێرشیانکردەسەر مۆدی. بە شێوەیەکی گشتی، ئەم ئەزموونە تەنها دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی مەرجەکان لە ئاڵوگۆڕی گەورەی داهاتووی نێوان مۆدیو شی جینپینگ، کە پێدەچێت لە کۆبوونەوەی لوتکەی (G٢٠)ی مانگی ئەیلوولدا لە نیودەلهی بەڕێوەبچێت.

**بەڕازیل**

ڕاندۆڵف: لە جیهانی جەمسەرگیریدا، کە هەتا دێت، زیاددەکات بە پێشبڕکێی نێوان چینو ئەمریکا، بەڕازیل دژوارتر دەتوانێت پەیوەندیو ڕابەرایەتیی خۆی بچەسپێنێت، هەروەک لە ڕاگەیاندنی هەفتەی ڕابردووی فراوانبوونی بریکسدا خرایەڕوو. چین توانیی فراوانبوونەکە دەستەبەربکات، سەرباری دوودڵییەکانی

هیندستان و بەڕازیل. گۆڕینی مەیدانی لە سەر بنچینەی جێگرەوەی گەشەپێدانی ئابووری بگۆڕێت بۆ کۆڕبەندێکی دیکە بە مەبەستی ئاڵنگاریی ڕاستەوخۆ لە دامەزراوەو کۆڕبەندەکانی ڕۆژئاوا بکات، کە باڵادەستن. سەرۆکی بەڕازیل،لولا، بە ئاشکرا لە میانەی کۆبوونەوەی لوتکەی هەفتەی ڕابردوودا ڕایگەیاند کە مەبەست لە کۆڕبەندی بریکس وەک "خاڵێکی پێچەوانە نییە بەرانبەر بە (g٧)و (G٢٠)، یاخود ئەمریکا"، بەڵکو مەبەستی گرووپەکەی وەک ئامرازێک ناساند بۆ ڕێکخستنی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان. تا کۆتایی، سەرۆک لولا بە تایبەتی لە وتارەکەیدا سەرنجیخستەسەر کۆڕبەندی سروشتی ئابووریی کۆمەڵەکە، دووپاتکردنەوەی گرنگیی دەستەبەرکردنی دارایی باشتر بۆ ئابوورییە تازەگەشەسەندووەکان، بەدەستهێنانی بازرگانیی جیهانیی دادپەروەرترو بونیادنانی زیاتری گەشەی ئابووری، کە لەلایەن باشووری جیهانەوە بەڕێوەببرێت. لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی چین،شی جینپینگ، لە وتارێکدا کە لە لایەن وەزیری بازرگانیی چین،وانگ وێنتاوەوە، خوێنرایەوە، لە کۆڕبەندەکەدا چەند ئەرکێکی فراوانی خستەڕوو، کە تێیدا بریکس کاردەکات بۆ دارشتنەوەی حکومڕانیی جیهانو فراوانکردنی هەماهەنگیی ئەمنیو سیاسی لە نێوان وڵاتانی ئەندامدا. لەم ڕووەوە بە لەخۆگرتنی ئێران لە نێوان شەش وڵاتە نوێیەکەی ئەندامدا، پێداگریی سەرۆک لولا ڕەتدەکاتەوە، کە گرووپەکە هەڵوێستی دژەڕۆژئاوا وەرناگرێت، هەروەها بەڕازیل دەخاتە هەلومەرجێکی نالەبارتر لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا.

ئەمە ڕێگەیەکی نوێ نییە بۆ سەرۆک لولا، کە لە پێشووشدا هەوڵیداوە بۆ بەرزکردنەوەی بەڕازیل لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە خزمەتکردنی، وەک ناوەندێک بۆ دەسەڵاتە ڕکابەرەکان، لە ساڵی ٢٠١٠دا گەشتیکرد بۆ ئێرانو هەوڵیدا بە ئاسانکاری لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی نێوان ئێرانو ئەمریکا. لەم دواییانەشدا حکومەتی سەرۆک لولا لە هەوڵێکی ورددا بوون بۆ نێوەندگیریی ئاشتی لە نێوان ڕوسیاو ئۆکرانیادا. هێشتا دیار نییە کە بەڕازیل چی بەدەستدەهێنێت بە پێدانی دەسەڵات بە چین بۆ دووبارە دارشتنەوەی سروشتی بریکس . بەڕازیل بە شێوەیەکی بەرفراوان وا دادەنرێت پاڵپشتیی فراوانبوونی بریکسی کردووە، لە بەرانبەر ئەوەی کە چین پشتیوانیی بەڕازیل بکات بە زیادکردنی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک ئەندامێکی هەمیشەیی، لە پاڵ هیندستان لە هاووڵاتی بریکسەوە. ڕێککەوتنەکە هەر لە سەرەتاوە بە لاسەنگی دەبینرێت، چین بەرەو دەستکەوتێکی خێرا دەڕوات، بەڵام بەڕازیل تەنها بەڵێنێکی پوچەڵ وەردەگرێت، بەو پێیەی وا دادەنرێت چاکسازییەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەدووربزانرێت. ڕێتێدەچێت کە سەرۆک لولا پشتوانیی چین لە سوودو قازانجی خۆیدا بەکاربهێنێت، لە میانەی دیدارە چاوەڕوانکراوەکەی لەگەڵ سەرۆک بایدندا لە پێش کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بەڕازیل هەتا دێت، زیاتر خۆی بە یەک هێز ببینێت لە نێوان زۆرێک کە

هەوڵدەدەن بۆ پەیوەندیی بەردەوامی ململانێی نێوان چینو ئەمریکا بۆ دیاریکردنی داهاتووی سیستەمی نێودەوڵەتی.

**ئەفریقای باشوور**

ڤێرجی (Verjee): باشووری ئەفریقا میوانداریی لوتکەی بریکس دەکات، کە لوتکەکە دەکرێت بکرێت بە دوو بەشەوە، ئەگەری میوانداریی سەرۆکی ڕوسیا،ڤلادیمێر پوتین، بە هۆی فەرمانی دادگای نێودەوڵەتییەوە شتێکی گەورە بوو. ئەگەر پوتین ئامادەبوایە، ئەوە ئەفریقای باشوور بە شێوەیەکی یاسایی ناچاردەبوو دەستگیریبکات. ئەم ڕووداوە سەردانەکەی ساڵی (٢٠١٥)ی ئەو کاتەی "عومەر بەشیر"،دیکتاتۆری سودان، دەوروژێنێت، کاتێک زۆر بە دژواری ڕزگاریبوو لە دەستگیرکردن لە دوای ئامادەبوونی لە کۆبوونەوەی لوتکەی یەکێتیی ئەفریقا لە جۆگانسبەرگ، ئەمەش بووە هۆی سەرکۆنەکردنی سەختی حکومەتی ئەفریقا لەلایەن دادگایی ناوخۆییو نێودەوڵەتییەوە. لە کۆتاییدا ئامادەنەبوونی پوتین لە کۆبوونەوەی لوتکەی بریکسدا بووە هۆی کپکردنی هەر جۆرە مشتومڕێکو ناکۆکیی ناوخۆیی گرنگ لە باشووری ئەفریقادا.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆبوونەوەی لوتکەی بریکس دەرئەنجام بەرجەستەیی کەم بوو، بۆ باشووری ئەفریقا، کە ئەندامیەتیی لە بریکسدا تا ڕادەیەکی زۆر ڕەمزییە. ئەفریقای باشوور بچووکترینی کۆمەڵەکەیەو کەمترین گرنگیی هەیە لە ڕووی ئابوورییەوە، فراوانبوونی بریکس دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی گرنگیی زیاتری باشووری ئەفریقا، دوو هەرێمی تری ئەفریقا بەشداریدەکەن، کە ئەوانیش میسرو ئەسیوبیان، کە هەردووکیان دانیشتوانیان زیاترە لە ئەفریقای باشوور، هەروەها گەشەی ئابووریان ڕێژەی زیاترە، هەرچەندە بچووکترە لە ئابووریدا.

ڕەنگە لە کۆبوونەوە لوتکەکەدا گرنگتر ئەو دیدارە دووقۆڵییە بوویێت لەگەڵ سەرۆک شی جینپینگدا لە ڕۆژی پێشتردا، هەروەها ئامادەکارییەکانی دیداری وەزیرانی بازرگانیی چینو گرووپە بازرگانەکان، کە چەند هەفتەیەک لەمەوبەر کرا. هەروەک شی جینپینگ خۆی ئاماژەی پێ کرد، ئەوە شەشەمین سەردانی بوو بۆ ئەفریقای باشوور، ئەفریقای باشوور یەکەمین وڵات بوو کە بەڵگەنامەی هەماهەنگی (پشتێنەو ڕێگەی چین، کە لەلایەن کۆماری چینەوە دانراوە، هەوڵدەدات ئاسیا لەگەڵ ئەفریقاو ئەوروپادا لە ڕێگەی تۆڕە وشکانیو دەریاییەکانەوە ببەستێتەوە) واژۆکرد، هەروەها چین گەورەترین هاوبەشی بازرگانیی ئەفریقای باشوورە. قەبارەی بازرگانیی دوولایانە بەردەوامە لە گەشەدا، هەروەک وەبەرهێنانی بیانیی چین لە باشووری ئەفریقادا. لوتکە بێت یاخود نا، پەیوەندییەکانی ئەفریقای باشوور لەگەڵ وڵاتانی تری بریکسدا زۆر کەمتر گرنگییان هەیە.

**ڕوسیا**

شـەرد/ ئەشبی (Sharad/Ashby): لە کاتێکدا ڕوسیا مامەڵە لەگەڵ سزاکانی ئـابـووریو ئـیـدانـەکـردنی نێـودەوڵـەتـیـدا دەکـات بـە هـۆی جـەنـگـەکـەی لـە بـەرانـبـەر ئۆکرانیادا، بریکس بووە پێگەیەکی گرنگ بۆ مۆسکۆ، بۆئەوەی بیسەلمێنێت کە لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە دانەبڕاوە. ڕوسیا نەک تەنها پێویستی بە بریکس هەیە، بەڵکو پێویستی بە فراوانکردنی بریکس هەیە، بۆ بەرەوپێشبردنی مۆسکۆ لە سیاسەتی دەرەوەیدا.
بە هۆی خۆدزینەوەی لە فەرمانی دەستگیرکردنی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان، سەرۆک پوتین هیچ هەڵبژاردەیەکی نەبوو، جگە لەوەی وتارەکەی لوتکە لە دوورەوە پێشکەشبکات، هاوشێوەی وتارەکەی کۆبوونەوەی لوتکەی مانگی تەمموزی نێوان ئەفریقای باشوورو ڕوسیا، پوتین وتارەکەی بریکسی بەکارهێنا بۆ ڕێکخستنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا لەگەڵ وڵاتانی باشووری جیهاندا، هەروەها ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژئاوای بە بەرەوپێشبردنی سیستەمێک لە سەر بنەمای یاسا تۆمەتبارکرد، کە ئاستەنگی دەخاتەبەردەم هەندێک وڵات لە ڕووی سیاسیو ئابووریو سەربازییەوە، هەروەها هەوڵیداوە شەڕی دژ بە ئۆکرانیا وەک میکانیزمی بەرگری بەرانبەر بە پەلاماری ڕۆژئاوا ببینێت.
دەربـارەی دەرئـەنـجـامـە خـراپـە ئـابـوورییـەکـانی ئـەو شـەڕە، پوتین خـۆیـلادا لـەوەی کە سـەرزەنشـتبکـرێت بۆ دەرچـوون لـە ڕێککەوتنی دانـەوێڵـەی دەریـای ڕەش، ئـەم هـەنگاوە هـۆکار بـوو بـۆ زیـادکـردنی بـەهـای خـۆراک لـە زۆربـەی ئـەو وڵاتـانـای کـە ئـامـادەبـوون لە کۆبوونەوەی لوتکەدا. لە بریی ئەوە، پوتین زیادکردنی بازرگانیی لە نێوان وڵاتانی باشووردا پێشکەشکرد، ئەمەش دەبێتە هۆی هێورکردنەوەی شۆکی ئابوورییەکەی بە هۆی سزاکانی سەرکردایەتیی ڕۆژئاواوە.
لە دوای هەبوونی زیاتر لە دەیەیەک، هێشتا نازانین کە ئایا بریکس دەبێتە هێزی سیاسیو ئابووری لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا، ڕوسیا پشتگیری لەوە دەکات کە ئەو کارە بکات، بە پشتبەستن بە پشتیوانییەکانی بۆ فراوانکردنی بریکس لە ماوەی کۆبوونەوەی لوتکەدا.
ڕوسیا بە ڕێژەی جیاواز پەیوەندیی هەیە بە وڵاتانی نوێی ئەندامی بریکسەوە، کە بەهێزترین پەیوەندیی دوولایەنەی نێوانیان میسرە، کە کۆمەڵەی هەمەچەشنی وڵاتانی دامەزراوو نوێی بریکس لـە سـوودو قـازانـجی ڕوسـیادا کاردەکـەن، بـە تایبـەت لـە ڕووی ئـابوورییـەوە، کاتێک ئیماراتو ئێرانو عەرەبستانی سعودیە کە سەنگی وزە بۆ گرووپەکە زیاددەکەن.
لـە ڕوانـگـەی ڕوسـیـاوە، بـریـکـس و ئـەنـدامـانی نـوێ ڕێـگـە بـە حـکـومـەتی ڕوسـیـا دەدەن بۆ بـەرەوپـێـشـبردنی سیـسـتـەمی جیـهـانیی هـەمـەچـەشـن، کـە خـاڵـێـکی سـەرەکـییـە لـە یـاسـایی پوتیندا، هەروەها کاربەدەستانی ڕوسیا جەختیان لە خواستەکانی کۆمەڵەکە کردەوە لە هەوڵەکانیان بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بە دۆلاری ئەمریکی، لەگەڵ بەرەوپێشبردنی ئامانجە ستراتیژییەکانیان بۆ هاوبەشیی ئابووریی بریکس لە ساڵی ٢٠٢٥دا.

**سەرچاوە: پەیمانگای ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئاشتی**

# ڕۆڵی بریکس لە جیهانی سیاسیدا

نووسینی: ئۆلگا کۆلێسنیچێنکۆ، ئەلێکساندەر ڕۆزانۆڤ و لیو دێبین
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

بریکس لە فۆڕمێکی ئایدیاڵییەوە گەشەیکردووە بەرەو سەکۆیەکی کاریگەر لە ناو کایەی نێودەوڵەتیدا. چوارچێوەی بریکس ئەزموونێکی نوێیە بۆ پێشەوایی بەکۆمەڵ، کە شارستانیەت پەرەپێدەدات لە ناو ژینگەیەکی جیهانگەریدا. لەم توێژینەوەیەدا سەرنجدەخەینەسەر ئەو پرسانەی کە لە ئەندامە جیاوازەکانی دەرەوەو ناوەوەی بریکسدا ئاماژەی پێ کراوە. ئەمەش لە بەرانبەردا دەبێتە مەبەستێکی گشتگیر بۆ بونیادنانی چوارچێوەیەکی جێگیر بۆ خستنەگەڕی بریکس لە دەیەکانی داهاتوداو لە هەمان کاتدا دەبێتە هاوکاریو هەماهەنگیی چاوەڕوانکراو کە لە ناو چوارچێوەی بریکسدا گەشەی پێ بدرێت.

بریک، ئێستایش بریکس ، لە فۆڕمێکی ئایدیاڵییەوە گەشەیکردووە بەرەو سەکۆیەکی کاریگەر لە ناو کایەی نێودەوڵەتیدا، هەروەها ئەمەش تەنها نەبووەتە نیشانەی جیهانگیری، بەڵکو زیاتر دەبێتە کلیلی سەرەکیی کۆنترۆڵکردن بۆ پرۆسە جیهانییەکان. بیرۆکەی یەکخستنی گەورەترین ئابوورییە تازەگەشەسەندووەکانی جیهان لە ژێر ناوی بریکدا (بەڕازیل، ڕوسیا، هیندستانو چین) دەگەڕێتەوە بۆ جەیمس ئۆنێل (James O'Neill)، شیکەرەوەیەکی ناسراوە لە بواری ئابووریی جیهان، کە لە بانکی وەبەرهێنانی پێشەنگی ئەمریکا،گۆڵدمان ساکس، دەکۆڵێتەوە. لە ساڵی ٢٠٠١دا، ئۆنێل توێژینەوەیەکی نوسی، بە ناوی "بونیادنانی باشتر لە جیهانی ئابووریی بریکدا"، کە تێیدا کورتکراوەی گرووپی بریکی نیشاندا بە وەرگرتنی هاوشێوەی وشەی ئینگلیزی

(brick). بە پێی ئەم لۆژیکی کورتاندنە، کازاخستان توانای پەرەسەندنی گەورەی هەیە، دەکرێت ببێتە ئەندامێکی نوێی بریک بۆ تەواوکردنی تەواوی وێنەکە، بەڵام یەکەم جار کۆماری ئەفریقای باشوور پەیوەندییکرد بەو هاوپەیمانیەتییەوە، ئەمەش وای کرد ڕۆڵێکی کیشوەری بە دامەزراوەکە ببەخشێت.

لە ماوەی سالانی دروستبوون‌و گەشەسەندندا، بریکس لە پرۆسەی بەردەوامی گۆڕانکاریدایە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە جەختبکەینەوە لە سەر کرۆکی بونیادنانی ئەم پێکهاتەیە، پتەوکردنی ئەو وڵاتانە کە لەلایەن شیکەرەوە جیهانییەکانەوە نەخشەی بۆ کراوە، دەکرێت لە سەدەی بیستویەکەمدا ببێت بەهێزترین ئابووریی جیهان. هەروەها ئەمەش تێگەیشتنێک لە گرنگیی ڕۆڵی بریکس دەخاتەڕوو لە پرۆسە جیهانییەکانی بونیادنانی سیستەمێکی نوێی جیهانی لە ڕێی بەهێزکردنی هەوڵە نێودەوڵەتییەکانەوە. ئەم پێکهاتەیە کردەی "پێکهاتەی جیهانگیری" بەدیدەهێنێت، بە دانانی بنچینەیەک بۆ دروستکردنی جیهانی نوێ، کە لە خشت بونیادنرابێت، کە هێزەکەشی پەیوەستە بەوەوە کە جیهانی هاوبەشمان تا چەند دەمێنێتەوە، هەر بۆیە پێکهاتەی بریکس ناتوانێت لە لۆژیکی دوورەپەرێزی جیهانی تازەگەشەسەندوو لە وڵاتانی گەشەسەندووی ڕۆژئاوادا کاربکات. هێزی بریکس و ئەرکە شارستانییەکەی پێکدێت لە هێنانی هەوڵە جیهانییە یەکخستووەکان بۆ ئاستێکی نوێ لە "شەپۆلی بەهێز" لە گەشەکردنی خێرایی ئابووری. ڕابەرایەتیی بەکۆمەڵ ئەزموونێکی نوێیە، کە شارستانیەت لە چوارچێوەی بریکسدا ڕووبەڕوویدەبێتەوە لە بەرانبەر جیهانگیریدا. ئالنگاری بۆ بریکس بریتییە لە مۆدێلی پەرەسەندنی جیهانیی نوێی حکومڕان، کە پێویستە تاک جەمسەر نەبێت، بەڵکو دەبێت پتەوترو دروستکەر بێت.

هەروەها ئامانجەکە بریتییە لە خۆلادان لە سیناریۆی نەرێنی لە جیهانگیری‌و دەستپێکردنی یەکخستنی ئالۆزیی پەرەپێدانی ئابووریی جیهانی بەبێ شێواندن، یاخود شکاندنی هەریەک لە دارایی‌و ئابووریی بەردەوامی جیهان.

ئەمەش گرنگە بۆ بەردەوامبوون لە پەیڕەوکردنی ئەم ڕێگەیە، هەروەها بەربەستنەخەینەبەردەم توانای پەرەسەندنی بریکس لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی جەمسەرگیری لەگەڵ ڕۆژئاوادا.

چۆن دەتوانین تایبەتمەندیی جیهانی هاوچەرخ بخەینەڕوو، لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا چەندین گفتوگۆ لە کۆمەڵگەی ئەکادیمیای نێودەوڵەتیدا هەبووە دەربارەی جیهانی هاوچەرخ‌و سیستەمی جیهانیی ئێستا. چەند شارەزایەک بڕوایان وایە کە هەرچەندە هێزی ئەمریکا لە کەمبوونەوەو دابەزیندایە، بەڵام لە سیستەمی جیهانیدا هەروەک خۆی دەمێنێتەوە، چونکە سیستەمی نێودەوڵەتی سیستەمێکی لیبراڵییە، کە لە بنەڕەتدا لە سەر بنەمای ڕابەرایەتیی ئەمریکایەو هێشتا بە باشی کاردەکات. دەتوانێت زلهێزە تازەپەرەسەندووەکانی وەک هەریەک لە چین‌و بەڕازیل و هیندستان

لەناوببات، بەو پێیەی ململانێی نێوان زلهێزە هەبووەکانو زلهێزە تازەپەرەسەندووەکان لە سەر بنەما بنەڕەتییەکان نییە، بەڵکو زیاتر لە سوودی ڕابەرایەتیکردنە لە چوارچێوەکەیدا. پرۆفیسۆر جۆن ئیکنبێری لە پرینستۆن، یەکێکە لە ستراتیژیستە گرنگو ناسراوەکانی ڕۆژئاوا، یەکێکە لە لایەنگرانی سەرەکیی ئەم بیرۆکەیە، بەڵام هەندێکی دیکە بڕوایان وایە کە جیهان لە پشێویدایەو ئاڵۆزی دێت بەرەو ئاڵۆزییەکان ڕوو لە ئۆراسیا دەکەن. بەو پێەی کە ڕۆبێرتد کەپلان، کەسێکی پێشەنگی جیۆپۆلەتیک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، توێژینەوەیەکی بڵاوکردەوە، کە تێیدا ئامۆژگاریی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو ڕۆژئاوا دەکات توند بن بەرانبەر بە ڕوسیاو چین، هەروەها ئامادەبن لە بەشداریکردن لە ئاڵۆزیو پشێوییەکان لە ئۆراسیا. هەروەها کەپلان بڕوای وایە کە هەردوو وڵاتانی چینو ڕوسیا هێزی پێداچوونەوەنو هێزی خۆیان بە بەهێز پیشاندەدەن، چونکە لاوازن، نەوەک لەبەرئەوەی بەهێزن. لە هەمان کاتدا دۆخی کۆمەڵایەتی لە ناوەڕاستی ئاسیادا ڕەنگە جۆرێک لە بەهاری عەرەبی بە دوای خۆیدا بهێنێت لە داهاتوویەکی نزیکدا، بەو پێیەی کیشوەرە ئۆراسییەکان لە مەترسیدان، کەواتە بە ڕاستی چی ڕوودەدات لە جیهاندا؟

١.تێکشکانی سیستەمی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها بڵاوبوونەوەی تیرۆرو تیرۆریست لە هەموو جیهاندا، ململانێ درێژخایەنەکانی نێوان ئیسرائیلو فەڵەستین، ئاژاوە لە عێراقو سوریادا، سەرهەڵدانی داعش (ڕێکخراوێک کە لە ڕوسیا قەدەغەکراوە)، سیستەمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە تێکشکاندایە، هەروەها قورسە بۆ چاککردنەوەی. بۆ ماوەیەکی درێژخایەن هیچ داهاتوویەکی ڕوون نییە.

٢.وڵاتە ئەوروپییەکان لە پشێویدان لە ئەنجامی سیاسەتی ناوخۆییو نێودەوڵەتییەوە، ئەوروپا لایەنگرێکی بەهێزی بەهاری عەرەبی بووە، بەڵام ئێستا بە هۆی قەیرانی پەنابەرییەوە دەناڵێنێت، ئەمەش بێجگە لەوەی دانیشتوانی مسوڵمان لە ئەوروپادا لە پەرەسەندندایەو ئەوروپا بە کتوپڕی بووەتە ناوچەیەکی لاواز بۆ هێرشە تیرۆریستییەکان، کە ئەمەش زیاتر بوژانەوەی ئابووری ئەستەمتردەکاتو لەگەڵ ئاڵنگارییەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی لە ئەوروپادا.

٣.خاوبوونەوەی ئابووریی جیهان لە بەردەوامیدایە، لە کاتێکدا کە دەرچەی دەربازبوون هێشتا نەدۆزراوەتەوە. ئەم خاوبوونەوەیەش بووە بڵاوبوونەوەی ئابوورییە سەرهەڵدراوەکان لە جیهانی گەشەسەندوودا، هەروەها دەبێتە دروستکەری چەندین ئاڵۆزیی کۆمەڵایەتی، هیچ دەرچەیەک نییە بۆ وەستاندنی زیادبوونی پشێوی لە داهاتوویەکی نزیکی جیهاندا.

٤.جیاوازیی ستراتیژییە هێزە بەهێزەکان لە سیستەمی جیهانیدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆی ڕوونبووەوە کە ئەوروپا باشترین هاوبەشی نییە، بە پێچەوانەی ژاپۆنو وڵاتانی تری ئاسیاوە. وڵاتانی ئەوروپا هیچ تواناو ویستێکیان نییە بۆ پاڵپشتیی ویلایەتە

یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە لە بەرانبەردا وا دەردەکەوێت ئێستا ستراتیژی گەورەی خۆیانیان لەدەستدابێت.
٥.هاتنی خاڵی وەچەرخان بۆ بریکس لە دۆخی ئێستادا، لەمەودوا بریکس گرووپێک نییە بە مانا سەرەکییەکەی پێویستی بە دووبارە دیاریکردنەوەی ئامانجو ناسنامەکەی هەبێت.

لە ڕوکەشدا ئەم پێنج نەتەوەیەی گرووپی بریکس ، وەک گرووپێکی هەمەلایەنانە، وا دەردەکەوێت کە خاڵی هاوبەشیان زۆر کەم بێتو لە بنچینەدا جیاوازن، هەروەها پێویستە ئەم خاڵە لەبەرچاوبگیرێت لە پێش ئەوەی هەوڵی یەکگرتن بدەن. ئەم پێنج وڵاتە خاوەنی سیستەمی سیاسیی جیاوازن لە یەکدی،چین وەک دەوڵەتێکی سیستەمی یەک حیزب، حکومڕانی لە ڕوسیا زۆر مەرکەزییە، بەڕازیلو هیندستانو ئەفریقای باشوور وڵاتی دیموکراسین، کە بە شێوەیەکی بەرچاو ئاستی گەندەڵیو ناکۆکیی نەژادیو ڕەگەزییان هەیە، کە هێشتا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا گەیشتوونە ئاستی جیاوازی ئابووری، بەو پێیەی ئاستی چین لە ڕووی ئابووریو لە ناویشیدا بازرگانی لە پێش گرووپەکەوەیە، جگە لەوەش، وڵاتانی ئەندام جیاوازن لە ڕووی سەرچاوە بەردەستەکانیانو بەکارهێنانی نارێژەییەوە، واتە ڕەها، هەروەها چڕی وزە لەگەڵ جیاوازیی ئاراستەی دیمۆگرافییان. بەڕازیل بە شێوەیەکی بەرچاو دانیشتوانی شارستانین، لە کاتێکدا هیندستان بە ڕێژەیەکی بەرز دانیشتوانی گوندنشینن. ڕوسیاش دانیشتوانەکەی بە زۆری بەساڵاچوون، لە کاتێکدا دانیشتوانی هیندستان بە ڕێژەیەکی زۆر گەنجن، هەروەها بە گشتی ئەم پێنج نەتەوەیە بەشدارییەکی مەزن دەکەن لە پەرەسەندنی چینی ناوەندی جیهان. ئەندامانی بریکس لە بنچینەدا ئاستو پێگەی جیاوازییان هەیە لە سیستەمی ئێستای جیهان. بەو پێیەی ڕوسیاو چین هێزی دامەزراوی جیهانینو ئەندامی هەمیشەیین لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە کاتێکدا هیندستانو بەڕازیلو ئەفریقای باشوور تەنها ئارەزووی کاریگەریی جیهانییان هەیەو ئێستا لە ئاستی هێزی ناوچەییدا دیاریدەکرێن.
بە تیشکخستنەسەر جیاوازیی دەسەڵاتو بەرژەوەندیی نەتەوەییو لە هەندێک جیاوازیی جیۆپۆلەتیکدا لە چەند بابەتێکدا جێگەی سەرسوڕمان نییە، بەو پێیەی پابەندبوونی هاوبەشیی فراوان بۆ هەموو ئەندامانی بریکس لە سەر بنەمای دەستتێوەردان نەبووە بە هەڵوێستێکی یەکگرتوو لە پرسە نێودەوڵەتییەکاندا، بۆ نموونە: ڕوسیاو چین لە دژی دەستتێوەردانە دەرەکییەکانن لە سوریادا، لە ڕوویەکی دیکەوە بەڕازیلو هیندستان هەڵوێستی وردتریان گرتووەتەبەر، لەوانەش: دەنگدان بۆ سەرکۆنەکردنی توندوتیژییەکانی حکومەتی سوریا لە بەرانبەر خۆپیشاندەران.
بریکس خاوەنی سەرچاوەی سروشتیی یەکجار زۆرە، لە هەندێک ناوچەدا لەگەڵ

کەمیی سەرچاوە لە هەندێک ناوچەی دیکەیدا، هەروەها لەگەڵ هەبوونی ژینگەی زیندەیی جیاواز لە دانیشتوانێکی زۆرو گەنج ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاریی کۆمەڵایەتیو ئابووری دەبێتەوە.

لەگەڵ هەبوونی ئەم فاکتەرانەدا پێکەوە، جەخت لە سەر پێویستیی ڕێڕەوی پەرەسەندنی بەردەوامو گشتگیر دەکرێتەوە، لە ڕێگەی هەوڵی چڕوپڕ لە سەر ئاستی هەردوو بواری ناوخۆییو دەرەکیدا، لەم چوارچێوەیەدا دوو فاکتەری گرنگ بریتین لە جیهانگیریو گۆڕانی کەشوهەوا.

لە ڕاستیدا مامەڵەی کاریگەر لەگەڵ هەردوو ڕەوتەکەدا لە چوارچێوەیەکی بەرفراوانتری ئاڵنگاریی گەشەپێدان پێویستی بە وەڵامی گونجاوو بەردەوام هەیە.

لە کۆبوونەوەی لوتکەی پارتەکاندا، کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە میوانداریدەکرا، دەربارەی چوارچێوەی ڕێککەوتنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر گۆڕانی کەشوهەوا (UNFCCC) مرۆڤ دەتوانێت ئەو ئاڕاستانە تێبینیبکات کە گرنگەو پێویستییە، جارێکی دیکە بیری لێ بکرێتەوە لە چوارچێوە فرەلایەنەکانی گونجاندنو هەماهەنگی لە سەر گۆڕانی کەشوهەوا، گەشەسەندنی بەردەوامو گەشەسەندنی گشتگیر.

لە ڕاستیدا هەموو ئەندامانی بریکس پێویستە هاوکاریبکەن لە ناو پێکهاتەی بریکس و دواتریش لە ناوەندە فرەلایەنەکان، بۆئەوەی داواکارییە بنەڕەتییەکان بە شێوەیەکی باشتر پەیڕەوبکرێت، بۆئەوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیو ئابوورییە خۆجێییەکان ڕووبدات.

ئەم هەنگاوانە یارمەتیدەر دەبن بۆ مامەڵەی کاریگەرانە لەگەڵ ئەو کاریگەرییە گرنگانەی کە لە سەرەوە باسکراوە، لە بەرانبەریشدا یەکسانی دەبێتە ناوەندێک بۆ دامەزراندنی هەر چوارچێوەیەکی نوێ بۆ گۆڕانکاری، نەک وەک پاشکۆیەک بێت.

لە جیهانێکدا کە جیهانگیری ڕوو لە فراوانبوون دەکات، سەختە بۆ هەر نەتەوەیەک کە بە دووەوپەرێزیو دابڕاو بمێنێتەوە، هەندێک لە گەشەکردنەکان کاریگەرییان لەودیو سنوورەکانەوە هەیە، وەک لەم دواییانەدا لە هەردوو وڵاتانی لیبیاو سوریادا بینیومانە. ئەندامانی بریکس زیاتر ترسیان لە دەستێوەردان یان مەیلی هەژموونگەرایەتی هەیە. ئاڵۆزییە سیاسییەکان نالەبارتر دەبێت بە هۆی سەرهەڵدانی کارەکتەرە نێدەوڵەتییە گرنگەکان، کە هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی. ژمارەیەک لە ڕێکخراو، گرووپەکانو تەنانەت تاکەکانیش کاریگەرییان لە سەر جیهان دەبێت، هەروەها وڵاتانی بریکس دەبێت پێگەی خۆیان وەک لەنگەری گفتوگۆی سیاسی لە کۆبوونەوە باڵاکانی جیهاندا بناسێنن. گرنگیی سیاسیی بریکس بەهێزدەکرێت لە ڕێی بەشداریکردنی چالاکانەی هەریەک لە پێنج وڵاتە ئەندامەکان لە هەردوو ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، لە ناویشیاندا "نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، سندوقی دراوی

نێودەوڵەتیو بانکی نێودەوڵەتی"و کۆمەڵە نافەرمییەکانی وەک "بزوتنەوە بێلایەنەکانو گرووپی ٧٧و (G٢٠)و هاریکاریی ئابووریی ئاسیاو دەریای هێمن"، هەروەها لە ڕێکخراوە هەرێمییەکان لە ئەوروپاو ئاسیاو ئەفریقاو لەگەڵ ئەمریکای لاتیندا، بەو پێیەش دەرفەتێکی بەرچاو هەیە لە بەشداریکردن لەگەڵ ولاتانی دیکەدا لە بونیادنانی سیستەمی جیهانیی دادپەروەرانەو بەکارهێنانی سیستەمێکی کاریگەرانەدا بۆ دانانی ئەجێندا لە سەر مەودایەکی فراوان لە بابەتەکان، لە جیهانییەوە بۆ هەرێمی، لە دامەزراوەیەکی باشەوە بۆ سیستەمی تا ڕادەیەک نوێ.

وڵاتانی بریکس دەبێت سەرکردایەتییەکی زیندووی جێگرەوە بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتوو دابینبکەن، بۆئەوەی بەرەو پەرەپێدانی ڕۆڵێکی مانادار لە کاروباری جیهانو ڕۆڵێکی چالاکتر لە چارەسەرکردنی ململانێکاندا هەنگاوبنێن، بریکس پێویستە سەکۆیەک بۆ سیاسەتو میکانیزمی وەڵامدانەوەی گونجاو دروستبکات بۆ چارەسەرکردنی گێژاوی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ناوخۆیی، ناوچەیی‌و نێودەوڵەتی، وەک لەم دواییانەدا لە دۆخی لەگەڵ بە ناو "بەهاری عەرەبی"دا بینراوە.

لە کاتێکدا کە جیهانی فرەجەمسەری ڕەنگە گەلانی گەشەسەندوو و وڵاتانی "ڕۆژئاوایی" دژ بە یەك بکاتەوە، بەڵام ئەندامانی بریکس بە نیاز نین سەربکەون بۆ سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵەیەکی ئۆپۆزسیۆن. بریکس نوێنەرایەتیی ئامانجێکی بەکۆمەڵ دەکات بۆ کاریگەریکردنو بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی حکومڕانیی سیاسی‌و ئابووریی جیهانی، بە جۆرێک کە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی دیمۆگرافی‌و ئابوورییەکان بن، نەک تەنها ڕێککەوتنەکانی دوای جەنگی جیهانیی دووەم.

لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ئەم پەسەندکردنە وەرگێڕدراوە بۆ شێوازێکی جیاوازی بنەڕەتی لە کارکردندا. هەندێک جار بونیادنانی ڕۆژئاوایی "بەرپرسیاریەتیی جیهانی" بە شێوەیەکی تەواو جیاواز لە ناوچە ناڕۆژئاواییەکانی جیهان شیدەکرێتەوە. وڵاتانی بریکس دەتوانن دەنگی بەکۆمەڵیان بەکاربهێنن بۆ یارمەتیدانی پاراستنی ڕێزگرتن لە سەروەریی نێودەوڵەتی لە کاروباری نێودەوڵەتیدا.

خواستی جیهانی گەشەسەندوو دەتوانرێت سنووردابکرێت بۆ دەستوەردان لە بواری ناوخۆیی وڵاتانی دیکە لە ڕێگەی دامەزراندنو بەرزکردنەوەی تۆڕەکانی هاوکاریی ناوچەیی، کە ڕەنگە ململانێکان کەمبکاتەوە لەگەڵ کپکردنەوەی تەنگژەکان. چاکسازییە خێراکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت لە کارنامەی بریکسدا لە پێشینەی کارەکانیاندا بێت.

لەم بابەتەدا تیشکدەخەینەسەر ئەو کێشانەی کە لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکان لە ناوەوەو دەرەوەی بریکسدا تاووتوێدەکرێن، ئەمەش واتە بەرژەوەندی‌و هێزی گەورە لەلایەن گرووپەکەوە دروستدەبێت.

ئەمەش لە بەرانبەردا ئامانجی گشتگیر دەدات بە دروستکردنی چوارچێوەیەکی جێگیر بۆ

بریکس بۆ گرێبەستەکانی دەیەی داهاتوو و لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی هەماهەنگی چاوەڕوانکراو لە بوارەکانی دیکەی بەرژەوەندیدا، کە دەتوانرێت لە چوارچێوەی هاوکارییەکانی ناو بریکسدا پەرەی پێ بدرێت.
لە کاتێکدا ئەم مەودایانە نابێت ببێت بە ئەجێندای بنچینەیی بریکس ، دەبێت فشارێکی ئۆرگانیی هەبێت لەگەڵ چارەسەرکردنی پێنج لایەنەکانی سەرنج، کە لە پوختەکەدا ئاماژەی پێ کراوە. هەندێک لەو بوارانەی هەماهەنگی لە خوارەوە باسکراوە.

**•خۆگونجاندنی دامەزراوەیی**

لە کاتێکدا وڵاتانی بریکس ڕەنگە تێڕوانینی جیاوازیان هەبێت سەبارەت بە ڕۆڵی گرووپەکە، یان ڕەنگە مانای چی بگەیەنێت بۆ هەریەکەیان، بەڵام شتێکی باشە کە هەر ئەجێندایەک کە لە سەری ڕێککەوتوون، بە باشترین شێوە بەدەستبهێنرێت، ئەگەر بریکس چوارچێوەیەکی یەکگرتوو و بەردەوام گەشەپێبدات بۆ بەشداریکردنی بەردەوام. لە هەمان کاتدا میکانزمەکانی داڕشتنی سیاسەت پێویستە داینامیکیو گشتگیر بێت. هەروەها زۆر گرنگە کە گونجاویی خۆی بهێڵێتەوە، لە ناوەندی بیرۆکەی بریکسدا بمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی ڕێکخراوەکانو سەنتەرەکانی توێژینەوە لەم بوارەدا زۆر گرنگە.

**•بوژانەوەی سیستەمی زانیارییە نەریتییەکانو پراکتیکییەکان**

زۆر کات دەستەواژەکانی وەک "گەشەسەندوو و گەشەنەسەندوو" لە چوارچێوەی دەقە ئابوورییەکەی دەردەکرێتو واتایەکی بەرفراوانی یەکنەخراوی پێ دەدرێت. ئەم لایەنگیرییە نیشانەی بۆشاییەکی گەورەیە لە نێوان زانیاریو سیستەمی فێربوون لە ڕۆژئاواو ڕاستییە ئاڵۆزەکانی جیهانی گەشەسەندوودا. ئەمە گرنگە بۆ بریکس کە جەختکاتەوە لە سەر بوژاندنەوەی سروشتی زانیاریو پراکتیکە ڕەسەنەکان لە چەندین بواردا، وەک بواری پزیشکیی نەریتی، چاودێریی تەندروستی، کشتوکاڵو بەڕێوەبردنی ئاو، هەروەها دیزاینو بیناسازی.

**•هاوبەشیپێکردنی زانیاریو ئەزموونی گەشەپێدان**

ئەو زانیاریو ئەزموونانەی کە بریکس لە ماوەی گەشتەکەیدا کۆیدەکاتەوە، لە پەرەسەندنی تایبەتدا دەتوانێت پتەوبکرێتو باشتر بەکاربهێنێت، ئەگەر بە چالاکانە هاوبەشیی پێ بکاتو بیگوبجێنێت لەگەڵ تەواوی گرووپەکەدا. دەتوانرێت دامەزراوەی فەرمیی هاوبەشی زانیاری دابمەزرێت، ئەمەش لە ڕێگەی بانکی زانیاریو سکولەرشیپی دوولایەنانەو پرۆگرامی مەشقکردن. پێویستە کەناڵی پەیوەندیی بەربڵاوتر لە هەموو ئاستەکاندا پەرەپێبدرێت.

**•هاوبەشیپێکردنی تەکنەلۆژیاو داهێنانەکان**

بریکس پێویستە چالاکتر بێت لە بەهێزکردنی توێژینەوەو لە دابینکردنی بودجە بۆ داهێنانو تەکنەلۆژیا. ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان لە بوارەکانی زانستو سیاسەتی تەکنەلۆژیاو بەرنامەکان، هەروەها دارشتنی پرۆژەی هاوکاری درێژخایەن، ئەو کێشانەی ئاراستەکراون، دەکرێت یەکەم هەنگاوی سوودبەخش بێت لێرەدا. توێژینەوەی هاوبەش دەرفەتی گەورە دەرەخسێنێت لە بوارەکانی وەک فرۆکەوانیو توێژینەوەی بۆشایی ئاسمان، ئۆتۆمبێلی خێرا، مایکرۆئەلیکترۆنی، تەکنەلۆژیای زانیاری، نانۆتەکنەلۆژیا، ئاسایشی خۆراک، گەشەسەندنی کشتوکاڵی، بایۆتەکنەلۆژیا، پزیشکی، داراییو بیمە بۆ خۆپارێزی لە مەترسی، گەڕان بە دوای سەرچاوە کانزاییەکاندا، دووری هەستپێکەر، گۆڕانی کەشوهەوا، سەرچاوەکانی ئاوو تەکنەلۆژیای پاککردنەوەی ئاو. پێویستە بریکس پێکەوە پاڵپشتییەکی باشتری ڕێکخراوەیی، یاسایی، داراییو کارگێڕی پەرەپێبدات بۆ هەماهەنگیی زانستو تەکنیکیو داهێنانو نوێکاری. دەستکردن بە بونیادنانی ناوچەی تەکنەلۆژیای بەرز، دەزگای لێکۆڵینەوەی زانستی، دروستکردنی پلاتفۆرمی تەکنەلۆژیای هاوبەش، هاندانی وەبەرهێنانی هاوبەش لە گەشەپێدانی تەکنەلۆژیای بەرزو پێشکەوتوو و ناوەندەکانی توێژینەوەو داهێنان، بریکس دەتوانێت هەلومەرج بخوڵقێنێت بۆ ئاسانکردنی گواستنەوەی تەکنەلۆژیا بۆ بەرهەمهێنانی کاڵای پیشەسازیی پەرەسەندوو. بە لایەنی کەمەوە، ئەندامانی بریکس دەتوانن پێکەوە هاوبەش بن لە سوودوەرگرتن لە بەڵگاندنو بەستانداردکردنو هاوبەشیپێکردنی زانیاری سەبارەت بە کردارە داهێنانەکان. بە هەمان شێوە ئەندامان دەتوانن سوودمەند بن لە بارەی فێربوونی کاریگەریی ئامرازە سیاسییە داراییو نادارایییەکان، کە ئێستا بەکاردەهێنرێت بۆ هاندانی چالاکیی داهێنان. لە هەمان کاتدا ئێستا لێشاوی بەرفراوانی تەکنەلۆژیاو شارەزایی لە ڕێگەی چالاکییەکانی کۆمپانیا فرەوڵاتییەکانەوە ڕوودەدات. وڵاتانی بریکس پێویستە هاوکار بن بۆ ئەوەی هاوبەشیو گواستنەوەی تەکنەلۆژیا لە سنوورەکانەوە خێراتربکرێت. بێجگە لە توێژینەوەو پەرەپێدانو داهێنان، وڵاتانی بریکس دەتوانن ئەزموونەکانیان هاوبەشیپێبکەن لە دروستکردنی پەیوەندیی نێوان پیشەسازیو زانکۆکانیشدا. پێویستە زانیاری لە سەر یاساکانی خاوەنداریەتیی فیکری ئاڵوگۆڕبکەن، کە خاوەنداریەتیی فیکری دەپارێزن، لە هەمان کاتدا هاندەری وەرگرتنو بڵاوکردنەوەی تەکنەلۆژیای نوێن. جگە لە سوودە ئابوورییەکانی ئەم جۆرە ڕێوشوێنانە، بریکس دەتوانێت لێکتێگەیشتنو هێزی هاوبەشیش بەکاربهێنێت بۆ پێکهێنانی ڕژێمێکی (TRIPS)، لە ژێر چاودێریی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا.

**•پێوەرە پەیوەندیدارەکانو بێلایەنگیرییەکان**

وڵاتانی بریکس پێویستیان بەوەیە کە دەقێک دابنێن، کە پێویستیان بە سیستەم/دەزگاکانی پێوانەو پۆلێنکردنی باو هەیە، کە لە بنچینەدا هیی وڵاتە ڕۆژئاواییەکانە. ئەم سیستەمانە بەرەو ئەو بەرهەمو خزمەتگوزارییانە ئاراستەدەکرێن کە لە چوارچێوەیەکی تایبەتەوە سەرچاوەدەگرێت. گرووپەکە پێویستی بە گەشەپێدانو بڵاوکردنەوەی سیستەمو ستانداردەکانی هەڵسەنگاندنی بریکس هەیە، کە لە هەڵسەنگاندنی ئەدای حکومڕانیی کۆمپانیاکانەوە دەستپێدەکات، تا ستانداردەکانی بازاڕی سەرمایە، کە ئەم پێوەرو ڕێنماییە دەستوورییانە دەتوانرێت لە بوارەکانی تریشدا جێبەجێبکرێت، وەک: بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیو دەرمانسازیو بەڕێوەبردنی کۆمپانیاو لە چوارچێوەی ئابوورییە گەشەکردووەکاندا.

**•چوارچێوە هەرێمایەتییەکان**

وڵاتانی بریکس پێشەنگن لە ناو هەرێمەکانی خۆیانداو لەلایەن کۆمەڵێک دراوسێی بچووکترەوە دەورەدراون. لە ئاستی جیۆپۆلەتیکدا ئەم جیاوازییە هەندێک جار بەرەو گرژیو ناکۆکییە هەرێمایەتییەکان دەڕوات، بەڵام ئەمە دەرفەتی بەرچاویش بۆ دراوسێ بچووکەکان دەڕەخسێنێت، کە سوود لە گەشەکردنو گەشەسەندنی دەرەکی وەربگرن. پێویستە چوارچێوەی ئابووریو گەشەپێدانی هەرێمیی هاوبەش پەرەی پێ بدرێت، کە سەرووەری لە چوارچێوەی نموونەیەکی گەشەسەندنی فراوانتردا جێبکاتەوە.

**•ئاڵوگۆڕی کولتووری**

ئێستا قبوڵکراوە کە بە شێوەیەکی بەرفراوان بریکس پێویستی بە کۆبوونەوەی ساڵانەی سەرکردەکان هەیە، ئەمەش بە ئەنجامدانی چەندین بۆنەو ئاڵوگۆڕی جۆراوجۆر لە نێوان خەڵکدا بەدەستدێت. ئەمانە دەتوانن لە بواری ئاڵوگۆڕی کولتووریدا بن، یان لە پلاتفۆڕمی بریکس ، یان لە پلاتفۆڕمە نێودەوڵەتییە گەورەکانی وەک یونسکۆدا، بکرێن. لە ماوەیەکی درێژتردا وڵاتانی بریکس پێویستە پێکەوە کاربکەن بۆ ئاستێکی ستانداردکردن لە پرۆگرامی پەروەردەییداو ئەگەر بکرێت، ئەو پرسانەی دەوروبەری دانپێدانانی یەکتر بە باوەڕپێکردنەکانیان بکۆڵنەوە. هەروەها بەرزکردنەوەی هاوکاری لە وەرزشدا دەتوانێت ڕێگەکانی باشترکردنی تێگەیشتنی کولتووری دابینبکات. پێویستە پەیوەندیی فەرمی لەگەڵ بەرنامەو ئۆرگانە سەرکردایەتییەکانی ئێستادا دابمەزرێت، وەک بەرنامەکانی سەرکردایەتیی گەنجانو تیمەکانی پەرلەمان. پێویستە بریکس پاڵپشتیی پرۆژە هەمەلایەنەکانی ڕێکخراوەکانی لاوانی وڵاتانی ئەندام بکاتو هەوڵی دامەزراندنی کۆڕبەندی سەرکردە گەنجەکان بدات، کە ئاڵوگۆڕی بەردەوام لە نێوان پەرلەمانتاراندا هەبێت. هەروەها سەکۆیەکی هاوشێوە بۆ میدیاکاران و

ڕۆژنامەنوسان دابینبکرێتو پێویستە گرنگیبدرێت بە لایەنی گەشتوگوزار لە نێوان وڵاتانی ئەندامدا. هەروەها پرۆسەی ڤیزاو گەشتکردن دەکرێت ئاسانترو خێراتربکرێت. بە تێپەڕبوونی کات، ئەم کارانە پەیوەندییەکی نەرم دروستدەکات لە نێوان وڵاتانی بریکسدا، کە یارمەتیدەر دەبێت لە بوژاندنەوەی هەماهەنگیو بەدەستهێنانی تێڕوانینی درێژخایەن.

**سەرچاوە: وێبسایتی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی**

# ڕۆڵی بریکس لە ئابووریی جیهانیدا

نووسەران: د. ئەبیشك ئاناند
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**پوختە**

بریکس گرنگیی ئابووریی خۆی لە ئاستی جیهانیدا بەدەستهێناوە، چونکە زیاتر لە (٤٠٪)ی دانیشتوانی جیهان پێکدەهێنێتو خواستێکی زۆری ناوخۆیی دروستکردووەو (٥٦٪)ی گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی جیهانی لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٨-٢٠١٧دا پێکدەهێنێت. بریکس شوێنێکی بەرچاو بۆ وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی (FDI) پێکدەهێنێت بە هۆی دەرفەتە بێئەندازەکانی لە ناوچەکەدا وەکو هێزی کاری هەرزان، کەمبوونەوەی تێچووی بەرهەمهێنانو بنکەیەکی گەورەی کڕیاران، سەرچاوە سروشتییەکانو بازاڕە تازەپێگەیشتووەکان. توێژینەوەکان ئاماژەیان بە توانای گەشەکردنی وڵاتانی بریکس و بوونی دەرفەتەکان بۆ وەبەرهێنەران لە وڵاتی بریکس کردووە. پشک لە بازرگانیی جیهانیو بەرهەمی ناوخۆیی جیهانیدا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووەو نیشانە ئەرێنییەکانی بە بەراورد لەگەڵ ئابوورییە پێشکەوتوو و گەورەکانی دیکەدا، تەنانەت لە ماوەی قەیرانی دارایی جیهانیدا نیشانداوە، ئەمەش بووە هۆی زیاتر گرنگبوونی بریکس دوای قەیرانی دارایی لە ئەمریکاو دواتر ئەوروپا. ئەگەر یەک یەک لە وڵاتانی ئەندام لە بریکس بکۆڵینەوە، دەبینین کە هیندستانو چین گەشەیەکی سەرنجڕاکێشو بەردەوامیان لە بەرهەمی ناوخۆییو بازرگانیدا نیشانداوەو پێدەچێت لە داهاتوویەکی نزیکدا هیندستانو چین ببنە باڵادەسترین وڵاتانی دابینکەری کاڵای

دروستکراو، لە کاتێکدا ڕوسیاو بەڕازیل دەبنە باڵادەستترین دابینکەری کەرەستەی خاو. لێرەوە دەزانرێت کە کۆمەڵەی بریکس ئاڵنگاریو گۆڕانکاریی لە ناوەندەکانی هێزی ئابووریی جیهانیدا دروستکردووە.

**وشە سەرەکییەکان:** گەشەکردن، وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی، بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش، باڵادەست، دابینکەران.

## پێشەکی

بە پێی تیۆرە نەریتییەکان، بازرگانییە سەرکەوتووەکان وڵاتانی کەمداهات دەگۆڕن بۆ وڵاتانی داهاتی ناوەندو دواتر بۆ ئابووریی داهاتی ناوەندیو سەرووتر، کە لە ڕێگەی بەرەوپێشبردنی هەناردەکردن، جێگرەوەی هاوردەکردنو بەرهەمهێنانەوە، کە سەرنجی لە سەر هەناردەکردن بێت، ڕوودەدات. بە کردنەوەی ئابووری، وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لە ڕێگەی بازرگانیی سەرکەوتووەوە دەتوانن ببنە شوێنێکی پەسەندکراو بۆ وەبەرهێنان بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی بیانی. ئەم سەرمایە بیانییە کەرتی پیشەسازی فراوانتردەکات، کە دەبێتە هۆی دروستکردنی هەلیکارو داهات لە ئابووریدا. ئەم پەیوەندییە بازنەییە لە نێوان ئەم وردەکارییانەدا دەبێتە هۆی گەشەسەندن لە بواری ئابووریدا. بیرۆکەی یەکخستنی گەورەترین وڵاتانی تازەپێگەیشتووی جیهان بووە هۆی ئەوەی کە زاراوەی بریک دروستبکرێت، کە ئێستا بووەتە بریکس. بریکس پێکهاتەیەکی پێنج ئابوورییە، کە بریتین لە وڵاتانی بەڕازیل، ڕوسیا، هیندستان، چینو باشووری ئەفریقا. زاراوەی بریکس بۆ یەکەم جار لەلایەن جیم ئۆنیڵی کۆمپانیای گۆڵدمان ساکسەوە لە ساڵی ٢٠٠١ داهێنرا، کە لەو ماوەیەدا بەبێ (S) (ئەفریقای باشوور) بوو. ئەفریقای باشوور لە ١٣ی نیسانی ٢٠١١ زیادکرا بۆ لیستەکەو بریکسی دروستکرد. هەماهەنگیی نێوان وڵاتانی بریک بە شێوەیەکی نافەرمی لە ساڵی ٢٠٠٦ بە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی چوار وڵاتەکە دەستیپێکرد، لە پەراوێزی کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان. لە ساڵی ٢٠٠٧ بەڕازیل ئەرکی ڕێکخستنی کۆبوونەوەکەی گرتەئەستۆو ئاماژە بەوەش کرا کە بەرژەوەندی بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی نزیکتر لە نێوان وەزیرانی دەرەوە بۆ ڕێکخراوەکە گرنگە. یەکەمین کۆبوونەوەی فەرمیی وەزیرانی دەرەوەی بریکس لە ١٨ی ئایاری ٢٠٠٨ لە ڕوسیا بەڕێوەچوو. بریکس گرنگییەکی زۆر لە سیستەمی ئابووریی نێودەوڵەتیدا بەدەستدەهێنێت، چونکە زیاتر لە (٤٠٪)ی دانیشتوانی جیهان پێکدەهێننو کێشی ئابوورییان لە ساڵی ٢٠١٥دا یەکسان بووە بە نزیکەی یەک لە سەر سێی بەرهەمی ناوخۆیی جیهان لە ڕووی یەکسانیی هێزی کڕینەوە. دووەم: بریکس (٥٦٪)ی گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی جیهانی لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٨-٢٠١٧ (بە یەکسانیی هێزی کڕینی ٢٠٠٥) پێکهێناوە، کە پێشبینیدەکرێت تا ساڵی ٢٠٣٠ زیاتر لە نیوەی گەشەی ئابووریی جیهانی پێکبهێنێت.

پێدەچێت چین‌و هیندستان لە داهاتوویەکی نزیکدا ببنە باڵادەستترین دابینکەری کاڵای دروستکراو، لە کاتێکدا بەڕازیل‌و ڕوسیا دەبنە باڵادەستی دابینکەری کەرەستەی خاو لە ئابووریی جیهاندا. بریکس شوێنێکی بەرچاو بۆ کۆمپانیاکان پێکدەهێنێت بۆ فراوانکردنیان‌و وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی بە هۆی ئەو دەرفەتە بێئەندازانەی کە لە ناوچەکەدا هەیە، بە هۆی هێزی کارو کەمبوونەوەی تێچووی بەرهەمهێنان. لەلایەن کۆمپانیای گۆڵدمان ساکسەوە پێشبینیکراوە کە چینی ناوەڕاست لە وڵاتانی بریکس تا ساڵی ٢٠٢٥ بە شێوەیەکی بەرچاو زیاددەکات بۆ زیاتر لە ٢٠٠ ملیۆن کەس، کە داهاتیان زیاتر لە ١٥٠٠٠ دۆلارە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی خواست نەک تەنها بۆ کاڵا سەرەتاییەکان، بەڵکو بەرزبوونەوەی خواستە لە سەر کاڵا گرانبەهاو نرخبەرزەکانیش. بەم شێوەیە ئابوورییەکانی بریکس بە هۆی خواستی زۆرەوە شوێنێکی بەرچاو بۆ وەبەرهێنان‌و دەرفەتی فراوانبوون دروستدەکەن. بە پێی بۆچوونی ئۆنیل، بریکس یەکێکە لە ئابوورییە خێرا گەشەسەندووەکانی جیهان، بە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان‌و بەکارهێنانی ناوخۆیی‌و بازاڕە تازەپێگەیشتووەکانەوە دەرفەتی گەورەیان بۆ وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی (FDI) دروستکردووە. لە لایەکی دیکەوە وڵاتانی میوانداریش سیاسەتەکانیان بۆ هاندان‌و ڕاکێشانی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی دامەزراندووە، لە ڕێگەی دابینکردنی ژینگەیەکی کێبڕکێکارانەوە. گرنگیی وڵاتانی بریکس دوای قەیرانی ئابووریی ئەمریکاو ئەوروپا زیادیکردووە.

**ئەدەبیاتی ڕابردوو**

لە ساڵی ٢٠٠١، وتارەکەی جیم ئۆنیل بە ناوی "دروستکردنی بریکی ئابووریی باشتر" ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو و پێشبینیدەکات کە بریکسەکان دەبێت خێراتر گەشەبکەن لە چاو حەوت وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان ((G٧، کە فەرەنسا، ئەمریکا، ژاپۆن، کەنەدا، ئیتاڵیا، ئەڵمانیاو بەریتانیایان لەخۆگرتبوو. لە ساڵی ٢٠٠٣دا ڕاپۆرتێکی دیکە لەلایەن دۆمینیک ویڵسن‌و ڕوپا پوروشۆتامانەوە بڵاوکرایەوە بە ناوی "خەونبینین لەگەڵ وڵاتانی بریکسدا،ڕێگەی ساڵی ٢٠٥٠". ڕاپۆرتەکە بانگەشەی ئەوەی کردووە کە تا ساڵی ٢٠٥٠ وڵاتانی بریکس گەورەتردەبن لە گرووپی (G٧)، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە ئابوورییە گەورەکانی جیهاندا، واتە گەورەترین وڵاتە زلهێزە ئابوورییە جیهانییەکان چیتر دەوڵەمەندترین نابن بە پێی داهاتی سەرتاسەری. لە ساڵی ٢٠٠٧دا ڕاپۆرتێکی دیکە بە ناوی "بریکس و ئەوانەی دیکە"وە بڵاوکرایەوە، کە لە بنەڕەتدا تیشکیخستبووەسەر توانای گەشەکردن، بەردەوامی‌و کاریگەرییە ژینگەییەکانی ئەم ئابوورییە گەشەسەندوانە لە ئایندەی جیهاندا.

## گرنگیی جیهانیی گرووپی بریکس

گرنگیو کاریگەریی سیاسیی گرووپی بریکس لەگەڵ زیادبوونی جیهانگیریدا زیادیکردووە. گەشە ئابوورییەکانی بریکس خێرابووە، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە لە ساڵی ١٩٩٠ پشکی بەرهەمی ناوخۆیی جیهانی ١١٪ بووە، کە لە ساڵی ٢٠١٤دا بۆ نزیکەی ٣٠٪ بەرزبووەتەوە. گرنگیی پەرەسەندنی بریکس دەتوانێت لەو ڕاستییەوە بخەملێنرێت کە تەنانەت لە کاتی دابەزینی ئابووریی جیهانیی لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٨-٢٠١٦دا کاتێک هەناردەو هاوردەکردنی جیهانی زۆر کەمبووەتەوە، بەڵام پشکی بریکس لە بازرگانیی جیهانیدا لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا نزیکەی سێ هێندە زیادیکردووە. پەیوەندیی نێوان وڵاتانی بریکس و (EMDCs) (بازاڕە تازەپێگەیشتووەکانو وڵاتانی گەشەسەندوو) لە ڕێگەی گەورەکردنی بازرگانیو وەبەرهێنانەوە زیادیکردووە، هەروەها لە بازاڕی دارایی وڵاتانی بریکسدا فراوانبوون ڕوویداوە. لە ماوەی ٢٠ ساڵداو تا ساڵی ٢٠١٠، سەرمایەی بازاڕی بەڕازیل لە ڕێژەیەکی زۆر نزمەوە کە (٤٪)ی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ ٧٤٪ بەرزبووەتەوە، هەروەها هیندستان لە ١٢٪ بۆ ٩٣٪، ڕوسیاو چین لە نزیکەی سفرەوە بۆ ٧٠٪و ٨١٪ بەرزبووەتەوە. لەو چوارچێوەیەدا ئەفریقای باشوور سەرمایەی بازاڕی لە ١٢٣٪ بۆ ٢٨٧٪ زیادیکردووە، کە نزیکەی دوو هێندە زیاترە. بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی دانیشتوان، پێنج وڵاتی بریکس ، نزیکەی (٤٠٪)ی دانیشتوانی جیهان پێکدەهێنن، لەگەڵ بەرهەمی ناوخۆیی ناوەکی کە ١٦.٠٤ تریلیۆن دۆلارە، کە نزیکەی (٣٧٪)ی بەرهەمی گشتیی جیهانە. هەروەها ئەم پێنج وڵاتە یەدەگی دەرەکییان هەیە، کە بەهای ٤ ترلیۆن دۆلارە. هەروەها هەر پێنج وڵاتەکەی بریکس کە ئەندامی گرووپی (٢٠)نو بەتواناو ناسنامەی تاکەکەسیی خۆیانەوە لە ئابووریی جیهانیدا بەیەکەوەبەستراون. گەشەی وڵاتانی بریکس لە چوارچێوەی پێشخستنی ئامانجەکانی گەشەپێدانی جیهانی وەک کەمکردنەوەی نایەکسانیو هەژاری لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی گرنگە. بەشداریکردنی بریکس لە گەشەپێدانی نێودەوڵەتیو ئابووریی جیهانی سێ فۆڕمی چەقبەستووی هەیە:

ا. وەک بزوێنەرێکی گەشەکردن بۆ ئابووریی جیهان کاردەکات، وەک دابینکردنی بەشێکی بەرچاوو گەشەسەندوو لە خواستو دابینکردنی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان، هەروەها بەشێکی گەشەسەندوو لە سەرچاوە داراییەکانو چارەسەرەکانی ئەو کێشەیەی کە پێویستە بۆ پێشکەوتنی هاوبەش.

ب. ڕۆڵی زیاتر لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکان لە ڕێگەی وەبەرهێنانو زانیارییەوە.

پ. ڕێگەدان بە پێشخستنی ئامانجە گرنگە جیهانییەکان بە چالاککردنی کردەوە هاوبەشەکانو هەماهەنگەکانی کۆمەڵەی بریکس ، کە بریکس نزیکەی (٣/١)ی داهاتی ڕاستەقینەی جیهان، زیاتر لە نیوەی گەشەی داهاتی ڕاستەقینەی جیهان، نزیکەی (٥/١)ی بازرگانیی جیهانو (٤٠٪)ی دانیشتوانی جیهان پێکدەهێنێت.

ڕێژەی گەشەی ساڵانەی بەرهەمی ناوخۆیی سەرتاسەریی بە ڕێژەی سەدی (٢٠٠٥، یەکسانیی هێزی کڕین)

| | ١٩٨٨-١٩٩٧ | ١٩٩٨-٢٠٠٧ | ٢٠٠٨-٢٠١٧ |
|---|---|---|---|
| جیهان | ١.٤ | ٨.٢ | ١.٧ |
| ئەمریکا | ٢.٠ | ٢.٠ | ٠.٧ |
| ئەوروپا | ١.٨ | ٢.٣ | ٠.٦ |
| بریکس | ٢.١ | ٦.٧ | ٥.٤ |

سەرچاوە: بانکی زانیاریی جیهانی

ئابووریی جیهانی لە ناکاو توشی سەرسوڕمان بوو بە هۆی ئەو قەیرانە داراییە جیهانییەی کە لە ساڵی ٢٠٠٨ ڕوویدا، کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا چڕبووەوە، دواتریش ئەوروپای بەدواداهات، کە کاریگەرییە نەرێنییەکانی تەنانەت تا ساڵی ٢٠١٧ بەردەوامبوو. ڕێژەی گەشەی جیهانی بەرهەمی ناوخۆیی لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٨-٢٠١٧ بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزی بۆ ١.٧٪. بە هەمان شێوە ڕێژەی گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی ئەوروپاو ئەمریکا بۆ ٠.٦٪و ٠.٧٪ دابەزی، بەڵام تەنانەت لەم قەیرانە داراییە جیهانییەشدا، بریکس وەک یەکێک لە کەمترین بزوێنەرە سەرەکییەکانی گەشەکردن ماوەتەوە. بە پێی ئەو داتایانەی کە پێشکەشکراون، ڕێژەی گەشەی وڵاتانی بریکس لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٨-٢٠١٧دا ٥.٤٪ بووە، لە کاتێکدا ڕێژەی گەشەکردن لە چین و هیندستان بە شێوەیەکی بەرچاو بووەو گەیشتووەتە ٧.٧٪و ٥.٣٪.

پشکەکانی بەرهەمی ناوخۆیی جیهانیی ١٩٩٧-٢٠١٧ )بە ڕێژەی سەدی،٢٠٠٥، یەکسانیی هێزی کڕین)

| | ١٩٩٧ | ٢٠٠٧ | ٢٠١٧ |
|---|---|---|---|
| جیهان | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |
| ئەمریکا | ٢٣ | ٢٠.٨ | ١٨.٢ |
| ئەوروپا | ٢٧ | ٢٣.٣ | ١٩.٤ |
| بریکس | ١٥.٤ | ٢٩.١ | ٣٠.٤ |

سەرچاوە: بانکی زانیاریی جیهانی

ئەو زانیارییانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە بەرهەمی ناوخۆیی گشتی بۆ ئەمریکاو ئەوروپا زۆر دابەزیوە، ئەگەر ماوەی ٢٠ ساڵ لەبەرچاوبگرین، بەڵام لە هەمان ماوەی ٢٠ ساڵدا، بەرهەمی ناوخۆیی بریکس نزیکەی دوو هێندە زیادیکردووە، ئەمەش ئاڵنگاریی هاوسەنگیی هێزی ئابووریی جیهانیی دەکات.

یەکخستنی بازرگانیو وەبەرهێنان لە ناوەوەو دەرەوەی بریکس

بۆ پێشخستنو بەردەوامبوونی دۆخێکی بەردەوامی بەرهەمهێنان شانبەشانی ئامانجەکانی دامەزراندنێکی تەواو، گەشەپێدانی بەردەوامو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بە تێپەڕبوونی کات، گرنگە سیاسەتەکانی پەیوەست بە بازرگانیو وەبەرهێنان لەبەرچاوبگیرێت.

بۆ بەرزکردنەوەی دۆخی گەشەکردن لە بەرهەمهێناندا لەگەڵ ئامانجەکانی دیکە، ژینگەیەکی گونجاو بۆ گەشەپێدان زۆر پێویستە. هەندێک لەو ئامانجانەی کە بڕیارە بەدەستبهێنرێن، بەم شێوەیەن:

ا. دەستەبەرکردنی هەلیکارو بژێویی باشتر بە ستانداردی بەرز بۆ هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگە.

ب. گەشەکردنی بەرهەمهێنانو دامەزراندن بۆ گۆڕانی پێکهاتەیی کۆمەڵگە، بە مەبەستی ئەزموونکردنی پرۆسەیەکی گەشەپێدانی درێژخایەن.

پ. پێویستە ڕێز لە بەردەوامیی ئابووریو ژینگەیی بگیرێت.

پشکی بریکس لە بازرگانیی جیهانیدا

| ڕێژەی سەدیی بریکس لە پشکەکاندا | ١٩٩٥ | ٢٠٠٠ | ٢٠٠٥ | ٢٠١٠ | ٢٠١٥ |
|---|---|---|---|---|---|
| هەناردەکردنی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان | ٦.٤ | ٦.٨ | ١١.٠ | ١٤.٦ | ١٦.٨ |
| هەناردەکردنی کاڵا | ٦.٤ | ٧.٤ | ١٢.١ | ١٦.٢ | ١٩.٠ |
| هەناردەکردنی خزمەتگوزاری | ٣.٦ | ٧.١ | ٦.٩ | ٨.٤ | ٩.٧ |
| هاوردەکردنی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان | ٥.٨ | ٥.٠ | ٩.١ | ١٣.٦ | ١٥.٢ |
| هاوردەکردنی کاڵا | ٥.٩ | ٦.١ | ٩.٩ | ١٤.٧ | ١٥.٢ |
| هاوردەکردنی خزمەتگوزاری | ٥.٧ | ٥.٧ | ٨.٠ | ١٠.١ | ١٤.٨ |

سەرچاوە: حساباتی پێوەرەکانی گەشەپێدانی جیهانی (بانکی جیهانی)

لە خشتەکەوە، داتاکان دەریدەخەن کە گرنگیی بریکس لە چوارچێوەی بازرگانی جیهانیدا لە بیست ساڵی ڕابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە. دەتوانرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ سیاسەتی ئەدای تاکەکەسیو گەشەپێدانی گەلانی بریک کە

ئامارەكانیان لە هەناردەكردنو هاوردەكردن لە بازرگانیی جیهانیدا نزیكەی سێ هێندە زیادكردووەو بووەتە ناوەندێكی سەرنجڕاكێشی ئابووری لە ئاستی جیهانیدا، كە چەندین دەرفەتی نوێ بۆ وەبەرهێنەران لەم ئابوورییانەدا دەكاتەوە، كە ئاڕاستەیاندەكرێت بەرەو سیاسەتەكانی جێگرەوەی هاوردەكردنو بەرەوپێشبردنی هەناردەكردن، یان تەنانەت لە دابینكردن یان داواكردنی كاڵاو خزمەتگوزارییەكان لە وڵاتانی بریكس . بۆئەوەی گەشەی وڵاتانی بریكس لە ئابووریی جیهانیدا زیاتر دەربكەوێت، ئەو داتایانەی خوارەوە ئەوە نیشاندەدەن كە پشكی بازرگانیی جیهانی كە لەلایەن بریكس و وڵاتانی دیكەی بازاڕە تازەپێگەیشتووەكانو وڵاتانی تازەگەشەسەندووەكان نوێنەرایەتیدەكرێت، بە شێوەیەكی بەرچاو زیادیكردووەو بەم جۆرە لەگەڵ دابەزینی پشكی هەناردەو هاوردەكردنی وڵاتانی پێشكەوتوودا بووە. بە پێی داتاكان، زیادبوونی هەناردەو هاوردەكردنی وڵاتانی بریكس تا ڕادەیەك خێراتربووە بە بەراورد بە وڵاتێكی پێشكەوتووی دیكە (جگە لە بازاڕە تازەپێگەیشتووەكانو گەشەسەندووەكان). هەناردەكردنو هاوردەكردن لە وڵاتانی بریكسەوە تەنانەت لە كاتی قەیرانی جیهانیی داراییشدا ئەرێنی بووە، كە كاریگەرییەكانی لە ماوەی ٢٠٠٧-٢٠١٧دا دیار بووە.

| هەناردەكردن | ١٩٩٥--٢٠٠٠ | ٢٠٠١-٢٠٠٧ | ٢٠٠٧-٢٠١٦ |
|---|---|---|---|
| جیهان | ١٠.٢٥ | ٣٧.١٤ | ٤.١٨- |
| ئەمریكا | ٣.٢٣ | ٣.٤٤ | ٠.٨١ |
| ئەوروپا | ٨.١١ | ٢٠.٤٣ | ٠.٢١ |
| بریكس | ٣.١٢ | ١٩.٥٠ | ٤.٦١ |

| هاوردەكردن | ١٩٩٥--٢٠٠٠ | ٢٠٠١-٢٠٠٧ | ٢٠٠٧-٢٠١٦ |
|---|---|---|---|
| جیهان | ١١.٩٥ | ٣٨.٣٢ | ٧.٠٩- |
| ئەمریكا | ٨.٤٤ | ٧.٤٧ | ٠.٧٩- |
| ئەوروپا | ٣.١٩ | ١٧.٧٠ | ٣.٦١ |
| بریكس | ٢.٠ | ١٤.٧٢ | ٣.٠٣ |

سەرچاوە: حیسابات لە سەر بنەمای (DOTS)،"بەڕێوەبەری ئاماری بازرگانی"ی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی

**ئەدای هەریەک لە وڵاتانی بریکس**

گرنگیی پەرەسەندنی جیهانی بریکس وا دەکات کە شیکردنەوەی ئەدای وڵاتانی بریکس تاکبەتاک گرنگ بێت، کە ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی بزانین کام وڵات شوێنێکی بەرچاوی هەبووە بۆ وەبەرهێنەرانو سیاسەتەکانی کێ بەڵێنی توانای گەشەکردنی زیاتری داوە، بۆیە ئێمە لێرەدا ڕەوتی (FDI)و وەبەرهێنان لە وڵاتانی بریکسدا شیدەکەینەوە.

**١. بەڕازیل**

بەڕازیل وڵاتێکی گەشەسەندووە، هەروەها شوێنێکی بەرچاوە بۆ وەبەرهێنەران بە هۆی ژمارەی دانیشتوانەکەی، کە نزیکەی ٢١٠ ملیۆن کەسە، کە ئەمەش وای لێ دەکات بازاڕێکی گەورەی هەبێت لەگەڵ دەرفەتی بێئەندازە بۆ کارکردن، بەردەستبوونی کەرەستەی خاوی سوودلێوەرنەگیراو، شوێنە جوگرافییەکەی کە ڕێگە بە دەستگەیشتنێکی ئاسان دەدات بە وڵاتانی ئەفریقای باشوورو ئابوورییەک کە کەمتر ڕووبەڕووی قەیرانی نێودەوڵەتی دەبێتەوە. لە ڕاپۆرتێکی بڵاوکراوەی بانکی نێودەوڵەتی بۆ ساڵی ٢٠١٩دا هاتووە، کە بەڕازیل لە پلەی ١٠٩ دێت لە نێوان ١٩٠ وڵاتدا، کە ئەمەش پێشکەوتنێکە بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو، کە لە پلەی ١٢٥دا بوو. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی وەبەرهێنانی جیهانی کە لەلایەن بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ پەرەپێدان بڵاوکراوەتەوە، کە تێیدا ڕەوتی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە نێوان ساڵانی ٢٠١٦ بۆ ٢٠١٧ بە ڕێژەی ١٠٪ زیادیکردووەو گەیشتووەتە ٦٢.٧ ملیار دۆلار، بەڵام لە ماوەی چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨دا، وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزینی بەخۆیەوەبینیوە، ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی بە هۆی گرژییەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکاوە بووە. پشکی کۆمپانیای هاوردەکردنی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٦و ٢٠١٧ بە ڕێژەی ١٠٪ بەرزبووەتەوەو تا کۆتایی ئەمساڵ گەیشتووەتە ٧٧٨ ملیار دۆلار.

| وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ |
|---|---|---|---|
| ڕەوتی ناوخۆیی (FDI) (ملیۆن دۆلار) | ٦٤.٢٩١ | ٥٧.٩٩٩ | ٦٢.٧١٣ |
| پشکی (FDI) (ملیۆن دۆلار) | ٥،٦٨،٢٢٦ | ٧،٠٣،٣٢٨ | ٧،٧٨،٢٨٧ |
| ژمارەی وەبەرهێنانی گرینفیڵد | ٢٨٧ | ٢٠٠ | ١٩٧ |

سەرچاوە: کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بازرگانیو گەشەپێدان

وڵاتانی سەرمایەگوزاریی سەرەکی لە بەڕازیل بۆ ساڵی ٢٠١٨ بریتین لە هۆڵەندا (١٩.٩٪)،

ئەمریکا (١٦٪)، ئەڵمانیا (٨.٢٪)، ئیسپانیا (٧.٣٪)،کە وەبەرهێنەران بە شێوەیەکی سەرەکی بەرەو پیشەسازییەکانی نەوتو گاز، پیشەسازیی ئۆتۆمبێل، خزمەتگوزارییە داراییەکان، بازرگانی، کارەباو ...هتد دەڕۆن. بۆ مەبەستی وەبەرهێنان، بەڕازیل وەبەرهێنەران ڕادەکێشێت بە هۆی ئەو دەرفەتانەی کە گەشەدەکات وەک پێنجەم گەورەترین دانیشتوان لە جیهاندا، کە بازاڕێکی گەورەی ناوخۆییو شوێنێکی جوگرافیای بەرچاوو بەستراو بە ئەمریکای باشوورەوە دابیندەکات، هەروەها بۆ سەرچاوە سروشتییە سوودلێوەرنەگیراوەکان. هەروەها سیاسەتی حکومەتی بەڕازیل زۆر هاندەرو بەرچاو بووە بۆ وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی. دوای گەندەڵییە ئابرووبەرییەکەی لە ساڵی ٢٠١٠، حکومەتی بەڕازیل بەردەوام هەوڵدەدات پەیوەندییەکانی نێوان کۆمپانیاکانو دەسەڵاتە سیاسییەکان ڕێکبخات، ئامانجیشی بەعەقڵانیکردنی سیستەمی باجی بەڕازیلییە. ئەم هەوڵانەش هاتنی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە ساڵانی ٢٠١٦-٢٠١٧ باشترکردووە. هەر لە چوارچێوەی دابینکردنی پاراستن بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی، حکومەتی بەڕازیل ڕێککەوتنی دووقۆڵی بۆ پاراستنی وەبەرهێنانی بیانی لەگەڵ ١٤ وڵات واژۆکردووە. ئەگەر سەیری ئەو مشتومڕە نێودەوڵەتییانە بکەین کە لەلایەن کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ بازرگانیو گەشەپێدان تۆمارکراون، هیچ مشتومڕێکی گەورە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕووینەداوە. بە پێی دوایین داتاکانی "بازرگانیکردن"، پێوەرەکانی پاراستنی وەبەرهێنەرانی بەڕازیل ٦.٥، لە کاتێکدا لە ئەمریکای لاتین ٤.٥و لە ئەمریکا ٦.٥. بۆ هاندانی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی، بەڕازیل ٨ ناوچەی ئابووریی دروستکردووە. زۆر جۆری کەمکردنەوەو داشکاندنی بۆ وەبەرهێنان لە ناوچە جوگرافییە تایبەتەکاندا دابینکردووە، بۆ نموونە: ئەو کۆمپانیایانەی کە زیاتر لە (٨٠٪)ی بەرهەمەکانیان لە بواری ئایتیو پەیوەندییەکان هەناردەدەکەن، لە هەندێک باجی وەک (COFINS) (بەشداریکردن بۆ داراییکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، بۆ دابینکردنی بودجەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەکاردێت)و (PIS) )بەرنامەی یەکگرتنی کۆمەڵایەتی، بۆ دابینکردنی دارایی سیستەمی بیمەی بێکاری بەکاردێت) لە سەر هەناردەکردنیان بەخشراون.

**٢. ڕوسیا**

ڕوسیا یەکێکە لەو وڵاتانەی بریکس کە بنکەیەکی ئابووریی بەهێزی هەیەو سەرچاوەی سروشتیی زۆرەو ژمارەیەکی زۆری هێزی کاری لێهاتوویی هەیە. ڕوسیا پابەندە بە هەوڵدان بۆ هاوکاریی زیاتر لە نێوان وڵاتانی بریکس . بە پێی ئەوەی ڤلادیمێر پوتین (سەرۆکی ڕوسیا) لە ٢٦ی تەمموزی ٢٠١٨ لە لوتکەی ساڵانەی بریکسدا وتی: "بەهێزکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکانو وەبەرهێنانەکان لەگەڵ هاوبەشەکانی بریکس یەکێکە لە کارە لەپێشینەکان،ئێمە بە نیازین هەر شتێک کە لە توانامانداا بێت،

بیکەین بۆ بەدەستهێنانی گەشەی زیاتری بازرگانی لە ناو بریکسدا." ئەم لێدوانانەی سەرۆکی ڕوسیا دەگەڕێتەوە بۆ باکگراوەندی شەڕی بازرگانیی نێوان چینو ئەمریکا دوای ئەوەی ئەمریکا بە ملیاران باجی گومرگیی بە سەر وڵاتانی ئاسیادا سەپاند، ئەمەش بووە هۆی ناهاوسەنگیی بازرگانی. بە شیکردنەوەی داتاکان ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە لە ساڵی (٢٠١٣)وە بە هۆی هاتنی (FDI) دابەزینی ڕاستەوخۆ بۆ ڕوسیا ڕوویداوە، ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ گرژییەکانی نێوان ڕوسیاو ئۆکرانیاو وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا، بەڵام لە ماوەی ساڵی ٢٠١٦دا ڕێژەی (FDI) بەرزبووەتەوە بۆ ٣٧.١ ملیار دۆلار، بەڵام دیسانەوە لە ساڵی ٢٠١٧دا دابەزیوە بۆ ٢٥.٣ ملیار دۆلار. بە پێی ڕاپۆرتی وەبەرهێنانی جیهانی (UNCTAD) بۆ ساڵی ٢٠١٨، وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە ساڵی ٢٠١٧دا دووەم نزمترین ئاستی تۆمارکردووە لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە. بە پێی ئامارەکانی چاودێریی ڕەوتی وەبەرهێنان لە ساڵی ٢٠١٩، هاتنەناوەوەی (FDI) لە ڕوسیا بە ڕێژەی ١٤٪ کەمیکردووەو فرۆشی یەکگرتنو بەدەستهێنان بە ڕێژەی ٨٢٪ بۆ ساڵی ٢٠١٨ دابەزیوە. بە لەبەرچاوگرتنی توانای گەشەپێدانو گەشەسەندنی ڕوسیا، پشکی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە بەرهەمی ناوخۆیدا زۆر کەمە. پشکی (FDI) لە بەرهەمی ناوخۆیی گشتی لە ماوەی ساڵی ٢٠١٦دا ٢.٥٪ بووە، کە لە ساڵی ٢٠١٧دا بۆ نزیکەی ١.٨٪ دابەزیوە.

| وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ |
|---|---|---|---|
| ڕەوتی ناوخۆیی (FDI) (ملیۆن دۆلار) | ١١.٨٥٨ | ٣٧.١٧٦ | ٢٥.٢٨٤ |
| پشکی (FDI) (ملیۆن دۆلار) | ٢.٦٢.٧٤٨ | ٣٩٣.٩١٠ | ٤.٤٦.٠٩٥ |
| ژمارەی وەبەرهێنانی گرینفیلد | ٢١٧ | ٢٨٠ | ٢٧٨ |

سەرچاوە: کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بازرگانیو گەشەپێدان

وڵاتانی سەرەکیی وەبەرهێنان لە ڕوسیا بۆ ساڵی ٢٠١٨ بریتین لە قوبرس (٣١.٢٪)، لۆکسمبۆرگ (٩.٦٪)، هۆڵەندا (٨.٧٪)، باهاماس (٦.٤٪)و بەرمودا (٥.٧٪)، کە وەبەرهێنانەکانیان بە شێوەیەکی سەرەکی ئاڕاستەی کانگاو بەرهەمهێنان دەکرێت، لەگەڵ هەبوونی پیشەسازیو بازرگانیو چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلی ماتۆڕو چالاکییە داراییەکان. بۆ وەبەرهێنان لە ڕوسیا، ئەو هۆکارانەی کە زۆرترین سەرنجی وەبەرهێنەران ڕادەکێشن، ئەوەیە کە ڕوسیا بنکەیەکی ئابووریی بەهێزی ژینگەیەکی سیاسیی سەقامگیری هەیە. پێگەی جوگرافیای بە باشی پەیوەستکردووە بە ئەورووپای ڕۆژئاواو ئاسیاوە، لەگەڵ زۆریی سەرچاوە سروشتییەکانو هێزی کاری لێهاتوودا. هەروەها ڕوسیا

خاوەنی یەدەگێکی سەلامەتی دراوی بیانییە. لە چوارچێوەی دابینکردنی پاراستن بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی، ڕوسیا ڕێککەوتننامەی وەبەرهێنانی دوولایەنەی لەگەڵ ٣٤ وڵاتدا واژۆکردووە، کە تا ئێستا ٢٠ وڵاتیان پەسەندکراون. لە ساڵی ٢٠٠٦دا ٩ سکاڵا لە کەرتی وزەدا هەبوو، کە لەلایەن (UNCTAD) لە دژی ڕوسیا تۆمارکرابوو. بە پێی دوایین داتاکانی "بازرگانیکردن" پێوەرەکانی پاراستنی وەبەرهێنانی ڕوسیا ٦.٠، لە کاتێکدا لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات ٦.٤و ئەمریکا ٦.٥و ئەڵمانیا ٦ بووە.

### ٣. هیندستان

هیندستان گەورەترین وڵاتی دیموکراسییە لە جیهاندا، دووەم گەورەترین ژمارەی دانیشتوانی هەیەو سێیەم گەورەترین ئابووریی هەیە لە جیهاندا، کە بەڵێنی خواستێکی زۆری ناوخۆیی دەدات لەگەڵ دەرفەتی بێئەندازەی کارکردن لە بازاڕە تازەپێگەیشتوو و گەشەسەندووەکانی هیندستان. بە پێی ڕاپۆرتی جیهانیی وەبەرهێنانی (UNCTAD) بۆ ساڵی ٢٠١٨، هیندستان لە ڕیزی ١٠ وڵاتی میوانداری سەرەکیدایە کە وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی بۆ خۆیان ڕادەکێشن. بە گوێرەی ڕاپۆرتی "بازرگانیکردن"ی بانکی نێودەوڵەتی، هیندستان لە کۆی ١٩٠ وڵاتدا پلەی (٧٧)ی بەدەستهێناوە، ئەمەش بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو کە لە پلەی ١٠٠دا بووە، پێشکەوتنی بەخۆوەبینیوە. بە پێی ئاماری کۆمپانیای ماێرسک کە گەورەترین کۆمپانیای کەشتیوانییە لە جیهاندا، هیندستان یەکێکە لە وڵاتە پێشەنگەکانی گەشەی بازرگانیی کۆنتێنەر لە گرووپی بریکس ، بە گەشەکردنی بەرچاوی (١٤٪)ی ساڵانە لە بازرگانیی هەناردەکردنو هاوردەکردن لە نێوان وڵاتانی ئەندامدایە. ئێستا هیندستان یەکێکە لە خێراترین وڵاتانی گەشەسەندنی ئابووریو گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی بە ڕێژەی ٧.٣٪. ڕێژەی گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی بە بەراورد بە وڵاتانی بەڕازیلو ڕوسیا بەرچاوتربووە. بە پێی خشتەکە، داتاکان ئەوە دەردەخەن کە (FDI) لە ساڵی ٢٠١٦ لە بەرزترین ئاستدا بووە، کە ٤٤.٥ ملیار دۆلار بووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٧دا (FDI) دابەزینی بەخۆیەوەبینیوە، بە هۆی ڕەوتی دابەزینی جیهانی بۆ ٣٩.٩ ملیار دۆلار، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٨دا قەبارەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی تا ڕادەیەک جێگیربوو و گەیشتە ٣٨ ملیار دۆلار.

| وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ |
|---|---|---|---|
| ڕەوتی ناوخۆیی (FDI) (ملیۆن دۆلار) | ٤٤.٦٠٤ | ٤٤.٤٨١ | ٣٩.٩١٦ |
| پشکی (FDI) (ملیۆن دۆلار) | ٢.٨٢.٦١٧ | ٣.١٨.٤٨٧ | ٣.٧٧.٦٨٣ |
| ژمارەی وەبەرهێنانی گرینفیڵد | ٧٢٢ | ٨٤٥ | ٧٠٤ |

سەرچاوە: کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بازرگانیو گەشەپێدان

وڵاتانی سەرەکیی وەبەرهێنان لە هیندستان بریتین لە سەنگافورە (٣٨.٣٪)، مۆریس (١٨.٢٪)، هۆڵەندا (٨.٨٪)، ئەمریکا (٧.١٪)و ژاپۆن (٦.٥٪)، کە وەبەرهێنانەکانیان بە شێوەیەکی سەرەکی ئاڕاستەی کەرتەکانی مادده کیمیاییەکان، کەرتی خزمەتگوزاری، هاردوێرو سۆفتوێری کۆمپیوتەر، بازرگانیو پەیوەندییەکان بووە. سەبارەت بە وەبەرهێنان لە هیندستان، ئەو هۆکارانەی کە وەبەرهێنەران ڕادەکێشن، خواستی زۆری ناوخۆییە بە هۆی زۆریی ژمارەی دانیشتوانەوە، کە وای کردووە ببێتە یەکێک لە گەورەترین بازاڕەکانی جیهان بۆ کاڵاو خزمەتگوزارییە بەرهەمهێنراوەکان. بنەمایەکی گەورەی هێزی کاری هەرزانی هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ بەرهەمهێنانی هەرزان لەگەڵ شەفافیەتو پابەندبوون بە سیستەمەکەوە. کۆمپانیای شەفافیەتی نێودەوڵەتی پلەی یەکەمی بە کۆمپانیا هیندییەکان داوە لە نێوان کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکانی بازاڕە تازەپێگەیشتووەکاندا لە ڕووی شەفافیەتو پابەندبوونەوە. بۆ هاندانو ڕاکێشانی (FDI)، حکومەتی هیندستان چەندین هەنگاوی چاکسازیی ناوە. حکومەت بۆ سادەکردنەوەی سیاسەتی (FDI) لە ساڵی ٢٠١٨دا ٨٧ یاسای (FDI)ی لە سەرانسەری ٢١ کەرتدا ئاسانکردووە. هەروەها حکومەت هاندانەکانی وەبەرهێنانی باجو غەیرەباجی لە کەرتەکانی وەک ئەلیکترۆنیاتو لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات، جامو و کشمیر، هیماچال پرادێشو ئۆتاراکاند ڕاگەیاندووە. حکومەتی هیندستان هاندان بۆ وەبەرهێنان لە ناوچە ئابوورییە تایبەتەکان، ناوچە نیشتمانییەکانی وەبەرهێنانو بەرهەمهێنانو یەکە ئاڕاستەکراوەکانی هەناردەکردن دابیندەکات. پرۆگرامەکانی وەکو (Make in Indiaو Digital India، Skill India) تایبەتن بە دابینکردنی هێزی کارامە بۆ ئەو وەبەرهێنەرانەی کە وەبەرهێنان لە کەرتی بەرهەمهێنانو خزمەتگوزاری لە هیندستاندا دەکەن. لە چوارچێوەی دابینکردنی پاراستن بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی، هیندستان ڕێککەوتنی دوولایەنەی وەبەرهێنانی لەگەڵ چەند وڵاتێکی وەک بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا، کەنەداو ...هتددا واژۆکردووە. بە پێی داتاکانی کۆمپانیای "بازرگانیکردن"، پێوەرەکانی پاراستنی وەبەرهێنان لە هیندستان لە (٧.٣)دایە، لە کاتێکدا لە باشووری ئاسیا ٥.٣و لە ئەمریکا ٦.٥و لە ئەڵمانیا ٦ بووە.

**٤. چین**

چین خاوەنی زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی جیهانەو ئەمەش وای کردووە ببێتە شوێنێکی زۆر بەرچاو بۆ بازرگانیو وەبەرهێنان. بە هۆی ئەوەی وڵاتێکە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی هەیە، خاوەنی گەورەترین خواستی بەکارهێنانی ناوخۆییە، بەم شێوەیە دەرفەتێکی بێئەندازە بۆ وەبەرهێنەران لە بازاڕێکی ئاوا گەورەدا دەڕەخسێنێت. گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی چین بە بەردەوامی لە سەرووی (٦.٥٪)ەوە بووەو سەلماندوویەتی کە توانای گەشەکردنی لە ئابووریدا هەیە. هەروەها لە ڕووی شوێنی

جوگرافییەوە شوێنێکی لەبارە، نزیکە لە بازاڕە تازەپێگەیشتووەکانی جیهان، وەک: هیندستان. بە پێی ڕاپۆرتی وەبەرهێنانی جیهانی کە لە ساڵی ٢٠١٨ لەلایەن (UNCTAD) بڵاوکراوەتەوە، چین بە دووەم گەورەترین وڵاتی وەرگری وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە جیهاندا دادەنرێت، ئەم گەشەکردنە بە پەرەپێدانی کەرتەکانی تەکنەلۆژیای بەرزو دامەزراندنی ناوچەی ئازادی بازرگانیو پلانی ئازادکردنی تاکەکەسی پاڵپشتیدەکرێت. چین یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٨ بۆ ٢٠١٩ ئابووریی زۆرترین پێشکەوتنی بەدەستهێناوە بە پێی ڕاپۆرتەکان. بە پێی ڕاپۆرتی "بازرگانیکردن لە ساڵی ٢٠١٩"ی بانکی نێودەوڵەتی، چین لە پلەی چلوشەشەمدایە لە نێوان ١٩٠ وڵاتدا، کە ئەمەش پێشکەوتنێکە بە بەراورد بە ساڵی پێشوو، کە لە پلەی حەفتاوهەشتەمدا بوو. لە خوارەوە داتاکان (FDI) لە چین نیشاندەدەن، کە لە ساڵی ٢٠١٥دا ١٣٥.٦ ملیار دۆلار بووەو لە ساڵی ٢٠١٧دا ١٣٦.٣٢ ملیار دۆلار بووە.

| وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ |
| --- | --- | --- | --- |
| ڕەوتی ناوخۆیی (FDI) (ملیۆن دۆلار) | ١.٣٥.٦١٠ | ١.٣٣.٧١٠ | ١.٣٦.٣٢٠ |
| پشکی (FDI) (ملیۆن دۆلار) | ١٢.٢٠.٩٠٣ | ١٣.٥٤.٦١٣ | ١٤.٩٠.٩٣٣ |
| ژمارەی وەبەرهێنانی گرینفیلد | ٨٧٦ | ٧٩٨ | ٧٥٢ |

سەرچاوە: کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بازرگانیو گەشەپێدان

وڵاتانی سەرەکیی وەبەرهێنان لە ئابووریی چین بە پێی داتاکانی ساڵی ٢٠١٨ بریتین لە هۆنگ کۆنگ (٧٢.١٪)، سەنگافورە (٣.٦٪)، دوورگەکانی ڤێرجن (٣٪)، کۆریای باشوور (٢.٨٪)و ژاپۆن (٢.٤٪)، کە بە شێوەیەکی سەرەکی ئاڕاستەی وەبەرهێنانەکانیان بۆ کەرتەکانی بەرهەمهێنان، ئایتی، خانووبەرەو خزمەتگوزاریی بازرگانییە. سەبارەت بە وەبەرهێنان لە چین، ئەو هۆکارانەی کە وەبەرهێنەران ڕادەکێشن، گەورەترین بازاڕی ناوخۆیی جیهانە، کە نزیکەی ١.٣ ملیار کڕیار پێکدەهێنێت. چین شوێنێکی جوگرافیای لەباری هەیە، کە دەیبەستێتەوە بە بازاڕە تازەپێگەیشتووەکانەوە، کە هێزی کارو لێهاتوویی بە ڕێژەیەکی زۆر بەردەستە. بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی گەشەسەندوو و ئابووریی گەورە، چین تا ڕادەیەک سنووردارە بەرانبەر بە (FDI)، بەڵام هاوکات هاندەری (FDI) بە تایبەتیو کەرتە لەپێشینەکانی وەک تەکنەلۆژیای بەرز، بەرهەمهێنانی ئامێر یان کەرەستەی نوێ، کەرتی خزمەتگوزاریو ...هتد. بە ئامانجی ئازادکردنی وەبەرهێنانەکان لە چین لە کەرتەکانی وەک پیشەسازییە ئاستبەرزەکان، تەکنەلۆژیاو پاراستنی ژینگە، چین لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٧دا پێوەرێکی ئاڕاستەکردنی وەبەرهێنانی

بیانی لە پیشەسازییەکان ئامادەکرد. لە چوارچێوەی پاراستنی وەبەرهێنەران لە سەر وەبەرهێنانەکانیان، چین ڕێککەوتنی وەبەرهێنانی دوولایەنەی لەگەڵ چەند وڵاتێکدا واژۆکردووە. بە پێی داتاکانی "بازرگانیکردن"، پێوەرەکانی پاراستنی وەبەرهێنەران لە چین لە (٤.٥)دایە، لە کاتێکدا لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ٥.٢و لە ئەمریکا ٦.٥و لە ئەڵمانیا ٦ بووە.

### ٥. ئەفریقای باشوور

لەگەڵ بەشداریکردنی ئەفریقای باشوور لە گرووپی بریک لە ساڵی ٢٠١٠، دوو پێشکەوتن بۆ باشووری ئەفریقا هاتەئاراوە،یەکەم: هاوسەنگیی بازرگانی لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی بریکس لە کورتهێنانەوە بۆ زیادە گۆڕاو دووەم: بەهای هەناردەکردنی بۆ بریکس بۆ یەکەم جار بەهای هەناردەکردنی بۆ یەکێتیی ئەوروپا زیاتربوو، بەڵام ئەدای ئەفریقای باشوور لە ڕاکێشانی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی بە بەراورد بە وڵاتانی دیکەی بریکس لاوازە. لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٦و ٢٠١٧دا دابەزینی ڕاستەوخۆی وەبەرهێنان لە ئابووریدا هەبووە. بە پێی ئەو زانیارییانەی کە کۆنفرانسی بازرگانیو گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان UNCTAD) ) لە ڕاپۆرتی جیهانیی وەبەرهێنانی لە ساڵی ٢٠١٨دا بڵاویکردووەتەوە، ڕێژەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی بۆ ناوەوەی وڵات لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٦و ٢٠١٧دا بە ڕێژەی ٤١٪ زیادیکردووەو گەیشتووەتە ١.٣ ملیار دۆلاری ئەمریکی. هەروەها پلەی وڵاتەکە بە بەراورد بە ساڵی پێشوو بۆ پلەی ٦٣ دابەزی. بە پێی "ڕاپۆرتی بازرگانیکردن لە ساڵی ٢٠١٩ی بانکی نێودەوڵەتی"، ئەفریقای باشوور لە پلەی هەشتاودووەمدایە لە نێوان ١٩٠ وڵاتدا. وڵاتەکە بە هۆی دیمۆگرافیاو سامانە سروشتییەکانیو سیستەمی یاسایی شەفافو سەقامگیریی سیاسییەوە وەبەرهێنەران بۆ خۆی ڕادەکێشێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتەکە بە دەست تاوانو نائارامیی کۆمەڵایەتیو نەبوونی ژێرخانی سەرەتاییەوە دەناڵێنێت. بە پێی خشتەکە، داتاکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕەوتی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە ساڵی ٢٠١٦ بۆ ٢.٢ ملیار دۆلاری ئەمریکی زیادیکردووە، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٥دا ١.٧ ملیار دۆلاری ئەمریکی بووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٧دا بۆ ١.٣ ملیار دۆلاری ئەمریکی کەمیکردووە.

| وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ |
|---|---|---|---|
| ڕەوتی ناوخۆیی (FDI) | ١.٧٢٩ | ٢.٢٣٥ | ١.٣٢٥ |
| پشکی (FDI) | ١.٢٦.٧٥٥ | ١.٣٥.٤٥٤ | ١.٤٩.٩٦٢ |
| ژمارەی وەبەرهێنانی گرینفیڵد | ١٥٠ | ١٤٠ | ١٠١ |

سەرچاوە: کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بازرگانیو گەشەپێدان

وڵاتانی وەبەرهێنەری سەرەکی لە ئابووری ئەفریقای باشوور بریتین لە شانشینی یەکگرتوو (٣٨.٤٪)، هۆڵەندا (٢١.٤٪)، ئەمریکا (٦.٨٪)، ئەڵمانیا (٥٪)و چین (٤.٢٪)، کە بە شێوەیەکی سەرەکی ئاڕاستەکراون بەرەو وەبەرهێنان لە کەرتەکانی دارایی، خزمەتگوزاریی بیمە، بەرهەمهێنان، کانگاو گواستنەوە. ئەفریقای باشوور شوێنێکی بەرچاوە بۆ وەبەرهێنەران بە هۆی چەندین هۆکارەوە، وەک شوێنە جوگرافییەکەی، کە دەستڕاگەیشتن بە بازاڕەکانی ژێر سەحرا دابیندەکات. کەرتەکانی کانگاو بەرهەمهێنان توانای زۆریان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هێزی کارێک (بەبێ پسپۆڕی) بەردەستە، بەڵام کەمیی خواست لە باشووری ئەفریقا ئاڵنگارییەکە بۆ وەبەرهێنەران، بەڵام دەرفەتێکە بۆ دروستکردنی بازاڕێک بۆ بەرهەمەکانیان. بۆ هاندانی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە باشووری ئەفریقا،(FDI) بە نزیکەیی لە هەموو کەرتەکاندا کراوەیە، واتە پێویست بە ڕەزامەندیی حکومەت ناکات بۆ وەبەرهێنان. لە چوارچێوەی دابینکردنی پاراستن بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی، حکومەتی ئەفریقای باشوور ٤٠ ڕێککەوتننامەی وەبەرهێنانی دوولایەنەی واژۆکردووەو بە پێی داتاکانی "بازرگانیکردن"، پێوەرەکانی پاراستنی وەبەرهێنەرانی ئەفریقای باشوور لە (٧)دایە، لە کاتێکدا لە ئەفریقای ژێر سەحرا ٤.٣، لە ئەمریکا ٦.٥و لە ئەڵمانیا ٦ بووە.

**ئەنجام**

بریکس بە هۆی زیادبوونی پشک لە بازرگانیو خواستی جیهانیدا بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگی گەشەی جیهانیو کاریگەریی سیاسی. بریکس بە هۆی بازاڕە گەورەو تازەپێگەیشتووەکەیەوە بووەتە یەکێک لە شوێنە بەرچاوەکان بۆ وەبەرهێنەران. ئەگەر بە تەنها سەیری بەرهەمی ناوخۆیی وڵاتانی بریکس بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە هیندستانو چین ڕێژەیەکی بەرچاوی گەشەی بەرهەمی ناوخۆییان هەیە، لەگەڵ ئەوەی یەکێکن لە گەورەترینو بەرچاوترین شوێنەکانی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی. کۆمەڵەی بریکس (٤٢.٧٪)ی دانیشتوانی جیهان پێکدەهێنێتو لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٥٠٪ بەشداریی لە گەشەی ئابووریی جیهانیدا کردووە. هەروەها بازرگانیی نێوان وڵاتانی بریکس لە ساڵی ٢٠١٠دا لە ٥٦٧ ملیار دۆلارەوە بۆ ٧٤٤ ملیار دۆلار لە ساڵی ٢٠١٧دا گەشەیکردووە. دامەزراندنی بانکی گەشەپێدانی نوێ لە چوارچێوەی بریکسدا بەڵێنی پەرەپێدانی ستراتیژیی زیاتری گرووپەکەو زیادکردنی گرنگی لە گۆڕینی ناوەندی دەسەڵاتی ئابووری لە سەر ئاستی جیهانی دەدات.

**سەرچاوە: وێبسایتی سەیج پەب جۆرناڵس**

# جێبەجێکردنی ئامانجەکانی گەشەسەندنی بەردەوام لە وڵاتانی "بریکس "دا

نووسینی: سەجاد علی، تالب حوسین، گۆولیانگ ژانك
محمد نورونبی، بێنژیان لی
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**پوختە**

ئـەم بـابـەتـە لـە پـەسـەنـدکـردنو جێبـەجێـکـردنی ئـامـانـجـەکانی پـرۆژەی گەشەپێدانە بەردەوامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەڕازیل، ڕوسیا، هیندستان، چینو باشووری ئەفریقا دەکۆڵێتەوە، توێژەرەکان ٢٥ کۆمپانیای فرەنەتەوەییان وەرگرتووەو لە جێبەجێکردنەکانیان کۆڵیوەتەوە لە ڕێگەی تێڕوانینەکانیانو ڕاگەیاندنی ئەرکەکانیانەوە.

بە بەکارهێنانی میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک، ئەم میتۆدە ئەوە ئاشکرادەکات کە هەرچەندە کۆمپانیاکان لە وڵاتانی بریکس هەوڵیانداوە کە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان جێبەجێبکەن، بەڵام ئامانجە گرنگەکەیان ونکردووە، کۆمپانیا چینییەکان لە پێش هەموو شتێکەوە وەستاون، لە کاتێکدا تیشکدەخەنەسەر داهێنانو ژێرخانی پیشەسازیی بەردەوام و وا دیارە کە بەرژەوەندییەکانی کۆمپانیاکانی ئەفریقای باشوور لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر نزمە.

بە شێوەیەکی گشتی ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەروەردەی جۆرایەتی، ژیان بە بوونی ئاوەوە بزرن لە ناو کارەکانی وڵاتانی بریکس و پێشنیاردەکرێت کە نەتەوە یەکگرتووەکان گرنگیی زیاتر بدەن بەو ئامانجە پەرەپێدانانەی کە بەردەوام لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دیاریکراوە، لە بنەڕەتدا ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەتمەندە

بە شیکاریکردن بۆ هەڵسەنگاندنەکانی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوامی وڵاتانی بریکس ، لە هەمان کاتدا پێویستە کە لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو تایبەتمەند بن بە وڵاتانی زیاتر، بە مەبەستی ئەوەی کە لێکۆڵینەوەیەکی فراوانتر لە سەر جێبەجێکردنی ئەنجامەکان لەخۆبگرێت.

١. ڕەوتە هاوچەرخەکانی بەراوردکاری بەرپرسیاریەتییە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتانی بریکس چین؟
٢. چۆن ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەرژەوەندییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوامدەبێت وەک ئەجێندایەکی جیهانی، کە وەک چوارچێوەیەکی سەرچاوەی (csr) خزمەتیکردووە بۆ وڵاتانی بریکس ؟
لێکۆڵینەوەکە لە شەش بەش پێکدێت، ئەم بەشەی خـــوارەوە بریتییە لە ڕوونکردنەوەیەکی گشتی دەربــارەی ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان، باس لە ماددەو شێوازەکانی لێکۆڵینەوەکە دەکات، ماددەی چوارەم ئامانجەکانو گفتوگۆکان باسدەکات لە دوای ئەوەوە، لە کۆتاییدا پێشنیارەکان لە بەشی شەشەمدا باسدەکرێت، کۆتا بەش پێکهاتووە لە بەرنامەی توێژینەوەکانو توێژینەوەکانی داهاتوو.

**١. پێشەکی**

ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەو شێوەیە ناسێنراوە کە بریتییە لە بەدەستهێنانی هەڵمەتێکی نێودەوڵەتی بۆ پارێزگاریکردن لە هەسارەی زەوی، کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاریو دڵنیابوونەوە لەوەی کە هاوڵاتی چێژ لە ئاشتیو بوژاندنەوە وەربگرن. نەتەوە یەکگرتووەکان ١٧ ئامانجی دەستەبەرکردووە بۆ هاوکاریو هێشتنەوەی هەماهەنگی لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرانسەری جیهاندا. هەروەها هەندێک لە وڵاتان هەوڵیانداوە کە جێبەجێیبکەن، لە لێکۆڵینەوەکەدا توێژەرەکان هەوڵیانداوە کە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانیانەوە لە کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان جێبەجێکردنی کردارو جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان دیاریبکەن.
لەگەڵ ئەوەی حکومەتەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە جێبەجێکردنی مانیفێستی نێودەوڵەتی، لە هەمان کاتدا ڕێخراوە ناحکومییەکانو کۆمپانیا بازرگانییەکانیش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پاڵیاندا. لەم توێژینەوەیەدا توێژەران ٢٥ کۆمپانیای نێونەتەوەییان دیاریکردووە بۆ خوێندنەوە لە دیدو بەیاننامەی ئەرکەکانیان بۆ لێکۆڵینەوە لەوەی کە ئایا پەیرەوی ئامانجەکانی پرۆژەی گەشەی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکانیان کردووە یاخود نا. ئەم کۆمپانیایانە لە بەڕازیل، ڕوسیا، هیندستان، چینو باشووری ئەفریقایە، کە دادەنرێن بە وڵاتە ئابوورییە گەشەسەندووەکان، کە ڕێژەی دانیشتوانی

بەرزو سەرچاوەی زۆریان هەیە. توێژەران باوەڕیان وایە کە ئەم لێکۆڵینەوە ناوازەیە بابەتەکانی گەشەسەندنی پرۆژەی گەشەسەندنی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

## ٢. باکگراوندی ئامانجە بەردەوامەکانی گەشەپێدان

ئەم توێژینەوەیە تیشکدەخاتەسەر هەڵسەندگاندنی ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی بەردەوام، هەروەها لە هەمان کاتدا لە مانیفێستی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دۆزراوەتەوە، هەرچەندە لێکۆڵینەوەی جیاواز لە سەر ئەم ئامانجانە هەیە، هەڵسەنگاندنی جیاواز بۆ ڕێکخراوەکان لە لایەنی نەتەوەیی و ڕێکخراوە فرەنەتەوەییەکانەوە. بە تایبەتی لە ئابوورییە تازە دەرکەوتووەکاندا هەیە وەک وڵاتانی بریکس ، وەک لە شێوەی ژمارە (١)دا دیارە، کە ١٧ ئامانجەکەی پرۆژەی نەتەوە یەکگرتووەکان پیشاندەدات، کە بە نزیکەیی هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە، لەم گفتوگۆیەدا هەر ئامانجێک لە ژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرتی پێشکەوتنی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرچاوەی تر! گفتوگۆی لە سەر دەکرێت.




**شێوەی ١:** ئامانجە بەردەوامەکانی گەشەسەندی نەتەوە یەکگرتووەکان( سەرچاوە: وێبسایتی نەتەوە یەکگرتووەکان).

### ٢.١. کۆتاییپێهێنانی هەژاری

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆتاییهێنانە بە هەژاری، ڕێژەی هەژاری لە دنیادا ڕێژەیەکی ناخەهژێنەو لەگەل ئەوەشدا چەندین ڕێکخراو ماندوونەناسانە کاردەکەن بۆ نەهێشتنی هەژاری. ئامارەکانی ئەم دواییانە دۆخی نالەباری هەژاری نیشاندەدات، بە پێی ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ساڵی ٢٠١٣دا، ٧٦٧ ملیۆن کەس لە ژێر هێڵی هەژارییەوە دەژیان کە داهاتی ڕۆژانەیان ١.٩٠$ بوو.

### ٢.٢. نەهێشتنی برسیەتی

برسیەتی دەرئەنجامی هەژارییە، بە پێی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێژەی ئەو کەسانەی بەدخۆراکن، لە سەرانسەری جیهاندا لە کەمیکردووە بە ڕێژەی ١٥٪ لە ساڵەکانی ٢٠٠٠-٢٠٠٢ بۆ ١١٪ لە ساڵی (٢٠١٤-٢٠١٦)وە، ٩٣٠ ملیۆن کەس بەدخۆراکن لە سەرانسەری جیهاندا.

### ٢.٣. باشکردنی تەندروستی

بە پێی ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوای ساڵی (٢٠٠٠)ەوە پێشکەوتنێکی سەرسوڕهێن لە بارەی تەندروستیی جیهانییەوە ڕوویداوە، لە سەرانسەری جیهاندا. هەرچەندە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام، پێویستە هەتا ساڵی ٢٠٣٠ ئامانجەکانی تەندروستی لە هەندێک ناوچە دیاریکراوەکان بەدیهاتبێت. هەروەها ڕاپۆرتەکان وێنای کەرتی ناهەموارو ناتەدروستی جیهانی دەکات، کە پڕە لە نەخۆشیی بێشومارو خەڵکانێک کە ئازاردەچێژن.

### ٢.٤. جۆریەتیی پەروەردە

دابینکردنی پەروەردەیەکی جۆرایەتیی بەرز یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە پێی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی ٢٠١٤دا نزیکەی هەر ٣ منداڵێک، ٢ منداڵ بەشداریی خوێندنی پێش سەرەتاییو سەرەتایی کردووە، لە هەمان کاتدا تەنها لە هەر ١٠ منداڵێک، ٤ منداڵ بەشدارییان لە خوێندندا کردووە لەسەر ئەو ئاستانە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا.

### ٢.٥. یەکسانیی ڕەگەزی

ئامارەکانی یەکسانیی ڕەگەزی لە جیهاندا جیاوازن، هەر وڵاتێک پێناسەی جیاوازی خۆی هەیە بۆ یەکسانیی ڕەگەزی، کە وا دەکات بەدەستهێنانی زانیاریو داتا لە سەر هەمان بابەت قورس بێت. لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی زانیارییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان نایەکسانیی ڕەگەزی لە سەرانسەری جیهاندا بەردەوامەو ژنانو کچان لە مافو دەرفەتە سەرەتاییەکان بێبەشدەکرێن، بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠١٦، (١٩٪)ی ژنانی تەمەن ١٥-٤٩ ساڵ، لە ٨٧ وڵاتدا ژنانو کچان ڕووبەڕووی توندوتیژیی سێکسی بوونەتەوە لەلایەن کەسێکی نزیکیانەوە لە ماوەی ١٢ مانگی پێش ڕاپرسییەکە. ئەم ئەنجامانە بارودۆخێکی مەترسیدار نیشاندەدەن لە سیاسەتی یەکسانیی ڕەگەزیدا، کە نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵدەدەن بۆ چارەسەرکردنی لە سەر ئاستی جیهاندا.

**٢ .٦. ئاوی پاک‌و پاکوخاوێنی**

نەتەوە یەکگرتووەکان هەردەم سەرنجی لە سەر دابینکردنی ئاوی پاکوخاوێن بووە لە سەرانسەری جیهاندا، بە پێی ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠١٥دا، ٦.٦ ملیار کەس ئاوی سەرچاوەی خاوێنیان بەکارهێناوەو ٤.٩ ملیار کەس ئاوی خاوێنکراوەیان بەکارهێناوە، بەشی زۆری ئەو کەسانەی کە توانای دەستڕاگەیشتنیان نییە بەمانە، لە وڵاتە هەژارەکاندا دەژین.

**٢ .٧. وزەی هەرزان‌و پاک**

مافی هەر کەسێکە کە دەستیبگات بە وزەی هەرزان‌و پاک، ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان نیشانیدەدات کە (٨٥٪)ی دانیشتوانی جیهان کارەبایان هەبووە لە ساڵی ٢٠١٤دا، کە ئەمەش دەکاتە ١.٠٦ ملیار کەس، کە زۆرینەی کەسانی دەرەوەی شارەکانن، هەتا ئێستا بەبێ بوونی کارەبا کاردەکەن.

**٢ .٨. کاری گونجاوو گەشەی ئابووری**

بە هۆکاری سنوورداری سەرچاوەکان‌و زیادبوونی بەردەوامی دانیشتوان، هەردەم بووەتە هۆی ئاڵنگاری بۆ وڵاتەکان بۆ دۆزینەوەی کار بۆ خەڵکەکانیان‌و خێراکردنی گەشەکردنی ئابوورییەکەیان، بە پێی نەتەوە یەکگرتووەکان تێکڕای گەشەی ساڵانەی داهاتی تاک بۆ هەر کەسێک ١.٦٪ بووە لە ساڵەکانی ٢٠١٠ -٢٠١٥ بە بەراورد بە ساڵەکانی ٢٠٠٥-٢٠٠٩، کە ڕێژەکەی ٠.٩٪ بووە، کە ئەمەش زیاتر لە وڵاتە کەمگەشەسەندووەکانداو وڵاتانی کەمگەشەسەندوو بووەتە ئاڵنگاری‌و لەمپەر بە بەراورد بە وڵاتە گەشەسەندووەکان.

**٢ .٩. داهێنانی پیشەسازی‌و ژێرخان**

ژێرخان‌و داهێنانە پیشەسازییەکان بە بڕبڕەی پشتی ئابووریی گەشەسەندنی بەردەوام دادەنرێت، ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەکات کە لە ساڵی ٢٠١٥، کاریگەرییە ئابوورییە جیهانییەکان ٢.٧ ترلیۆن دۆلار بووە، کە یەکسانە بە (٣.٥٪)ی (GDP)، گەیشتن بەم ڕادەیە وەک ئاڵنگارییەکە بۆ وڵاتە کەمگەشەسەندووەکان، بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە خاکەکەی چواردەوری داخراوە، هەروەها ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەو پێشنیارانە دەکەن کە بەهای بەرهەمهێنان زیادبکرێت، وەک بەشێک لە (GDP) لە ١٥.٣٪ لە ساڵی ٢٠٠٥دا، بۆ ١٦.٢٪ لە ساڵی ٢٠١٦دا.

**٢ .١٠. کەمکردنەوەی نایەکسانی**

نەتەوە یەکگرتووەکان پێناسەی یەکسانیی کردووە وەک ئاماژەیەک بۆ گەشەپێدانی بەردەوام، بە پێی ڕاپۆرتەکان، لە ساڵی ٢٠٠٨ بۆ ساڵی ٢٠١٣ داهاتی هەر

تاکێکی (٤٠٪)ی هەژارترینەکان بە شێوەیەکی زۆر زیاتر زیادیکردووە، بە بەراورد بە ٤٩ وڵات لە ٨٣ وڵات بە پێی داتاکان، بارودۆخی نایەکسانی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە.

### ٢.١١. شارو کۆمەڵگە باشبەکارهاتووەکان

لە سەرتاسەری جیهاندا گەشەی دانیشتوانی شارو لادێکاندا ڕازیکەر نین، لە چەند دەیەی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی شارەکان گەشەیانکردووە، نەتەوە یەکگرتووەکان بە دوای جۆرێتیی ژیانێکی باشتردا دەگەڕێن بۆ ئەو کەسانەی کە لە شارو کۆمەڵگە پێشکەوتووە باش بەکاربەرەکاندا دەژین. ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە وێبسایتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بڵاوکراوەتەوە، ئەوە نیشاندەدات کە (٥٤٪)ی دانیشتوان لە شارەکاندا دەژین، کە پێشبینیدەکرێت لەساڵی ٢٠٣٠دا بگاتە ٥ ملیار کەس.

### ٢.١٢. بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی بەرپرسیارانە

کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان بەرپرسیارن لە بەرهەمهێنانی کاڵا بە شێوەیەکی بەردەوامو بێزیان، هەرچەندە پێویستە کە کۆمەڵگە ڕۆڵی خۆیان وەک بەکاربەر بە شێوەیەکی باشو گونجاو ببینن، بە مەبەستی دەستەبەرکردنی بەکاربردن و بەرهەمهێنانێکی باش، نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەوڵدایە بۆ جێبەجێکردن و گەشەپێدانی چەند پلانێکی بەئاگاهێنانەوەو یاسایی، ڕاپۆرتەکان ئەوە نیشاندەدەن کە بەکارهێنانی بابەتە ناوخۆییەکان ڕوو لە زیادبوونە بە بڕی ١.٢ کیلۆگرام بۆ هەر یەکەیەکی (GDP) لە ساڵی (٢٠٠٠)ەوە بۆ ٢٠١٠، هەروەها ڕێژەی بەکاربردنی ماددە ناوخۆییەکان لە هەمان ماوەدا ڕوو لە زیادبوون بووە، لە ٤٨.٧ ملیار تەنەوە بۆ ٧١.٠ ملیار تەن.

### ٢.١٣. کەشوهەوا

چالاکییەکانی کەشوهەوا یەکەم ئەجێندای نەتەوەکانی جیهانە، چەند ڕێکخراوێکی جیهانی، لە ناویاندا نەتەوە یەکگرتووەکان، کەشوهەوایان وەک گرنگیترین بەش داناوە بۆ گەشەپێدانێکی باشو بەردەوامو کەشوهەوایان خستووەتەناو ئامانجەکانیانەوەو پەیوەندییەکی زۆری هەیە بە لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەوە. ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەریدەخەن کە گەرمبوونی هەسارەکە زۆربووەو ڕیکۆردێکی نوێ شکێنراوە، کە بڕەکەی ١.١ پلەی سیلیزییە بە بەراورد بە ماوەی پێش زەوی، کە مەبەست لێی نێوان ساڵەکانی ١٧٥٠ بۆ (١٨٥٠)یە، کە ئاماژەییەکی جددییە بۆ گۆڕانی خێرای کەشوهەوا، زۆرێک لە وڵاتان پرۆژەی وزەی پاک بەکاردەهێنن بۆ پاراستنی کەشوهەواکەیان و هەندێکی تریان وەستانی یەکەکانی وزەی کاربۆنی بەکاردەهێنن، وەک پارێزەرێک بۆ کەشوهەواکەیان.

## ٢.١٤. ژیان لە ژێر دەریادا

مرۆڤ لەوە پێشکەوتووتر بووە کە تەنها تیشکبخاتەسەر ڕووی زەوی بە مەبەستی توێژینەوە لە دروستکراوەکان، بەڵکو تیشکدەخاتەسەر ژێر زەوییش بۆ ئەو مەبەستە، نەتەوە یەکگرتووەکان چەندین بەرنامەی بۆ بەڕێوەبردنی بەردەوامو باش پەرەپێداوە بۆ گەشەپێدانو بەکارهێنانی زەریاکان، بە گوێرەی یەکێک لە ڕاپۆرتەکانیان ئاڕاستە جیهانییەکان بە بەردەوامی ئاماژە بە خراپبوونی ئاوی کەنار دەریاکان دەکەن، بە هۆی دروستبوونی پیسبوونی ژینگەی ئاوییە بە هۆی زیندەوەرە وردبینەکانەوە، کە مەبەست لێی پیسبوونی ئاوەو زیاد لە پێویست هەبوونی مادده خۆراکییەکانە. تۆمارەکان ئەوە نیشاندەدەن کە ٦٣ لە سیستەمە ژینگەییە دەریاییەکان لە ژێر بەرنامەی هەڵسەندگاندنی ئاوی سنووریدا هەڵسەنگێنراونن، (١٦٪)یان ئەگەری زۆریان هەیە بۆ ئیترۆفیکەیشن.

## ٢.١٥. ژیان لە سەرزەوی

پیشەسازییەکان ژیانی لە سەر زەوی بۆ زۆر کەس قورسکردووە. ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر پەرەپێدان بەردەوامە بۆ پاراستنی ژیان لە سەر زەوی، ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە لەدەستدانی دارستانەکان ڕوو لە کەمبوونەوەیە، دارستانەکان پارێزراون، هەروەها ئەو ناوچانەی کە لە ژێر پلانی بەڕێوەبردنی درێژخایەندان، ڕوو لە زیادبوونە، بە پێی توێژینەوەیەک کە لە ساڵی ٢٠١٠ بۆ ٢٠١٥ کراوە، لەدەستدانی ساڵانەی دارستانەکان لە جیهاندا کەمتر بووە لە نیوەی لەدەستدانەکانی ساڵەکانی هەزارو نۆسەدونەوەدەکان.

## ٢.١٦. ئاشتی، دادپەروەریو دامەزراوە بەهێزەکان

یەکێک لە ئامانجە بەردەوامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بریتییە لە فەراهەمکردنی ئاشتیو دادپەروەریو دامەزراوەی بەهێز بۆ کۆمەڵ، لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە لە ساڵی ٢٠١٥دا، لە نێوان ٥.٢ کەسو ٦.٧ کەس لە هەر ١٠٠،٠٠٠ کەسدا قوربانیی کوشتنی بەئەنقەست بوون، ئەمەش تیشکدەخاتەسەر پێویستبوونی ڕێوشوێنی توندی بەرگریکارانەو پێوانە دادپەروەرییەکان.

## ٢.١٧. هاوبەشی بۆ ئامانجەکان

بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە بەردەوامەکانیان نەتەوە یەکگرتووەکان دەستیکردووە بە ناساندنی هاوبەشیی جیهانی، ئەم لەخۆگرتنە ئەرکەکەی خۆشی دەگرێتەوە، بە پێی ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠١٦دا (ODA) هاوکاریی پەرەپێدانی فەرمی لە ناو وڵاتانی ئەندام لە لیژنەی پەرەپێدانەکانی گەشەپێدان بە ڕێژەی ٨.٩٪ زیادیکردووە، کە دەکاتە بڕی ١٤٢.٦ ملیار دۆلار، کە ئەمەش هەوڵێکی ئەرێنییە بەرەو جیهانێکی پێشکەوتوو.

توێژەران پێناسەی بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوو کۆمپانیاکانیان بەو جۆرە کردووە کە وەک بزوتنەوەیەکن، بە مەبەستی هاندانی ڕێکخراوەکان بۆ زیادکردنی ئاگاداربوونیان لە کاریگەرییە بازرگانییەکانیان لە سەر کۆمەڵگە. بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیی کۆمپانیاکان وابەستەی چوارچێوەی کەرتە جیاوازەکانە لە ناوەوەو دەرەوەی کۆمپانیاکان.
توێژینەوەیانکردووە کە مەبەست لێی بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیی کۆمپانیاکانە، لە ١٠ ناونیشانی سەرەکیدا کورتکردووەتەوە، لەوانەش:

١. بەشداربوانی خاوەنپشکەکەکان،
٢. باشترکردنی ژیانی خەڵک،
٣. گەشەپێدانی ئابووری،
٤. کردە ئیتیکییەکانی بازرگانی،
٥. پابەندبوون بە یاساوە،
٦. خۆبەخشی،
٧. مافی مرۆڤ،
٨. پاراستنی ژینگە،
٩. شەفافیەتو لێپرسینەوە،
١٠. بەم شێوەیە بە مەبەستی ئەوەی کە زیاتر بەردەوامبنو زیاتر قازانجبەخشتر بن، ڕێکخراوەکان هەوڵدەدەن ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام لە نەتەوە یەکگرتووەکان جێبەجێبکەن.

### ٣. ماددەکان و میتۆدەکان

ئەو بابەتانەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکاردەهێنرێن، ڕوئیاو تێڕوانینی ٢٥ لە کۆمپانیا لوتکەکانی وڵاتانی بریکسە. کۆمپانیاکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون لە سەرچاوەکانەوە، توێژەران ٥ کۆمپانیایان لە هەر ٥ وڵاتە جیاوازەکەی وڵاتانی بریکس لە کۆمپانیا فرەنەتەوەکان وەرگرت، لە تێڕوانینەکانو ئەرکەکانیاندا بە بەکارهێنانی شێوازی هەڵسەندگاندنی شیکردنەوەی ناوەڕۆک هەڵیانسەنگاند، ئەنجامی هەڵسەندگاندنەکان لە ڕێگەی خشتەو شیکردنەوەو بەراوردکاری بە هەر ١٧ خاڵەکەی ئامانجی گەشەپێدانەکانی وڵاتانی نەتەوە یەکگرتووەکان پیشاندراون.
پێشنیار بۆ هەر وڵاتێک کراوە، ئەنجامەکانی داهاتوو شیکردنەوەی بۆ کرا، هەروەها چەند پێشنیارێکی دیکە پێشکەشکرا، ئامانجی کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیە شیکردنەوەو جێبەجێکردنو پێشکەشکردنی ١٧ ئامانجی سەرەکیی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو لە چوارچێوەی ڕوئیاو ئەرکی گەورە کۆمپانیاکانی وڵاتانی بریکسدا.


## ٤. ئەنجام و گفتوگۆی توێژینەوەکە

### ٤.١. ئەنجامی توێژینەوەکە

بۆ دیاریکردنی لەخۆگرتووی ئامانجەکانی گەشەپێدانە بەردەوامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەی لە وڵاتانی بریکسدا، ڕوئیاو ئەرکی هەر ٥ کۆمپانیاکە لە وڵاتانی بریکسدا لێی کۆڵراوەتەوە، دوای شیکردنەوە بە بەکارهێنانی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەنجامەکانی کۆمپانیاکانی وڵاتانی بریکس بەراوردکراوە بە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە گەشەسەندنە بەردەوامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەم توێژینەوەیە ئەنجامێکی پشتپێبەستراوی (r =٠,٨) بەدەستهێناوە، کە وا دەکات گرنگ و پشتپێبەستراو بێت بۆ گفتوگۆی زیاتر، ئەنجامی هەریەک لە وڵاتەکان لە خوارەوە نیشاندراوە:

#### ٤.١.١. بەڕازیل


وێنەی ژمارە (٢) ئاماژە بە کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکانی وڵاتی بەڕازیل دەکات، کە جەخت لە ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکاتەوە، لە ١٧ خاڵ لە ڕوئیاو ئەرکەکانیان، ١٤ خاڵیان لەخۆدەگرن. ئەو ئامانجەی کە زۆرترین ئاماژەی پێ کراوە، بریتییە لە "کاری شیاوو گەشەی ئابووری" کە (٢٣٪)یەو "ئاشتی و دادپەروەری و دامەزراوەی بەهێز" بریتییە لە ٢٢٪.




شێوەی ٢ (کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکانی بەڕازیل)

### ٤.١.٢. ڕوسیا


ڕوئیاو ئەرکی کۆمپانیاکانی ڕوسیا لە وێنەی ژمارە (٣)دا ئاماژەی پێ کراوە، گرنگترین ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوامە نەتەوە یەکگرتووەکان کە پەیڕەوکرابێت، بریتییە لە "کاری شیاوو گەشەی ئابووری"، کە (١٨٪)یە، هەروەها "ئاشتی، دادپەروەری و دامەزراوەی بەهێز" (١٥٪)یە.




شێوەی ٣ (کۆمپانیاکانی ڕوسیا)

### ٤.١.٣. هیندستان


وێنەی ژمارە (٤) کۆمپانیاکانی هیندستان نیشاندەدات کە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەخۆدەگرێت بە پێی ڕوئیاو ئەرکەکانیان، کۆمپانیاکانی وڵاتی هیندستان کە یەکێکە لە وڵاتانی بریکس زیاتر سەرنجیخستووەتەسەر داهێنان و ژێرخانی ئابووری، کە ٣٠٪ لەخۆدەگرێت.




شێوەی ٤ (کۆمپانیاکانی هیندستان)

### ٤.١.٤. چین


وێنەی ژمارە (٥) ئاماژەدەکات بە کۆمپانیاکانی وڵاتی چین، کە تا چەند ئامانجە بەردەوامەکانی گەشەسەندنی نەتەوە یەکگرتووەکان جێبەجێدەکەن لە ڕووی ڕۆیاو ئەرکەوە، دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەریدەخات کە لە ڕووی داهێنانو ژێرخانەوە زیاتر سەرنجخراوەتەسەر کارەکانیان کە بریتییە ٢٠٪و کارو گەشەی ئابووریيان بریتییە لە ١٩٪.




شێوەی ٥ (کۆمپانیاکانی چین)

### ٥.١.٤. باشووری ئەفریقا

وێنەی ژمارە (٦) سیاسەتی کۆمپانیاکانی باشووری ئەفریقا پیشاندەدات، کە هەتا چەند ئامانجەکانی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەخۆدەگرێت لە ڕووی ڕۆیاو ئەرکەوە، ئەنجامەکە ئەوە دەردەخات کە باشووری ئەفریقا زیاتر سەرنجیخستووەتەسەر ئاشتیو دادپەروەریو دامەزراوەی بەهێز، کە بریتییە لە ٢١٪، هەروەها کارو گەشەی ئابووری، کە (١٨٪)یە.




شێوەی ٦ (کۆمپانیاکانی ئەفریقای باشوور)

### ٤. ١. ٦. بەراوردکاریی وڵاتانی بریکس لە پەیڕەوکردنی ئامانجە گەشەپێدانە بەردەوامەکان

خشتەی یەکەم ئەوە نیشاندەدات کە چین لە پلەی یەکەمدایە لە پەیڕەوکردنی ئامانجە گەشەپێدانەکانی وڵاتانی بریکس ، کە تێکڕاکەی (٥.٩٥)ە، لە کاتێکدا کە ئەفریقای باشوور تێکڕاکەی کەمترینەو بریتییە لە ٢.٤٤. ئەم ئەنجامانە تیشکدەخەنەسەر گرنگیو پێشبڕکێی ئابووریی جیهانی لە ئامانجەکانی گەشەپێدانە بەردەوامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان (لە ڕێگەی کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکانیانەوە)، لە هەمان خشتەدا ئاماژە بەوە کراوە کە بەرازیلو ڕوسیا زیاتر سەرنجیانخستووەتەسەر "پەیڕەوکردنی کاری شیاوو گەشەی ئابووری"، هەروەها چینو هیندستان تیشکیانخستووەتەسەر "داهێنانەکانو ژێرخانی پیشەسازی"و ئەفریقای باشوور زیاتر سەرنجیانخستووەتەسەر"ئاشتیو دادپەروەریو دامەزراوەی بەهێز". خشتەی یەکەم لە سەر بناغەی کۆدو خشتەبەندی بۆ ڕوئیاو ئەرکی لێدوانەکانی وڵاتەکان هەڵبژێردراوە.

خشتەی ١

| خۆ گونجاندی UNSDG گشتی | چەماوە | ناوەند | وڵات |
|---|---|---|---|
| **کاری باش و گەشەسەندنی ئابوری** | 5.18127 | 4.2941 | بەرازیل |
| کاری باش و گەشەسەندنی ئابوری | 3.12132 | 3.6471 | ڕوسیا |
| گەشەسەندی داهێنانی پیشەسازی و پێکهاتەی ناوەکی | 3.62802 | 2.6875 | هیندستان |
| گەشەسەندی داهێنانی پیشەسازی و پێکهاتەی ناوەکی | 5.95263 | 5.0588 | چین |
| ئاشتی ویەکسانی و دامەزراوەی بەهێز | 2.44348 | 2.2941 | سعودییە |

### ٢.٤. گفتوگۆی لێکۆڵینەوەکە

خشتەی ژمارە دوو ئاماژە بەوە دەکات کە وڵاتی بەڕازیل زیاتر سەرنجیخستووەتەسەر چالاکییە ئابوورییەکان‌و گەشەپێدانی دامەزراوەکان‌و دابینکردنی هەلیکاری شەرەفمەندانە بۆ هاوڵاتیانی خۆی، سێ دانە لە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆمپانیاکانی وڵاتی بەڕازیلدا تیشکینەخراوەتەسەر، لەوانە: "جۆرایەتیی خوێندن، یەکسانیی ڕەگەزی، ژیانی ژێر دەریا".
وێنەی ژمارە(٣) ئەوە دەردەخات کە کۆمپانیا ڕووسییەکان زیاتر سەرنجیانخستووەتەسەر کاری شیاوو گەشەی ئابووری بە ڕێژەی ١٨٪و ئاشتی‌و دامەزراوەی بەهێز بە ڕێژەی ١٥٪، لە کاتێکدا کە کەمتر سەرنجیانخستووەتەسەر دوان لە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ئەوانیش "جۆرایەتیی خوێندن‌و ژیانی ژێر دەریاکان"ە.
وێنەی ژمارە (٤) ئەوە نیشاندەدات کە کۆمپانیا هیندییەکان بە نزیکەیی ١٠ لە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیان پەیڕەوکردووە لە هەر ١٧ ئامانجەکە. ئەو ئامانجەی کە زۆرترین سەرنجی دەخاتەسەر، بریتییە لە "داهێنان‌و ژێرخانی پیشەسازی"، کە (٣٠٪)ە، ئەو ئامانجانەی کە لە کۆمپانیا هیندییەکاندا پەیڕەونەکراوەو تیشکیاننەخستووەتەسەر، بریتییە لە "نەهێشتنی برسیەتی، پەروەردەی جۆرایەتی، کەمکردنەوەی نایەکسانی، کۆمەڵگەو شارە ڕێک بەکارهاتووەکان، ژیانی ژێر دەریاو ژیانی سەر زەوی".وێنەی ژمارە (٥) تایبەتە بە لێکۆڵینەوەو هەڵسەندگاندنی ئەوەی کە هەتا چەند کۆمپانیا چینییەکان ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەخۆدەگرن، کە سەرنجیان لە سەر "داهێنانی پێشەسازی‌و ژێرخان"ە، کە (٢٠٪)ەو کاری باش‌و گەشەی ئابووری (١٩٪). هەروەها وێنەی ژمارە (٥) تیشکدەخاتەسەر ئەوەی کە کۆمپانیا چینییەکان ١٤ ئامانج لە ١٧ ئامانجی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو ئامانجانەی کە لە تێڕوانین‌و ئەرکەکانی کۆمپانیا چینییەکاندا تیشکیاننەخراوەتەسەر، بریتین لە "جۆرایەتیی خوێندن، چالاکییەکانی کەشوهەواو ژیان لە ژێر دەریادا. هەروەها سەبارەت بە ئەفریقای باشوور، ئەنجامەکە لە وێنەی ژمارە (٦)دا ئەوە دەخاتەڕوو کە کۆمپانیاکانیان زیاتر ئامانجەکانی "ئاشتی‌و دادپەروەری‌و دامەزراوەی بەهێز"یان پەیڕەوکردووە، کە ڕێژەکەی بریتییە لە ٢١٪، هەروەها "کاروباری باش‌و گەشەی ئابووری" (١٨٪)یە، لە ١٧ ئامانجی سەرەکیی نەتەوە یەکگرتووەکان وڵاتانی باشووری ئەفریقا تەنها ١٣ لەو ئامانجانەیان پەیڕەوکردووە.
ئەو ئامانجانەی کە لە ڕوئیاو ئەرکی کۆمپانیاکانیاندا پەیڕەونەکراوە، بریتین لە "جۆرایەتیی خوێندن، چالاکییەکانی کەشوهەوا، ژیانی ژێر دەریا"، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە وەک هاوشێوەو لێکۆڵینەوەو ئەنجامەکانی پێشووتر وا بووە، لێکۆڵینەوەکانی پێشوو دەریدەخەن کە هەموو کۆمپانیاکان شکستدەهێنن لە پەیڕەوکردنی ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. ڕاپۆرتێکی دیکە سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی نەتەوە ئەکگرتووەکان، ئاماژەی بەوە کردووە کە جیاوازیی وەبەرهێنانی خەملێنراو بە لایەنی

کەمەوە ساڵانە ٣ تریلیۆن دۆلار بووە لە ماوەی ١٥ ساڵی داهاتوودا، بەشداریکردنی کەرتی تایبەت زۆر گرنگە، ئەگەر وڵاتەکان سەرکەوتوو بن.
لەگەڵ ئەوەشدا کەمتر لە نیوەی کۆمپانیا جیهانییەکان پلانیان هەیە بۆ بەشداریکردن لە ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕاپۆرتە بەردەستە ئۆنلاینەکان ئاماژە بەوەش دەکەن کە (٣٦٪)ی پیشەگەران کاریان بۆ کۆمپانیایەک یان براندێک کردووە.
لێکۆڵینەوەیەکی دیکە کە لەلایەن کۆمپانیای ڕاوێژکاریی هاوڵاتیبوونەوە کراو ئاماژەی بەوە کردووە کە نەبوونی کردەی بازرگانیی بەرچاو لە سەر ئامانجەکانی پەرەپێدانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێتە هۆی کێشەی متمانە لە نێوان ڕکابەرەکاندا. لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەدا ئەوە پیشاندراوە کە (٨١٪)ی لێکۆڵینەوەکان ئەوە نیشاندەدەن کە بازرگانی لە نێوان وڵاتەکاندا گرنگە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە گەشەپێدانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کۆمپانیاکان بە هیچ شێوەیەک بە دوای بەدەستهێنانی ئامانجەکانەوە نین.
بە کورتی، ئەم توێژینەوەیە سەرنجدەخاتەسەر پەیڕەوکردنی ئامانجە بەردەوامەکانی گەشەسەندنی نەتەوە یەکگرتووەکان لەلایەن وڵاتانی بریکسەوە، ئەنجامەکان چەند دۆخێکی هەستیارو بنەڕەتییان نیشاندا.
زۆربەی وڵاتان زۆر گرنگیدەدەن بە گەشەسەندنو بەهێزبوونی دامەزراوەکان، هەروەها دابینکردنی ژینگەیەکی باشتر بۆ کارکەرەکانیان.
زۆربەی وڵاتان ئامانجەکانی وەک "جۆرایەتیی خوێندن، ژیانی ژێر دەریاو چالاکییە ژینگەییەکان" لە ئامانجەکانیاندا نییە. بە بەراورد بە توێژینەوەکانی پێشووتر، ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سەرنجی تەواو ناخەنەسەر پەیڕەوکردنو ئەنجامدانی ئامانجەکان.
خشتەی ژمارە (١) کە پاشکۆیەکە، ئەو زانیارییانەی تێدایە کە توانای کۆمپانیاکان دەردەخات لە ڕۆڵبینینیان لە کۆمەڵگەدا، هەموو کۆمپانیاکان لە سەر بۆرسەنو بە بەردەوامی ڕاپۆرتەکانیان بڵاودەکەنەوە، هەرچەندە بۆشاییەک هەیە لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، وڵاتانی بریکس بە تەواوی سەربەخۆ نینو پشتیان بە یەک بەستووەو ئەوان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە بەدیهێنانی ئامانجەکاندا هاوبەشن، هەروەها کۆبوونەوە لوتکەییەکان دەکەنو ڕاگەیاندنی هاوبەش دەردەکەن، بەڵام شکستیانهێناوە لە هەماهەنگیی تەواوی یەکتردا لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

### ٥. ئەنجامەکانو پێشنیارەکان

ئەم توێژینەوەیە دەگات بەو ئەنجامەی کە وڵاتانی بریکس بە تەواوەتی ئامانجەکانی گەشەپێدانە بەردەوامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیان جێبەجێنەکردووەو دەریدەخات کە وڵاتی چین زیاتر نیگەرانی نیشاندەدات لە بەرانبەر ئامانجە بەردەوامە

گەشەسەندنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، وەک ئەوەی کە لە ڕوئیاو ئەرکەکانی کۆمپانیاکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە، بە بەراورد بە وڵاتانی دیکەی وەک ئەفریقای باشوور، هیندستان، ڕوسیاو بەڕازیل، گرنگترین ئامانجەکانو ئەو ئامانجە جێبەجێکراوانەی وەک "ئاشتی، دادپەروەریو دامەزراوەی بەهێز، کاری باشو گەشەی ئابووری، هەروەها ئەنجامەکان وێنای ئەوە دەکات کە وڵاتانی بریکس گرنگینادەن بە "پەروەردەی جۆرایەتیو چالاکییەکانی کەشوهەواو ژیانی ژێر دەریا".

جێبەجێکردنی ئەم ئامانجانە ناتوانرێت لەلایەن یەک کۆمپانیا یان کەرتەوە جێبەجێبکرێت، هاوبەشییەکان زۆر گرنگو پێویستن، هاوپەیمانییەکان زۆر گرنگو پێویستە. نموونەیەکی باشی ئەم هاوپەیمانیەتییە ئەنجومەنی ئوستراڵیایە بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی، کە دەبێتە پێشەنگ لە بونیادنانی کەرتێکی داهێنەرانەی هاوبەشی.

ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنەکانی بازرگانیو گەشەپێدانی بەردەوام ئەوەی خستووەتەڕوو کە بازرگانییەکی باشترو جیهانێکی باشتر دەرخستەی دەستکەوتە ئابوورییەکانە بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە خۆیان لەگەڵ ئامانجە گەشەپێدانەکاندا ڕێکدەخەن. هەماهەنگییە پلە جیاوازەکانی وڵاتانی بریکس دەتوانێت ببێتە هۆی جێبەجێکردنی ئامانجەکان، بەکارهێنەرەکان دەتوانن ڕێگەخۆشکەر بن بۆ ئامانجە بەردەوامەکان.

ئەم توێژینەوەیە زۆر جەخت لەوە دەکاتەوە کە وڵاتانی بریکس پابەندبنو گرنگی زیاتر بدەن بە ئامانجە بەردەوامەکان، کە بۆ زیادکردنو بەرزکردنەوەی جۆرایەتی ژیان، چالاکییەکانی کەشوهەوا، جۆرایەتیی خوێندنو ژیانی ژێر دەریا گرنگنو تیشکیخراوەتەسەر لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، هەروەها ئەم کێشانە پێویستە لە دیدو ئەرکی لێدوانەکانی کۆمپانیاکانی وڵاتانی بریکسدا چارەسەربکرێت، هەروەها ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە وەک ڕێبەرێک دەبێت بۆ کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان بۆ پەرەپێدانو پەسەندکردنی ئامانجە گەشەپێدانە بەردەوامەکانی وڵاتانی بریکس .

## ٦. سنووردارکردنەکانو ئەجێندای توێژینەوەی داهاتوو

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی گشتی تیشکدەخاتەسەر لەخۆگرتنی ئامانجی گەشەپێدانەکانی وڵاتانی بریکس لەلایەن وڵاتانی بریکسەوە، ئەرکو ڕوئیای دەستنیشانکراو بۆ ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکراوە بە سنوورداری بۆ وڵاتانی بریکس بە قەبارەیەکی سنووردار. توێژینەوەی داهاتوو پێویستە کە قەبارەی نموونەی وەرگیراو گەورەترو چەند کۆمپانیایەکی تری فرەنەتەوەیی وەربگیرێت بە مەبەستی شیکردنەوە لە سەر ئەوەی کە ئایا ئامانجە بەردەوامە گەشەپێدانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جیهاندا خۆدەگرن یان نا.

| | کۆمپانیا | بەش | بازاڕی بۆرسە | خاوەن پشکی جێگیر | CSR یاساکانی حکومەت لەسەر | گرووپی فشار | بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی بەردەوامی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرازیل | 1 | بۆشایی ئاسمانی | NYSE and BM&F Bovespa | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |
| | 2 | کانزا گشتییەکان | ناوپاولۆ ، شاری نیویۆرک،پاریس و مەدرید | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |
| | 3 | ئاسن و پۆڵا | ساوپاولۆ ، نیویۆرک و مەدرید | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |
| | 4 | کاڵای بەکاربەر | ساوپاولۆ | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |
| | 5 | کاڵای بەکاربەر | ساوپاولۆ | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |
| ڕووسیا | 1 | نەوت و غاز | MCX: SIBN, باشێک لە گازپرۆم | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |
| | 2 | بەرهەمهێنان | MCX: LKOH, LSE: LKOD, OTC Pink: LUKOY, FWB: LUK | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |
| | 3 | دارایی | MCX: VTBR | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |
| | 4 | خزمەتگوزارییە بەکاربەرەکان | LSE: FIVE | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |
| | 5 | کانزاکان | کردنەوەی کۆمپانیای هاوبەش | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |
| هندستان | 1 | نەوت و غاز | بۆرسەی بۆمبایو بۆرسەی نەتەوەیی هندستان | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |
| | 2 | نەوت و غاز ، پێشەسازی ، خزمەتگوزارییە بەکاربەرەکان ، پەیوەندییەکان | بۆرسەی نەتەوەیی هندستان the BSE Limited. | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |
| | 3 | بەرهەمهێنانی دەرمان و هۆمیاتیک | BSE/NSE | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |
| | 4 | ئۆتۆمبیل | بۆرسەی نەتەوەیی ئاڵوگۆری هندستان ، بۆرسەی ئاڵوگۆری نیویۆرک | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |
| | 5 | کانزای زێڕ | BSE/NSE | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| چین | 1 | کۆمپانیای نەوت و کیمیایی | بۆرسەی ئاڵوگۆڕی شەنگەهای/SNP | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |
| | 2 | کاڵای بەکاربەر | NYS/SNP | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |
| | 3 | دارایی | بۆرسەی ئا\|ڵوگۆڕی هۆنگ کۆنگ و ، بۆرسەی ئاڵووگۆڕی شەنگەهای | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |
| | 4 | پەیوەندییەکان | بۆرسەی ئاڵووگۆڕی هۆنگ کۆنگ NYSE and | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |
| | 5 | دارایی کشتوکاڵ | بۆرسەی ئاڵوگۆڕی شەنگەهایی و هۆنگ کۆنگ | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |
| باشوری ئەفریقا | 1 | هێڵی ئاسمانی | SAA, Nasdaq | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |
| | 2 | پەیوەندی تەلەفونی | JSE, بۆرسەی ئاڵوگۆڕی نێجیریا | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |
| | 3 | فرۆشتنی خۆراک | سەنتەری ئاڵوگۆڕی زامبیا و کۆگای جۆهانسبەرگ و نامبیا | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |
| | 4 | بانک | ئاڵوگۆڕی ئاسایشییەکانی ئۆگەندا | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |
| | 5 | پەخشکردن | بۆرسەی جۆهانسبێرگ و بۆرسەی لەندەن | بەڵێ | بەردەستە | حکومی و کەرتی تایبەت | Yes |

**سەرچاوە: وێبسایتی بڵاوکراوەی MDPI**

# بریکس وەک بنەمایەکی جێگرەوە بۆ حکومڕانیی ئابووریی جیهانی؛ سەرنجێک

نووسینی: دان زایرایك
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**پوختە**

ئابووریی وڵاتانی بریکس (بەڕازیل، ڕوسیا، هیندستان‌و چین) دەنگدانەوەیەکی گەورەیان دروستکرد لە فراوانبوونی جیهانی ٢٠٠٠دا بە یارمەتیی شیکارییەکانی گۆڵدمان ساچ، کە پیشانیدا ئەم خاوەن ئابوورییانە بە ماوەی چەند دەیەیەک وڵاتە پێشکەوتووەکان تێدەپەڕێنن. ناوبانگی بریکس لە ساڵانی ٢٠١٠دا کاڵبووەوە، بەڵام بیرۆکەکەیان دووبارەهەستانەوە بوو، وەک بەشێکی جیۆپۆلەتیکیی "فرەجەمسەری"، کە لەلایەن چین‌و ڕوسیاوە بەڕێوەدەبرێت، لە ژێر دەقی جەنگێکی نوێ سارد لە سەر تەکنەلۆژیاو جەنگێکی نوێی گەرم، کە سەرەتاکەی داگیرکاریی ڕوسیا بوو بۆ سەر ئۆکرانیا. بریکس (BRICS) کە پیتی /S/ ئاماژەیە بۆ ئەفریقای باشوور (South Africa)، وەک چارەکێکی زیادبوونی بەرهەمی ناوخۆیی هەژماردەکرێت‌و (٤٢٪)ی دانیشتوانەکان‌و گرووپەکە وەک جێگرەوەی گرووپی ٧ (G٧) پێشنیارکراوە، بە بەکارهێنانی دراوی خۆیان، دەیانکەن بە جێگرەوەی دۆلاری ئەمریکی، وەک دراوی مامەڵەپێکراوی جیهانی‌و نۆڕمەکانی خۆیان ڕەنگدانەوەیە بۆ بابەتەکانی جیهانی باشوور نەک جیهانی باکوور.

دەنگۆی فراوانکردنی گرووپەکەش هەیە. ئەم تێبینییە تیشکدەخاتەسەر ئەو گەشەسەندنەی بریکس تۆماریکردووە، بە بەراورد بەو پاشخانە گەشەسەندنە ئابوورییەی کە بە شێوەیەکی گشتی لە جیهاندا هەیە، کە بە شێوەیەکی گشتی لە توێژینەوەکاندا (لیتریچە) لە سەر بریکس بە "یەکگرتوو" وەسفدەکرێت. ئەم لیتریچەیە باس لەوە دەکات کە یەکگرتوویی قورسەو ژمارەیەکی کەم لە وڵاتەکان لە گەشەسەندنەوە بۆ گەشەسەندوو دەگۆڕێن. من باس لەوە دەکەم کە هۆکاری ئەم ڕیکۆردە بێهیواییە لە دەیەکانی ڕابردوودا، سەرەڕای بارودۆخی نموونەیی، کە لە ماوەی لوتکەی جیهانیبوون، گەشەسەندنی وەبەرهێنانی فراوانی نێودەوڵەتیو زیادبوونو ئاسان بەدەستگەشتنی زانیاری لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری لەیەکنزیکبوونەوەو یەکگرتن، کەمبوونەوەی گەڕانەوە بۆ ناوەندو زیادبوونی تەکنەلۆژیا، کە جێگرەوە بوو. کاتێک پێشکەوتنی تەکنەلۆژی هاتەئاراوەوە، گەڕانەوەی زۆری بۆ ناوەند لە وڵاتانی باکووردا دروستکردو سنوورەکانی تەکنەلۆژیای فراوانکرد، ئەمە وای کرد وڵاتانی باشوور نەک تەنها هەوڵبدەن کە دوانەکەون، بەڵکو هەوڵبدەن لە یەکدییش نزیکببنەوە.

پشتبەست بە دوو شۆڕشی تەکنەلۆژیی ڕابردوو، کە ڕێنیشاندەر بوو لە ئابووریی بونیادنراو لە سەر زانیاریو پاشان ئابووریی بونیادنراو لە سەر داتا، جیهان دووبارە بە شۆڕشێکی تەکنەلۆژیدا تێدەپەڕێت، کە تێکەڵبوونی زانیاریی دەستکرد لەگەڵیدا وەک توانایەکی دروستکەر تەماشادەکرێت، کە یەکسانە بە گەشەپێدانی "توانای مرۆیی". وەک دوو شۆڕشی پێشوو، ئەمە لە جیهانی باکووردا سەرچاوەدەگرێتو دووبارە بەڵێندەدرێت بۆ گەڕانەوەی زیاترو درێژکردنەوەی ڕێگەکان بۆ سنوورە تەکنەلۆژییەکان، خاڵی یەکگرتنەوەی جیهانی باشوورە لە کاتە سەختەکاندا. باس لە بەربەستەکانی یەکرِیزیی دەسەڵات لە جیهانی باشوورو ڕۆڵی بریکس لە پێکهێنانی پلاتفۆڕمەکەدا دەکەم.

## ١. پێشەکی

گەشەسەندنی ئابووری ئاسان نییە، پێویستی بە گۆڕانکاریی گشتیی ئابووریو کۆمەڵگەیە،ڕاگواستنی زۆرینەی فەزای دانیشتوان، پێداچوونەوەیەک بۆ وەسفی کاری هەموو کەسێک، زیادبوونێکی گەورە لە ژمارەی کۆمپانیاو لایەنە چالاکەکانو دروستکردنی پێکهاتەیەکی باشی ئاڵۆز بۆ پەیوەندییەکانی نێوانیان. ئابووریی گەشەسەندوو بەکارهێنانی گشتگیری تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو لەخۆدەگرێت، لەبەرئەوەی ئەم بەشە گرنگییەکی زۆری هەیە،چ وەک تاک، یاخود وەک گشتی، تەکنەلۆژیای پێگەیشتوو بەستراوە بە زانیاریی زۆری نێودەوڵەتییەوە، بە تایبەتی لە نێوان خۆیاندا، کە ئەوان وڵاتانی پێشەنگی دروستکردنی تەکنەلۆژیان.

تێڕوانین لە ئاستەنگەکانی چوونەناو ئەم گرووپەوە، کە بریتییە لە ئاڵنگاریی گەشەسەندن، لیستی وڵاتانی گەشەسەندوو لەلایەن سندوقی دراوی نێودەوڵەتییەوە پۆلێندەکرێت. پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکانو بانکی جیهانی تەنها لە (٢٥٪)ی وڵاتان بەرپرسن‌و ئەم لیستە لە ساڵی هەزارو نۆسەدوهەشتاکانەوە پەرەسەندنێکی ئەوتۆی بەخۆوەنەبینیوە. (١) بۆ نموونە: حاڵەتی جیهانیی ئابووریی نەتەوە یەکگرتووەکانو پێشهاتەکانی ساڵی ٢٠٢٣، لە نێوان ١٧٩ ئابووریدا، ٣٦ ئابووریان وەک گەشەکردوو پۆلێنکردووە، کە دەکاتە ڕێژەی ٢٠٪. (٢) تەنانەت ئەگەر ئێمە چەند کاندیدێکیش دووبارە بهێنینەوە بۆ لیستی گەشەسەندووەکان، وەک: تایوان، سەنگافورە، هۆنگکۆنگ، ئیسرائیل‌و دەوڵەتانی کەنداوی دەوڵەمەند بە نەوت، ئەوا ڕێژەی گەشەسەندن لە لیستەکەدا تەنها بۆ ٢٥٪ بەرزدەبێتەوە. ئەمە ڕاستییەکی درکپێکراوەو دەبێت بیخەینەبەرچاو، شۆڕشی پێشەسازی تەمەنی بۆ ٢٠٠ ساڵەو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٨٢٠، بۆیە ژمارەی زۆری تەکنەلۆژیا پیشەسازییەکان کاتیان تەواوبووەو کۆنبوونە.

سەردەمی بەجیهانیبوون، دەرکەوتنی کۆمپانیای فرەنەتەوەیی و نرخی زنجیرەیی جیهانی، کە بە شێوەیەکی بەرچاو ڕێگەخۆشکەر بووە بۆ بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا لە وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە بۆ ئەو وڵاتانەی تازە لە دەرکەوتندان، لە ڕێگەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانییەوە، کە زیاتر لە ٥٠ ساڵە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەزارو نۆسەدوحەفتاکان. ئابووریی بونیادنراو لە سەر زانیاری، توێژینەوەو گەشەپێدانەکانی بەرەوپێشبرد لە ڕێی دەستگەیشتنی فراوان بە کۆمپیوتەری کەسی‌و سۆفتوێری دیزاینی پیشەسازییەوە، کە تەمەنی زیاتر لە ٤٠ ساڵە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەزارو نۆسەدوهەشتاکان. گۆڕانی دیجیتاڵی، تەوژمی زانیاریی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە تاودا، تەمەنی نزیکەی ٣٠ ساڵە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دامەزراندنی تۆڕی ئینتەرنێتی جیهانی لە ساڵی ١٩٩٠دا.

سەردەمی مۆبایل، کە هۆکار بوو بۆ فراوانبوونی بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەو ناوچانەی کە بنچینەیەکی چەسپاویان نەبوو، ئێستا تەمەنی ١٥ ساڵەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دروستکردنی ئایفۆن لە ساڵی ٢٠٠٧دا. خێرابوون‌و زیادبوونی شۆڕش لە ڕێی بەپیشەسازیکردنی فێربوونەوە لە ڕێگەی فێربوونی ئامێرییەوە بەردەوامە، بۆ نزیکەی دەیەیەک تا ئێستا، دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠١٠، بۆیە ئێمە ڕێگەپێدراوین کە ئەم پرسیارە بکەین: چەند کاتی دەوێت بۆ وڵاتە تازەگەشەسەندووەکان کە بگەنەوە بە ئاستی وڵاتە پێشکەوتووەکان، وەک نموونە: بۆ لوتکە؟ چییش پێویستە بۆ ئەوەی لوتکەیەک ببەسترێت؟

ئەم پرسیارانە جێگەی سەرنجن، لەبەرئەوەی سەردەمی دوای جەنگ نەک تەنها گەشەسەندنی فراوانی پلانی نەتەوەیی بەخۆوەبینی، کە ئامانجیان بەپیشەسازیبوونی

خێرا بوو، بەڵکو دەرکەوتنی "پیشەسازیی پێشکەوتوو"ی تێدا ڕوویدا، کە ئێستا لە حەفتاکانی تەمەنیدایەو دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی هەزارو نۆسەدوپەنجاکان. ئەم پیشەسازییە بە تایبەتی ئامانجی پەرەپێدانو بەسیستەمکردنی گۆڕانە ئابوورییەکانە لە ئابووریی سەرچاوە کشتوکاڵییەکانەوە بۆ ئابووریی پێشەسازیی مۆدێرن. بە داخەوە، پیشەسازیی گەشەسەندوو بە تەنها سەرکەوتوو نەبووە، تەنانەت لە دوای توێکارییەکەشیەوە.

لە نوسینەکەی لە سەر دانپێدانانەکەی ویلیام ئیسترلی، کە ناونیشانێکی گونجاوی هەبوو،"هەوڵدانی دوورمەودا بۆ بەدەستهێنانی گەشەسەندن،بەسەرهاتو نەهاتی ئابووریناسان لە ناوچە کەمەرەییەکاندا"، برادفۆرد دێلۆنگ شەش "کەمپینی شکستی گەشەسەندن" دەستنیشاندەکات لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، کە بریتین لە بونیادنانی سۆشیالیزم، بۆشایی دارایی، جێگرەوەی هاوردە، هاریکاری بۆ فێرکردن، دووبارەبەکارهێنانەوەی پارەی نەوتو پەرەسەندنی دانیشتوان. هەروەها دێلۆنگ بۆ ئێستا نیولیبراڵ بۆ لیستەکە زیاددەکات. پێگەی دێلۆنگ بەرانبەر کۆتا کەمپین پڕ هیوا نەبوو، وەک دەڵێت: "... ئامۆژگارییەک بوو لە بێهیواییەوە. زۆرێک لەوەی کە پێویستە هەبێت، دەستی پێی ناگات.

هیوا بەوەیە کە تایبەتمەندیو تێکەڵبوونی ئابووریی جیهان لە داهاتوودا یارمەتیدەر بێت بۆ دروستکردنی زەمینە لەپێشینەییەکان بۆ گەشەسەندنی سەرکەوتوو. ئێمە ئەم کارتە بەکارناهێنین لەبەرئەوەی دەزانین کە براوەیە، بەڵکو لەبەرئەوەی کۆتا کارتو دەرفەتە بە دەستمانەوە." هەرچەندە لەگەڵ ئەوەی دیلۆنگ لە سەر ئەنجامە نەرێنییەکەی خۆی سووربوو، بانکەوانی گۆڵدمان ساک، جیم ئۆنیل زاراوەی "بریکس "ی دروستدەکرد، کە ئاماژەیە بۆ بەڕازیل، ڕوسیا، هیندستانو چین، کە سەرسامبوو بە گەشەسەندنی ئابووری لەم چوار خاوەن ئابوورییە زەبەلاحەدا. لە کردەی بەرەنگاربوونەوەی بە نێگەتیڤ بینینی یەکگرتن، ئەم ئابوورییانە لە کۆتاییدا توانیویانە تا ساڵی ٢٠٥٠ پێش زۆربەی نەتەوە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان بکەون، لە کۆی بەرهەمی ناوخۆییدا.

هەر چوار ئابوورییە سەرەکییەکەی بریکس توانییان لەو فراوانبوونەی جیهانی بازرگانیدا لە ساڵی دووهەزارەکاندا بە بەهێزی خۆیان پیشانبدەن، بە تایبەتییش ڕوسیاو بەڕازیل، کە سوودیان لە بوژانەوەی نرخی کاڵا وەرگرتووە. ئەمە دەریدەخات کە ئەو نیشانانەی گۆڵدمان ساک شیکاری بۆ کردووە، ڕاستن. بە سوودوەرگرتن لەو سەرکەوتنە هێلکارییەی کۆنسێپتی بریکس هەیەتی، پەیمانگەی جیهانیی مکێنزی چیرۆکی سەرکەوتنی گەشەسەندنی نەوەی داهاتووی ئابووریی شێرەکانی ئەفریقای بڵاوکردەوە. ئەفریقای باشوور لە ساڵی ٢٠١٠ لەلایەن چینەوە خرایەڕوو بۆ تەواوکردنی دەستبەسەراگرتنی ناوچەیی گرووپەکەو وەک پانگ ژون لە ئارتیکڵەیدا

باسیدەکات، نازناوی گاڵتەجاڕی دیکە هەبوو بۆ کاندیدەکان،جیم ئۆنیڵ نوسیبووی: (MINT)، کە بە مانای نەعنا دێتو کورتکراوەیە بۆ وڵاتەکانی مەکسیک، ئەندەنوسیا، نایجیریاو تورکیا. میسر ناوەکەی وەک (E-BRICS) نوسرابوو و گودسەن پێشنیاری (BRICSDVIKS)ی کردبوو بە زیادکردنی دوبەی، ڤێتنام، ئەندەنوسیا، کۆریاو سەنگافورە. لە دوای قەیرانی دارایی گەورەی ٢٠٠٨-٢٠٠٩، بریکس گەیشتە لوتکەو پاشان هاتەوە بنکە.

بریکس بوو بە دەستەواژەیەکی کورتکراوەی دیکە کە جێگەی خۆی کردەوە، لە ناوەندو دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا بە سکرتاریەتەکانو بەرنامەکانی کارو کۆبوونەوەی ساڵانەی سەرکردەکانو ئەو بابەتانەی بیرۆکراتییەکان گفتوگۆی لە سەر دەکەنو چەندین فراوانبوونی جیاوازی پێشنیارکراوو دیوە تەقلیدییەکەی دیکەی بریکس نەما. بە دڵنیاییەوە جیهان کەوتە گشتگیرییەوە، قورس بوو کە ئەوەت لە بیر بێت شتێک هەبووە بە ناوی بریکسەوە، بە تایبەتییش بوونی دژایەتی لە نێوان هیندو چینو شەڕەدارو بەردی نێوانیان لە سەر سنوورەکانی هیمالایەو ویستی جیۆپۆلەتیکی هیندستان دژی چین لە هەر چوار لاوە.




**خشتەی (١): سەرچاوە، داتای ڕێکو ئەڵمێدا (٢٠٢٠)**

لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەی بریکس بریتییە لە گەڕانەوە وەک بەشێک لە مێژووی جیۆپۆلەتیکی "فرەجەمسەری"، کە لەلایەن چینو ڕوسیاوە بەڕێوەدەبرێت، وەک فۆرمێکی جەنگی ساردی نوێ دژی تەکنەلۆژیاو جەنگی گەرمی نوێ، کە بە داگیرکاریی ئۆکرانیا لەلایەن ڕوسیاوە دەستپێکرد. بریکس ، کە بە نزیکەی چارەکێکی کۆی وەبەرهێنانی ناوخۆیی جیهان هەژماردەکرێتو (٤٢٪)ی دانیشتوانەکەشی وەک جێگرەوەی (G٧) پێشنیاردەکرێن بە دراوەکانیان، کە جێگرەوەی دۆلاری ئەمریکییە لە دراوی مامەڵەپێکراوی جیهانیداو بە فیکرەکانی خۆیان، کە ڕەنگدانەوەی لە سەر دیدی جیهانی باشوور هەیە بۆ کێشەکانی جیهانی باکوور.

ڕەخنەگران ئەم بابەتە بەگرنگوەردەگرن، بە تیشکخستنەسەر قورسایی ئابووریی پرۆژەکە بۆ گرووپەکە، وەک بنچینەیەک بۆ گرنگیی سیاسی. ئەم تێبینییە بە ئابوورییەکانی ڕابەرانی گرووپی بریکسدا دەچێتەوە، کە لە جێگەو بە ئەگەری زۆرەوە لە ئۆپۆزسیۆنی ئەمریکای ڕابەری جیهانی باکوور دامەزراون. بەشی دووەم سەرەتا بە شێوەیەکی کورت باس لە لیتریچەی یەکگرتنەوە دەکات بۆ دەستخستنی باکگراوندێکی تیۆری، لەو باسەی کە دەکرێت. بەشی سێیەم باس لە شکستهێنانی لەیەکنزیکبوونەوەی بێمەرج دەکات، کە دەتوانرێت بە بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا لە دوای سالانی هەزارو نۆسەدوهەشتاکانەوە شیبکرێتەوە، کە یەکگرتنی ئابووریی بنچینەدروستکراو بە زانیاری لە جیهانی باکووردا ڕوویدا. بەشی چوارەم باس لە گەشەسەندنی بریکس دەکات، بە تیشکخستنەسەر نیشانە تەکنەلۆژییەکان. بەشی پێنجەم باس لە کاریگەرییەکانی هاوڕیزیی جیهانی باشوورو دەسەلاتدارانی بریکس دەکات.

## ٢. باکگراوندی تیۆری، گەشەسەندنی ئابووریو یەکگرتن

### ٢. ١. کەیسێکی تیۆری بۆ یەکگرتن

لیتریچەی ئابووری لە بارەی گەشەسەندنەوە ڕووبەڕووی ئاستەنگ بووەتەوە، بۆ تێگەیشتن لەو دووبارەبوونەوەیەی تێبینیدەکرا لە وڵاتە گەشەسەندووە ئابوورییەکاندا بە پێی کات. بە گشتی، وا پێشبینیدەکرێت وڵاتانی کەمدەرامەت بە تێپەڕبوونی کات بگەنەوە بە وڵاتە دەوڵەمەندەکانو ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی جیاوازیو بۆشایی داهات لە نێوان وڵاتەکاندا. ئەم گریمانەی یەکگرتنە تەواوەتییە، وڵاتەکان یەکدەگرن لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە داهاتی تاکیان لە یەکەوە نزیکە، بەبێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی ناوخۆی وڵاتەکە. بە پێی مۆدێلەکانی گەشەسەندنی کلاسیکی نوێ، کە گوزارشت لە دەرهاویشتەکان دەکات، وەک کردەی پایتەخت، هەردوو فیزیایی و مرۆیی، جیاوازیی سەرەتایی لە داهاتی ناوخۆیی تاکەکەس پەیوەستە بە جیاوازی لە داهاتو بەخششی پایتەختدا.

فراوانکردنی مۆدێلی گەشەسەندن بۆ بەشدارپێکردنی تەکنەلۆژیا، نزیکبوونەوەی داهاتی گشتیی ناوخۆ لە سەرەتادا، دابەشدەبێتەوە بە سەر جیاوازی لە تەکنەلۆژیادا، ئەمە ڕێگە بە وڵاتە هەژارەکان دەدات کە بە هەمان شێوەی وڵاتە پێشکەوتووەکان پاڵپشتیبکرێت بە کارپێکردنی تەکنەلۆژیاو بەکردەییکردن لە وڵاتە دەوڵەمەندترەکانەوە. یەکگرتنو یەکبوونی تەواوەتی بە ئەدەبیاتو بەڵگەش ڕەتکراوەتەوەو دوو جێگرەوەی گریمانەیی بۆ دانراوە، "یەکگرتنی مەرجدار، یانەی یەکگرتن". گریمانەی یەکگرتنی مەرجدار ئەو وڵاتانە لەخۆدەگرێت کە تایبەتمەندیی لەیەکچوویان هەیە، وەک: بژاردەی تەکنەلۆژی، سیاسەتی گشتی،، یەکگرتن بەبێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی

ناوخۆییان ...هتد. لەگەڵ ئەمەشدا جیاوازی هەیە لە داهاتی ناوخۆییاندا، جیاوازییەک کە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەم بژاردە جیاوازانەی سیاسەتەکانیاندا.
گریمانەی یانەی یەکگرتن ئەوە لەخۆدەگرێت کە وڵاتانی هاوشێوە لە تایبەتمەندییەکانیاندا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژتر بە یەکگرتوویی دەمێننەوە، بەڵام بە مەرجێک کە بارودۆخی ناوخۆیشیان هاوشێوە بێت. باومۆڵ بینیی کە وڵاتە پیشەسازییەکان یەک گرووپ یاخود یەک یانە پێکدەهێنن، ئابوورییە پلانبۆدانراوە ستوونییەکان سەر بە دووەم گرووپن، وڵاتانی ماوەش سەر بە گرووپی سێیەمن، بەڵام بەبێ تایبەتمەندیی یەکگرتن، کە باومۆڵ دەیگەڕێنێتەوە بۆ دواکەوتوویی وڵاتەکە لە لایەنی تەکنەلۆژیاوە، کە ئەم وڵاتانەی بێبەشکردووە لە سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای نوێ، بە هۆکاری نەبوونی مەودای تەواوەتی بۆ تەکنەلۆژیای تەواوکاریو پاڵپشتی. پەیوەست بە مۆدێلی گرووپو یانەکانی یەکگرتنەوە، بیردۆزی "دوانەی لوتکە"یە، کە جەمسەرگیرییەکی بەردەوام لە نێوان دوو لوتکەی وڵاتی داهاتی بەرزو وڵاتی داهاتی نزمدا شیدەکاتەوەو ئەو وڵاتانەی داهاتەکانیان ناوەندە، لە کۆتاییدا دیارنامێنن.
شیکارییە نوێیەکان لە سەر مۆدێلەکان کە گەڕانەوەی بەردەوام یاخود زیادبوویان هەیە بۆ پایتەخت، ڕێگەخۆشدەکەن بۆ دەوڵەتە جێگیرەکان کە ئابوورییان هەرچەندێک بێت، لەگەڵ بارودۆخی ناوخۆیی وڵاتەکەو بۆگەڕاوە لە نێوان داهاتو گەشەکردنی دانیشتوان دەستنیشانیدەکات بۆ گرووپی جێگیری دەوڵەت، کە داهاتی زۆر یاخود داهاتی کەم بێت. ئەم چوارچێوەگرتنەی پەزلە کاریگەریی گرنگی بۆ سیاسەت هەیە، لەو کاتەوەی پێسنیاری ئەوە دەکات کە دەستتێوەردانە گەورە سیاسییەکان پێویستن بۆ پاڵپێوەنانی ئابووری لە داهاتی کەمی جێگیرەوە بۆ ڕێچکەیەک کە دەگات بە داهاتی زۆر. لە کۆتاییدا گەشەسەندن زۆربەی کاتەکان زنجیرەییە، بە تایبەتی لە وڵاتە گەشەسەندووەکانداو گەشەسەندن زۆربەی کاتەکان لە گەڕانەوە یاخود دواکەوتنەوە دەستپێدەکات.
هەواڵە ناخۆشەکە لە هاوسمانو ئەوانی ترەوە ئەوەیە کە خێراکردنی ڕەوتی پێشکەوتن زۆرینەی کات چاوەڕواننەکراوە،زۆرینەی خێراکردنی گەشەسەندنەکان پەیوەندیان نییە بە جیاکەرەوە ستانداردەکانەوەو زۆرینەی ئابوورییە شێوەپێدراوەکانو دروستکراوەکان هۆکاری زیادبوونی گەشەسەندن نین. بە کورتی، ئەدەبیاتی یەکگرتن بە گشتی بیرۆکەی یەکگرتنی تەواوەتی ڕەتدەکاتەوە، بەڵام ڕێگە بە کۆبوونەوەی "یانەی یەکگرتن" دەدات، کە ئەگەری داهاتی کەمو داهاتی ناوەند دەکاتو ئەگەری پێویستی بۆ دەستتێوەردانی گەورەی پێکهاتەی سیاسی دەخوڵقێنێت بۆ گۆڕانی ئابووری لە داهاتوویەکی یەک حاڵەتی جێگیرەوە بۆ داهاتوویەکی باشتر.

### ٢.٢. دەربارەی خێرایی یەکگرتن

ئەو جێگەیەی یەکگرتنی تێدا دەدۆزرێتەوە، یەکگرتنەکە هێواشە، ئەو بۆشاییەی یەکدەگرێتەوە بە ڕێژەی ٢٪ لە ساڵێکدا. بۆ نموونە: بارۆو سالا مارتین بەڵگەی بەهێزیان لە سەر یەکگرتنی ویلایەتە هەژارو دەوڵەمەندەکانی ئەمریکا دۆزیوەتەوە لە ساڵی (١٨٨٠)ەوە، کە بۆشاییەکەی نێوانیان بە ڕێژەی ٢٪ لە ساڵێکدا کەمدەبێتەوەو هەمان ڕێژە لە ٧٣ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بینراوە لە ساڵی هەزارو نۆسەدوپەنجاکانەوە. بە ڕێژەی (٢٪)ی یەکگرتن، نیوەی ژیانی پرۆسەی یەکگرتن ٣٥ ساڵە. بۆ نموونە: نیوەی بۆشایی ناوەکی بۆ داهاتی ناوخۆ دەبێت لە ماوەی ٣٥ ساڵدا نەمێنێت، تەنانەت ئەگەر ٢٪ بۆ ساڵێك زۆر هێواش بێت، ماوەی دوای جەنگو بە درێژایی ٧٠ ساڵ جێگیری دەبێت وای کردبێت کە جیاوازی لە داهاتی ناوخۆ کەمبووبێتەوە.

بە دڵنیاییەوە، بە هەژمارکردنی ڕۆڵی بازرگانیو ئاڵوگۆڕ لە بەرەوپێشبردنی تەکنەلۆژیادا، ناڕاستەقینەیە کە چاوەڕێی ئەوەمان بکردایە کە خێرابوونمان لە یەکگرتندا ببینیایە لە ماوەدای پاش جەنگ، بەجیهانیبوونی خێرا، بونیادنانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیو دەرکەوتنی سیستەمی دروستکردنی "دروستکراو لە جیهان"دا، کە وڵاتانی گەشەسەندوو یەکدەخاتەوە بۆ زنجیرەی نرخی ئاڵۆزی جیهانیو پێشوازی لە پێگەی وەبەرهێنانی دەرەکیی ڕاستەخۆ لە سێکتەرە پیشەسازییەکاندا. بۆ نموونە: دۆوریکو دیلۆنگ ئەوە دەردەخەن کە یانەی یەکگرتن گەشەی زیاتر بوو لە ماوەی زۆری ڕێژەی ئاو لە جیهاندا لە ساڵانی ١٨٧٠-١٩١٣و زۆر خێراتر بوو لە سەردەمی دوای جەنگی دووەمی جیهانی. بە شێوەیەکی گرنگ، بە تێبینیکردنی ئەو کاڵبوونەوەیە لە گەڕانەوە بۆ ناوەند، هاندەرێکی تیۆریی گرنگ بۆ یەکگرتن، ڕێژەی بەرزیی جوڵەی کاپیتاڵی نێودەوڵەتی لەو سەردەمەدا هۆکار بووە بۆ گەیشتن بە لوتکەی بەجیهانیبوون پێش قەیرانی دارایی جیهانی، کە دەبوو یەکسانیی دروستبکردایە لە گەڕانەوەکان بە شێوەیەکی خێرا بۆ ناوەند. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەمە نەسەلمێنرا کە کەیسەکە بێت. ئەمە پێشنیاری ئەوە دەکات کە هێزێکی بەرپەچدەرەوەی بەهێز هەبوو، کە ڕۆڵیدەگێڕا بۆ بەرگرتن بە پلەیەکی بەرزتری یەکگرتن لەم دەیانەی ڕابردوودا. هۆکار بوو بۆ خێرابوونو تاودانی گۆڕانکاریی تەکنەلۆژی، کە هۆکارە بۆ باش پیشاندانی زیادبوونی گەڕانەوە بۆ پایتەختو ناوەند.

### ٣. خێرابوونی تەکنەلۆژیو فراوانبوونی بۆشایی داهات

لە ساڵی ١٨٢٠دا، لە کۆتایی شۆڕشی پیشەسازیدا، نایەکسانیی داهات بە درێژایی ناوچەکان تا ڕادەیەک کەم بوو. داتاکانی ئەنگەس مادیسن دەریدەخەن کە وڵاتە دەوڵەمەندەکانی ئێستا لەو کاتەدا داهاتیان ٢٣٠٠$ بوو بە نرخی ساڵی ٢٠٢٣، کەمتر لە دوو هێندە بۆ داهاتی گشتیی تاک (١٢٠٠$)و زۆر لە سەرووی ناوەندی جیهان

بۆ داهاتی ناوخۆ نەبوو، کە بریتییە لە ١٣٨٥$. ڕێژەی دەوڵەمەندەکان بە بەراورد بەوانی دیکە لە ١.٩:١ زیادیکرد، لەو کاتەی کە ئەو وڵاتانەی ئێستا دەوڵەمەندن، کشانەوە لە ڕیزی وڵاتانی دیکە لە ڕێگەی بەپیشەسازیکردنەوە، گەیشتن بە ٦.٧:١ لە ساڵی ١٩٧٣دا.

ئەم فراوانبوونی بۆشاییە بە شێوەیەکی سەرەتایی ڕەنگیدایەوە لە سەر گەشەسەندنی تەکنەلۆژیاو چاندنی سیستەمی ئابووری، کە هاندەر بوو بۆ کارپێکردنی تەکنەلۆژیا بۆ مەبەستی بازرگانی لەو وڵاتانەی ئێستا دەوڵەمەندن. لە هەموو ناوچەکاندا بە دڵنیاییەوە، تا ئێساش جیاوازییەکی زۆر لە نێوان داهاتی وڵاتانی زۆر دەوڵەمەندو زۆر هەژاردا هەیە، بە هۆی گەندەڵیو چڕکردنەوەی دەسەڵاتەکانی پایتەختەوە، هەرچەندە ئاستی گشتیی داهاتی کۆمەڵگە سنووردارکراوە بەو تەکنەلۆژیایەی لە بەردەستدایە. شۆڕشی پیشەسازی ئاستەکانی بەرزکردەوە، پێگەیشتنی ئابووریی پیشەسازی لە دوای ماوەی جەنگی دووەمی جیهانییەوە زۆر لەبار بوو بۆ بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیای پەیوەست بە بەرهەمهێنانی پیشەسازییەوە.

سەرەتا، وەک ڕاستییەکی ڕازێنراوە، ئابووریی دوای جەنگ گەڕانەوەی بەردەوامی بۆ قەبارەو جێگیریی پشکی کرێکار لە داهات (ڕاستییەکانی کاڵدۆر)، هەردووکیان نیشاندەری ئابوورییەکی کێبڕکێکارن. ئەمە ڕێگەیەک بوو بۆ یەکگرتن، دۆوریکو دیلۆنگ ئەوە دەسەلمێنن کە یانەی یەکگرتن لەم ماوەیەدا گەشەیسەند. دووەم: هەڵوەشاندنەوەی دواتری بەرهەمهێنان لە دامەزراوە نەتەوەییە یەکگرتووەکاندا بە شێوەی ستوونیو گۆڕانی بۆ زنجیرەی نرخی بڵاوبووەوەی جیهانی، کە هاوبەشیدەکرا بە ڕێژەیەکی زۆری وەبەرهێنانی بیانیی ڕاستەوخۆ، کە لە یەکگرتنەکاندا زیاتر پەسەند بوو. هاوشێوەی ئەمەش، دامەزراندنی ئینتەرنێت هۆکار بوو بۆ بڵاوبوونەوەی زانیاریی نەزانراوو تەکنەلۆژیا بە درێژایی سنوورەکان، کە تەواوکاری بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆژیا بوو کە بۆ بەرهەمو خزمەتگوزارییەکان بەکاردەهێنرا. لەگەڵ ئەمەشدا، لە ساڵی (١٩٨٠) وە، دوو سێتی گەشەسەندنی تەکنەلۆژی هۆکاری خێراتربوونی گۆڕانی تەکنەلۆژی بوو، کە هۆکار بوو بۆ دەرپەڕاندنو فراوانکردنی سنووری تەکنەلۆژی،کۆمەڵە داهێنانە تەکنەلۆژییە پەیوەندیدارەکان، کە ئابووریی بنەمادار بە زانیاری (KBE) یان لە دەوروبەری ساڵی ١٩٨٠دا هێنایەئاراوەو کۆمەڵە داهێنانە تەکنەلۆژییە پەیوەندیدارەکان، کە ئابووریی بنچینەدار بە داتا (DDE)یان لە دەوروبەری ساڵی ٢٠١٠دا هێنایەئاراوە.

ئەم شۆڕشانە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە سەریانهەڵداو یارمەتیدەر بوو بۆ هێشتنەوەی داهاتی پارێزراوی دەوڵەت بۆ جیهانی باکوور. بە شێوەیەکی تێبینیکراو، داهاتی گشتیی ناوخۆی ئەمریکا کە لە دابەزیندا بوو، لە دوای ساڵی (١٩٨٠)وە بە ڕێژەی ٢٥٪ جێگیربوو، کاتێک ئەمریکا پێشڕەوییە تەکنەلۆژییەکەی گەیاند بە

تاکجەمسەرییەکەی. بە دڵنیاییەوە، بە پشتبەستن بەوەی ئێمە چۆن سوودەکان پێوانەدەکەین‌و بەرپرسیاریەتی هەڵدەگرین بۆ دروستکردنی سەروەت، جیهانی باکوور جیابووەوە.


ئابووریی بنچینەدار بە زانیاری بە هۆی بەپیشەسازیبوونی گەشەپێدان‌و توێژینەوەوە دروستبوو، کە بە شێوەیەکی زۆر داهاتی خاوەندارێتیی فیکریی پارێزراوی فراوانکردن بۆ ئاستی بەرزتر لە قازانجی ئاسایی. ئاڵوگۆڕی داینامیکیی داتا بە هۆی بەپیشەسازیبوونی فێربوونەوە بە ئامێر هاتەکایەوە، بە سوودوەرگرتن لەو قەبارە گەورەیەی داتای تێدا دەجوڵا. کاتێک سەردەمی مۆبایل دروستبوو، هەردوو شۆڕشەکان کاریانکرد بۆ کۆکردنەوەی قازانجی داهاتی گشتیی ناوخۆ. هەردووکیان لە جیهانی باکوورەوە سەرچاوەیانگرتبوو. هەردووکیان گەڕانەوەیان بۆ پایتەخت زیاددەکردو هاندانی یەکگرتنیان کەمدەکردەوە. ئەوەی جێی سەرنجە، بریتییە لەوەی جیاوازی لە داهاتی تاکەکەسدا زۆر زیاترنەبوو.


ئەمە دەتوانرێت تەنها بە دوو فاکتەر جیابکرێتەوە: (١) هێزی بەهێزی قەرەبووکردنەوەی یەکگرتن لەو بەجیهانیبوونەی کە زیانی زۆری پێ گەیشتووە، (٢) چین بەشداربوو لە هەردوو ئابووریی بنچینەداری زانیاری‌و ئاڵوگۆڕی داتای داینامیک لە دەوروبەری ساڵی ٢٠١٠و بەشداربوو لە سوودەکانی، کە یەکێک بوو لە وڵاتە تازەگەشەسەندووەکان ئەو کارە بکات. بە گشتی، داهاتی تاک بۆ داهاتی گشتی ناوخۆ زیاتربوو، بەڵام ژمارەیەکی کەمی وڵاتەکان بە هێواشی چوونەناو گرووپی وڵاتە گەشەسەندووەکانەوە. جیهانی باکوور وەکو پێشکەوتنی ساڵانی هەزارو نۆسەدوهەشتاکانی مایەوەو جیهانی باشووریش وەک خۆی مایەوە جگە لە چین، کە بوو بە وڵاتی گەشەسەندوو.

## ٤. خەونبینین لەگەڵ بریکسدا

### ٤. ١. بریکس وەک یانەیەکی یەکگرتوو

بریکس بە هیچ شێوەیەک یانەیەکی یەکگرتوو پێکناهێنن،مێژوو، کولتوور، بەیەکەوەبەستنی جوگرافی‌و بەرژەوەندیی هاوبەشی ئابوورییان نییە. لە مەرجەکانی داهاتی تاک لە بەرهەمی گشتیی ناوخۆ، بە پێی داتابەیسی ئابووریی جیهانیی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بۆ نیسانی ٢٠٢٣، لادانی ستاندارد لە داهاتی تاکەکەس بۆ بەرهەمی گشتیی ناوخۆ لە گرووپەکەدا لە ساڵی (٢٠٠١)ەوە کە چەمکی بریکسداڕێژرا، زیادیکردووە (شێوەی ٢). ئەوان لە یەکتری دووردەکەونەوە نەک یەکبگرن، ئەگەر ڕێژەی گەشەکردنی دامەزراو هەژماربکەین بۆ دوو دەیەی ڕابردوو، بەڕازیل‌و ئەفریقای باشوور گەشەسەندنی بەرچاویان بەخۆوەبینیوە، بەڵام ئەندامەکانی دیکە بە پێچەوانەوە. چین بەم نزیکانە ئەندامەکانی دیکە بەجێدەهێڵێت.








لە داهاتە نێودەوڵەتییەکانی تەکنەلۆژیادا، بە پێی پێوەری دیاریکەری بانکی جیهانی، بریکس بەبێ چین لە ساڵی ٢٠٠١دا تەنها هێڵێکی تەخت بوو لە سەر گرافەکە. چین لە ناوەڕاستی دەیەی ڕابردووەوە دەستی بە دەرکەوتن کرد (شێوەی ٤). لەگەڵ دەرکەوتنی چیندا، هێشتا ڕێگەیەکی درێژی لە بەردەمدایە،فیکری خاوەنداریەتی چین لە ٢٠٢١دا کەمتر بووە لە ١٢ ملیار دۆلار، جیهانی باکوور بە گشتی ٤١٦ ملیار دۆلار بوو (شێوەی ٥). جیهانی باشوور بەبێ بریکس کۆیگشتیی کەمتر بووە لە بریکس ، بەبێ چین لە ٢٠٢١دا.


بەبێ گفتوگۆکردن لە سەر بەرەوپێشچوونی دەگمەنی چین لە دەیەی ڕابردوودا بۆ گەشەپێدانی خۆی وەک بنچینەدار بە زانیاریو هاندراو بە بەرەوپێشچوونی ئابووری، زۆر باشتر دەردەکەوت، ئەگەر سیستەمێکی مەتریی هەبوایە، نرخی ئەو داتایەی لەگەڵ نرخی داهاتی فیکریی خاوەنداریەتیدا بگونجایە، هیچ فرەجەمسەرییەک لەم ناوچەیەدا نییە. لەگەڵ ئەمەشدا، چینی لێ دەربچێت، هیچ بەڵگەیەک بۆ یەکگرتن لەم ناوچەیەدا نییە. تەنانەت بریکسیش یەکگرتنیان پێکنەهێناوە لە سەر دراوە فیکرییە خاوەندارییە نێودەوڵەتییەکان یاخود تەکنەلۆژیا گرنگەکان. لە ٢٠٢١دا، چین پێش ویلایەتە یەکگرتووەکانی دایەوە لە پێشەنگیی هەناردەکاری جیهانیدا بۆ تەکنەلۆژیا بە ڕێژەی ٤٧ ملیار دۆلار، ئەندامەکانی دیکەی بریکس ڕووبەڕووی ئاستەنگی بوونەوە

(شێوەی ٦). پارە دراوە گشتییەکانی جیهانی باشوور داویەتی، ٩٢ ملیار دۆلار بووە (زۆرینەی لەلایەن وڵاتەکانی سەرووی ئاستی ناوەندەوە بووە).


شێوەی٤: ڕەچەتە نێودەوڵەتییەکانی خاوەندارێتی فیکری بریکس، ملیۆن دۆلاری ئەمریکی




شێوەی ٥: ڕەچەتەی نێودەوڵەتی خاوەندارێتی فیکری ، گروپە دیاریکراوەکان، ٢٠٠١ و ٢٠٢١، ملیۆن دۆلاری ئەمریکی




شێوەی٦: ڕەچەتە نێودەوڵەتییەکانی خاوەندارێتی فیکری بریکس، ملیۆن دۆلاری ئەمریکی



لە کۆتاییدا، ڕاستییەکی دیارخراوە لە ئەدەبیاتی بازرگانیی کۆمپانیاکان کە کۆمپانیای گەورە بەرهەمدارترن لە کۆمپانیای بچووک، ئەو کۆمپانیایانەی لە بازرگانیی نێودەوڵەتیدا بەشداردەبن، بەرهەمی زیاتریان هەیە وەک لەوانەی تەنها لە ناوخۆدا ڕۆڵدەگێڕن، هەموو ئەو کۆمپانیایانەی لە دەرەوە وەبەرهێناندەکەن، باڵادەست دەبن بە سەر کۆمپانیا بازرگانییەکاندا، بە هەمان شێوەی کە کۆمپانیا بازرگیانییەکان باڵادەست دەبن بە سەر کۆمپانیا ناوخۆییەکاندا. بەرەوپێشچوونی سەرکەوتوو ڕەنگدانەوەی هەبووە لە سەر ئەو کۆمپانیایانەی خێرا گەشەدەسەنن. چین پێشەنگی جیهانە لە ژمارەی کۆمپانیا سەرمایەدەرییەکاندا، کە ژمارەیان ٥٠٠ کۆمپانیایەو لە کاتێکدا هەموو ئەندامانی دیکەی بریکس بەیەکەوە نزیکەی ٢٠ کۆمپانیان.
هەروەها چین بە پلەی دووەم دێت لە دوای ئەمریکا لەو کۆمپانیایانەی کە نرخیان لە سەرووی ١ ملیار دۆلارەوەیەو ژمارەیان ١٧١ کۆمپانیایە. هیندستان لەم دواییانەدا بوونی لە سەر ئەم لیستە تۆمارکردووە بە ٧٠ کۆمپانیا، بەڵام ئەندامانی دیکەی گرووپەکە بە کۆی هەموویان ١٧ کۆمپانیایان تۆمارکردووەو ڕوسیاش هیچ کۆمپانیایەکی نییە. بە مەزەندەکراوی، ئەمریکا خاوەنی ٦٥٦ کۆمپانیای لەم شێوەیەیە تا کاتی نوسینی ئەم نوسراوە. لە زاراوەی کۆمپانیا زەبەلاحەکان، چین بە هەمان شێوە لە سەرووی هەموو ئەندامانی بریکسەوەیەو تاکە وڵاتە لە ئەمریکاوە نزیکە، کە بە تەنها لە پاڵەوانییەکەدایە. لە کۆتاییدا، بریکس یانەیەکی لەیەکنزیکبووەوە نییە.

### ٢.٤. سەرکەوتنی دەنگۆ

بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، دیدی بریکس بە هۆی ڕێککەوتنێکەوە بوو، ڕێککەوتنێکی کاتی کە تێیدا ژمارەیەک قەیرانی جۆراوجۆر لە سەرەتای هەزارو نۆسەدونەوەدەکاندا هەبوو، کە زەمینەی خۆشکرد بۆ گەشەسەندنی داهاتوویان:
-بەڕازیل لە هەڵئاوسانە زەبەلاحەکەی هاتەدەرەوە لە کۆتایی ١٩٨٠و سەرەتای ١٩٩٠و گەڕانەوەی سەقامگیری لە ساڵی ١٩٩٤ لە ژێر ئەو پلانە ڕاستەقینەیەی لەلایەن حکومەتی کارای مەدەنییەوە بەڕێوەبرا.
-ڕوسیا یەکیگرتەوە لەو دارمانەی لە دوای نەمانی یەکێتیی سۆڤییەت لە ١٩٩١دا ڕوویداو چووەناو قۆناغێکی نوێی گەشەسەندنەوەو داوای ڕێککەوتنی هاوبەشی لەگەڵ ناتۆدا (NATO) کرد.
-هیندستان دەرکەوتەوە لە دوای ڕێککردنەوەی قەیرانی دانەوەی قەرزەکانی لە ژێر سیاسەتی سەروەریی ئابووریەوە، کە وەزیری دارایی مانمۆهان سینگی دیاریکرد.
-چین ئابوورییەکەی سەربەخۆکرد، بە سەرکردایەتیی دێنگ ژیاوپینگ لە دوای سەردانە بەناوبانگەکەی بۆ باشوور لە ساڵی ١٩٩٢دا.
-ئەفریقای باشوور، کە لە دواییدا بوو بە ئەندام لە گرووپەکەدا، لە هەمان کاتدا

کێشەی هەبوو، لەگەڵ کۆتاییهاتنی ڕەگەزپەرستیو گەڕانەوەی حکومەتی هەڵبژێردراوی دیموکراتی لە ١٩٩٤دا، هۆکار بوو بۆ ئەوەی وڵاتەکە بخاتەسەر ڕێگەی چاکبوونەوە.
گەشەسەندنی بەپیشەسازیبوونی وڵات هۆکار بوو بۆ دەرچوون لەو پاشەکشە ئابوورییەی ساڵی ٢٠٠١، لەو کاتەی بە "میانڕەوی مەزن" ناسرابوو، ئەو هاندەرە بوو بە شێوەی ڕوکەشیو کاتی شیکارییەکانی گۆڵدمان ساکی پشتڕاستدەکردەوە. ڕێکەوتی قەیرانو چاکبوونەوە لێی، هەموو هێزێکی لەدەستدا. دوابەدوای قەیرانی جیهانیی مەزن لە ٢٠٠٨-٢٠٠٩، لەم هەستانەوەیەدا بریکس دەرکەوت، بە هۆی چوونەناوەوەی ئەم وڵاتانە بۆ ئۆتۆریتاریانیزمو پۆپۆلیزم. هەنگاوەکانی پوتین بۆ دووبارە دروستکردنەوەی ئیمپڕاتۆریەتی ڕوسیا بە هێرشکردنەسەر هاوسێ بچووکەکانی ئابووریی ڕوسیای بە دۆلاری ئەمریکی بچووککردەوە. مەیلی هیندستان بە لای نەتەوەپەرستیی هیندو کشانەوەی لە ئازادکردن لە ژێر حوکمی حکومەتەکەی مۆدیداو کشانەوە لە هاوبەشیی ئابووریی گشتیی ناوچەیی، ڕەنگدانەوەی خراپی لە سەر دروستکرد.
بەڕازیل کەوتەناو گێژاوی گەندەڵیو جەمسەرگیری لە کاتی حکومەتەکەی بۆلسۆنارۆو لولاوە. گەشەسەندە سیاسیو نارێکەکەی چین لە ژێر کاریگەریی تاکڕەوانەی دژی، بازاڕەکانی هەراسانکردبوو (کۆتا بابەت لەم بارەیەوە گەڕانەوەی جاکمایە لە دوای ونبوونی لە چاوی ڕایگشتی، کە لە ساڵی ٢٠٢٠دا وتارێکی دا، کە ڕەخنەی لە دەسەڵات دەگرت). ئەفریقای باشووریش چووەناو سەردەمی پاش ڕەگەزپەرستییەوە، بە پێشبینیی زۆرەوە ئامانجیان ئەوە بوو زۆرینە حکومڕانیبکات، لە ساڵانی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠٠٧دا گەیشتە لوتکەو پاشان گۆڕا بۆ "بازنەی گەشەکردنی نارێک، بەردەوامبوونی هەژاری، بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاریو تاوان بە شێوەیەکی زۆرو مەترسیدار". ئەمە لە کاتێکدا بوو سیستەمە سیاسییەکەیان دەنگۆی ناشرینی زۆری لە سەر بوو.
گرووپی بریکس لە ڕووی زاراوەی ئابوورییشەوە ڕێگەیان جیاکردبووەوە. چین لە ماوەی پاش ٢٠١٠ هەوڵیداوە کە ببێت بە ئابوورییەکی بنچینەدار بە زانیاریو هاندراو بە داتاو بچێتەناو یانەی یەکگرتنەوە لەگەڵ وڵاتە پێشەسازییەکاندا -جیهانی باکوور-، هەرچەندە ئەمە بووە هۆی دەرکەوتنی نارەزایی لە بەفەرمیبوونی ئەندامیەتیی چین، کە ئەمەش لە کۆتاییدا خۆی لەو جەنگە تەکنەلۆژییەدا دەبینێتەوە کە ئەمریکا دەستیپێکردووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو تەوژمەی چین بۆ پێشەنگی جیهان لە داهێناندا، لە ڕێگەیە بۆ ئەوەی ببێت بە ئەندام لە جیهانی باکووردا، بەڵام خاوەن ئابوورییەکانی دیکەی بریکس نەبوون بە بەشێک لە ئابووریی بنچینەدار بە زانیاریو هاندراو بە داتا. بەرهەمهێنانی زانیاریو هاوردەکردنی زانیاری تێیاندا هێڵێکی وەستاوە.

### ٣.٤. بریکس وەک بنەمایەکی گەشەپێدان

١٣ وڵات بە شێوەیەکی فەرمی داوایان پێشکەشکردووە بۆ بوون بە ئەندام

لە بریکسداو ٥ی دیکە بە شێوەیەکی نافەرمی ویستی خۆیان بۆ بوون بە ئەندام دەرخستووە. بۆ جیهانی باشوور، بوون بە ئەندام لە گرووپی گەورەی بریکس وەک لەنگەرێکی گەشەپێدان کارێکی هەڵەیە. با ئەمە شیبکەینەوە، سەرەتا هەوڵەکانی وڵاتانی جیهانی باشوور بۆ ئەوە نییە کە لە جیهانی باشووردا بمێننەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە بگەن بە جیهانی باکوور. گرووپی بریکس جیهانی باکوور نییەو چین بەرەو باکوور دەڕوات نەک باشوور. تەنها دوو موعجیزەی ئابووریی بەرچاو هەبووە جگە لە شۆڕشی پیشەسازییە بنەڕەتییەکە، ئەوانیش ژاپۆن دوای سەردەمی مێیژیو چین لە دوای ١٩٨٠.

هەردوو وڵات دانیان بە مەترسیی دواکەوتنی تەکنەلۆژیدا ناوەو درکیان پێ کردووە، هەردوو وڵات پڕۆگرامێک پەیڕەودەکەن کە بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیایە. ژاپۆن لە پێشەنگی ئابووریدایە لە سەرەتای دروستبوونیەوە، بەریتانیای مەزن لە پەرلەمانە دوانییەکەیەوە بۆ جلوبەرگی قوتابییە کچەکانی، چینیش ئێستا پێشەنگی ئابووریی خۆیەتی، ویلایەتە یەکگرتووەکان لە شێوازی بەرێوەبەری جێبەجێکاری دۆڵی سلیکۆنەوە کە شانازیی پێوە دەکەن، بۆ شێوازی ڕۆژنامەنوسیی باڵی ڕۆژئاوا بۆ کورتکردنەوەی بابەتەکان، بەڵام بابەتە گرنگەکە بۆ مەسەلەی ئێستا ئەوەیە کە هەردوو وڵات دەیانەوێت تەکنەلۆژیای زۆر پێشکەوتوو بەدەستبهێنن‌و هەزمیبکەن‌و پیشەسازیی ڕەسەنی خۆیان دروستبکەن، ژاپۆن بە تۆڕی دامەزراوەی زیاباتسوو و چین بە دامەزراوەکانی دەوڵەت‌و دەستپێکردن بۆ دروستکردنی سێکتەرە تایبەتەکانی کە (NASDAQ) بۆ ئاڵوگۆڕ جۆرێکیانە.

دووەم، تاوەکو ئێستا بازرگانی دیار لەگەڵ بریکسدا بازرگانیی لەگەڵ جیهانی باکووردا وەلاناوە، ئەمە گواستنەوەی زانیاری بۆ جیهانی باشوور لاوازدەکات، بە هۆکاری ئەوەی جیهانی باکوور وەک سەرچاوەی زۆرینەی تەکنەلۆژیای بازرگانی بەنرخە، بەڵام بەرەوپێشچوونە بەرچاوەکانی چین لەم دواییانەدا ڕوویداوە. ئەمە بۆ ئەوە نییە کە لە پێشکەوتنی زێرخانی چین کەمبکەینەوە، کە لە وڵاتە تازەپێشکەوتووەکاندا بەکاریدەهێنێت، بەڵام ژێرخانی گەشەسەندن چەندین جار وەک هوتاف‌و وتاری بانگەشەی گەشەسەندن وتراوەتەوە، کە لە دواییدا سەرنەکەوتووە. گەشەسەندن دەکەوێتەسەر دامەزراوەو تەکنەلۆژیا. هاوشێوەی ئەمە، بۆ چین، چڕکردنەوەی بازرگانی لەگەڵ باشووردا (وەک دەستپێشخەریی ڕێگەو پشتێنە (BRI)) هۆکارن بۆ لاوازکردنی بازرگانی لەگەڵ جیهانی باکووردا.

لە هاوسەنگیدا، ئەم جێگرەوەیە "فێربوون بە هەناردەو هاوردە"ی چین کەمدەکاتەوە، بە هۆی گواستنەوەی زانیاری بە شێوەیەکی فراوانتر بۆ وڵاتانی پێشکەوتووی تەکنەلۆژی. بۆ تیشکخستنەسەر ئەم خاڵە، چین پێشەنگی جیهانە لە بەرهەمهێناندا، بەڵام سێ وڵاتی زەبەلاحی ئابووریی دروستکردنی جیهانی باکوور (ویلایەتە یەکگرتووەکانی

ئەمریکا، ئەڵمانیاو ژاپۆن) پشکی زیاتریان لە بەرهەمهێنانی جیهانیدا هەیە وەک لە چینو لە پشکی یەک لە سێی دانیشتواندا.

سیاسەتی بەڕازیل، ڕوسیاو هیندستان لە بەشی سەرەوەی بابەتەکانە، بەڵام ئابووریەکەیان بەم شێوەیە نییە. "بیرۆکەکە بریتییە لەوەی ئەمڕۆ چین چۆنە، وڵاتانی خێراگەشەسەندوو لە بەڕازیلەوە بۆ بەنگلادیش بە هەمان شێوە بن لە داهاتوودا." بەڵام وەک چۆن بردنەوەی یاریی پاڵەوانیەتیی تێنسی سەرزەوی بۆ یاریزانە بەتەمەنەکان قورسیی خۆی هەیەو ئاڵنگاریی زۆریان دێتەپێش، گەشەسەندنیش بە هەمان شێوەو زۆر قورستریشە، بەڵام ئێمە بیرۆکەی زۆر باشترمان هەیە لە بردنەوەی پاڵەوانیەتییەکی تێنس بۆ گەشەپێدانی ئابووری.

## ٤. ٤. بریکس وەک هەژموونشکێنێک

یەکێک لە خاڵە هاندانە زۆر مشتومڕلەسەرەکان بۆ پێکهێنانی بریکس وەک پێشڕەوێک، بۆ وەرگرتنی ئازادی بووە لە ژێر هەژموونی ئەمریکا. ئەمە دوو ڕێگە دروستدەکات: بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی ئابڵوقەو سزاکانی ڕۆژئاوا لە سەر ڕوسیا، لە میانەیاندا مەترسیی بلۆککردنی ئەسێتەکانی دراوی بیانیو داخستنی سیستەمی نێودەوڵەتیی بانکیی سویفت، کێشەکانی دیکەی پەیوەست بە دانانی دۆلار بە دراوی مامەڵەپێکراوی جیهانی. لە خاڵی یەکەمدا خاوەن دەسەڵاتە بەهێزەکان بە شێوەیەکی خراپ مامەڵەدەکەنو گومان هەیە لە بارەی بەکارهێنانی دەسەڵاتی ئەمریکا زیاتر لە ئاستی خۆی لە سەردەمی تاکجەمسەرییەکەیدا، بەکارهێنانی سزاکان وەک ئامێرێک لە جەنگی ئابووریدا، لە تێڕوانینان بۆ ئەم بابەتە جیۆئابوورییە سەیری (Ciuriak) بکە. هەر چۆنێک بێت، باس لە سێ تێبینیی دیکە دەکەین لەم بارەیەوە.

### ٤. ٤. ١. مەترسییەکانی هێزی جیۆئابووری

بریکس سەلماندوویەتی کە ئامادەکاریی خۆیان کردووە بە شێوەیەکی بەهێز، کاتێک بەرژەوەندییەکانیان مەترسیی لە سەر بێت. پرسیارە جددییەکەی ڕووبەڕووی وڵاتانی جیهانی باشوور دەبێتەوە، ئەوەیە کە دەیانەوێت بەدواداچوون بۆ چ ناکۆکییەک بکەن لە ڕێگەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی بازرگانییەوە، یان دادگاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانو یەکێتیی ئەوروپا، کە توانای گفتوگۆکردن لە سەری هەبێت لەگەڵ هاوتاکانیاندا لە گرووپی بریکس ، کە هەمیشە دەستێکی بەهێزتریان هەبێت.

تاک دەتوانێت بەراوردی ئەم ئەزموونە بکات بە دادگاییکردنەکەی ئینتەرنێتی (Bytedance) لە ئەمریکاو مانەوە لە بازرگانییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان (لەگەڵ ئەوەی هەندێک لە ئەپی چینی لەلایەن دەزگای فیدراڵیی ئەمریکییەوە لە مۆبایلەکانی ئەمریکادا قەدەغەکراوە)و بە دەرکردنی یەکسەریان لە هیندستان لە ساڵی ٢٠٢٠دا.


دەتوانرێت پرسیار لە جاکما بکرێت، کە مامەڵەکردن لەگەڵ ژیجینپینگدا چۆنە، یاخود پرسیار لە بەڕێوەبەرە جێبەجێکارەکان لە کۆمپانیای گازپرۆم بکەین، کە دەرکران، کە مامەڵەکردن لەگەڵ ڤیلادمێر پوتینندا چۆنە. مامەڵەکردن لەگەڵ ئۆتۆکراتەکاندا کاتێک داوای هاوکاریو پاڵپشتیت لێ دەکەن، بابەتێکەو کاتێکیش ئەوان خاوەن دەسەڵاتن، بابەتێکی تەواو جیاوازە.
باشترین شێوە بۆ نموونەهێنانەوەی ئۆتۆکراتەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەمەیە. ڤلادیمێر پوتین کە لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن لە ساڵی ٢٠٠٧ وتاریدا، بە دوایدا باشترین دەیەی ڕوسیا بوو بۆ گەشەسەندن، کە بەم شێوەیە دەستیپێکرد: تاکە دەوڵەتێک، ئەمریکاش بە تایبەتی زیاد لە پێویست لە هەموو ڕوویەکەوە سنوورەکانی خۆی تێپەڕاندووە.
ئەمە لە سیاسەتەکانی ئابووری، سیاسی، کولتووریو سیاسەتە فێرکارییەکاندایە، کە بە سەر دەوڵەتانی دیکەدا دەیسەپێنێت. کێ ئەمەی بە دڵە؟ کێ بەمە دڵخۆشە؟... ئەمە بە دڵنیاییەوە مەترسیدارە. ئەمە لەوەدا ڕەنگدەداتەوە کە هیچ کەسێک هەست بە سەلامەتی ناکات. دەمەوێت جەخت لە سەر ئەمە بکەمەوە کە "هیچ کەسێک هەست بە سەلامەتی ناکات"، لەبەرئەوەی هیچ کەسێک هەستناکات کە یاسا نێودەوڵەتییەکان وەک بەردەتاشێک بێت، کە بیپارێزێت. بە دڵنیاییەوە ئەم جۆرە سیاسەتە ململانێی چەکداری دروستدەکات." (پوتین، ٢٠٠٧).
ئایا هەموو کەسێک هەست بە سەلامەتیی زیاتر دەکات کە پوتین تووڕەیی خۆی بە هەژموونی ئەمریکا دەربڕی! بە هەموو خراپییەکانیەوە، پێشڕەویی جیهانی بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا ڕێگەی بە چین دا گەشەبکاتو ببێت با ئابوورییەکی خاوەن ١٢٠ ملیار دۆلاری. وەک باسکرا، ڕوسیا باشترین دەیەی گەشەسەندنی لە مێژووی خۆیدا تۆمارکرد دوای هەماهەنگی لەگەڵ ناتۆدا، پێش ئەوەی پوتین سیاسەتی دەرەوەی "سەربەخۆیی" فراوانبکات، کە ئاگربارانو داگیرکردنی وڵاتە بچووکەکانی دەوری لەخۆدەگرت، ژەهرەکەی خۆت هەڵبژێرە. وەک شەبنم کەلیملی ئۆزجان تێبینییکردووە، "لە بنەڕەتدا هەر دراوێک دەتوانرێت وەک چەک بەکاربهێنرێتو ئەو چەکانەی کە زۆرترین زیان دەگەیەنن، حکومەتە ئۆتۆکراتەکانن."

### ٤.٢.٤. بەکارنەهێنانی دۆلار، هەڵبژاردنی دراوی خۆت بۆ بازرگانی

بۆ بابەتی بەکارنەهێنانی دۆلار بۆ بەرژەوەندیی بەکارهێنانی دراوی خۆیان بۆ بازرگانییەکان، وەک سەرۆکی بەڕازیل،لولا، باسیکردووە، تاقەتپڕوکێنەو شکستهێناوە. دەستپێشخەریی دوولایەنەی ڕوسیاو هیندستان بۆ بازرگانیکردن بە دراوەکانی خۆیان هەرگیز سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا، لەبەرئەوەی بازرگانییە دوولایەنەکەیان هاوتا نەبوو و ڕوسیا ڕوپیەی زیاتری نەدەویست. ئەمە کێشەیەکی جیاکراوە نابێت، لەبەرئەوەی

بازرگانیی دوولایەنە هەرگیز یەکسان نییە! شێوەی ٧ یەکسانیی دوولایەنەی ئەمریکا پیشاندەدات لەگەڵ هەر یەکێک لە هاوبەشە بازرگانییەکانیدا.
خوێنەری زیرەک تێبینیی ئەوە دەکات کە هیچ کام لەم پەیوەندییە بازرگانییە دوولایەنانە لە ڕاستیدا یەکسان نین. لە سیستەمی بازرگانیی فرەلایەندا، هیچ هۆکارێک بۆ بازرگانیو ئاڵوگۆڕی هەژمارەکراوی بێشوماری نێوان کۆمپانیاو بازرگانەکان نییە بۆ ئەوەی یەکسانی لە ڕەوتی بازرگانیی نێوان دوو وڵاتدا بەدەستبێت. بازرگانیی دوولایەنەی یەکسان بە سیستەمی بارتەر بەدەستدێت. یەکسانی لە سیستەمی بازرگانیی دوولایەنە بابەتێکی ڕاستەقینە نییە، تەنانەت ناتیۆرییە کە باسی لێوە بکرێت.

شێوەی ٧: پوختەی هەناردەی ئەمریکا وەک پشکی بازرگانی دوو ڕێگا لەلایەن هاوبەشەوە ٢٠١٦.




سەرچاوە: نەخشەی بازرگانی سەنتەری بازرگانی نێودەوڵەتی، هەژمارکردنی لەلایەن نووسەرەوە لە سیوریاک ٢٠١٧

## ٣.٤.٤. بەکارنەهێنانی دۆلار، بژاردەی دراوێکی هاوشێوەی ئەوروپا

لولا بەراوردی دراوە نوێیەکەی بە یۆرۆ کردو وتی: ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە دراوێکی نوێ بۆ کارپێکردن لە نێوان وڵاتانی بریکسدا دروستبکەین، وەک چۆن ئەوروپییەکان یۆرۆیان دروستکرد.
یەکەم کێشە کە ڕووبەڕووی دراوە هاوشێوەکەی یۆرۆی بریکس دەبێتەوە، ئەوەیە

کە وڵاتانی بریکس زۆر دوورن لە ناوچەی نمونەیی دراویی هاوبەش، وەک ئەوەی چاوەڕێدەکرێت. ناساندنی یۆرۆ لە سەر بنەمای مەرجی توانای بونیادنانی یەکگرتن بوو بۆ ئەندامانی خاوەن ئابووری (کرایتیریای ماستریچ)، بەڵام ڕووبەڕووی ئاڵنگاری بوونەوە لە بەدەستهێنانی متمانە لە بازاڕی داراییدا. ئەوەی کە ڕووبەڕووی دراوی بریکس دەبێتەوە، وەک ماستریچ ناتوانرێت بە خەیاڵیش بیری لێ بکرێتەوە. پێکهاتەی هێزی بانکی ناوەندیی بریکس هاوشێوەی بانکی ناوەندیی ئەوروپی مەحاڵە، بە ئەگەری زۆرەوە دراوی بریکس لەلایەن چینەوە دەستیبەسەرداگیرێتو ئەو بیرۆکەیەش کە ئەندامەکانی دیکە سازشبکەن بۆ دانی دەسەڵات بە بانکێکی لەو شێوەیە، بیرۆکەیەکی باوەڕپێنەکراوە.

**٤. ٤. ٤. بەکارنەهێنانی دۆلار، بژاردەی بریکس بۆ دراوی بانک**

لولا درێژەی بە وتەکانی داو وتی: "بۆچی دامەزراوەیەکی وەک بانکی بریکس ناتوانێت دراوێکی هەبێت بۆ پەیوەندییە بازرگانییە داراییەکانی لە نێوان بەڕازیلو چیندا، لە نێوان بەڕازیلو هەموو وڵاتانی دیکەی بریکسدا؟ کێ بڕیاریداوە کە دۆلاری ئەمریکی دراوی بازرگانییە لە دوای کۆتاییهاتنی سەردەمی ئاڵتونەوە؟"

بیرۆکەی ئەوەی بانکی بریکس دراوی خۆی دەربکات، نامۆیە، دراوە کاغەزییە تایبەتەکان بۆ چەندین سەدە ئاڵوگۆڕیان پێ کراوە، پێش ئەوەی بانکی ناوەندی بابەتی دراو بخاتەژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. دوو پرسیاری ئابووریی بەبایەخ هەیە کە ئەمانەن: چی دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی نرخی دراوە کاغەزییەکانو کێ وەریدەگرێتو بە چ ڕێژەیەکی داشکاو؟

لە کۆتاییدا، دراوی بریکس بە ٥ دراو پاڵپشتیدەکرێت لەگەڵ سنوور بۆ دانانی بەجیهانیبووندا (چین هێشتا خاوەن دەسەڵاتی سەرەکییە)و بنچینەی تەواو جیاواز پاڵپشتیی نرخی تاکەکانیان دەکات.

لێرەدا دەبێت جەخت لەوە بکرێتەوە کە هیچ کەسێک مامەڵەکردن بە دۆلاری ئەمریکی نەسەپێنێت لە ئاڵوگۆڕە نێودەوڵەتییەکاندا، بازاڕەکانو ژمارەیەکی بێشومار لە کۆمپانیاکان بەکاریدەهێنن وەک ئاسانکاریی نەختینەییو هۆکارەکانی تێچوون. دراوێکی بریکس بە ئەگەری زۆرەوە وەک بازرگانی لە ئاستێکی کەمدا پێدەکرێت، نرخی بازرگانی لە هەموو ئەو کۆمپانیایانە زیاددەکات کە قبوڵیدەکەن، لەبەرئەوەی دەبێت بیگۆڕن بە دۆلاری ئەمریکی، بۆئەوەی بازرگانیی لە دەرەوەی کۆمەڵەی بریکس پێبکەنو خۆیان لە مەترسیی ئاڵوگۆڕی فۆرێکس بپارێزن.

بە دڵنیاییەوە، وڵاتان دراوێکی یەدەگی قورسو بەنرخ هەڵدەبژێرن بە هۆکاری سیاسی (لەم ڕووەوە، دراوی بریکس وەک دراوی یەدەگ پێشنیارکراوەو جێگرەوەیە بۆ دراوی یەدەگی نێودەوڵەتی (IMF)، یاخود مافی ڕاکێشانی تایبەت (SDR))، بەڵام وڵاتان

بازرگانیناکەن، بەڵکو کۆمپانیاکان دەیکەن‌و ویست‌و بەرژەوەندیی کۆمپانیاکان سیاسی نییە. ڕێژەی ئاسایی مامەڵەکردن بە دراوی بیانییەوە لە نیسانی ٢٠٢٢دا،٧.٥ ترلیۆن بووە. دۆلاری ئەمریکی ڕێژەی (٨٨٪)ی ئەو ئاڵوگۆڕانەی پێکهێناوە.

پرسیارە ڕاستەقینەکە کە دەبێت بکرێت، بریتییە لەوەی ئایا یەکە تایبەتەکانی کە ئابووریی بریکسن، بە لایانەوە پەسەندە کە بە ڕۆبڵ یاخود ڕوپیە یان دۆلاری ئەمریکی پارەیان پێ بدرێت؟ بە دڵنیاییشەوە، ئێمە وەڵامی ئەم پرسیارە دەزانین. لە کۆتاییدا، ئەو تۆڕە دەرەکییانەی کە هەژموونی دۆلار ڕووندەکەنەوە، ناتوانرێت بە دراوی کاغەزی گوزارشتی لێ بکرێت.

**٤. ٥. بریکس وەک ئامرازێک بۆ ڕێکخستنی فرەجەمسەری**

پێگەی گرووپی بریکس لە خۆیدا دەرخستنی "ویستی هاوبەشە بۆ یەکگرتنی بازاڕە ئابوورییەکان‌و گەشەسەندنی وڵاتەکان"، لە جیهانی ڕێکخراوی فرەجەمسەریی نوێدا. لە دوای سەردەمێکی باشتر لە دوو دەیەی ڕابردووی دامەزراوە گەشەسەندووەکان، دەتوانین چیمان دەستبکەوێت لە بارەی بەشداری بریکسەوە لە دەسەڵاتی جیهانیداو دەتوانێت ببێت بە چی؟ یەکەم: گرووپی بریکس جیاوازیی دیاری هەیە بە بەراورد بە (G٧)، کە ڕۆڵی لیژنەی ئاڕاستەکاری نافەرمی دەبینێت، بۆ شێوە پێدانەوەی پێگە هاوبەشەکانی پێشنیاردەکرێت بۆ قۆناغە فراوانترەکان. هاوشێوەی گرووپی (G٧)، سەرکردەکانی بریکس پابەندبوون دەردەکەن لە بارەی ژمارەیەکی زۆر لە کێشە سەردەمییەکانەوە. لە ڕاستیدا، سەرکردەکانی بریکس لە ماوەی نێوان ٢٠٠٩-٢٠٢١،٨٤٤ پابەندبوونیان لە بارەی ٣٢ بابەتی جیاوازەوە دەرکردووە. کێشەو بابەتە سەرەکییەکان بریتی بوون لە هەماهەنگیی نێودەوڵەتی (٧٨)، گەشەسەندنی ئابووری (٧٣)و ئاسایشی ناوچەیی (٦٣). ڕێژەی ئەو ئەندامانەی بریکس کە ڕاگەیەنراوی پابەندبوونەکانیان جێبەجێکردووە، ٧٧٪ بووە بە نزیکەیی‌و ئەم ڕێژەیە نزیکە لە ئاستی وڵاتەکانی (G٧)، کە بە نزیکەیی هەمان ژمارە بووە.

تێبینییەکی گشتی لە سەر ئەم بابەتە، ئاسایشی ناوچەیی وەک سەرەتایەک بۆ سەردەمی دوای جەنگی دووەمی جیهانی‌و ئەو ئەنجامە بێهیوابییانەی لە گەشەی ئابووری‌و کارەساتی گشتیدا ڕوویداوە، دەریخستووە ئەم ناوچەیە پێویستی بە زۆرترین یارمەتیی نێودەوڵەتی هەیە، لەوانەش گۆڕانی کەشوهەوا، "سەرکەوتن" لەو پابەندبوونانەی دەریانکردووە، دەگۆڕێت بۆ بەرپرسیاربوون لە پابەندبوونەکان‌و ئەمەش ئەو پێشنیارەیە کە لە ڕاستیدا وڵاتانی بریکس هێناویانەتەسەر مێزی گفتوگۆ وەک میکانیزمێک بۆ جێگرتنەوەی حکومەت.

پابەندییەکانی گرووپی حەوتیش بە هەمان شێوە بەردەستە بۆ هەمان ڕەخنەلێگرتن. بە شێوەیەکی تایبەتتر، لە هەماهەنگییە نێودەوڵەتییەکاندا، کە کێشەی هەرە گرنگ

گۆڕانی کەشوهەوایە، ئەندامانی بریکس بە شێوەی ئاشکرا یان شاراوە هەوڵدەدەن کار بەو بنەمایە بکەن کە "بەرپرسیاریەتیی مێژوویی"و "بەرپرسیاریەتیی هاوبەش، بەڵام جیاوازو توانا تایبەتەکان" لەخۆدەگرێت بۆ دەرخستنی کردەیەکی کۆکراوەی بەهێزتر. بۆ نموونە: ڕاگەیەنراوی هاوبەش لە کۆبوونەوەی باڵای گرووپی بریکس لە بارەی گۆڕانی کەشوهەواوە لە مایسی ٢٠٢٢دا بریتی بوو لە ئێمە جەختدەکەینەوە لەوەی وڵاتە گەشەسەندووەکان دەبێت لەپێشینە بن بۆ زیادکردنی هەوڵەکانو تێڕوانینو دابینکردنی دارایی بۆ بابەتی کەشوهەوا.

ئەوەی لێرەدا دیارە، گرووپی بریکس بە گرتنەخۆی ئەم پێگەیە، بێئاگایە لەو ڕاستەقینەیەی ئەو تەکنەلۆژیایەی ئەمان دەیانەوێت بڵاویبکەنەوە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ئابوورییە گەشەسەندووەکانیان ئەگەر شۆڕشی پیشەسازی نەبوایە، هەرگیز نەدەهاتەدی، کە ئێستا بە جیهانی باکوور ناسراوەو بە لەخۆگرتنی ئەم تەکنەلۆژیایە ئەوان پشکی تەواوەتییان بەردەکەوێت لە بەرپرسیاریەتیی مێژوویی بۆ زیادبوونی کاریگەریی بەپیشەسازیبوون لە سەر کەشوهەوا. وەک بەبیرهێنانەوەیەک بۆ جیهانی باشوور، کە دەکەوێتە گرووپی ٧٧و لە دوای سەرکردایەتیی چینو هیندستان دێت لەم پرسەدا، ئەمە ئامانجی خودە، لەبەرئەوەی ئەوان زۆرترین زیانیان بەردەکەوێت لە گۆڕانی کەشوهەوادا.

لە بارەی ئاسایشی هەرێمییەوە، بریکس ئەندامن، لەبەرئەوەی گەورەن. ئەو نموونەیەی ڕێککەوتنەکەی ژیو پوتین دروستیکرد، "سنووردار نییە"، هەروەها دانیناوە بە "بەرژەوەندییەکان"ی هەریەکیان لە تایوانو ئۆکرانیا. ئەم ڕێککەوتنە چەند ڕۆژێک پێش داگیرکاریی تەواوی ڕوسیا بوو بۆ سەر ئۆکرانیا، ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی وڵاتانی دراوسێ هەست بە ئارامی نەکەنو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشیان جێگەی گومانە. هەڵخەڵەتاندن دەبێت کە بانگەشەی ئەوە بکەین کە ڕێککەوتنەکە جگە لە سەرەتای شەڕ بابەتێکی دیکە بێت.

ئەمە چی بە جیهانی باشوور دەڵێت، کە بە شێوەیەکی گشتی خاوەن دەسەڵاتی بچووکن، کە پشت بە بنەمای نەبەزاندنی سنوورو بەرگریی کۆکراوە دەکەن؟ پێویستە هاوسەنگی دژی دەستدرێژیکارەکان ڕابگرن (نموونەی جەوهەری لێرەدا هاوسەنگی (ASEAN) لە نێوان چینو ئەمریکادایە). نابێت خۆمان بێئاگابکەین کە جەنگ هۆکارە بۆ زیادبوونی گازە گەرمەکان، کە دەگاتەوە بەو هەژمارانەی بەلجیکا پێی گەیشتووە لە گۆڕانی کەشوهەوای ساڵانەداو تێیدا ئەمریکای باشوور بەرزترین ئاستی پلەی گەرمای تۆمارکردووە لە وەرزی زستانداو ئاوی بەستەڵەکە تواوەکان بە ڕووبارەکانی ناو شارەکانی ئەورووپادا دەڕوات لە هاویندا.

وڵاتە تازەگەشەسەندووەکان لە جیهاندا زۆرترین بەرکەوتنیان هەیە بۆ ئەم مەترسییە. لە سەرووی ئەمانەشەوە، ئابڵوقەخستنەسەر ڕوسیا بۆ هەناردەی بەروبوومی دانەوێڵە

لە ئۆکرانیاوە هۆکارە بۆ کەمبوونەوەی بەروبوومی نانو دانەوێڵە لە سەبەتەی جیهانیی ناندا، لە سەردەمێکدا کە جیهانی باشوور زۆرترین پێویستیی هەیە بۆ کۆکردنەوەی. بۆ جیهانی باشوور، دەربڕینی دڵخۆشی بۆ ئاڵنگارییەک کە جەنگ دەیهێنێتەکایەوە، بۆ جیهانی باکوور دڵخۆشییەکی زۆر گرانە. لە گەشەسەندندا، بانکی گەشەسەندی نوێ کە لە ساڵی ٢٠١٤دا بونیادنرا وەک جێگرەوەیەک بۆ بانکی گەشەسەندنی فرەلایەنو هەرێمی، تا ئێستاش بە یەکێک لە دەستکەوتە دیارەکانی گرووپەکە دادەنرێت. لە دوای بەشێکی باشتر لە دەیەیەک لە کارەکاندا، ئێستا پێشبڕکێی قەبارە دەکات لەگەڵ بانکی گەشەپێدانی ئەفریقیدا. خشتەی (١): داتا داراییە سەرەکییەکان لە بانکی گەشەسەندنی بریکس و سندوقی دراوی نێودەوڵەتیدا.

| | سەرمایەی گشتی | قەرزەکانی تێیدایە | ڕەوایەتی گشتی |
|---|---|---|---|
| **کۆی بانکە جیهانییەکان** | **536,625** | **396,578** | **230,873** |
| بانکی نێودەوڵەتی بۆ بونیادنانەوەو گەشەپێدان | 317,301 | 218,799 | 49,997 |
| ڕێکخراوی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی | 219,324 | 177,779 | 180,876 |
| **کۆی بانکە ناوخۆییە گەورەکان** | **459,754** | **261,128** | **94,153** |
| بانکی گەشەپێدانی ئەفریقی | 25,918 | 15,079 | 6,212 |
| بانکی گەشەپێدانی ئاسیایی | 282,084 | 137,163 | 52,855 |
| بانکی گەشەپێدانی نێو ئەمریکی | 151,752 | 108,886 | 35,086 |
| **بانکە گەشەپێدانە نوێیەکانی بریکس** | **24,888** | **13,965** | **10,733** |

.سەرچاوە: نووسەر لە ڕاپۆرتی دارایی ساڵی ٢٠٢١ کۆی کردۆتەوە، کە ساڵی ڕابردوو بەردەستبوون

١. بانکی جیهانی، ڕاپۆرتی ساڵانەی ٢٠٢٢، بانکی نێودەوڵەتی بۆ دووبارە بونیادنانەوەو گەشەسەندن، داتاکانی خشتەی (٢٣) لە لاپەڕە ١٠١دا، دەزگای گەشەپێدانی نێودەوڵەتی لە خشتەی ژمارە (٢٩)دا، لە لاپەڕە ١٠٨دا.

٢. گرووپی گەشەپێدانی بانکی ئەفریقا، بەڕێوەبردنە داراییەکانو ڕاپۆرتە داراییەکان بۆ ساڵەکە، کە کۆتاییهاتووە لە ٣١ی دیسەمبەری ٢٠٢١، لە لاپەڕە ٢٠دا.

تێبینی: داتاکان لە یەکەی یەکەی ئەژماری بانکی گەشەپێدانی ئەفریقاوە گۆڕدراوە بۆ یەکەی هەژماری ئەمریکا لە ڕێژەی ئاڵوگۆڕی ساڵانەی (usa) بۆ(xua) ٠.٧١٣٥، کە جیاوازییەکەیان دەکاتە دەکاتە یەکەی ئەفریقی/ یەکەی ئەمریکی = ٠.٧١٣٥.

٣. بانکی گەشەپێدانی ئاسیا، ڕاپۆرتە داراییەکانی ٢٠٢١، لاپەڕە ٥٢.

٤. بانکی گەشەپێدانی ناوخۆی ئەمریکا، ڕاپۆرتی ساڵانە، ٢٠٢١.

٥. ڕاپۆرتی ساڵانەی بانکی گەشەپێدانی نوێ، ٢٠٢١، لاپەڕە ٧.

٦. لە بازرگانیدا، بریکس هیچ مۆدێلێکی جێگرەوە پێشکەشناکات، هەر یەکێکیان ڕێککەوتنێکی هەرێمیی بازرگانیی خۆیانیان هەیە، وەک: بەڕازیل-مێرکۆسور، ڕوسیا-یەکێتیی ئابووریی یۆراس، چین–هاوبەشی ئابووریی گشتگیریی هەرێمی، هیندستان-باشووری ئاسیا،ناوچەی بازرگانیی ئازاد، هەروەها ئەفریقا-یەکێتیی گومرگی باشووری ئەفریقا، هەروەها ناوچەی بازرگانیی ئازادی کیشوەری ئەفریقا. لە درێژەی ناوچە

بازرگانییه ئازادەکاندا، بە تایبەتی هیندستان، لە هاوبەشی ئابووریی گشتگیریی هەرێمی جیابووەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی پێدانی ناوچەی بازرگانیی ئازاد بە چین، لە کاتێکدا چین داوایکردووە بەشداریبکات لە ڕێککەوتنی گشتگیرو پێشکەوتوو لە سەر هاوبەشی نەخشەی گۆڕاوی دەریای ئارام، تەواوی‌و کامڵی سیستەمی بازرگانیی گەشەسەندوو لە ژێر چاودێریی ئەمریکا لە کاتی تاکجەمسەریدا.وەک پلانی گەشەسەندنی ئابووری، بریکس پشتێنەو ڕێگەی دەستپێشخەری چڕەکاتەوە، کە تا ساڵی ٢٠٢٣ ئەنجامەکەی زیاتر لە ١٤٠ ڕێککەوتنی دوولایەنە بوو، بۆ بەشداربوانی پشتێنەکە پڕۆگرامی کارۆت بریتییە لە وەبەرهێنان‌و بازرگانیی چینی‌و ئەگەری دەستکەوتنی تەکنەلۆژیا لە توانای سەرەتایی تەکنەلۆژیاوە.

هەرچەندە ئەمە مانای ئەوەش دەگەیەنێت کە بەربەرەکانیکردن لەگەڵ زیاتر لە ١٤٠ ئابووریدا، کە هەر یەکێکیان بەشێکن لە بەرنامەی تواناو سەرنجی توانای چین، لەم بارەیەوە، بۆ هاوبەشەکانی چین، پشتێنەکە کەمترە لە فرەلایەنیی ڕێککەوتنی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی‌و زیاتر بازرگانیدەکات، نەک تەنها بە شێوەیەکی هەژموونگەرایی، بەڵکو لەگەڵ هەموو ئەندامانی دیکەی ڕێکخراوی جیهانیی بازرگانیدا.

لە مۆدێلەکانی حکومڕانیدا دیموکراسی هێشتا پەیوەندیی هەیە بە گەشەپێدانی ئابوورییەوە، لێرەدا پرسیارێک دێتەئاراوە، کە ئایا ئەمە هۆکاری ڕەنگدانەوەییە یان تەنها ڕێککەوتنێکی مێژووییە:

شۆڕشی پیشەسازی لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا دەستیپێکرد، بەو هۆکارانەی کە هێشتا بە خراپ لێی تێگەیشتوون، بەو هۆکارانەی کە لە ڕێگەی تۆڕەکانی وڵاتانی دیکەوە بڵاوبوونەتەوە، کە زۆربەیان دیموکراتین، لە ناویاندا نوێترین بەشداربوان بۆ چوونەناو گەشەی پیلۆتۆن کە جیهانی باکوورە، بەڵام ئەمە پەیمانێکە کە فاکتەرێکی ئەرێنیی نییە بۆ ئابووریی بریکس ، وەک ئەو فاکتەرانەی پێویستیەتی بۆ پێشکەوتن.

### ٥. ئەنجام

جیهانی باشوور هێشتا هەر جیهانی باشوورە، چونکە لەگەل جیهانی باکووردا یەکنەخراوەتەوەو لێکنزیکنەبوونەتەوە، سەرەڕای زیاتر هەبوونی کاتی پێویست لە سەردەمی دوای جەنگدا، سەرەڕای ئەوەی کە هەلومەرجی ئابووری زۆر باش بوو بۆ لێکنزیکبوونەوە.

ئێمە دەڵێین کە ئەمە بە هۆی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانەوە ڕوونکراونەتەوەو بووەتە هۆی زیادبوون بۆ گەڕانەوە بەرەو سەرمایەی جیهانی باکوورو پاڵی بە سنووری تەکنەلۆژیاوە ناوەو بووەتە هۆی درێژکردنەوەی ڕێگەکە بۆ وڵاتانی تازەگەشەسەندوو بۆ پێگەیشتنی، ئەمە پابەندبوونێکی کۆمەڵایەتیی گەورەی هەبووە لە سەر بەشێک لە چین، بە مەبەستی بەشداریکردنی بنەماکانی زانیاری‌و داتای ئابووری لە دوای ساڵی

(٢٠١٠)وە، کە بووە هۆی ئەوەی بەردەوامبێت لە نزیکبوونەوەی خۆی. لە کاتێکدا کە زۆربەی وڵاتان ئەوەیان نەکردووە، هەر بۆیە لە باشووری جیهان دەمێننەوە، بونیادنانی دوو شۆڕشی تەکنەلۆژیایی پێشوو، کە بووە هۆی دەستپێکردنی ئابووریی پشتبەستوو بە بنەمای زانیاریو ئابووریی پشتبەستوو بە بنەمای داتا.
جیهان جارێکی دیکە بە شۆڕشێکی تەکنەلۆژیادا تێپەڕدەبێت، یەکخستنی زیرەکیی دەستکرد وەک شێوازێکی نوێی بەرهەمهێنەر، کە یەکسانە بە پیشەسازیکردن بۆ دروستکردنی سەرمایەی مرۆیی لە فۆڕمی هاوتا میکانیکییەکەیو سەرمایەی ئامێری زانیاریدا. وەک دوو شۆڕشەکەی پێشوو لە ناوەڕاستی جیهانی باکووردایە، هەروەها بەڵێنەکانی درێژکردنەوەی ماوەی گەڕانەوەکان بۆ سەرمایەو درێژکردنەوەی ڕێگەکە بۆ سنووری تەکنەلۆژی بۆ باشووری جیهان. (سیوریاس، ٢٠١٨و ٢٠٢٢).
بریکس دەستیکردووە بە تێڕوانینێکی بانکیی وەبەرهێنان بۆ ئاڕاستەیەکی گرنگ بۆ بانکە وەبەرهینانەکانو بەدامەزراوەییکردنی بریکس ، هەتا ئەو ڕادەیەی کە بنەمایەکی هەبووە لە بیردۆزی ئابووریدا، لە سەر بیردۆزی لێکنزیکبوونەوەی ڕەها دامەزراوە، کە بە بەردەوامی لەلایەن داتاکانەوە ڕەتکراونەتەوە.
ئەو بەڵگانەی کە لێرەدا کۆکراونەتەوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەمە گرووپێکی یەکگرتوو نییەو لەوانەیە گەشەبکات بەرەو ڕێکخراوێکی لێکنزیکبوونەوە بە هەمان بەرژەوەندی یان بۆ پێشکەشکردنی مۆدێلێکی جێگرەوە بۆ بەڕێوەبردنی ئابووریی نێودەوڵەتی. هەروەها بیرۆکەی بریکس وەک پاڵەوانی دروستکردنی "فرەجەمسەری"ی دامەزرێنەرەکان لە سەر زاڵبوونی وڵاتی چین لە ناو گرووپەکەدا لە لایەنەکانی (GDP) بەرهەمی گشتیی ناوخۆییو بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاو دروستکردن، لەگەڵ ئەوەشدا لە سەر بابەتی بەرهەمهێنانی کاڵاکانو خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان، ئابووریی جیهانی فرەڕەهەندییە لە پەیکەرو بەڕێوەبردندا.
سەبارەت بە بەرهەمهێنانو بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا جەمسەرێکی باکوور هەیە. لە ڕاستیدا ئەم شۆڕشە سیاسیانەی ئەم دواییانەی بریکس بە شێوەیەکی گشتی پشتدەبەستێت بەوەی کە ئەوان دژی هەژموونی ئەمریکان، بە هەژموونی دۆلاریشەوە. ئەندامانی گرووپی بریکس بە ئەندازەی قەبارەی ئەمریکا چاویان لە سەرە، کە ئەمەش بنەمایەک نییە بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی ئاسایشی جێگیرو کاریگەر.
ئەو پێشنیارە سیاسییەی کە لەم توێژینەوەیەوە دەڕوات بۆ وڵاتانی باشووری جیهان، بریتییە لەوەی کە دەستبکەن بە ڕێکخستنی نەتەوەیی، بە مەبەستی هاندان بۆ بەدەستهێنانو خۆگونجاندنی تەکنەلۆژیایی، دەستەیەک لە وڵاتان پیشانیانداوە کە دەتوانرێت بکرێت، کە وڵاتی چین دوایین وڵاتیانە.
ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵیانداو بەم شێوەیە چاودێریی نۆڕمەکانی سەرکردەکانی تەکنەلۆژیا دەکرێن، کە زۆربەیان لە وڵاتانی باکووری جیهانن.

ئامانجی سەرەکیی وڵاتانی باشووری جیهان ئەوەیە کە لە باشووری جیهاندا نەمێننەوە، بەڵکو بچنەپاڵ وڵاتانی باکووری جیهان. یانەی گرووپی بریکس وڵاتانی باکووری جیهان نییە، هەروەها وڵاتی چین بەرەو وڵاتانی باکوور دەڕوات نەوەک باشوور. هیواو بانگەشە بخەرەلاوە، بیرۆکەی نیوەی ژیانی بەسوودی بریکس ماوەیەکی زۆرە تەواوبووە.

**سەرچاوە: سەنتەری داهێنان لە بواری حکومڕانیی نێودەوڵەتیدا**

# بەرهەمهێنانی وزە وەک بنەمایەک بۆ پەرەپێدانی بەردەوامی وڵاتانی بریکس

**نووسینی: ی.ن.باریکینا، ا.گ.چرنیخ، باونا**
**وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی**

**پوختە**
ئەم توێژینەوەیە لە بابەتی بەردەستبوونی سەرچاوەی وزەو بەرهەمهێنانی وزە لە وڵاتانی بریکسدا لە چوارچێوەی گەشەپێدانی بەردەوامدا دەکۆڵێتەوە. هەروەها توێژینەوەکە شیکاری بۆ هاوسەنگیی وزەو پشکی سەرچاوە وزەییەکانی بەرهەمهێنراو لە وڵاتانی بریکسدا دەکات. توێژینەوەکە باس لە بەشداریی وڵاتانی بریکس لە خواستو بەرهەمهێنانی وزەی جیهانیدا دەکات. بە بەکارهێنانی ئامارو ڕاپۆرتەکانی پسپۆڕانی پێشەنگی وزە، پێشبینی بۆ داهاتووی بەکارهێنانو خواستی وزە پەرەی پێ دراوە. ئەم توێژینەوەیە زیادبوونێکی بەرچاو لە هەردوو خواستی جیهانیو بەرهەمهێنانی وزەدا نیشاندەدات. توێژینەوەکە پێشنیاری ئەو ڕێوشوێنانە دەکات، بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ڕێگری لە گەشەسەندنی کەرتی وزە دەکەن لە وڵاتانی بریکسدا.

## ١. پێشەکی

وڵاتانی بریکس لە دڵنیابوونیان لە دابینکردنی وزەی بەردەوام، زیادکردنی دەستخستنی وزەو کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی لە سەر ژینگە ڕووبەڕووی

ئاستەنگیی ئاڵۆز دەبنەوە. زیادکردنی بەردەستبوونی وزە پرسێکی گرنگە بۆ هەموو نەتەوەیەک، بە وڵاتانی بریکسیشەوە.
وڵاتانی بریکس هەوڵدەدەن بۆ پەرەپێدانی سیستەمی وزەی بەردەوام، کارا، کەمتێچوو و ژینگەدۆست، کە بتوانرێت بە شێوەیەکی هاوسەنگ لەگەڵ سیستەمی وزەی جیهانیدا یەکبخرێت. ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە بەردەستبوون و بەرهەمهێنانی وزە لە چوارچێوەی گەشەپێدانی بەردەوام لە وڵاتانی بریکسدا.
کەرتی وزەی وڵاتانی بریکس بڕی (٤٠٪)ی سەرچاوەی وزەی دانیشتوان دابیندەکەن. لە هەمان کاتدا وڵاتانی بریکس نزیکەی (٤٣٪)ی دوانەئۆکسیدی کاربۆن دەخەنەهەواوەو پیسیدەکەن و (٤٢٪)ی وزە لە ڕێگەی سەرچاوەکانی وزەی نوێبووەوە بەرهەمدەهێنێت و بڕی (٣٧٪)ی وزەی جیهانی بەکاردەهێنن. لە زۆر ڕووەوە ئاراستە بەرهەمهاتووەکانی وزە لە ڕابردوو و ئێستادا لە وڵاتانی بریکسدا بە بەردەوامی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە کەرتی وزەی جیهانیدا.
وڵاتانی بریکس کۆمەڵێک ئاستەنگ و کاری لەپێشینەی هاوشێوەیان هەیە لە کەرتی وزەداو ئەرکە سەرەکییەکانی گەشەپێدان بریتین لە:
-دروستکردنی سیستەمی وزەی بەردەوام و کاراو هەمەچەشنکردنی هاوسەنگیی وزەو دابینکردنی بونیادێک بۆ دڵنیابوون لە دابینکردنی وزەی بێپچڕان و گونجاوو دابینکردنی پێداویستییەکانی وزەی ناوخۆیی، بە مەبەستی دروستکردنی ژینگەیەکی کارا بۆ گەشەپێدانی بەردەوام.
-فراوانکردنی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی وزەو دڵنیابوون لە ئاسایشی وزەی جیهانیی دانیشتوان، بە مەبەستی باشترکردنی ئاستی ژیانکردن و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی.
-بەکارهێنانی وزەی تایبەت بە خۆی بە شێوەیەکی کارامە.
-دروستکردنی سیستەمی وزەی پاک و کەم کاربۆن، بە مەبەستی کەمکردنەوەی کاریگەریی نەرێنی لە سەر کەش و ژینگە.

## ٢. ماددەکان و میتۆدەکان


بۆ شیکاری دۆخی ئێستا و ڕەوتی گەشەسەندن لە کەرتی بەرهەمهێنانی وزەی وڵاتانی بریکس ، ئەم میتۆدانەی خوارەوە بەکارهێنراون: شیکاری بەراوردکاری، میتۆدی گرافیکی بۆ پرۆسێسکردن و کۆکردنەوەی داتا. میتۆدەکان بوونە هۆی ئەوەی کە بتوانرێت بارودۆخی زیادبوونی نادڵنیایی لە کەرتی وزەدا ڕوونبکرێتەوە.
قەیرانەکانی ساڵی ٢٠٢٠ بوونە هۆی دروستبوونی ئاستەنگ و بارگرانیی زۆر بۆ کەرتی وزەی جیهانی. کەرتی وزەی جیهانی ناچاربوون کە لە ژێر نادڵنیاییەکی گەشەکردوودا کاربکەن، ئەمەش بە هۆی بەرزونزمیی بەرچاو لە خواست و نرخەکاندا، هەروەها

بە هۆی ئەو نادڵنیاییانەی کە سیستەمی لۆجیستییەوە دروستببوون. زۆرێک لە دامەزراوەکانی وزە توانای سنوورداریان هەیە بۆ هێشتنەوەی سیستەمەکان بە کارایی بە هۆی ئەو کێشانەوە کە ڕووبەڕووی کارمەندەکانیان دەبنەوە، وەک پیسبوونی بەکۆمەڵی کارمەندەکانیان. بە لەبەرچاوگرتنی مەترسیی ڤایرۆسی کۆرۆنا، پێویستیی زیاتر بۆ سیستەمی وزە هەیە لە پێناوی زامنکردنی دابینکردنی ئاسایشی وزەدا.

### ٣. ئەنجامەکان

ئێستا خەڵوزی بەردین هەژمونی کردووەتەسەر لە باڵانسی وزە لە وڵاتانی بریکسدا. بە نزیکەیی نیوەی کۆی وزەی بەکارهاتوو بریتییە لە خەڵووزو پشکی بەرهەمە نەوتییەکان بریتییە لە ٢٣٪، بەشی گازی سروشتی بریتییە لە ١٣٪.

شێوەی ژمارە (١) باڵانسی وزە لە وڵاتانی بریکسدا لە ساڵی ٢٠١٩ پیشاندەدات.





**وێنەی ژمارە (١)**، هاوسەنگیی وزە لە وڵاتانی بریکسدا لە ساڵی ٢٠١٩

وێنەی ژمارە یەک ئەوە نیشاندەدات کە بەکارهێنانی سوتەمەنیی بایۆلۆژی زۆر کەمەو تەنها (٨٪)ەو سەرچاوەی وزە نوێبووەوە ناتەقلیدییەکان تەنها (١٪)ە. بە پێی هەڵسەنگاندنەکان، لە داهاتوودا پێشبینیدەکرێت کە بونیادی باڵانسی وزە بگۆڕێت بە هۆی زیادبوونی پشکی وزە دووبارەبەکارهاتووەکانەوە، تا ٢٠٤٠ بەکارهێنانی خەڵووزو نەوت کەمدەبێتەوە.

وڵاتانی بریکس سیستەمی وزەی مۆدێرن، هاوڕێی ژینگە دروستدەکەن. لە ماوەی ٢٠٠٨-٢٠١٩دا وڵاتانی بریکس بە ڕێژەی ٣٠٪ بەشداربوون لە بەکارهێنانی گازی سروشتیی بەکارهاتوو لە جیهاندا، هەروەها بە ڕێژەی ٥٢٪ بەشداربوون لە زیادبوونی

بەکارهێنانی وزەی نوێبووەوە لە ناویشیاندا (وزەی بەدەستهاتوو لە ئاوەوە)، هەروەها بەشداریکردنی چالاکانەی ئەرێنییان لە بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە ڕێگەی ناوەکییەوە پیشانداوە، کە قەرەبووی چەند دامەزراوەیەکیان لە وڵاتانی ئەڵمانیاو ژاپۆن کردەوە. ئەگەر وڵاتانی بریکس نەبوایە، قەبارەی بەرهەمهێنانی وزەی ئەتۆمی لە بڕی ٢٪، بە ڕێژەی ١٢٪ کەمدەبووەوە،وڵاتانی بریکس قەبارەی بەرهەمهێنانی وزەی ئەتۆمییان بە ڕێژەی ٢.٣ هێندە زیادکردووە. پێشکەوتنی بەرچاو لە پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی ئەتۆمیو گازو وزەی نوێبووەوەدا بەدیهاتووە، کە ئەمەش وا دەکات بتوانرێت کەرەستە بۆ زۆربەی وڵاتان دابینبکرێتو پاڵپشتیی ڕاوێژکاریو پەروەردەیی پێشکەشبکرێت.

شێوەی ژمارە (٢) بەشداریی وڵاتانی بریکس پیشاندەدات لە خواستو بەرهەمهێنانی وزەی جیهانیدا.




**وێنەی (٢)**، بەشداریی بریکس لە داواکاریی جیهانیو بەرهەمهێنانی وزە

وێنەی دووەم ئەوە دەخاتەڕوو کە لە ساڵی ٢٠١٨دا (٣٧٪)ی بەکارهێنانی وزەی جیهانو (٣٥٪)ی بەرهەمهێنانی وزە سەرەتاییەکان لەلایەن وڵاتانی بریکسەوە بووە. بە پێی ئامارەکانی جیهان، تا ساڵی ٢٠٤٠ پشکی وڵاتانی بریکس لە هەریەک لە بەکارهێنانو بەرهەمهێنانی وزەی جیهاندا تا ڕادەی ٤١٪ بەرزدەبێتەوە، ئەمەش ڕەنگە بە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانو گەشەی ئابووری خێراتربێت لەم وڵاتانەدا بە بەراورد بە وڵاتانی دیکە. وڵاتانی بریکس پێکهاتوون لەو وڵاتانەی کە بە تەواوی هاوردەکەری سەرچاوەکانی وزەن، وەک: چینو هیندستانو ئەو وڵاتانەی کە بە تەواوەتی هەناردەی وزە دەکەن، کە ئەوانیش وڵاتانی وەک "ڕوسیا، بەڕازیلو باشووری ئەفریقا" دەگرێتەوە. هاوکاریی نێوان ئەم وڵاتانە لە بازاڕی کارەبادا بەشدارییەکی بەرچاو دەکات لە چارەسەرکردنی کێشەکانی دابینکردنی وزەو زیادکردنی بەرگەگرتنی سیستەمی وزە.

وڵاتانی بریکس تەواوی هەوڵی خۆیانیان داوە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی پەتاکە لە سەر ئابووریی نیشتیمانیو کەرتی وزەو وا بکەن کە وزە لە توانای کڕیندا بێت.
-کۆمەککردنی هەژارو بەکاربەرە کەمدەرامەتەکان.
-پێدانی قەرزی نەرم، کە مەبەست لێی قەرزە بەبێ سوو،زیادیی بانکیو هاوکاریی حکومەت بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە بە هۆی پەتاکەوە.
-کەمکردنەوەی باج بۆ زۆربەی کۆمپانیاکان لە کەرتە جیاوازەکاندا.
لە هەمان کاتدا وڵاتان وازیان لە بەرنامەکانی پەرەپێدانی ژێرخانو پرۆژەکانی وزە نەهێناوەو ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەم قەیرانو داڕمانی ئابوورییەی ئێستا تێیداین، کاتییەو دابینکردنی وزەی بەردەوام لە داهاتوویەکی نزیکدا دەگەڕێتەوە.

## ٤. گفتوگۆ

وڵاتانی بریکس وەک یاریزانە سەرەکییەکان لە بازاڕی وزەدا دەمێننەوە. بە پێی وڵاتانی بریکس ، هەتا ساڵی ٢٠٤٠ سوتەمەنییە هایدرۆکاربۆنییەکان بەهەژموونکردنیان بە سەر باڵانسی وزەی وڵاتانی بریکسدا دەمێننەوە، بە زاڵ دەمێنێتەوەو نزیکەی سێ چارەکی خواستی گشتی دابیندەکات، لە کاتێکدا کە وزەی ناوەکییش پەرەی پێ دەدرێتو پرۆژەکانی وزەی نوێبووەوەش جێبەجێدەکرێت. ڕێژەی غاز لە بونیادی وزەدا زیاددەبێتەوە لەگەڵ کەمبوونەوەی ڕێژەی نەوتو خەڵووز. لە هەمان کاتدا زیادبوونی کۆی قەبارەی بەکارهێنانی وزە دەبێتە هۆی زیادبەکارهێنانی ڕەهای سەرجەم سەرچاوەکانی وزە جگە لە خەڵووز.
ئامانجەکانی هاریکاریی وزەی وڵاتانی بریکس لەمانە پێکدێن:
زامنکردنی ئاسایشی وزەی وڵاتانی بریکس لە ڕێگەی پەرەپێدانی سیستەمی وزەی نیشتیمانی، گرتنەبەری تەکنەلۆژیای نوێ، باشترکردنی کەشوهەوای بەرهەمهێنان لە کەرتی وزەدا، زامنکردنی سەقامگیریی بازاڕی نێودەوڵەتیی وزەو بەهێزکردنی ڕۆڵی وڵاتانی بریکس لە گفتوگۆکردن لە سەر کێشەی ئێستای وزەوە.
لە وڵاتانی بریکسدا هاریکاری لە کەرتی وزەدا سەرکەوتوو بووە. بازرگانیکردن لە سەرچاوەکانی وزەدا ڕوو لە زیادبوونەو فراواندەبێت، پرۆژە هاوبەشەکانی نێوان هایدرۆکاربۆنو پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی وزە نوێبووەوەکان جێبەجێدەکرێتو ژێرخانی نوێ پەرەی پێ دەدرێت.
شیکردنەوەکە ئەوە پیشاندەدات دەکرێت کە گرنگترین ئەو بوارەکانی هاریکاریی وڵاتانی بریکس لە کەرتی وزەدا هەن، بریتین لە:
-ئامادەکردنی باردودۆخێک بۆ پەرەپێدانیو ئاڵوگۆڕکردنی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی وزە.
-پەرەپێدانی زانیاریو هاریکاریی تەکنەلۆژیایی لە بوارەکانی کاراکردنی وزەو پاشەکەوتکردنی وزەدا، هەروەها پشتگیریکردنی پرۆژە تاکەکان.

-هاندانی هاوڵاتیان بۆ پاراستنی وزەو کەمبەکارهێنانی.
-کارلێککردنو ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموون لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی وەک دەرهێنانو پڕۆسێسکردنو گواستنەوەی سوتەمەنیی هایدرۆکاربۆن بە بەشداریی وڵاتە جیاوازەکانی بریکس.
-بایەخدان بە بەرنامەکانو ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموون لە بەکارهێنانی گازی سروشتی لە پیشەسازییە جۆراوجۆرەکاندا.
-ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموون لە بەڕێوەبردنێکی کارای بەرهەمهێنانی وزەدا.
-زیادکردنی بەردەوامیو سوتەمەنیو پیشەسازیی وزە، لە ناویاندا هاریکاریکردن لە بواری پاراستنی دامەزراوەکانی وزە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو ئاسایشی ژینگەییو تەکنەلۆژیاییدا.
هاوبەشانی بریکس نەخشەڕێگەیەکیان بۆ هەماهەنگیی وزە هەتا ساڵی ٢٠٢٥ پەسەندکردووە، ئامانج لەم نەخشەیە باشترکردنیو زیادکردنی کاریگەرییەکانی هەوڵە هاوبەشەکانو بەدەستهێنانی ئامانجەکان لە ڕێگەی میتۆدێکی ڕێکخراوو یەکگرتووەوە لە ڕێگەی چەند میکانیزمێکی جیاوازی وڵاتانی بریکسەوە.
نەخشەڕێگەی دیراسەکە کە دەتوانێت میتۆدی لێهاتووییو پێداویستییەکانی وڵاتانی بریکس دیاریبکات. خشتەی ژمارە (١) پێداویستیو تواناکانی وڵاتانی بریکس دەخاتەڕوو.
لە قۆناغی یەکەمدا شیکردنەوەیەکی هاوبەش لە سەر بارودۆخی کەرتی وزەی وڵاتانی بریکس کرا. بەهێزترین تەکنەلۆژیا دیاریکرا، هەروەها میکانیزمەکانی هاوکاری بەرەوپێشبران.
لە قۆناغی دووەمدا پێداویستییەکانی ئاسایشی وزەو گەشەپێدانەکانی پیشەسازیی وزە دیاریکرانو چارەسەری گونجاویش دۆزرانەوە. لە قۆناغی سێیەمدا، وڵاتانی بریکس ناوچەو شێوەی هاریکاریان دیاریکرد، بە ئامانجی نوێکردنەوەی سیستەمی وزەی نیشتیمانیو بەشداریکردن لە پەرەپێدانو جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و زیادکردنی قەبارەی بازرگانی لە بواری پەیوەندیدار بە وزەو دروستکردنی کەشێکی لەبار بۆ وەبەرهێنانە هاوبەشەکان.
وڵاتانی بریکس دەتوانن تەواوکەری یەکتر بن. ڕوسیا ئارەزوودەکات کە هەماهەنگییەکانی گەشەپێدانی وزە زیادبکرێت، لە پای ئەو ڕاستییەی وڵاتانی بریکس لە گەشەسەندنی ئابوورییەکەیاندانو هەوڵ بۆ فراوانکردنی بازاڕەکانیان دەدەن. بە هۆی سنووردارکردنی کۆمپانیا ڕووسییەکان لە ئەوروپاو پێویستی بۆ هەمەچەشنکردنی دابینکردنو هەماهەنگییەکانی وزە لە ناو وڵاتانی بریکسدا بەرژەوەندییەکی تایبەتی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا کۆسپو لەمپەڕ هەیە لە بەردەم سەرکەوتنی هاوکاریکردنی وڵاتانی بریکس لە کەرتی وزەدا، هەموو ئەمانە بەرژەوەندیی نیشتیمانین. ئەم دۆخە کاریگەرە بە جیاوازیی پێگەی وڵاتان لە بازاڕی وزەدا، پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی سێیەمو پڕۆسەی یەکخستنی جێگرەوە، کە وڵاتانی بریکسیش تێیدا بەشدارن.

| وڵاتەکان | توانا کانیان | پێویستییەکانیان |
|---|---|---|
| بەڕازیل | تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی سوتەمەنی بایۆلۆژی، تۆڕی کارەبایی زیرەک، دۆزینەوەی هایدرۆکاربۆنی و تەکنەلۆژیای پاڵفتەکردن. | تەکنەلۆژیای پاڵفتەکردنی نەوتی قورس، گۆڕانکاریی ناوەکی، تەکنیکی کارەبایی کارتۆنی، کۆنترۆڵکردنی مۆدێلەکان، تەکنەلۆژیای پاشەکەوتکردنت وزە. |
| ڕوسیا | تەکنەلۆژیای نەوەی ناوەکی، تەکنەلۆجیای وزەی بەدەستهاتوو لە ئاوەوە، بەرنامەی گەشەپێدانی تایبەت بە وزەو سوتەمەنی ئاڵۆز، خوێندنگەی زانستی بۆ توێژینەوە بنچینەییەکان، تەکنەلۆژیای ماددەی خاوی هایدرۆکاربۆنی، بەرهەمهێنان و پاشەکەوتکردن. | تەکنەلۆژیای تۆڕبایی بەرهەمهێنانی بڕی زۆری غاز، تەکنەلۆژیای دۆزینەوەی توخمی زۆر دەگمەنی زەوی لە کانە خەڵوزییەکان، تەکنەلۆژیای پێویست بۆ جەمسەری باکووری زەوی لە گەشەپێدان و دۆزینەوەی ئەو سەرچاوانەی سەختەکان و بنەما پێکهاتەییەکانیان، ئامێری ئەلیکترۆنیی ڤۆڵتیەی بەرزو پاڵفتەکردنی نەوت/تەکنەلۆژیای پترۆکیمیایی. |
| ئەفریقای باشوور | تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی ئۆکسیدی ئەلەمنیۆمی خاوێن و پترۆکیمیایی/پاڵفتەکردنی هاندەرەکان. | پرۆسەکردنی خۆڵەمێشی زبڵدانەکان، تۆڕی دابینکردنی وزەی زیرەک و تەکنەلۆژیای پاڵفتەکردنی نەوتی قورس. |
| هیندستان | پەرەپێدانی بەرنامەی تایبەت بە سوتەمەنی و وزە ئاڵۆزەکان، پترۆکیمیایی/پاڵفتەکردنی هاندەرەکان، پترۆکیمیاوی/پاڵفتەکردنی زیادکراوەکان و تەکنەلۆژیای کیمیایی. | پاراستنی سیستەمی کارەباییە ئاڵۆزەکان، پرۆسێسکردنی خۆڵەمێشی زبڵدانەکان، تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی وتەکنەلۆژیای پاشەکەوتکردنی وزە. |
| چین | ئەندازیاری میکانیکی لە وزەو سوتەمەنییە ئاڵۆزەکاندا، پترۆکیمیایی/پاڵفتەکردنی هاندەرەکان و تەکنەلۆژیای گەشەپێدانی هایدرەتکردنی غاز. | ماددەی خاو، تەکنەلۆژیای وزەی هایدرۆجینی، تەکنەلۆژیای سوڕانەوەی ئابووری، سەرچاوەی وزەی دووبارە بەدەستهاتووەوەو تۆڕی وزەی زیرەک. |

## ٥. ئەنجام

بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجەی کە لە لێکۆڵینەوەکەی ئێستادا دانراوە، واتە دابینکردنی سەرچاوەکانی وزە لە چوارچێوەی گەشەپێدانی بەردەوامدا، پێویستە وڵاتانی بریکس هەنگاوبنێن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ڕێگرن لە پەرەپێدانی کەرتی وزە. کێشەکان ئەمانە لەخۆیاندەگرن:

-پەرەپێدان و گەشەپێدانی تەکنەلۆژیای کارایی وزەو زیادکردنی ئاستی پاشەکەوتکردنی وزە، گەشەپێدان و جێبەجێکردنی پاشەکەوتکردنی وزە لە ڕێگەی زنجیرەی دابینکردنی وزەوە لە بەرهەمهێنانەوە تا کۆتا بەکارهێنان.

-گەشەپێدانی ژێرخانی وزە.

-گەشەپێدانی وزەی نوێبووەوەو وزەی کەم کاربۆن، وەک: غازی سروشتی، وزەی نوێبووەوە، وزەی ناوەکی.

-زیادکردن و گەشەپێدانی کارامەیی گەشپێدانی پرۆسەو دابینکردنی سەرچاوەکانی وزەی هایدرۆکاربۆن.

-فراوانکردنی بەکارهێنانی غازی سروشتی، وەک سوتەمەنییەکی ژینگەدۆست و هەرزان و کاریگەریی کەمی هەیە لە پیسبوونی ژینگەدا لە کاتی گواستنەوەدا، هەروەها فراوانکردنی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی وزەو یارمەتی بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی گەشەپێدانە بەردەوامەکان.

-باشترکردنی بەڕێوەبردنی کەرتی وزە.

**سەرچاوە: وێبسایتی بڵاوکراوەی زانستی IOP**

# وڵاتانی بریکس ڕووبەڕووی ڕەوتە نوێیەکانی ئابووریی جیهان دەبنەوە

نووسینی: ئایرینا گابریێلا ڕادولێسوا، میرلا پانایتا، کاتالین ڤۆیکاب
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە گرنگیی گرووپی بریکس وەک نوێنەری وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لە ئابووریی جیهانیدا شیدەکاتەوە. شایانی باسە کە قەیرانی دارایی هیچ کاریگەرییەکی بەهێزی لە سەر گرووپی بریکس نەبووەو ئەدای ئابووریی زۆر باشتری هەبووە لە چاو وڵاتانی پێشکەوتوو. ئەو هۆکارە سەرەکییانەی کە بوونە هۆی فراوانبوونی ئابووریی گرووپەکە،زیادبوونی هۆکارەکانو ژمارەیەکی زۆر گەورە لە سەرچاوەکانو دانیشتوان. بۆ نموونە: وڵاتانی بەڕازیلو ڕوسیا بە شێوەیەکی سەرەکی پشتدەبەستن بە یەدەگی گەورەی سەرچاوە کانزاییەکانو پێشبینییەکانیان لە بازاڕە جیهانییەکاندا، وڵاتی چین سوود لە هەرزانیی دەستی کارو سەرچاوەی کەمنرخ دەبینێت.

هەروەها هیندستان لە سەر بنەمای هێزی کاری کەمتێچوو دامەزراوەو لە کۆتاییدا هەموو وڵاتانی بریکس ، جگە لە بەڕازیل، ڕێژەیەکی زۆر بەرزی وەبەرهێنان نیشاندەدەن. نیگەرانیی ئێستا ئەوەیە کە ئایا وڵاتانی بریکس هەمان ڕەوتی بەرزبوونەوەیان دەبێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو لاوازییەی کە لە ناو خۆیاندا دەستنیشانکراون،ئاستی بەرزی گەندەڵی، ئایدۆلۆژیای جیاوازی سیاسی، زیادەڕەوی لە خستنەڕووی کاڵادا ...هتد.

## پێشەکی

ڕێکخستنەوەی ئابووریی جیهانیو گۆڕانی کاریگەریی جیهانیی لە سەر بنەمای سەرهەڵدانی زلهێزەکانە. یەکەم پسپۆڕ کە درکی بە کاریگەریی قەبارەی بازاڕو دەسەڵات لە سەر بازرگانیی وڵات کردووە، ئادەم سمس بوو (١٧٧٦).

پۆڵ کێنێدی (Paul Kennedy) (١٩٨٩) نیشانیدا کە دۆخی ڕێژەیی وڵاتانی تازەپێگەیشتووی ئابووریی جیهانی لە گۆڕاندایە، بە هۆی جیاوازی لە گەشەکردنو چاکسازیی ڕێکخراوەییدا. کلاید پرێستۆڤیتز (Clyde Prestowitz) (٢٠٠٨) لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەیخاتەڕوو، کە لە سەردەمی جیهانگیریدا نزیکەی ٣ ملیار کەس لە وڵاتانی تازەپێگەیشتووی وەک چین، هیندستان، ڕوسیاو بەڕازیل توانیویانە خۆیان بخزێننەناو بازاڕی جیهانییەوە.

بە گوێرەی لین یوکین (Lin Yueqin) (٢٠٠٩)، دەرکەوتنی هێزە گەورەکان بە هۆی گەشەی ئەو وڵاتانەوەیە کە هەوڵدەدەن بگەن بە وڵاتە پێشکەوتووەکان.

لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەی کەم هەیە لە سەر شێوازی گەشەی وڵاتانی بریکس و کاریگەرییەکانیان لە سەر ئابووریی جیهان لە سەدەی بیستویەکەمدا، ئامانج لەم وتارە شیکردنەوەیە بۆ پەرەسەندنی ئابوورییە تازەدەرکەوتووەکان لەم ساڵانەی دواییداو گرنگییان لە ئابووریی جیهاندا.

لە دەیەی ڕابردوودا ئابوورییە تازەپێگەیشتووەکان ڕێژەی گەشەکردنیان زۆر خێراتربووە بە بەراورد بە ئابوورییە پێشکەوتووەکان، ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی بەرچاوی پشکەکانیان لە بەرهەمی ناوخۆیی جیهانی لە بازرگانیی نێودەوڵەتیدا، بە کۆی گشتیی ڕاستەوخۆی دەرەکیو گرنگییەکانیان لە ئابووریی جیهاندا، وەبەرهێنانو بازاڕی دارایی نێودەوڵەتی. قەیرانە ئابوورییەکان بووەتە هۆی گۆڕانکاریی گەورەی پەیوەندیدار بە حکومداریی ئابووریی جیهانی، بە تایبەتی کە (G٨) جێگەیگیراوەتەوە بە (G٢٠) وەک سەرۆکایەتیی نێودەوڵەتی لە ئاستی قۆناغی جیهانیدا، هەروەها ئەم گۆڕانکارییانە دەتوانرێت وەک دەرکەوتنێک بۆ سیستەمێکی نێودەوڵەتیی ئابووریلێکبدرێتەوە، کە وا بکات کە وڵاتانی تازەگەشەسەندوو ڕۆڵێکی گەورەو بەرچاویان هەبێت.

لەم ماوەیەدا وڵاتانی بریک ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە (بەڕازیل، ڕوسیا، هیندستانو چین)، کە چەندین تایبەتمەندیی هاوشێوەیان هەیە (ترەسمن (Truman)، ٢٠٠٦)، وڵاتانێکی گەشەسەندوون، کە ئەدای ئابووریی جیهانیی پەیوەندیدارو توانای بەرزیان هەیە:

-وڵاتانێکن کە گرنگییەکی سیستەماتیکییان هەیە بۆ ئابووریی جیهان، لەم ڕووەوە ئەدای نیشتمانییان کاریگەریی قووڵی هەیە، چ لە سەر ئاستی ناوچەییو چ لە ئاستی جیهانیدا.

-توانایان هەیە کە کاریگەرییان هەبێت لە سەر بەڕێوەبردنی ئابووریی جیهانی.

هەموو ئەم تایبەتمەندییانە لەگەڵ ژمارەیەک بەرژەوەندیی هاوبەشدا ئەوە پیشاندەدات کە وڵاتانی بریک وەک هاوپەیمانی وڵاتانی تازەگەشەسەندوو سەریانهەڵداوە، کە نوێنەرانی حکومەت کاریگەرییان کەمە لە بڕیارداندا لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە کە تێبینی ئەوە بکرێت کە جیاوازییەکی گرنگ هەیە لە نێوان چوار وڵاتەکەدا لە ڕووی پێکهاتەکانی بەرهەمهێنانو کەرتەکانیانەوە، کرانەوەیان بە ڕووی دەرەوەدا، ڕژێمی ڕێژەی ئاڵوگۆڕو هەتا دوایی، دروستکردنی ئەم هاوپەیمانییە زیاتر پرۆژەیەکی ئارەزوومەندانەیە.
چین هێزێکی ئابووریی زۆر گەورەی هەیە لە بەرانبەر سێ وڵاتەکەی دیکەی بریکسدا، کە لە غیابی چیندا ئاسۆیەکی زۆر لە پێشیان نییە. هەر چۆنێك بێت، بوونی چین لە ناو ئەو کۆمەڵە وڵاتە گەشەسەندووەدا سوودبەخشە (ئەگەر بەراوردێک بکەین لەگەڵ پەیوەندییەکەی بە گرووپی (G٨))، چ بۆ خودی چینو چ بۆ وڵاتانی بریك، وڵاتانی بریکس سەرنجیانخستووەتەسەر گەشەسەندنی هێزو گەشەسەندنی ئابووریی خۆیان بۆ دروستکردنی دەزگایەک کە ڕکابەریی بانکی نێودەوڵەتی بکات. لەم ڕووەوە وڵاتانی ئەندام چەندین ڕێککەوتنی بازرگانییان واژۆکردووە بۆ بەکارهێنانی بەرفراوانی دراوە ناوخۆییەکان لە ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکانیاندا، ئامانجی سەرەکیی کەمکردنەوەی تێچووی مامەڵەکردنە. (Yardley، ٢٠١٢).

## ٢. ڕەوتو پێشهاتەکان لە گرووپی (BRICS)

وەک دەزانرێت، وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لەو ناوچانە چڕبوونەتەوە کە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانیان لە جیهاندا هەیە. لە سەرەتای سەدەدا وێنەکەیان گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەخۆیەوەبینیوە لە ڕێگەی دینامیکیترین گەشەی جیهانەوەو لە ڕێگەی کەمبوونەوەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوانەوە، کە بووەتە هۆی زیادبوونی "بەرهەمی ناوخۆیی گشتی بۆ هەر تاکێك"، کە ئەو ڕێژەیەش نزیکە لەو ڕێژەیەی کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هەیە.
ئەمە بە هۆی زیادبوونی پلەی یەکگرتنی ئابووریی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لە ئابووریی جیهانیدا، کە لە کەرتەکانی بازرگانیو داراییدا بەدیهات. ئاسۆی لەباری ئەم وڵاتانە بوو بە هۆی کەمبوونەوەی تێڕوانینی مەترسی، کە لە بازاڕە تازەپێگەیشتووەکانەوە دێتو چەسپاندنی ئەو ڕەوتانەی کە لە سەرەوە باسکرا. وڵاتانی بریکس بەشێکن لەو وڵاتە تازەپێگەیشتووانەی کە ئەو تایبەتمەندییانەی سەرەوەیان تێدایە.
خشتەی ژمارە (١) تایبەتە بە تێڕوانینێکی گشتی سەبارەت بە قەبارەی گەورەی وڵاتانی بریکس ، هەندێک بگۆڕە جوگرافی، ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی ئابوورییە پێشکەوتوو و تازەپێگەیشتووەکان.

پێوەرە جوگرافی و ئابوورییە کانی بریکس


| | ڕووبە ر بە ملیۆن کیلۆمەتر دوجا | ژمارەی دانیشتووان بە ملیۆن | ئابووری وڵات بەppp $ | بەرهەمی ئابووری وڵات بۆ تاکەکەس $ |
|---|---|---|---|---|
| بەرازیل | 8,6 | 198,7 | 2330,2 | 11747,6 |
| چین | 9,6 | 1351 | 12261,2 | 9055,3 |
| هندستان | 3,6 | 1237 | 4715,6 | 3842,6 |
| ڕوسیا | 17,1 | 143,5 | 2486,2 | 17518 |
| ئەفریقای باشوور | 1,2 | 51,19 | 576,1 | 11281,1 |

سەرچاوە : www.imf.com

بە پێی خەمڵاندنەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، گەشەی ژمارەی دانیشتوانی جیهان لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٠-٢٠١٥دا گەیشتە ١٣٨.٢٪، لە کاتێکدا وڵاتانی تازەپێگەیشتووی جیهان گەیشتە ١٦٥.١٪. لەو کاتەوە تا ئێستا، دانیشتوانی وڵاتانی گرووپی بریکس  بە ڕێژەی ١٣٢.٧٪ زیادیکردووە، لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە ئەمریکای لاتین یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئەفریقا لە (١٩٢٪)ەوە زیادبووە بۆ ٢٩٥٪.


لە دوو دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردوودا تێکڕای گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی لە ئابوورییە پێشکەوتووەکاندا ٢.٩٪ بووەو لە وڵاتە تازەگەشەسەندووەکاندا ٣.٦٪ بووە، بە بەراورد بە ماوەی ساڵەکانی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠١٠، کە تێکڕای ڕێژەکان ١.٩٪ بە ٦.٢٪ بووە.


بە پێی خەمڵاندەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، جیاوازییەکە لە نێوان ساڵانی ٢٠١١ بۆ ٢٠١٥دا دەمێنێتەوە ( ٦.٦٪ بۆ وڵاتە تازەگەشەکردووەکانو ٢.٥٪ بۆ وڵاتە پێشکەوتووەکانە). لە گرووپی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، وڵاتانی بریك دەکەونەدەرەوە، چونکە گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی گشتییە، کە ڕێژەکەی (٧.٩٪)یە لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠ بۆ ٢٠٠٩دا، هەروەها ئەو ڕێژەیە بەرزبووەوە بۆ ٨.١٪ لە نێوان ساڵەکانی ٢٠١١ بۆ ٢٠١٥دا.




گەشەسەندنی ساڵانەی بەهای دراوی هەموو کاڵاو خزمەتگوزارییە تەواوکراوەکان


ئەم تاودانەش بە هۆی خێرایی گەشەسەندنی بەڕازیلەوەیە، کە لە ساڵی ١٩٨٠ بۆ ١٩٩٩،٢.٣٪ بووەو لە ماوەی ساڵەکانی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠١٠ بە بڕی ٣.٧٪ زیادیکردووەو بۆ ساڵی ٢٠١٥ بە ڕێژەی ٢.١٪ خەمڵێنراوە، هەروەها هیندستان (٥.٥٪و ٧.١٪و ٨.٢٪ بووە، لەو ماوەیەی کە لێی کۆڵراوەتەوە). خێرایی گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی بووە هۆکاری ئەوەی کە ئەم وڵاتانە ببن بە بزوێنەری ئابووریی جیهانی، بەم شێوەیە لە ماوەی ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکاندا وڵاتە گەشەسەندووەکان لە نیوە زیاتری گەشەی جیهانیدا بەشداریانکردووە، لە کاتێکدا کە لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٠و ٢٠١٠دا بارودۆخەکە پێچەوانە بوو، کە وڵاتە تازەگەشەسەندووەکان تەنها بە ڕێژەی ١.١٪ بەشداریانکردووە بە بەراورد بە وڵاتانی گەشەسەندوو، کە ڕێژەکەی ٢.٦٪ بووە.








بە هەمان شێوە گەشەسەندنێکی خێرا ڕوویدا لە گەشەسەندنی داهاتی ناوخۆیی تاکدا لە وڵاتانی تازەگەشەسەندوودا بە بەراورد بە وڵاتە گەشەسەندووەکان.

داهاتی ناوخۆیی تاک لە ئابوورییە تازەگەشەسەندووەکاندا لە ساڵی (١٩٩٥)ەوە دەستی بە گەشە کردووە بە تێکڕای ١.٤٪ لە ساڵی ٢٠٠٣دا، هەروەها لە ساڵەکانی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠٠٨دا بووەتە ٤.٨٪، کە ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ئەو ڕێژە زۆرە گەشەسەندنە کەڵەکەبووی پێنج ساڵە، بە ڕێژەی ٢٦٪، هەروەها جارێکی دیکە دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە وڵاتانی بریك لە سەر ئاستی جیهانی بە ڕێژەی ٧٪ بۆ ساڵانی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠٠٨ بەرزبوونەتەوە، بە تایبەتی وڵاتی چین، کە بە ڕێژەی ١٠.٦٪و هیندستان بە ڕێژەی ٤.٨٪ زیادیانکردووە. (ئۆرگاز (Orgaz)، ماڵۆیناو کاراسکۆ (Molina and Carrasco)، ٢٠١١).




هەروەها لێکنزیکبوونەوەی ڕاستەقینە لە سەر پێوەرەکانی دیکەی خۆشگوزەرانی تێبینیکراوە وەک گەشەپێدانی مرۆیی، بۆ گرووپی وڵاتانی بریك دەتوانین کە گەشەسەندنێکی ڕوون ببینین لە ساڵی ٢٠٠٠دا لەگەڵ چاکبوونەوەی وڵاتی ڕوسیا (روسیا).




هەروەها دەتوانین بڵێین کە چوار لە وڵاتەکانی بریك لە ساڵانی ڕابردوودا نیشانیانداوە کە ئەوان نوێنەرایەتی مۆدێلێکی گەشەی ئابووری دەکەن، کە کاریگەریی جیهانیی هەیە، بەرانبەر بە پڵنگەکانی ئاسیا، کە مەبەست لێی وڵاتانی "هۆنگ کۆنگ، سەنگافورە، تایوانو کۆریای باشوور"ە، یان مۆدێلی گەشەی یەک_ئابووری، وڵاتانی بریک دەسەڵاتیان وەک گرووپێک بەکارهێناوە نەک بە تاک، بە هۆی سەرچاوەو خاکو دانیشتوانیان بە قەبارەیەکی بەرفراوان. چەند پێوەرێك هەن کە تایبەتمەندیی پەرەسەندنی ئەم گرووپەن، کە بریتین لە:

-گەشەی خێرای ئابووری لە سەر بنەمای هاتنەژورەوەی فاکتەرە گەورەکان لە ئاستێکی

نزمی نرخدا، چین پشت بە دەستی کارو سەرچاوەی هەرزان دەبەسێت، هیندستان بە دوای مۆدێلی هێزی کاری چینەوەیەو لە کاتێکدا ڕوسیاو بەڕازیل سوودێکی گەورەیان بینیوە لە سەرچاوە سروشتییەکانو پێشبێنییەکانی بازاڕە نێودەوڵەتییەکان.
-بە هۆی ئەوەی داهێنانی زۆریان لە بواری زانستو تەکنۆلۆژیا نییە، وڵاتانی بریک لە ئاستێکی نزمدان لە ڕووی بەشداریکردنیان لەو کەرتانەدا.
-گەشەسەندنی ئابووریی بەڕازیلو هیندستانو ڕوسیا زیاتر پشت بە خواستی ناوخۆیی دەبەستێت، زۆربەی ڕێژەکان بەکارهێنانە، لە بەڕازیل ڕێژەی بەکارهێنان بریتییە لە ٨٠٪، لە کاتێکدا خواستی دەرەکی تەنها (٢-٣٪)یە، بە بەراورد بە وڵاتانی دیکەی تازەگەشەسەندوو،بەڕازیل بە هۆی ئاستی بەرزی ڕێژەی سوودو تێچووی ڕاستەقینە، وەبەرهێنانی کەمترە، بە لایەنی کەمەوە (٢٠٪)ە، حکومەت دەستیکردووە بە پڕۆگرامی خێراکردنی گەشەسەندن (la Programa de Aceleracao do Crescimento) (PAC)، کە مەبەست لێی زیادکردنی وەبەرهێنانە بە ڕێژەی ٢٥٪. (جیاگی، شاوچنگ ( Jiagui and Xiaojoing)، ٢٠١٠).
هاوشێوەی بەڕازیل، گەشەسەندنی هیندستان زۆر پشتدەبەستێت بە خواستی ناوخۆ، کە بەکاربردن ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، کە ڕێژەکەی (٥٠٪)ی داهاتی ناوخۆیە. ڕوسیا بەکاربردنی ناوخۆیی لە نێوان (٦٠-٧٠٪)دایەو وەبەرهێنان ١٠٪ بۆ (٢٠٪)ی هەناردەی دەرەکی پێکدەهێنێت.
وڵاتانی بریک پێکهاتەیەکی ئابووریی ناهاوسەنگیان هەیە، تێکڕای کەرتی تایبەت لە سەرانسەری ئەو ئابوورییەدا نزیکەی ٥٠٪ کەمترە لە تێکڕای وڵاتانی پێشکەوتوو. بریک بە شێوەیەکی سەرەکی لە سەر بنەمای کەرتە سەرەتاییەکان دامەزراوەو زۆر پشت بە بازاڕەکانی دەرەوە دەبەستێت. تێکڕای گەشەی هەناردەکردن لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠ بۆ ١٩٩٩دا،١١.٣٪ بووەو لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠٠٩دا،٣١.٧٪ بووە، لە کاتێکدا کە ئەو وڵاتانە هاوردەدەکەن لە ١٠.٥٪ بۆ ٣١٪، جارێکی دیکە چین بووە بە سێیەم گەورەترین هەناردەکار لە جیهاندا لە دوای ئەمریکاو ئەڵمانیا، لە کاتێکدا ڕوسیا لە پلەی دەیەمین بووە بە پێی (ڕادولەسکو، ٢٠٠٨).

خشتەی ٢: بڵاوبوونەوەی ناوچەیی لە وڵاتانی بریکس،٢٠٠٤

| | پیشەسازی سێیەمی | پیشەسازی دووەمی | پیشەسازی بنەڕەتی |
|---|---|---|---|
| بەرازیل | 49.6 | 40.0 | 10.4 |
| چین | 40.7 | 46.2 | 13.1 |
| هیندستان | 53.2 | 27.3 | 19.6 |
| رووسیا | 59.4 | 35.5 | 5.1 |

سەرچاوە: لین یوکین،٢٠١٠


لە ڕووی توانای کێبڕکێوە، وڵاتانی بریك لە ئاستێکی نزمدان، هەرچەندە لە ئەدای ئابوورییادا پێش هەندێك وڵات دەکەون.


| | 2009-2010 | 2013-2014 |
|---|---|---|
| بەرازیل | 56 | 56 |
| چین | 29 | 29 |
| هیندستان | 49 | 60 |
| ڕوسیا | 63 | 64 |
| ئەفریقای باشوور | 45 | 53 |

سەرچاوە: کۆڕی ئابووری جیهانی،٢٠١٣

## پێشبڕکێکاری لە نێوان وڵاتانی بریکسدا

ئەدای ئابووریی ئەم وڵاتانە لە ئەنجامی کراوەیی زیاتر بە ڕووی بازاڕە تازەپێگەیشتووەکاندا ڕوویدا. تێکڕای ڕێژەی گەشەی هەناردەکردن لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠ بۆ ١٩٩٩،١١.٣٪ بووە، بۆ ٣١.٧٪ لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠٠٩، لە کاتێکدا گەشەی هاوردە لە ١٠.٥٪ بۆ ٣١ ٪ بووە. جارێکی تریش بریک (BRIC) ئەم ڕەوتە گشتییانەی پەیڕەوکرد، چین بووە سێیەم گەورەترین هەناردەکار لە جیهاندا دوای ئەمریکاو ئەڵمانیا، لە کاتێکدا ڕوسیا لە پلەی دەیەمدا بوو.(Radulescu، ٢٠٠٨).





ئەم زیادبوونی کراوەیی ئابوورییەی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لە سەر بنەمای بازرگانیی نێوانیان بە شێوەیەکی سەرەکی لە سەر کەرەستەی خاو بوو. لە ساڵی ٢٠٠٩ چین بووە پێشەنگی هاوردەکاری کەرەستەی خاوی کشتوکاڵی ((١٧.٤٪)ی کۆی هاوردەکردنی جیهان)و کانزاکان (٢٠.٧٪)و سێیەم هاوردەکاری نەوت ((٦.٧٪)ی کۆیگشتی، دوای ئەمریکاو ژاپۆن)، لە کاتێکدا بەڕازیل نۆیەمین هەناردەکاری کاڵای کشتوکاڵیو پێنجەم بوو لە هەناردەکردنی خۆراکدا، هەروەها ڕوسیا یەکەم بووە لە هەناردەکردنی سوتەمەنیی بەردیندا.


وڵاتانی بریك بە شێوەیەکی بەرچاو لە بواری داراییدا پەکخراونو پاڵنەری سەرەکیی وەبەرهێنانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ئەگەر لە ساڵانی نەوەدەکاندا وڵاتە پێشکەوتووەکان زۆرترین لێشاوی سەرمایەیان بەرهەمهێنابێت لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠٠٩ وەبەرهێنانی دەرەکی بە ڕێژەی ١٤.٨٪ بەرزدەبووەوە. ڕۆڵی وڵاتانی

بریکس لەم پەرەسەندنەدا گرنگ بووە، لەبەر ئەوەی نزیکەی نیوەی وەبەرهێنانە ڕاستەوخۆکان لە وڵاتە تازەگەشەسەندووەکاندا بوونو بوون بە ڕابەر بۆ ئەم گرووپە. (ئیڤانو موریسان،٢٠١٠).
لە ڕاستیدا لە ساڵی ٢٠٠٩ چین پاش ئەمریکا، بووە دووەم وەرگری وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ، ڕوسیاش شەشەم بوو، هەروەها چینو ڕوسیا بڵاوکەرەوەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ بوون بە ڕیزبەندیی ١١و ١٢ لە سەر ئاستی جیهانو پێش وڵاتانی وەک سویسراو ئیتاڵیاو هۆڵەندا کەوتنەوە.




شێوەی٦: زیادبوون لە وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی، دووەم، کەمبوون
سەرچاوە: داتای وێبسایتی بانکی جیهانی

هەروەک ئاشکرایە کە ئەم وڵاتانە زیاتر بەشداریدەکەن لە بەرزکردنەوەی ئابووریو داراییدا لە سەر ئاستی جیهان، هەرچەندە کە پلەی پێگەیشتنی دامەزراوەییو ئاسایشی یاسایی لە هەمان ئاڕاستەو ئاستدا نییە. (سوبیک، ڤاسیژیکو ئەندریا،٢٠١٠)، ئەمەش دەتوانرێت بە ئاشکرا ببینرێت، بە تاقیکردنەوەی یەکێك لە زۆرترین پێوەرەکانی ئازادیی ئابووری، کە لە وڵاتانی بریکدا بەکاردێن بە ناوی "پێوەری دامەزراوەیی ئابووری" لەلایەن دامەزراوەی کەلەپوورییەوە. لە وێنەکەوە دەتوانین پاشەکشەی چەندین وڵاتی بریکس ببینین، کە هەندێکیان بەشێکن لە وڵاتانی جی٢٠.
٣. ئەگەر هەیە کە وڵاتانی بریك لە چوارچێوەی ئێستادا ڕووبەڕووی چەندن ئاڵنگاری ببنەوە، لەوانەش: چەندین کەلێن هەیە لە گەشەی ئابووریو گەیشتن بە ئاستی وڵاتە پێشکەوتووەکان. لە ساڵی ٢٠٠٨دا وڵاتانی بریکس نزیکەی (١٥٪)ی ئابووریی جیهانیان پێکدەهێنا، بەڵام داهاتی تاک بۆ بەرهەمی ناوخۆیی نزیکەی یەک لە سەر سێی تێکڕای جیهانو کەمتر بوو لە یەک لە سەر دەی تێکڕای داهاتی وڵاتە پێشکەوتووەکان.




بە پێی پێوەرەکانی بانکی نێودەوڵەتی، لە وڵاتی چین ١٢٠ ملیۆن کەس و لە وڵاتی هیندستان ٣٠٠ ملیۆن کەس لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، ئەمەش ئاڵنگارییەکی گەورەیە بۆ وڵاتانی بریك بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و گەیشتن بە وڵاتانی پێشکەوتوو. دووەم: ڕەوتێک لە ئابوورییە تازەپێگەیشتووەکاندا هەیە، کە تا دەتوانن، تێکەڵ بە پرۆسەی جیهانگیریی ئابووری بکرێن، ئەمەش وایان لێ دەکات زیاتر ڕووبەڕووی هەڵاوسانی بازاڕە دەرەکییەکان ببنەوە.

ئێستا هەندێک سنووردارکردن لە ئارادایە کە پەیوەندیی هەیە بە بازرگانیی بریك، دۆخی دارایی، نرخی ئاڵوگۆڕو هی ترەوە، بۆ نموونە: دابەزینی بەهای دۆلار دەتوانێت ببێتە هۆی زیانێکی گەورەو بەرچاو بۆ وڵاتانی بریك، چونکە زیاتر لە (٦٠٪)ی یەدەگەکانیان بە دۆلار هەڵگرتووە. سێیەم: هەستێکی بەهێزی هاوکاری لە نێوان وڵاتانی بریکسدا هەیە بە لەبەرچاوگرتنی ئامانجە هاوبەشەکانیان، بەڵام لە هەمان کاتدا لە کێبڕکێی بەردەوامدان بۆ بردنەوەی بازاڕەکان، بۆیە هاوکاری و کێبڕکێ لە نێوان وڵاتانی بریکدا دوو ڕۆڵی هەیە لە گەشەسەندنی ئابوورییاندا. وڵاتانی تری تازەپێگەیشتوویش لە پشت گرووپی بریکەوە هەن، ئەو وڵاتانەی پێیان دەوترێت ڤیستا (ڤێتنام، ئەندەنوسیا، باشووری ئەفریقا، تورکیاو ئەرجەنتین)، کە لە ڕووی کارکردن و تەرخانکردنی بازاڕو سەرچاوە جیهانییەکانەوە فشاردەخەنەسەر گرووپەکە.

سەبارەت بە مۆدێلی گەشەی وڵاتانی بریک هەندێک کێشە هەیە، ئەوان زیاتر سەرنجیان لە سەر گەشەی بەرهەمی ناوخۆییەو کەمتر سەرنجیان لە سەر کوالێتییە بە هۆی نەبوونی بیری داهێنەرانەو هاندان بۆ داهێنانەوە. وەبەرهێنان لە تەکنەلۆژیاو سیستەمی پەروەردەدا بەس نییە، هیچ پاڵنەرو دەستپێشخەرییەک نییەو تەرخانکردنی عەقڵانیی سەرچاوەکان نییە. لە کۆتاییدا گەندەڵی کاریگەریی لە سەر گەشەسەندنی ئابووریی ئەم وڵاتانە دەبێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی وێنەیەکی نەرێنی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، ڕێگریدەکات لە تەرخانکردنی عەقڵانیی سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکان و گەورەترکردنی ململانێ کۆمەڵایەتییەکان.

پێوەرەکانی تێگەیشتن لە گەندەڵی بۆ وڵاتانی بریکس

خشتەی ژمارە ٤

| بەها | پلە | |
|---|---|---|
| 43 | 69 | بەرازیل |
| 43 | 69 | باشووری ئەفریقا |
| 39 | 80 | چین |
| 36 | 94 | هندستان |
| 33 | 113 | رووسیا |

سەرچاوە: وێبسایتی شەفافیەت

## ئەنجامەکان

هەرچەندە ئابوورییە تازەپێگەیشتووەکان لە ناو ئەو وڵاتانەدا بوون کە لە سەدەی بیستویەکەمدا دوای قەیرانی دارایی ئابووریی جیهانییان دەستپێکردەوە، بەڵام دوای دە ساڵ لە خۆشگوزەرانیی جیهانی، خاوبوونەوەیەکی بەرچاویان تۆمارکردووە. گرووپی بریکس پێشنیاری ڕێژەی گەشەکردنی ساڵانەی بە ڕێژەی ٥٪ کردووە، کە خراپترین ئەدای ئابوورییە تازەپێگەیشتووەکانە لە دەیەی ڕابردوودا.

ڕەنگە ئەمە کۆتایی قۆناغی یەکەمی سەردەمی بازاڕە تازەپێگەیشتووەکان بێت، کە تێیدا ئەدای ئابووری (٥٠٪)ی تێپەڕاندووە. چین بە قۆناغێکی گۆڕانکاری لە گەشەکردندا تێدەپەڕێت، لە سەر بنەمای وەبەرهێنانەوە بۆ مۆدێلێکی هاوسەنگتر لە سەر بنەمای بەکاربردن. حکومەتی چین توانای داپۆشینی ئەو زیانانەی هەیە کە بە هۆی قەرزە خراپەکانەوە دروستدەبێتو توانای هاندانی ئابووریی هەیە.

تەنانەت ئەگەر هەندێک سنووردارکردنی دراویش هەبوایە، ئابوورییە تازەپێگەیشتووەکان سیاسەتێکی بەرگریيان هەیە، کە نرخی ئاڵوگۆڕی نەرمو نزمو قەرزی تا ڕادەیەک کەمو یەدەگی دەرەکیی بەرز لەخۆدەگرێت. خاوبوونەوەی ڕێژەی گەشەی چین کاریگەریی لە سەر ئەدای وڵاتانی دیکەی تازەپێگەیشتوو دەبێت. هەرچەندە بوژانەوەی کاڵاو قەرز ڕوویداوە، بەڵام بەڕازیل چیتر بە هەمان خێرایی گەشەناکات و لە هیندستانیش سەرلێشێواوییەکی گشتی هەیە سەبارەت بە ئەگەری بوژانەوەی ئەم وڵاتە، بە لەبەرچاوگرتنی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی.

لە ساڵانی داهاتوودا ئابوورییە تازەپێگەیشتووەکان بەردەوامدەبن لە گەشەکردن، بەڵام بە خاوی، ئەمەش کاریگەریی لەسەر ئابووریی جیهانی دەبێت لە مەودایەکی درێژخایەندا. لە هەمان کاتدا هاوکاریی نێوان زلهێزە تازەپێگەیشتووەکان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەرەوپێشبردنی فرەلایەنیو هاوسەنگی لە کاروباری دەرەوەو کەمکردنەوەی پشتبەستنیاندا بە ئابوورییە پێشکەوتووەکان. بەو پێیەی هەریەک لە وڵاتانی بریک دەسەڵاتێکی سنوورداریان هەیە، بەهێزکردنی هاوکارییەکان تەنیا مەرجێک نییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی دارایی جیهانی، بەڵکو هەڵبژاردنێکی سەلامەتە بۆ ئەوەی پێنج وڵاتەکە پێکەوە گەشەبکەن لە قۆناغی دوای قەیرانەکاندا.

**سەرچاوە: وێبسایتی ڕیسێرچ گەیت**

# بریکس، ئایا هاوسەرگیرییەکی بەرژەوەندی دەتوانێت بەردەوامبێت؟

نووسینی: کاتارینا کرالیکۆڤا
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**پوختە**

گرووپی بریکس (بەڕازیل، ڕوسیا، هیندستان، چینو ئەفریقای باشوور) لە ویستو خواست بۆ جێگرەوەیەکی دامەزراوە داراییە باڵادەستە ڕۆژئاواییەکانەوە، بۆ فەراهەمکردنی پێگەیەکی گەورەتر بۆ وڵاتانی ئەندامی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا سەریهەڵدا.

ئەم هاوبەشییە لە سەر پێویستیو بەرژەوەندیی هاوبەش بونیادنراوە، وەک لەوەی لە سەر بەهاو بیری هاوبەش بێت. ڕێژەی بەرزیی نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی، گەندەڵیی پەرەسەندوو و ئاڵنگارییەکانی ڕووبەڕووی پەروەردەو ژینگە دەبێتەوە، خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم پێنج وڵاتەیە. بە هاوبەشیی بانکی پەرەپێدانی نوێ (NDB)و لەگەڵ هەماهەنگیی باشتری کاری هاوبەشدا لەلایەن وڵاتانی بریکسەوە، ئەگەری ئەوە هەیە کە بە شێوەیەکی کاریگەر ڕێژەی ئەم کێشانە کەمبکەنەوەو هەوڵبدرێت بۆ پەرەسەندنی ئابووریی دوورمەودا.

**پێشەکی**

لە سەرەتای دروستکردنی گرووپی بریکسەوە، چەندین بابەت نوسراون دەربارەی ئەوەی کە چۆن سەرهەڵدانی ئابوورییەکانی ئەم گرووپە مەترسی دروستدەکات بۆ هێزو دەسەڵاتی تەقلیدیی جیهانی. هەندێک لە شیکەرەوەکان گەشبین بوون بە داهاتووی گرنگی جیۆپۆلەتیکیی وڵاتانی بریکس . هەرچەندە کەسانی دیکە بەگومان بوون لە بەردەوامبوونی درێژخایەنی گرووپەکە. لە کاتێکدا ترس لە نەزانین هەبوو، لە هەمان کاتدا بە کەم سەیری هێزی ئەم وڵاتانە دەکرا، بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازییە مێژوویی‌و سیاسی‌و کولتوورییەکان، ڕەخنەیان لێ دەگیرا کە ناتوانن کێشەکانیان لە یەکدی جیابکەنەوە، هەروەها گومان لەوە دەکرا کە توانایان نەبێت پابەندییەکانی ڕێککەوتنەکەیان ببەنەسەر. ئایا کێ ڕاستە؟ ئایا بریکس مەترسییە، "ئاڵنگارییە" بۆ داهاتووی یەکێتیی ئەوروپا؟

چۆن هەموو شتێک دەستیپێکرد، جیم ئۆنیڵ،سەرۆکی ئابووریناسی پێشوو لە گرووپی کۆمپانیاکانی گۆڵدمان، ئەو پیاوە بوو کە گرووپی بریکسی کۆکردەوە. نزیکەی ١٣ ساڵ لەمەوبەر لە بڵاوکراوەکەیدا لە ژێر ناونیشانی بونیادنانی ئابوورییەکی جیهانیی باشتر، بریک (BRIC) زاراوەی بریکی داهینا. لە کۆتایی ٢٠١٠دا، ئەفریقای باشوور بوو بە ئەندام لە گرووپەکەداو پیتی (S) زیادکرا بۆ ناوەکەی (BRICS). بە دیدێک بۆ باشترکردنی باری ئابووریی جیهانی‌و دووبارە شێوەپێدانەوەی دامەزراوە داراییەکان، ڕابەرانی،بەڕازیل، ڕوسیا، هیندستان و چین یەکەمین کۆبوونەوەیان لە شاری یەکاتینبۆرگی ڕوسی لە حوزەیرانی ٢٠٠٩دا کرد. سێ لوتکەی داهاتووی بریکس بەبێ ئەوەی کەس تێبینیبکات، بەڕێوەچوو. وا دەردەکەوت کە بریکس تەنها نازناوێکی سەرنجڕاکێشی مۆدێرن بێت، گرووپێکی دوورلەیەکی پێکهاتوو لە پێنج وڵاتو ناوێکی دیکەی ناو بازاڕەکە بوو.

**بانکی پەرەپێدانی نوێ**

ئەو ڕووداوەی گۆڕانکاریی گەورەی کرد، لوتکەی پێنجەم بوو، کە لە ساڵی ٢٠١٣دا لە دوربان لە ئەفریقای باشوور کرا. لە تەمموزی ٢٠١٣ لە شاری فۆرتالیزای بەڕازیل، سەرکردەکان لە کۆتاییدا ڕێککەوتن لە سەر شێوەو پەیکەری پێویستی بانکەکە، بە تایبەتی بنکەکەی لە شەنگەهای بێت، هەروەها بڕیاریاندا سندوقێکی کاشی نوێ دابنێن بۆ پاراستنی سامانەکان لە حاڵەتی فشار بۆ سەر نەختینەی جیهانی لە کورتمەودادا. بانکەکە سەرمایەکەیلە بڕی ٥٠ ملیار دۆلارەوە دەستیپێدەکاتو بە تێپەڕبوونی کات بۆ ١٠٠ ملیار دۆلار زیاددەکات. سەرەڕای جیاوازیی گەورە لە قەبارەی دانیشتوانی وڵاتەکانو قورسایی ئابووری، هەریەکە لە پێنج وڵاتانی بریکس بە یەکسانی بڕی ١٠ ملیار دۆلار پشک لە ٥٠ ملیار دۆلارەکە وەک بنچینە دادەنێن. لەگەڵ

هەوڵەکان بۆ دیاریکردنی سەرچاوەکان لە نێو ئەندامانی بریکسدا، بۆئەوەی پاڵپشتیی بەرەوپێشچوونی پێکهاتەی بنچینەیی بکەن، دەبێت بانکەکە یەکەمین پڕۆژەی لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦دا دەستپێبکات. لەگەڵ ئەمەشدا بانکەکە پلانی هەیە کە پاڵپشتیی پێکهاتەی بنچینەیی لە دەرەوەی بریکس بکات، بە تایبەتییش لە ئەفریقا، لەبەرئەمە ناوچەیەکی سەنتەری لە یۆهانسبێرگ دیاریبکرێت. بەم ڕێگەیە هەموو وڵاتانی بریکس دەتوانن هەژموونی زیاتر لە ئەفریقای بەرەوپێشچوو بەدەستبهێنن‌و پشکی زیاتریان هەبێت لەو ئابوورییەی کە چاوەڕێدەکرێت زۆر بەرەوپێشبچێت. دروستکردنی بانکی پەرەپێدانی نوێ وێنەی ئەو نائومێدییەی بریکس پێشان دەدات، بە تایبەتییش چین کە ئەوەی دەیەوێت، بەدەستیناهێنێت، کە بریتییە لە چاکسازی لە دامەزراوە داراییەکان، بۆئەوەی ڕۆڵێکی گەورەتری پێ بدرێت لە جیهاندا. یەکێتیی ئەوروپا فێربوو کە چۆن خۆی لەگەڵ ئەم ئاڕاستە نوێیانەی ئەندازیاریی پەرەسەندندا بگونجێنێت. لە کاتێکدا سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بە بەردەوامی پێدانی پارەی کورتخایەن بۆ باڵانسکردن دەکات، بانکی بریکس هاوشێوەی بانکی وەبەرهێنانی ئەوروپی دەبێت لە پێدانی درێژخایەنی وەبەرهێنان لە ژێرخاندا. ئەگەر ئەم دوو بانکە بڕیاربدەن هاوڕێ بن لە هەماهەنگیکردن‌و تەواوکاریی یەکدیدا لە بریی ئەوەی پێشبڕکێبکەن، بانکی بریکس دەتوانێت سوودمەند بێت لە شارەزایی‌و ئەزموونی بانکی وەبەرهێنانی ئەوروپی. لەگەڵ ئەمانەدا لەبەرئەوەی قەبارەی قەرزپێدان بۆ ویستەکانی بانکی بریکس دەبێت گەورە بێت، لەبەر ئەو هۆکارانەی دیاریکراون، هاوبەشیکردن لە پارەدارکردنی پڕۆژەکان بەیەکەوە لەگەڵ بانکی وەبەرهێنانی ئەوروپی دەستتێوەردانێکی زیاتر مانادارادەکات‌و کاریگەریی زۆر زیاتر دەبێت لە سەر گەشەپێدانی بەردەوام.

### چی لێکیانجیادەکاتەوە؟

بریکس گرووپێکی یەک توخم نین، سنووری هاوبەش‌و مێژوو و کولتوورو بابەتی بەنرخی هاوبەشیان لە نێواندا نییە. پێکهاتەی سیاسییان لە سەر ئایدۆلۆژیای جیاواز دامەزراوە، لە کاتێکدا هیندستان‌و بەڕازیل‌و ئەفریقای باشوور نموونەی وڵاتانی هەوڵدەرن بۆ دیموکراسی لە نێو وڵاتەکانی دەوروبەریاندا، سیستەمی سیاسیی چین‌و ڕوسیا چەندین خەسڵەتی نادیموکراسی لەخۆدەگرێت. بێدەنگبوونی بریکس لە ئاستی داگیرکارییەکانی ڕوسیا بۆ سەر کریم‌و بەرگرییان لە ڕوسیا کارێکی بێزارکەرە، بە تایبەتییش بوونی سێ وڵاتی دیموکراتی لە گرووپەکەدا ئەم کارە قورسترەدەکات بۆیان. هەروەها وڵاتانی بریکس لە سەر بابەتی ڕیفۆرمی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بوون بە دوو بەشەوە. بۆ نموونە هەندێک ناوچەی ناکۆکیلەسەر لە نێوان چین‌و هیندستان، لە توانای بلۆکەکە کەمدەکاتەوە بۆ کارکردن. لە ڕووی ئابوورییەوە کۆی داهاتە ناوخۆییەکان زۆر جیاوازە، بەڕازیل شارەزایی لە کشتوکاڵدا

هەیەو ئەفریقای باشوورو ئەفریقا لە شتومەک، هیندستان لە خزمەتگوزارییەکانو چین لە دروستکردن، پیشەسازی، شارەزایی هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا چین بەوە ناسراوە کە کەمترین باج دەخاتەسەر بەرهەمە دروستکراوەکانی، هیندستان بەرگریکارو موحافزکارە لە بابەتی شتومەکو ئەفریقاش سەرەڕای ئەوەی بە بەردەوامی هێزە ڕەشە ئابوورییەکەی پڕدەکات، ئێستا ئەویش لە مەسەلەی شتومەک دەستپارێزیدەکات. کە دێتەسەر بابەتی کۆی داهاتی ناوخۆ بۆ تاکێک، ڕوسیاو بەڕازیل بە بەراورد بە وڵاتەکانی دیکەی ئەندام ئاستیان زۆر بەرزە، لە هەمان کاتیشدا هیندستان ڕێگەیەکی دوورودرێژی لە بەردەمە بۆ گەیشتنەوە بە ئەندامەکانی دیکە. گەشەسەندنی کۆی داهاتی ناوخۆی وڵاتانی بریکس زۆر جیاوازە، چین لە ساڵی ٢٠١٣ ڕێژەی ٧.٧٪ بووەو ڕوسیا ١.٣٪ بووە (OECD a٢٠١٤). پێوەرەکەی بازرگانیکردنی بانکی جیهانی لە ٢٠١٣دا پیشانیدەدات کە بازرگانیکردن لە ئەفریقای باشوور ئاسانترە وەک لە وڵاتانی دیکەی بریکس .

لەم دیدەوە، ویستەکانی گرووپی بریکس بۆ بوون بە ڕۆڵگێڕێکی جیۆپۆلەتیکی بە شێوەیەکی گشتی زۆر ناڕاستەقینەیە. کارەکتەرە جیهانییەکانی دیکە، وەک: یەکێتیی ئەوروپا، وەک تاک مامەڵە لەگەڵ ئەندامەکانی بریکس دەکەن لە سەر بنچینە هاوبەشەکان.

**چی بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە؟**

بریکس وڵاتانی گەورەن. ڕێژەی (٤٢٪)ی دانیشتوانی زەویو (٢٨٪)ی ئابووریی جیهان (لە کاتی یەکسانبوونی هێزی بەدەستهاتوو) پێکدەهێنن، بەڵام تەنها خاوەنی (١١٪)ی دەنگەکانن لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتیدا. ئەم دابەشبوونە نایەکسانەی دەنگەکانو نایەکسانیی ڕۆڵ لە دامەزراوە ڕۆژئاواییە باڵادەستەکاندا بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە. بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانیان، ئەندامانی بریکس یەکیانگرتووە بۆ بەدیهێنانی ئەجێنداکەیان، کە کێشەیەک دروستیکردووە. بە تێپەڕبوونی کات پێکهاتەیەکی دامەزراوەییان دروستکردووە، کە ڕێگەیان پێ دەدات بۆ وەڵامدانەوە بە شێوەیەکی ڕێکخراوی نوێ. هەروەها تا ئەو کاتەی بریکس نەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر وەڵامی کێشە هاوبەشەکانیان هەبێت، ڕێگەی گەشەکردنی ئەرێنی بۆیان بەردەست نابێت.

**نایەکسانیو ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتی**

نایەکسانیی کۆمەڵایەتی کێشەیەکی گرنگی ناو بریکسە. لەگەڵ ڕێژەی جینی )٠،٦٣(، ئەفریقای باشوور یەکێکە لە هەرە نایەکسانترین کۆمەڵگەکان لە جیهاندا. بەڕازیل بە ڕێژەی )٠،٥٥( لە دوای ئەو دێت، پاشان چین بە ڕێژەی (٠،٤٧)،

ڕوسیا (٠.٤٠)و هیندستان بە ڕێژەی (٠،٣٨). مەودای ڕێژەکە لە نێوان ٠ (یەکسانە بە یەکسانیی تەواوەتی)و ١ (نایەکسانیی تەواوەتی)، ڕێژەی ٠.٤ ئاستێکی بەرزی نایەکسانی پیشاندەدات. نایەکسانی تەنها بابەتی دیار نییە لە ناو ئەندامانی بریکسدا جگە لە بەڕازیل، بەڵکو لە زۆرینەی وڵاتانی ڕێکخراوی هاریکاریی گەشەپێدانو ئابووریدا، کە ڕێژەی ناوەندیی جینی لە ٣٢،٠ دەوەستێت. نایەکسانیی کۆمەڵایەتی ڕێگری لەبەرەوپێشچوون دەکات. هۆکارە بۆ ڕێژەی زۆری تاوان، بەشداریدەکات لە کەمبوونەوەی وەبەرهێنانو دروستکردنی پشێویی کۆمەڵایەتی. ئەفریقای باشوور بە نموونە وەردەگرین، یەکێکە لە کۆمەڵگە هەرە شیزۆفرینییەکان لە جیهاندا. لانەی چەندین کۆشکی جوانە، کە بەو مەوادانە دروستکراوە کە لە گەڕەکە هەژارنشینەکانەوە هێدراون، کە تەنانەت دەستیان بە کارەباو ئاوی خواردنەوەش ناگات. خۆپیشاندان بۆ دەستکەوتنی خزمەتگوزارییەکان ڕۆتینێکی ڕۆژانەیە. لێدانەکان لە بەشی کانەکان، بالیکێشاوە بۆ سێکتەرەکانی دیکەش لە ئابووریی ئەفریقای باشووردا، لە خۆپیشاندانە توندوتیژەکانی ماریکانا لە ساڵی (٢٠١٢)وە بەردەوامە، کە تێیدا زیاتر لە ٦٠ کرێکاری کانەکان کوژران.

## فێرکردن و بێکاریی گەنجەکان

لەگەڵ ئەوەی تەنها لە ئەفریقای باشوور ڕێژەیەکی زۆری بێکاری هەیە، کە دەگاتە نزیکی (٤٠٪)ی وڵاتەکانی دیکەی بریکس جگە لە چین، کە ڕووبەڕووی ڕێژەیەکی زۆری ناڕاستی لە یەکگرتنەوەی کارو شارەزایی دەبێتەوە. بە پێچەوانەی ژمارەی زۆری کەرتی تایبەتو ڕێژەی زۆری هەلیکار لە هەموو وڵاتانی بریکسدا، ڕێژەیەکی زۆری بێکاریی گەنجان هەیە. بۆ نموونە: زیاتر لە (٥٠٪)ی گەنجانی ئەفریقای باشوورو ڕێژەی (١٥٪)ی گەنجانی بەڕازیلو ڕوسیا لە ساڵی ٢٠١٣ بێکاربوون.

گەشەپێدان پێویستییە، بە تایبەتی لە قوتابخانە گشتییەکاندا، مەشقپێکردنی پیشەییو پێشکەشکردنی فێرکردنی دووەمیو سێیەمی زیاتری ئامانجبۆدانراوو پراکتیکی پێویستییە. لەگەڵ ئەمەشدا یەک بابەت بۆ هەمووی ناگونجێت. هەر تاکێک لە ئەندامانی بریکس کێشەی جیاوازیان لە سیستەمی فێرکردندا هەیە، لە کاتێکدا لە قوتابخانە سەرەتاییو ناوەندییەکان لە ڕوسیادا قوتابییەکانیان پڕ زانیاریی گشتی دەەن، زانکۆکان بۆ بازاڕی کار بە شێوەیەکی باش ئامادەیانناکەن، بەڵکو فێرکردنی یەکلایەنەیان بۆ دادەنێن، کە یەک ڕێگە بێتو ڕێگریبکات لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە. لە لایەکی دیکەوە، کێشەکە لە ئەفریقای باشوور بە تەواوەتی پێچەوانەیە. ڕێژەی زۆری زانکۆکان لە ئەفریقای باشوور کوالێتیی باشیان هەیە، بەڵام کێشەکان لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا ڕوودەدات. زۆرینەی قوتابخانە سەرەتاییەکان بابەتە فێرکردنە سەرەتاییەکانیان کەمەو شکستدەهێنن لە پڕزانیاریکردنی قوتابییەکانیان.

شکستهێنان لە قوتابخانەی سەرەتایی شکستهێنان لە ژیانی تاکدا دیاریدەکات. چەندین نموونە بۆ ڕیفۆرمکردنی فێرکردن لە یەکێتی ئەوروپادا هەیە، کە جیاوازیی هەرێمایەتی لەبەرچاودەگرێت، چەند نموونەیەک دەخاتەڕوو، کە دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت بۆ ڕیفۆرمکردنەوەی سیستەمی فێرکردن لە وڵاتانی بریکسدا. لە هەمان کاتدا هاریکاریی زیاتر لە نێوانیاندا، بۆ نموونە: هاریکاریکردنی زیاتری نێوان یەکێتیی ئەوروپاو بریکس دەتوانێت بیرۆکەی گەشەسەندنی نوێ دروستبکات‌وە ڕێژەی بێکاریی گەنجان کەمتربکاتەوە.

## تاوان و گەندەڵی

سەرەڕای کەمبوونەوەی لەم ساڵانەی دواییدا، ڕێژەی تاوان لە وڵاتانی بریکسدا بە بەرزی ماوەتەوە. جێگەی سەرسوڕمان نابێت کە بزانین ئەفریقای باشوور لە سەرەوەی لیستەکەدایە. ئەو وڵاتانەی ڕێژەی بەرزی جیاوازیی داهاتیان هەیە، ڕێژەیەکی زیاتری کوشتنی تێدایە بە بەراورد بە کۆمەڵگە یەکسانەکان. بە گوێرەی نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ماددەی هۆشبەرو تاوان، ئەفریقای باشوور بەرزترین ڕێژەی کوشتنی تێدایە لە ناو وڵاتانی بریکسداو لە سەر ئاستی نێودەوڵەتییش ڕێژەیەکی یەکجار بەرزی هەیە، بە دوایدا بەڕازیل، ڕوسیا، هیندستان‌و چین دێت. تاوانەکانی ناو بریکس لە شێوەی جۆراوجۆردان، گەندەڵی بەربڵاوترینە لە ناویاندا. بە پێی شەفافیی نێودەوڵەتی، هەر پێنج وڵاتەکە لە خوار پەنجایان بەدەستهێناوە، کە نیشاندەرە بۆ ئەوەی کێشەی گەورەیان لەگەڵ گەندەڵی هەیە. بۆ نموونە: ڕوسیا لە ئاستی ئەو بیست وڵاتەیە کە زۆرترین ڕێژەی گەندەڵییان هەیە، لە کاتێکدا ئەفریقای باشوورو بەڕازیل لە ڕێزبەندیی حەفتاودوون لە کۆی ١٧٧ وڵات، کە لە گرووپەکەدا بە شەفافترین وڵاتەکان ناسراون. لەگەڵ ئەمانەشدا ئەفریقای باشوور لەم دواییانەدا خرایەبەرباس، کە ڕێککەوتنێکی نهێنیی لەگەڵ ڕوسیادا کردووە، کە کۆمپانیای ڕووسی،ڕۆسئەتۆم، ٨ کارگەی ئەتۆمی لە ئەفریقای باشوور بونیادبنێت.
ڕێککەوتنەکە ئەو تۆمەتانەی دروستکرد کە حکومەت لە یاساکانی کڕین خۆی دەدزێتەوە. لەگەڵ ئەوەی هەوڵەکان بۆ دژەگەندەڵی لە بەڕازیل‌و هیندستان کەمێک باشییان پێوە دیارە، بەڵام هێشتا ڕێگەیەکی دووریان لە بەردەمدایە. شارەزای بواری حکومەتی چینی،مینژین پی، دەڵێت: بەربڵاویی گەندەڵی لە هەرەشە گەورەکانی سەر داهاتووی ئابووریی چین‌و سەقامگیریی سیاسییە. گەندەڵیی بڕوابوون بە وڵات‌و یاسایی‌و ڕاستەقینەیی دامەزراوەکانی تێکدەدات‌و ژینگەی کار خراپتردەکات، پشتگیری لە نایەکسانیی ئابووری دەکات‌و ژینگە وێراندەکات‌و پشێویی کۆمەڵایەتی زیاتردەکات. شەفافیی زیاتر تەنها یارمەتیدەر نییە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی گەندەڵی لە بریکسدا، بەڵکو لەلایەن یەکێتیی ئەوروپاشەوە پێشوازیی لێ دەکرێت، بە لەبەرچاوگرتنی گەشەسەندنی زیاتری وەبەرهێنانەکانی بریکس لە یەکێتیی ئەوروپادا.

## ژینگە

لەگەڵ ئەوەی بابەتی سەرەکیی شەشەمین لوتکەی بریکس بریتی بوو لە "گەشەسەندنی گشتگیرو چارەسەری بەردەوام"، باسێکی زۆر کەم دەربارەی ئەو ئاڵنگارییە ژینگەییانەی ڕووبەڕووی وڵاتانی بریکس دەبێتەوە، باسکرا. گەشەسەندنی ئێستای بریکس لە سەر دەرهێنانی سەرچاوە سروشتییەکانو ئابووریی چڕکراوە بە کاربۆنە، کە بە هۆی خواستی زۆری چینەوە بۆ کانزاکان، سوتەمەنیی بەبەردبوو و مادده کشتوکاڵییەکانەوەیە. لە بریی بەپیشەسازیکردنو بەکارهێنانی زیرەکانەی بەرهەمەکان لە بریکسدا، دەتوانرێت باس لە بەسەرەتاییکردنەوەی هەناردەکردنەکانیان بکرێت. وڵاتانی بریکس بەیەکەوەو هەندێک لە وڵاتانی ئەفریقییش، بوون بە فرۆشیاری سەرچاوە سروشتییەکان بە چین. کۆی پاشماوەی کاربۆنیان (٣٦٪)ی کۆی پاشماوەی کاربۆنی جیهانە. بە پێی ئەنجومەنی زانستیی جوگرافیی ئەفریقای باشوور، پیسترین هەوای جیهان بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن لە چین نییە، بەڵکو لە ئەفریقای باشوورە، نزیکەی ١٠٠ کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتی یۆهانسبێرگەوە، لە شاری کانی خەڵوزی ئیمالاهلێنی. هەروەها وڵاتانی دیکەی بریکسیش زۆر باشتر نین. دوو شاری ڕووسی،دزێرهینسکو نۆریلسک، لە ڕیزبەندی ١٠ پیسترین شارەکانی جیهاندان. ناوچە گەورەو ناوەندەکانی نیشتەنیی بەڕازیل ڕووبەڕووی کێشەی زیاتری ژینگەیی دەبنەوە، بە هۆی پیسبوونی ئاوەوە بە گشتی. بە پێی وتەکانی "چێن" هەموو ساڵێک ١،٢ ملیۆن کەس لە چین دەمرن بە هۆی ئەو نەخۆشییانەی پیسبوونی ژینگە دروستیکردوون. لە هەمان کاتدا (٢٣٪)ی ڕێژەی مردنی منداڵان لە هیندستان بە هۆی پیسبوونی هەواوە، ئاوی پیسبوو و هۆکارە ژینگەییەکانی دیکەیە. کێشە ژینگەییەکان لە ئەجێندای ئەوروپیدا گرنگە. بۆ نموونە: یەکێتیی ئەوروپا زۆر جەختدەخاتەسەر ڕۆڵەکەی وەک نێوەندگیر لە ئامادەکاری بۆ کۆنفرانسی پارتەکان لە سەر پرسی گۆڕانکاریی مەناخ، کە لە ساڵی ٢٠١٥ لە پاریس بەڕێوەدەچێت، بەڵام سەرکەوتنی کۆنفرانسەکە دەکەوێتەوەسەر کارکردنی ئەندامەکانی بریکس ، ڕوون نییە تا ئێستا کە ئایا وەک هاوپەیمان کاردەکەن.

## کۆتایی

زۆر بابەت نوسرا دەربارەی پێشبینیی زۆر باش بۆ داهاتووی بریکس ، بەڵام بریکس ڕووبەڕووی چەند کێشەیەک بووەتەوە، کە وەک بۆمبی تەوقیتکراوە. گەشەسەندنی ئابووری لەم وڵاتانە لە سەر کەمیی تێچووی دەستی کارو سەرچاوەی کانزایی جۆراوجۆرو کەمێک لە هێنانی تەکنەلۆژیا بونیادنراوە، کە هیچ یاخود زۆر کەم وەبەرهێنان لە مرۆڤەکان، کۆمەڵگە یاخود سەرچاوە سروشتییەکان کراوە. بە یەکگرتنەوە لەگەڵ کێشەکانی وەک نایەکسانیی کۆمەڵایەتی، نەبوونی کار، گەندەڵیو کێشە ژینگەییەکان، کە ئەم جۆرە گەشەسەندە بەردەوام نییەو تا سەر نییە.

لەگەڵ ئەمەشدا یەکێتیی ئەوروپا نابێت ئەو ئاڵنگارییەی بریکس دروستیکردووە، بەکەموەریبگرێتو نابێت لەمڕۆدا کێشەکانی دروستیدەکەن، بەکەموەربگیرێت. سەرەڕای گوتاری نەرێنیی بریکس بەرانبەر بە ئەوروپا، کە لە دواییدا وەک کیشوەرێکی مردوو وەسفیدەکات، بریکس زۆر زیاتر لەوەی درکی پێ دەکەن، پێویستیان بە ئەوروپایە. یەکێتیی ئەوروپا تەنها هاوپەیمانیی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی بریکس نییە، بەڵکو چەندین ساڵە هەوڵدەدات یارمەتیی بریکس بدات لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان. هەروەها زۆرینەی کات تەنها ڕێگە تەقلیدییەکانی گەشەسەندنو یارمەتیی تەکنیکی بەکاردەهێنن. لە بریی ئەوە، پێویستە یەکێتیی ئەوروپا بە شێوەیەکی باشترو داهێنانەتر لەگەڵ بریکسدا مامەڵەبکات، کە بتوانێت هاوبەشییەکی یەکسانی بونیادنراو لە سەر بەرژەوەندیی هاوبەش دروستبکات، کە لەگەڵ سەدەی بیستویەکەمدا زیاتر بگونجێت. ئەم جۆرە هاوبەشییە دەکرێت کاربکات بۆ زیادکردنو باشترکردنی بەرهەمی ناوخۆیی،باشترکردنی توێژینەوە، پەرەسەندنو ڕێکخستنو باشترکردنی گۆڕینەوەی زانیاری لە تۆڕی زانیاریی جیهانیو بازاڕەکاندا. بە یەکگرتن لەگەڵ هاریکاری لە نێوان بانکی پەرەپێدانی نوێو بانکی وەبەرهێنانی ئەوروپیدا، شێوازی گەشەسەندنی وڵاتانی بریکس ئەو توانایەی هەیە کە گشتگیرترو بەردەوامبێت. لە جیهانێکی گەشەسەندنی پشتبەیەکبەستندا گرنگە کە یەکێتیی ئەوروپا زیاتر تێکەڵببێت لەگەڵ بریکسدا، لە میانەی ئەو سنوورانەی لەلایەن بەها بنەڕەتییەکانی یەکێتیی ئەوروپاوە دانراوە.

**سەرچاوە: وێبسایتی جۆرناڵس سەیج**

# لوتکەی (٢٠٢٣)ی بریکس، بە دوای نەزمێکی جیهانیی جێگرەوەدا دەگەڕێت؟

نووسینی: ئەنجومەنی شوراکان
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**یاداشتە جیهانییەکان کورتەیەکن لەلایەن ئەنجومەنی شوراکانەوە، کە بۆچوونی پسپۆڕانی جیهانی لە سەرپێشهاتە گەورە نێودەوڵەتییەکان کۆدەکەنەوە.**

کۆمەڵەی بریکس (بەڕازیل، ڕوسیا، هیندستان، چین و ئەفریقای باشوور) بۆ لوتکەی ساڵانەی سەرکردەکانی لە یۆهانسبێرگ لە باشووری ئەفریقا لە ٢٢-٢٤ی ئابی ٢٠٢٣ کۆبوونەوە. ئەوەی جێی سەرنجە، لە پازدەیەمین لوتکەی ڕێککەوتنەکە وەرگرتنی شەش وڵاتی ئەندامی نوێ بوو، کە بریتین لە ئەرجەنتین، میسر، ئەسیوبیا، ئێران، سعودیەو ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، کە لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٤ بە فەرمی دەچنەناو گرووپەکەوە. دە پسپۆڕی ئەنجومەنی شوراکان CoC)) لە ئەندامانی بریکس و دەرەوەی کۆمەڵەکەش بیر لە داهاتووی گرووپەکە دەکەنەوەو لەگەڵ ئەوەشدا فراوانبوونماناى چییە بۆ حکومڕانیی جیهانی.

## جیهان پێویستە پێشوازی لە ئەندامە نوێیەکانی کۆمەڵەکە بکات

پازدەیەمین لوتکەی بریکس لە ڕووی مۆدێرنکردنو هاندانی گرووپەکەوە لە هەموو لوتکەکانی دیکەی ڕابردوو زیاتر بەرەوپێشچووە. هەروەها ئاماژەیەکی بەهێزی ناردووە، کە نەزمی دوای جەنگی جیهانیی دووەم پێویستە واقیعی فرەجەمسەری قبوڵبکاتو لەگەڵ سەردەمدا بگۆڕێت. زۆرێک لە داواکارییەکان بۆ بەشداریکردن لە کۆمەڵەی بریکس بە ڕوونی نیشانەی نائارامییەکی قووڵە؛مەیلی ڕۆژئاوا بۆ جێگیرکردنی سزا داراییە تاکلایەنەکان، خراپبەکارهێنانی میکانیزمەکانی پارەدانی نێودەوڵەتی، پاشگەزبوونەوە لە پابەندبوونە داراییەکانی کەشوهەواو ڕێزگرتنی کەم لە ئاسایشی خۆراکو پێداویستییە تەندروستییەکانی باشووری جیهانی لە کاتی پەتاکەدا، هەندێک لەو ئامرازانەی کە بەرپرسیارن لە پەرەسەندنی بێهیوایی لە سیستەمی نێودەوڵەتیی ئێستادا، فراوانکردنی بریکس بۆ فۆرماتی بریکس +و پەسەندکردنی بنەمای ڕێنماییەکان، ستانداردەکانو ڕێکارەکان بۆ هەمان شت، بە ئەگەرێکی زۆرەوە بریکسی کردووە بە دامەزراوەیەکی سەرنجڕاکێشتر بۆ بونیادنانی کۆدەنگیو گفتوگۆ لە جیهانی گەشەسەندوودا. تەنانەت پرۆفایلی ئەندامە نوێیەکان ئەوە پیشاندەدات کە سیستەمەکە بەرەو شتێک دەڕوات لە دەرەوەی هاوبەشە نەریتییەکان (قبووڵکراوەکان) لە چاوی ڕۆژئاوادا. بوونی ئێران بە تایبەتیو کاردانەوەکان بەرانبەر بە ئێران لە ڕۆژانی داهاتوودا جێگەی سەرنج دەبێت. لایەنێکی گرنگی دیکە ئەوەیە کە چۆن ئەم هاوبەشانە سوود لە سیستەمە نوێیەکانی هاوکاری وەردەگرن، کە بریکس هەوڵی دامەزراندنی دەدات. ڕەنگە قسەکردن لە سەر دراوی باوی بریکس ناکرداریو پێشوەختە بێت، بەڵام بازرگانیکردن بە دراوە نیشتمانییەکان خەریکە دەبێتە ڕاستی. مامەڵەی نەوتی ئەم دواییەی نێوان هەردوو وڵاتی هیندستانو ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، کە بە ڕوپیە دیاریکراوە، تەنها هێرشکردن نییە لە ڕێکخستنی پترۆدۆلار، کە لە ساڵی (١٩٧٣)وە زاڵبووە. هەروەها ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەناردەکارانو هاوردەکارانی سەرەکیی کاڵاکانی جیهان دەتوانن هەوڵبدەن پشتبەستنیان بە دۆلار کەمبکەنەوە. ئەگەر نەزمێکی نوێی جیهانی نەبێت، بە دڵنیاییەوە فراوانبوونی بریکس هەوڵێکە بۆ نەزمێکی بەدیلی جیهانی، کە گوێیەکی هاوسۆزیی زیاتری هەبێت بۆ زۆرێک لە گەشەسەندووەکان لە بەرانبەر کەمگەشەسەندووەکاندا. ئەو ئاڵنگارییەی کە لە پێشە،ئەوە نییە کە کێ وەک وڵاتێکی هاوبەش پەیوەندی بە بریکسەوە دەکات، بەڵکو کێ کلیلی بڕیاردان لە سەر هەڵوێستەکانی سیاسەتی بە دەستەوەیە. پرۆسەی بڕیاردانی کۆدەنگیی بریکسدارشتنی سیاسەت ئاسانترناکات، بەڵام هەوڵی دیموکراسیکردن شایەنی هەوڵێکی جددییە.

**ناڤدیپ سوری**
**جانڤی تریپاتی**

**ساتەوەختی جیۆپۆلەتیکی بریکس +**

پازدەیەمین لوتکەی بریکس بە دوو شێوە بەبیردێتەوە،وەک لوتکەیەک کە بڕیاریدا لە سەر گۆڕینی لە بریکسەوە بۆ بریکس +، وەک لوتکەی نارەزایی لە رۆژئاوا لە بەرپرسیاریەتیی خۆی لە قەیرانو شەرەکانو بێتوانایی، تەنانەت کۆنترۆڵکردنی دەرئەنجامەکانی ئەم ڕووداوانە. ئەوەی بەشێک لە چاودێران پێی دەڵێن هاوپەیمانییەکی نەرێنی، دەوڵەتان کە ناتوانن لە سەر هەڵوێستێکی هاوبەش ڕێکبکەون، بەڵام دەتوانن کۆدەنگی دروستبکەن لە سەر ئەوەی دژین، ژمارەیان لە زیادبووندایە بۆ دوورکەوتنەوە لە سزاو ڕێوشوێنی پارێزگاریخوازی. ڕێنوسە کۆنەکانی سەر بە ڕێکخستنێکی دیاریکراو ئیتر کارا نین، چونکە متمانەپێکراوی هاوبەشە تەقلیدییەکان گۆڕاوە. گێڕانەوەی مانادار سەبارەت بە فۆرمە کۆنەکانی ڕێکخستن کە بوونەتە هۆی شلۆقی، کاریگەریی بەستنەوەیان لەدەستدەدەن. ئاسۆی نوێی ئەگەرەکان بە پێشبینیکردنی بژاردەی نوێ بۆ کردەوە دەستیبەسەردادەگیرێت، ئەمەش بە ڕوونی ئاماژە بە پێویستیی بە پەلە دەکات بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ تێپەڕاندنی خۆئاماژەکارییەکانی ڕۆژئاوا. ڕەتکردنەوەی ڕاکێشان بۆ ناو کێبڕکێی زلهێزە جیهانییە کێبڕکێکارەکان تێڕوانینێکی گشتییە لە باشووری جیهانیدا، کە نابێت بەکەمسەیربکرێت. وڵاتانی ڕۆژئاوایی پێویستە لەوە تێبگەن کە بریکس + وەک گرووپێکی لەیەکدوورو نایەکسان لە ئەندامیەتیدا بەردەوامدەبێت، بەڵام بە ڕەهەندە ئاواتخوازە بەرزەکانەوە، کە هەوڵدەدات توانا پراکتیکییەکانی خۆی بۆ وڵاتانی دیکە لە سەرانسەری جیهان فراوانبکات، بە تایبەتی پێشبینییەکی فراوانتر لە بانکی گەشەپێدانی نوێ. ئەو تۆمەتەی کە ڕۆژئاوا لە بەرانبەر پێداویستییەکانی باشووری جیهانیدا خۆبەزلزانە، شتێکی جددییە. ناتوانرێت وەڵامبدرێتەوە بە پێشکەشکردنی "هاوبەشی لە سەر بنەمای بەها"و فرەلایەنی "بە بنەمای یاساکان"، کاتێک بەرژەوەندیی بریکس لە سەر گۆڕینی ئەو یاسایانە لە دارایی جیهانی، بازرگانیو ڕێکارەکانی تری دانانی ستانداردا چڕبووەتەوە. هەرچەندە بریکس + وردەکارییەکی لە سەر مۆدێلێکی حکومڕانیی جیهانی نەخستووەتەڕوو و تۆماری دیموکراسیو مافی مرۆڤی چەند ئەندامێکی نوێی بانگهێشتکراوی زۆر زیاتر خراپترە، بەڵام گرووپی حەوت (G٧) پێویستە ئاگادار بێت کە پێکهێنانی بریکس + زیاترە لە مانۆڕێکی سیاسی بۆ پێشخستنی دیدی چین بۆ نەزمی نێودەوڵەتی. هەموو ئەندامانی بریکس +و گرووپی داهاتووی وڵاتانی هاوبەش ئەجێندای تایبەت بە خۆیان هەیەو کۆڕبەندی بریکس یەکێکە لەو پلاتفۆرمە جیاوازانەی کە وڵاتانی ئەندام هەوڵی پێشخستنی دیدی خۆیان بۆ وشەکە دەدەن، بە تایبەتی بۆ بەشداریکردنیان لە هەلومەرجی باشتر لە ئابووریی جیهانیدا. وڵاتانی بریکس + دەستیان بە سەر چرکەساتی جیۆپۆلەتیکیی خۆیاندا گرتووەو داوای هەڵوێستێکی یەکگرتووی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو و گەشەسەندوویان کردووە

دژی نەزمێکی جیهانیو پراکتیکیی سیاسەتی نێودەوڵەتی، کە لەگەڵ پێداویستیو پێویستییەکانیاندا ناگونجێت. جگە لە بەرژەوەندیی ڕوسیا، بۆئەوەی خۆی وەک ئەندامێکی دانپێدانراوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پیشانبدات، گێڕانەوەی دژەڕۆژئاوایی لە ناو دەوڵەتانی (بریکس +)دا باڵادەست نییە.بەڵام ئاماژەکان ڕوونن کە باشووری جیهانی داوای فۆڕمێکی نوێی هاوکاریی فرەلایەنەی کراوەو گشتگیر دەکات، کە چاوپۆشی لە دۆخی ناوخۆیی هاوبەشەکان دەکات، بە دڵنیاییەوە ئاڵنگارییەکە بۆ ڕۆژئاوا لە کاتی نادڵنیاییدا.

## گۆنسەر مایهۆڵد

## گەڕان بە دوای کاریگەریی جیهانیدا

ڕەنگە ساتێکی تازەی گرنگ لە دروستکردنی نەزمێکی جیهانی نوێدا ڕوویدابێت. دوای گفتوگۆو قۆڵبادان، ئێستا بریکس ،بریکس _پڵەس_شەشە. ئەندامە نوێیەکان دەنگی خۆیان بەرزدەکەنەوە بۆ داکۆکیکردن لە سیستەمی حکومڕانیی جیهانیی دادپەروەرانەترو چاکسازی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانو زیادکردنی کاریگەری بۆ باشووری جیهان. ئەم فراوانکردنە ئاماژەیە بۆ گەشەسەندنی یەکخستنی ئەجێندا جیۆپۆلەتیکیو ئابوورییەکان لە ناو بریکسدا. بەرهەمهێنەرانی گەورەی نەوتی جیهانی لەخۆدەگرێت، کە لە نزیک ڕێڕەوێکی بازرگانیی گرنگن، وەک کەناڵی سوێسو گەرووی هورمزو گەرووی بابولمەندەب. هیندستانو ئێرانو ڕوسیا لە ئێستاوە خەریکی پەرەپێدانی ڕێڕەوی گواستنەوەی نێودەوڵەتیی باکوورو باشوورن. سعودیەو ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی کە دوو لە گەورەترین هەناردەکاری نەوتو گازن لە جیهاندا، زۆربەی هاوردەکردنی وزەی چین دابیندەکەن. بەڕازیل کە دوا ئەندامی بریکس بوو کە فراوانکردنەکەی پەسەندکرد، بە تایبەتی داوایکرد کە ئەرجەنتین بخرێتەناو کۆمەڵەکەوە، ئەمەش بە پێی زانیارییەکان مەرجێکی پێشوەختە بووە بۆ ئەوەی بەڕازیل ڕازیببێت بە فراوانکردنەکە بە گشتی. وەک میواندار، ئەفریقای باشوور بە سەرکەوتوویی دانوستانەکانی بۆ بەشداریکردنی دوو وڵاتی ئەفریقا کرد، هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ پێشخستنی یەکگرتن، گەشەپێدانو گەشەکردن لە ڕێگەی ناوچەی بازرگانیی ئازادی کیشوەری ئەفریقاوە بەهێزترکرد.

سەرۆکایەتیی ڕوسیا لە ساڵی ٢٠٢٤ ی بریکسدا بە پلەی یەکەم لە سەر بەکارهێنانی دراوە ناوخۆییەکانو سیستەمی پارەدان دەبێت، کە بە هۆی گفتوگۆکانی نێوان وەزارەتەکانی داراییو پارێزگارەکانی بانکی ناوەندییەوە ئاڕاستەدەکرێت، بەڵام ئەندامیەتیی گەورەتر بە مانای ئاڵنگاریی زیاترە بۆ گەیشتن بە کۆدەنگیو چینە نوێیەکانی ئاڵۆزی زیاددەکات. میسرو ئەسیوبیا بەردەوامن لە ناکۆکی لە سەر بەڕێوەبردنی ڕووباری نیل، هەرچەندە

ڕێککەوتنێک بە نێوەندگیریی چین گرژییەکانی کەمکردووەتەوە، بەڵام سعودیەو ئێران وەک ڕکابەری مێژوویی بۆ هەژموونی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەمێننەوە. ئەرجەنتین، کە ڕووبەڕووی ئاستەنگی ئابووری و هەڵبژاردنێکی سەرۆکایەتیی مشتومڕاوی نزیکبووەتەوە، داهاتوویەکی سیاسیی نادیاری هەیە. بڕیارە بە بەشداریکردنی ئێران لە کۆمەڵەکەدا لە ڕەخنەکانیدا لە ڕۆژئاوا زیاتر جەختو دەنگی بەرزتربکاتەوەو ئەمریکاو ئیسرائیل بە تایبەتی بکاتە ئامانج. هاوکات ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبیو سعودیە کە هەردوو وڵاتی مۆدێرنو دەوڵەمەند بە نەوت، زیاتر سەرنجیان لە سەر بازاڕەکانی کاڵای ئاسیایە. ئێستا فراوانبوونی بریکس هێزو بەرژەوەندییە بەرانبەرەکانی لە دڵی یانەکەدا داناوە، ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی کە دیموکراسییەکانی بەڕازیل، هیندستانو ئەفریقای باشوور بە زەحمەت بتوانن بە دابەشبوونی جیۆپۆلەتیکیی جیهانیدا تێبپەڕن.

**ستیڤن گروزد**
**گوستاڤۆ دی کارڤالۆ**

---

**بریکس لە خودی خۆیدا کۆمەڵەیەکی دژەڕۆژئاوا نییە**

کاتێک جیهان توشی ململانێیەکی جیۆپۆلەتیکیی توند دەبێت، هەر ڕووداوێک بە تەنیا لە ڕێگەی دوالیزمەکەیەوە سەیردەکرێت،ئەمریکا لە بەرانبەر ڕوسیاو چین، ڕۆژئاوا بەرانبەر بەوانی تر، دیموکراسی بەرانبەر بە زۆرداریو ...هتد. بەم پێیە ململانێ هەمیشە بڕاوەو دۆڕاو دەبینێت. لوتکەی بریکس لە باشووری ئەفریقاش لەوە بێبەری نییە، بە تایبەتی بەو پێیەی کە وا دیارە کێبڕکێکە لە پێکهاتەکەیدا چەسپاو دەردەکەوێت. ئێستا پسپۆڕان هەم باس لە سەرکەوتنی غەیرە ڕۆژئاوا دەکەن کە خەریکە فراوانتردەبێت، هەم باس لە سەرکەوتنی ڕۆژئاوا دەکەن، چونکە بریکس + وەک گرووپێکی بێشێوەو نادامەزراوەیی دەمێنێتەوە. لە ڕاستیدا دەرئەنجامی لوتکەی یۆهانسبێرگ نابێت لە ڕوانگەی ڕکابەرییەوە لەبەرچاوبگیرێت، بەڵکو دەبێت لە چوارچێوەی ڕەوتە نێودەوڵەتییە بابەتییەکاندا لەبەرچاوبگیرێت. لایەنگرانی گۆڕینی بریکس بۆ کۆمەڵەیەکی دژەڕۆژئاوا نەیانتوانی سەرکەوتوو بن. جگە لە ڕوسیا، ئەندامان بەرژەوەندییان لە ململانێی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕۆژئاوا نییە. جگە لەوەش، بەرژەوەندیی وڵاتانی ئەندام تەنیا تا ڕادەیەکی دیاریکراو هاوکاتن. بڕیاری بانگهێشتکردنی ئەندامی نوێ هەڵبژاردنی مۆدێلی گەشەپێدانە بۆ قۆناغی داهاتوو. لە ڕێگەی دوو بەشی نێوان قووڵکردنەوەو بەدامەزراوەییکردنی پەیوەندییەکان یان فراوانکردن بەرەو دەرەوە، بریکس فراوانکردنی هەڵبژارد. ئێستا پەیوەستبوونی وڵاتان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک

دەبێت. بە حوکمدان بە کۆمەڵەی یەکەمی بانگهێشتکراوەکان، هیچ پێوەرێکی ڕوونی ئەندامیەتی دانەنراوە، تەنیا بابەتی ڕێککەوتنی نێوان ئەوانەی لە کۆمەڵەکەدان. تەنها یەک مەرج جێبەجێدەکرێتو هیچ پەیوەندییەکی پابەندکەری لەگەڵ ڕۆژئاوادا نابێت. لە ئەنجامدا ئاراستەکە دیاریکراوە، بریکس بەرەو ڕۆژئاواگۆڕین دەڕوات نەک دژەڕۆژئاوا. کۆبوونەوەکە کار لە سەر فراوانکردنی فەزای کارلێککردن دەکات لە دەرەوەی جیهانی ڕۆژئاواو بەبێ بەشداری وڵاتانی ڕۆژئاوایی. هەریەک لە دەوڵەتانی بریکس ئازادن لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکاو ئەوروپادا، بەڵام نابێت زیان بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتانی بریکسدا بگەیەنن. ئەندامانی ئێستاو داهاتووی بریکس یەک شتیان هاوبەشە،ئەوان مافی ئەمریکاو یەکێتیی ئەوروپا ڕەتدەکەنەوە بۆ سەپاندنی سنووردارکردن بە سەر سیاسەتی دەرەوەو چالاکییە ئابووریەکانی وڵاتانی دیکەدا. دەتوانرێت بۆشایی بریکس وەک ئامرازێک بۆ هەمەچەشنکردنی جیهانو دوورکەوتنەوە لە زاڵبوونی ڕۆژئاوا بەرەو سیناریۆیەکی زۆر فرەلایەنتر پەرەی پێ بدرێت. لە پرۆسەکەدا زیاتر بەرزترو بەهێزتردەبێت، هەرچەندە پرۆسەیەکی درێژخایەن بێت.

**فیۆدۆر لوکیانۆڤ**

---

**دەنگێکی گەورەتر بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتوو**

لوتکەی ئەمساڵی بریکس سەرنجی نائاسایی نێودەوڵەتی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بە شێوەیەکی بەرچاو بە هۆی پەیوەندییەکەیەوە بە زیادبوونی گرنگیی باشووری جیهانی لە کاروباری جیهانی ئەمڕۆدا. زیاتر لە بیست وڵات بە فەرمی ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە بریکس دەربڕی، ئەمەش پێدەچێت گرووپی حەوت وڵاتی (G٧) هاندابێت کە لە لوتکەی ئەمساڵی هیرۆشیمادا پەیوەندییەکانیان بۆ باشووری جیهانی بەهێزتربکەن. وا دیارە هەردوو (G٧)و بریکس کێبڕکێدەکەن بۆ کاریگەریی زیاتر لە باشووری جیهانی. توانای گەشەسەندنی ئابووریی باشووری جیهانیو زیادبوونی کاریگەریی ئەمنی بەشدارە لە بەرزبوونەوەی گرنگییە جیهانییەکەیدا. ئەمریکاو یەکێتیی ئەوروپا ڤێرژنی خۆیان لە ژێرخانو دەستپێشخەرییەکانی گەشەپێداندا پێشنیارکردووە، دوای دەستپێشخەریی پشتێنەو ڕێگەی چین، کە بە شێوەیەکی باشتر سەرچاوەی زیاتر بۆ وڵاتانی باشووری جیهانی پێشنیاردەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوامی خۆیان. هەرچەندە بەشداریکردنی (G٧)و بەشداریکردنی بریکس بەرەو باشووری جیهانی جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە. گرووپی حەوت تەنها ناوبەناو وڵاتانی جیهانی باشوور بانگهێشتدەکات بۆ گفتوگۆی بەشەکی. ئێست بریکس شەش ئەندامی تەواو کاریگەری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو باکووری ئەفریقاو ئەمریکای باشوورەوە

وەرگرتووە. هەروەها ئەم فراوانکردنە توانای پێنج ئەندامی دامەزراوی بریکس نیشاندەدات بۆ گەیشتن بە کۆدەنگی. جگە لەوەش، وەزیرانی دەرەوەی بریکس مۆدێلی وڵاتانی هاوبەش پەرەپێدەدەن بۆ زیاتر جێبەجێکردنی داواکارییەکانی بەشداریکردن لە وڵاتانی دیکەی باشووری جیهانی. دیدی بریکس داواکاریی دەنگێکی زیاترە بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لە کاروباری جیهاندا، وەک سەرۆکی ئەفریقای باشوور، سیریل ڕامافۆسا، لە لوتکەی ئەم دواییەدا ئاماژەی پێ کرد، کاتێک کۆنفرانسی باندۆنگی ساڵی (١٩٥٥)ی وەبیرهێنایەوە. بە سەرنجدان بەوەی کە سێ سەرۆکی داهاتووی جی ٢٠ ئەندامی بریکس ن، دەنگی باشووری جیهانی لە کارنامەی جی ٢٠دا یەکدەخرێت. جگە لەوەش سەرکردەکانی بریکس پێزانینیان بۆ پێشنیاری نوێنەرایەتیی ئاشتیی سەرکردەکانی ئەفریقا بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی قەیرانی ئۆکرانیا نیشاندا. هەردووکیان ئەوە نیشاندەدەن کە بریکس کارنامەی باشووری جیهانی لە پێشینەی کارەکانیدایەو داوای کاریگەریو ڕێزگرتنی نێودەوڵەتی دەکات، ئەمەش شتێکە کە پێدەچێت گرووپی حەوت بە شێوەیەکی جیاواز لێی نزیکببێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، ڕەنگە ئاماژەیەک بێت بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشیی بریکس بۆ وڵاتانی جیهانی باشوور.

**های بین نیو**

---

**فراو انکردن، یەکگرتوویی و کاریگەریی بریکس تاقیدەکاتەوە**

زیادکردنی شەش ئەندامی نوێ ئاماژەی بۆ بڕیارەکەی بریکس کرد بۆ دروستکردنی بلۆکێک لە ئابوورییە سەرەکییە تازەپێگەیشتووەکان بۆ نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی جیهانی گەشەسەندوو. لە پێش لوتکەکەدا ڕوون بوو کە ئامانجەکانی گرووپەکە دەنگیدایەوە لە زۆرێک لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا، نزیکەی چل وڵات داوای بەشداریکردنیان لە گرووپەکەدا کرد، یان ئاماژەیان بە ئارەزووی بەشداریکردنیان کرد لە گرووپەکەدا. گرووپەکە ئاواتەخوازە بە زیادکردنی بازرگانی بە دراوە ناوخۆییەکان، چاکسازی لە نەتەوە یەکگرتووەکانو سندوقی دراوی نێودەوڵەتیدا بۆ باشتر جێگیرکردنی خواستەکانی وڵاتانی تازەپێگەیشتووی جیهان، ڕێکخستنی هەڵوێستەکان لە سەر پرسە جیهانییەکانی وەک کشتوکاڵ، تەندروستیو گەشەپێدانی بەردەوام. لە بەیاننامەی لوتکەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە لە کاتێکدا بریکس هەوڵدەدات تەواوکەرو چاکسازی لە دامەزراوە نێودەوڵەتییە هەنووکەییەکاندا بکات، کە بەبێ وەڵامدانەوەی بەرژەوەندییەکانیان دادەنرێت، بەڵام هەوڵنادات ئاڵنگاریی گرووپە هەنووکەییەکانی وەک (G٢٠) بکات، یان جێگەیبگرێتەوە. ئەگەر بەرەوپێشەوەبچین، فراوانبوونی ئەندامیەتیی گرووپەکە دەتوانێت کاریگەریو

دەرئەنجامی ئەرێنیو نەرێنییشی هەبێت. یەکخستنی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا، وەک ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبیو سعودیە، شانبەشانی وڵاتانی دووفاقی یان دژبەری ئەمریکا، دەتوانێت هەوڵەکان بۆ قووڵکردنەوەی هاوکارییەکانی نێوان وڵاتانی ئەندام لەناوببات. پێویستە ئەندامان بڕیاربدەن کە ئایا بریکس دەبێتە کۆمەڵەیەک لە ئابوورییە تازەپێگەیشتووەکان، کە هەوڵدەدەن بەرژەوەندییەکانیان لە نەزمێکی جیهانیی فرەجەمسەریدا بەرەوپێشببەن، یان ئاڕاستەیەکی ڕوونتری دژەڕۆژئاوا بگرنەبەر، کە دووەمیان چینو ڕوسیا بەباشتریدەزانن. ئەندەنوسیا بە شێوەیەکی بەرچاو لە لیستی ئەندامانی نوێی بریکسدا نەبوو، کە بە چوارەم گەورەترین ژمارەی دانیشتوانی جیهانو ئابوورییەکی گەورەی تازەپێگەیشتووی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دادەنرێت، ئەندەنوسیا لە چەندین بۆنەدا بانگهێشتکرا بۆ ئەوەی پەیوەندی بە بریکسەوە بکات. جۆکۆ ویدۆدۆ،سەرۆکی ئەندەنوسیا، بەشداریی لە لوتکەی یۆهانسبێرگدا کردو ڕایگەیاند کە ئەندەنوسیا تا ڕادەیەکی زۆر هاوبەشی ئەولەویەتو بەرژەوەندییەکانی گرووپەکەیە، بەڵام سەرۆککۆمار بە ڕوونی ئەوەی خستەڕوو کە ئێستا هیچ بە پەلە نییە بۆ ئەوەی ئەندەنوسیا بەشداریبکات لە کۆمەڵەکەدا. پێدەچێت ئەندەنوسیا چاوەڕێبکات تا بزانێت ئایا وڵاتانی ئەندامی بریکس دەتوانن قەیرانی ناسنامەی گرووپەکە چارەسەربکەنو دیدێکی یەکگرتووتر دابمەزرێننو زیاتر دامەزراوەیی بن. ئەو ئاڵنگاریو دەرفەتانەی کە بە هۆی فراوانکردنەوە پێشکەشدەکرێن، یەکگرتوویی و کاریگەریی بریکس تاقیدەکەنەوە. توانای مانەوەی وەک هێزێکی باوەڕپێکراو بۆ داڕشتنەوەی حکومڕانیی جیهانی، بەندە بە توانای دروستکردنی کۆدەنگی لە نێوان ئەندامە جۆراوجۆرەکانیدا.

**جێفرسۆن نگ**

---

**بەڕازیل و بریکس ،گرنگیدان بە فرەجەمسەری و فرەلایەنی**

بەرگریکردن لە فرەلایەنی تایبەتمەندییەکی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی بەڕازیلە، جگە لە بۆنە دەگمەنەکان، وەک لە حکومەتی بۆلسۆنارۆدا. لەم چوارچێوەیەدا بریکس هەمیشە وەک پلاتفۆڕمێکی بونیادنەر تێگەیشتووە بۆ بەشداریکردن لە چاکسازی لە دامەزراوە فرەلایەنەکاندا. گەشەسەندنی قورسایی ئابووریی ئەندامانی بریکس شایەنی داواکارییە بۆ ڕۆڵێکی گەورەتر لە چاکسازییەکانی حکومڕانیی ئابووریدا. وڵاتانی بریکس دەسەڵاتی زیاتریان دەوێت لە بڕیارە فرەلایەنەکاندا، کە گرنتیی پلەیەکی زیاتری سەربەخۆی ناوخۆیی یان نەرمی (یان هەردووکی) بکەن لە کارنامەی گەشەپێدانی هەریەکەیاندا. هاتنی شەش ئەندامی نوێ بۆ ناو کۆمەڵەکە بووەتە هۆی مشتومڕ

لە سەر ڕێڕەوی داهاتووی بریکس و ڕۆڵی بەڕازیل تێیدا. ئیدارەی لولا سەرەتا دژی فراوانکردن بوو، چونکە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هێزی موزایەدەی بەڕازیل لە کۆمەڵەکەدا، بەڵام وەک بەشدارێکی بەرگریکاری زیاتری باشووری جیهانی، بەڕازیل فراوانکردنی قبوڵکردو زیادکردنی ئەرجەنتینیش نیشانەیەکی ئەرێنی بوو. قورسە بەڕازیل وەک بەرگریکارێک لە بەهێزکردنی دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ، پاساو بۆ سەر گرووپێک بهێنێتەوە کە ئێرانو سعودیەو ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لەخۆدەگرێت. مافی مرۆڤ لە کارنامەی بریکسدا نەبوو، هەروەها ڕوسیاو چین دیموکراسی نین، بۆیە ئەمە پرسێک نییە بۆ ئیدارەی لولا. جگە لەوەش، وڵاتانی نادیموکراسی سەر بە دامەزراوە جۆراوجۆرە فرەلایەنەکانن، بەڵام پرسێک کە زۆر جێگەی باسە بۆ بەڕازیل، بەرگریکردنە لە نایەکگرتوویی‌و بێلایەنی لە گرژییەکانی نێوان ئەمریکاو چین‌و لە شەڕی ئۆکرانیادا. بەشداریکردنی ئەو وڵاتانەی کە لایەنگرییەکی ڕوونی دژەڕۆژئاوایان هەیە، ئاماژەیە بۆ پشتگیریکردن‌و بەهێزکردنی هەڵوێستە هاوشێوەکانی ڕوسیاو ناوبەناویش چین. بەڕازیل، هیندستان‌و ئەفریقای باشوور کە کۆنترین ئەندامن لە کۆمەڵەکەدا، بە کاتێکی سەختدا تێدەپەڕن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بریکسی نوێ سەکۆیەک نییە بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکییەکانی چین یان ڕوسیا. ئەو بابەتانەی کە جێگەی سەرنجی باشووری جیهانی بە گشتییە، پێویستە لە پێشینەدا بخرێنەپێشەوە،میکانیزمە هاوبەشەکان بۆ گواستنەوەی وزە، گواستنەوەی تەکنەلۆژیا، پارەدارکردنی بانکی گەشەپێدانی نوێ، دەستپێکردنەوەی میکانیزمی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی‌و چاکسازی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا. هەروەها واژۆکردنی ڕێککەوتنی مێرکۆسۆرو یەکێتیی ئەورووپاو پەیوەستبوون بە ڕێکخراوی هاوکاری‌و گەشەپێدانی ئابووریی ڕۆڵی بەڕازیل وەک ئەندامێکی نادژەڕۆژئاوایی، بریکس بەهێزتردەکات. ئەمە ئەو ڕۆڵەیە کە بەڕازیل پێویستە لە بریکسدا بیگێڕێت، کە پلاتفۆڕمێکە، بەشدارە لە فرەجەمسەری‌و فرەلایەنیدا.

**لیا ڤاڵس پێرێرا**

---

**لوتکەکە سیاسەتی دەرەوەی دژبەیەکی لە ئەفریقای باشوور پیشاندا**

چەند هەفتەیەک پێش کۆبوونەوەی لوتکەی بریکس ، تەواوی چالاکییەکان هەڕەشەی کێشەیەکی گەورەی دەکرد بۆ وڵاتی میواندار. جۆشوخرۆشی حکومەتی ئەفریقای باشوور بۆ فراوانکردنی بریکس بریکس ڕووبەڕووی دوو گومانی بەرفراوان بووەوە، سەبارەت بەوەی کە ئایا کۆمەڵەکە دەتوانێت لە سەر پێوەرەکانی وەرگرتن

ڕێکبکەوێت‌و گرژی لە دەوری پابەندبوونە دژبەیەکەکانی وڵاتەکە وەک میوانداریی لوتکەکەو واژۆکەری یاسای ڕۆما، کە لە بەرانبەردا بووە هۆی دەستتێوەردانی زۆر سەبارەت بە چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ سەردانێکی ئەگەری ڤلادیمێر پوتین،سەرۆکی ڕوسیادا، بە لەبەرچاوگرتنی فەرمانی دەستگیرکردنی لەلایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتییەوە. لە کۆتاییدا ئەم کێشانە چارەسەرکران. ئەفریقای باشوور دەتوانێت بە حەق شانازی بەوەوە بکات کە کۆبوونەوەکە لە چاوەڕوانییەکان زیاتر بووە، بەڵام هەرچەندە حکومەتی ئەفریقای باشوور بە ڕوونی لوتکەکە بە سەرکەوتنێک بۆ وڵاتەکەو باڵای وڵاتەکە دەبینێت، بەڵام لوتکەکە شوێنێک بوو کە جەختی لە سەر دژایەتییەکانی ڕێبازی وڵاتەکە لە سیاسەتی دەرەوە کردەوە. لە وتارەکەی سەرۆک سیریل ڕامافۆسادا بۆ وڵاتەکە تەنها چەند ڕۆژێک پێش لوتکەکە، جەختی لە سەر بەهای هاوبەشییە دەرەکییە جۆراوجۆرەکانی ئەفریقای باشوور کردەوەو هەوڵیدا ڕوونکردنەوە بۆ سیاسەتی حکومەتەکەی بۆ نایەکگرتوویی بهێنێتەئاراوە. لە لێدوانەکانیدا بە بیر وڵاتەکەی خستەوە کە چۆن هاتنی دیموکراسی لە ساڵی ١٩٩٤دا پەیوەندییەکی ڕیشەیی لە پەیوەندییەکانی ئەفریقای باشوور لەگەڵ تەواوی جیهاندا گۆڕی‌و لە درێژەدا ئاماژەی بەوە دا کە "بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ" وەک یەکەم یاسا لە ناو "کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەمان"دان. مەودای نێوان سیاسەتێکی دەرەکی کە لە ناسنامەیەکی دیموکراسیدا دامەزراوەو پابەندە بە پێشخستنی مافەکانی مرۆڤ‌و باوەشکردن بە نەزمێکی جیهانیدا، کە لەلایەن چین‌و ڕوسیاو ئێستاش ئێران‌و میسرو سعودیەوە لەقاڵبدراوە، زۆرە. کەنداوی نێوان ئەو چیرۆکەی کە خەڵکی ئەفریقای باشوور حەز بە گێڕانەوەی خۆیان دەکەن‌و واقیعی بێباکیی حکومەتەکەیان بەرانبەر بە سەرکوتی‌و شەڕانگێزی بە مەرجێک لە ناو ئەو دەوڵەتانەدا بێت کە خۆیان لە دژایەتیکردنی زلهێزەکانی ڕۆژئاوادا جێگیردەکەن، سەختە پشتگوێبخرێت، بەڵام ڕەنگە ئەفریقای باشوور بە دەستبەسەرداگرتنی بێزاریی ڕەوا لە دۆخی ئێستا بۆ وەرگرتنی بیرۆکەیەکی تا ڕادەیەک چەقبەستوو سەبارەت بە نەزمێکی نوێی جیهانی، زەمینەسازیی ناوچەیی گرتبێت (مرۆڤ ناتوانێت خۆی لە ئاسۆی پەیوەستبوونی ئەسیوبیا بە سعودیە بپارێزێت، وڵاتێک کە بە پێی زانیارییەکان پەنابەرانی ئەسیوبیای کوشتووە، لە گرووپێکدا کە ئامانجی چارەسەرکردنی نایەکسانیی جیهانییە). بە دڵنیاییەوە حکومەتەکانی دیکەی ئەفریقا خواستیان هەیە بۆ نەزمێکی فرەجەمسەری‌و چاکسازییەکی مانادار لە بونیادنانی دامەزراوەیی نێودەوڵەتیدا، کە تا ڕادەیەکی زۆر بەبێ بەشداریی ئەوان دیزاینکراوە، بەڵام ئەو چاکسازییانە چۆن دەبن‌و ئایا لە ڕاستیدا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەفریقا دەکەن یان نا، هێشتا ماوە ببینرێت.

**میشێل گاڤین**

**سەرچاوە: وێبسایتی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە**

# وڵاتانی بریکس: لە کوێی داهاتوودان و چ کاریگەرییەکیان لەسەر ئابووری جیهانیی دەبێت؟

نووسینی: ماثیۆ بیشۆپ
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**بەڕازیل، ڕوسیا، هیندستان، چین و باشووری ئەفریقا، کە لە بنەڕەتدا گروپێکی نافەرمی بوون لە ئابوورییە تازەپێگەیشتوە پێشەنگەکانی سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠، هەروەها لەو کاتەوە ڕێڕەوی گەشەسەندنی زۆر جیاوازیان ئەزموون کردووە. گرنگی ئەوان لە ئابووری جیهانیدا لە کاتێکدایە کە نادڵنیایی جیۆپۆلەتیکی لەئارادایە و ئەمەش هێشتا پرسیارێکی کراوەیە.**

لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، دارشتنەوەی سەرسوڕهێنەر لە دەسەڵاتی ئابووری جیهانیدا ڕوویداوە، ئەمەش بە پلەی یەکەم بەهۆی گەشەسەندنی چین و تا ڕادەیەکی کەم وڵاتانی بریکس بە شێوەیەکی فراوانتر بووە، کە جگە لە زلهێزەکەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، بەڕازیل، ڕوسیا، هیندستان و باشووری ئەفریقا دەگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەی ئەم گروپە تا دێت فەرمیتر و دامەزراوەیتر دەبێت – بە میوانداریکردنی لوتکەی ئاسایی و دامەزراندنی ئۆرگانە بەکۆمەڵەکان – زۆرێک لە چاودێران نیگەران بوون لەوەی کە ڕەنگە کاریگەرییە گەشەسەندووەکانی لەگەڵ ئاساییکردنەوەی فۆرمەکانی تاکڕەویی، سەرمایەداری دەوڵەتی، تەنانەت هەڵدانەوەی نەزمی لیبرالدا بێت. هەندێکی تریش


ڕوانگەیەکی گەشبینانەتریان لەبەرچاوە و دەڵێن فۆرمەکانی گەشەپێدانی ڕۆژهەڵاتی بە سەرکردایەتی دەوڵەت لە زۆر ڕووەوە لە پێکهاتە ئابووری و سیاسییە ئینگلیز-ئەمریکییەکان باڵاتر دەردەکەوێت و ئەمەش لەگەڵیدا و لە ڕاستیدا پەیوەستە بە ئابوورییەکی جیهانی کراوە. بە هەر دوو بارەکەدا، نیگەرانییەکانی زۆرێک لە لیبراڵەکانی ڕۆژئاوا دوای لەشکرکێشی ڕوسیا بۆ سەر ئۆکرانیا سەری هەڵداوەتەوە. هەواڵەکانی ئەم دواییە، دەوڵەتانی دیکە کە زۆربەیان نادیموکراسین وەک میسر، ئێران، سعودییە، تورکیا و ئەرجەنتین، داواکارییان پێشکەش کردووە بۆ ئەوەی بچنە ناو بریکسەوە، یان بیر لەوە دەکەنەوە کە ئەو کارە ئەنجام بدەن، هەروەها ئەمەش جێگەی نیگەرانی حکومەتەکانی ڕۆژئاوایە.

### بریکس چییە و بۆچی گرنگن؟

لە ئاستێکدا بیرۆکەی بریکس ئامادەکراوە. ئابووریناسێکی پێشووی گۆڵدمان ساکس (و ئێستا هاوتای crossbench ) جیم ئۆنیڵ لە سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠دا زاراوەی BRICی داهێنا بۆ وەسفکردنی ئەو چوار وڵاتە خێرا گەشەسەندووەی کە لە وەرچەرخانی هەزار ساڵەدا، کە پێدەچوو زۆرترین ئەگەری دەستپێکردنی پەیوەندیکردنی بە ڕۆژئاواوە هەبێت (ئۆنیڵ، ٢٠٠١). بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، ئەم تێڕوانینە تەواو پڕ کێشە دەردەکەوێت (بیشۆپ، ٢٠١٢). گەشەی بەڕازیل لە دەوروبەری ساڵی ٢٠١٤دا بە شێوەیەکی بەرچاو خاوبووەوە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ داماڵینی پیشەسازی سەرەتاییدا کێشەی هەبوو(موزاکا، ٢٠١٧). ڕوسیا زلهێزێکی گەورە بوو لە پێشوودا . بۆیە وەسفکردنی وەک "گەشەسەندوو" جێگەی پرسیار بوو و هەروەها ئێستاش جێگەی پرسیارە، بەتایبەتی کە ئابوورییەکەی دوای سەردەمی کۆمۆنیستیی لە ڕووی پیشەسازییەوە خراپ بووە، لە ڕووی جیهانییەوە بچووک ماوەتەوە. تەنانەت ئەمڕۆش لەگەڵ هەر هێرشێکی سەربازیی گەورەی وڵاتەکەدا، هێشتا بەرهەمی ناوخۆییەکەی بەزەحمەت دەگات بە نیوەی بەرهەمی ناوخۆیی بەریتانیا. سەرەڕای ئەوەی ژمارەی دانیشتووانەکەی نزیکەی سێ هێندەی قەبارەکەیەتی و گەورەترین و دەوڵەمەندترین خاکە لەسەر هەسارەکە. گەشەی هیندستان ناوازە بووە، بەڵام لە ڕاستیدا پشکی ڕێژەیی لە بەرهەمی ناوخۆیی جیهانی بچووک بووەتەوە و ئێستا ئابوورییەکەی نزیکەی یەک لەسەر پێنجی قەبارەی چینە. نووسەرێک وەک بەراوردکردن بە جووتە 'پڵنگی سلۆچ' و 'ئەژدیهای هاوارکەر' وەسفیان دەکات (کێنێدی، ٢٠١٦). دەتوانین بڵێین ئەفریقای باشوور بە هیچ شێوەیەک لە ڕووی جیهانییەوە هێزی گەشەسەندنی نییە و دواتر بە پلەی یەکەم بە هۆکاری نوێنەرایەتی ناوچەیی هێنرایە ناو گروپەکەوە. لە

ڕاستیدا چیرۆکی بریکس تا ڕادەیەکی زۆر باس لە گەشەسەندنی سەرسوڕهێنەری چین دەکات. گەشەسەندنەکەی لە ماوەیەکی زۆر درێژدا ئەوەندە بەردەوام بووە، کە بەڕاستی دابەشکردنی هێزی ئابووری جیهانی دووبارە لە قاڵب داوەتەوە(بیشۆپ، ٢٠١٦).

**وێنەی یەکەم:** بەرهەمی ناوخۆیی بەپێی وڵاتانی بریکس (٢٠٠٠-٢٠٢١)، بە دۆلاری ئێستا




وەک لە هێڵکارییەکەدا دەردەکەوێت، بەرهەمی ناوخۆیی چین دوو هێندە زیاترە لە چوار وڵاتەکەی دیکەی بریکس بە یەکەوە: نزیکەی ١٨ تریلیۆن دۆلارە بە بەراورد بە بەڕازیل کە (١.٦ تریلیۆن دۆلار)، ڕوسیا (١.٨ تریلیۆن دۆلار)، هیندستان (٣.٢ تریلیۆن دۆلار) و ئەفریقای باشوور (٤٠٠ ملیار دۆلار). بە مەبەستی بەراوردکاری، بەرهەمی ناوخۆیی لە ئەمریکا ٢٣ تریلیۆن دۆلارە بەڵام ئابووری چین گەورەترین ئابوورییە لە جیهاندا لە ڕووی یەکسانی هێزی کڕینەوە (PPP). لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی ئەم بابەتەدا، مشتومڕی توند هەبوو لەسەر ئەوەی کە کام وڵات دەبێت هەژماربکرێت و کام وڵات نابێ هەژماربکرێت لە نەوەی داهاتووی زلهێزە تازەپێگەیشتووەکاندا (کوپەر و هاوکارانی، ٢٠٠٦). هەندێک پرسیاریان کردووە کە ئایا وڵاتانی 'MINT' مەکسیک، ئەندەنوسیا، نەیجیریا و تورکیا ئەگەری هەیە لە داهاتوودا بوونیان هەبێ(ئۆنیڵ، ٢٠١٣). هەندێکی تر جەختیان لەوە کردەوە کە گرنگیدان بە وڵاتانی گەورەی داهات مامناوەند زۆرێک

لە وڵاتانی بچووکی وەک نیوزلەندا، نەرویج، قەتەر و سەنگافورە پشتگوێ دەخات کە ئاستێکی بەرزی داهات و گەشەسەندنیان بەدەستهێناوە، لەکاتێکدا دەسەڵات بە شێوازی ناتەقلیدی بەڕێوەدەبەن ( لۆنگ، ٢٠٢٢).
هەمیشە نیشانەی پرسیار هەبووە لەسەر ئەوەی کە کام وڵات، بە تەواوی، پێویستە زلهێزە پێشکەوتووەکان یان زلهێزە تازە گەشەسەندووەکان لە خۆبگرێت و چ پێوەرێک بە باشترین شێوە گوزارشت لەمە دەکات. تەنانەت 'پێشکەوتوو' یان 'تازە گەشەسەندوو' مانای چییە و دواجار چۆن بزانین کەی دەوڵەتێک "پێشکەوتوو دەبێت" یان " تازە گەشەسەندووە" ؟ بە هەمان شێوە، لەگەڵ گەشەسەندنی هەندێکیان، ئەوانی دیکە دەبێت بە شێوەیەکی ڕێژەیی دابەزن: ئایا تەنانەت زمانێکمان هەیە بۆ وەسفکردنی دابەزینی گەشەسەندن یان دواکەوتن لەو وڵاتانەی کە گوایە پێشکەوتوون؟(بیشۆپ و پاین، ٢٠١٩) ئەم پرسیارانە بە لایەک، بریکس بە تێپەڕبوونی کات بە شێوەیەکی فراوانتر دامەزراوەیی بووە. لە ساڵی ٢٠٠٩ وە وڵاتان ساڵانە لوتکەیان ئەنجامداوە و کە کارنامەیەکی تا دێت فراوانتریان دەبێت. دامەزراندنی بانکی گەشەپێدانی نوێ (NDB) لە ساڵی ٢٠١٤ بە ٥٠ ملیار دۆلار سەرمایەی دەستپێکرد، کە ئەمەش یەکێکی دیکە بوو لە هەنگاوە گرنگەکان. هەروەها هاوکاتی ئەوەش دروستکردنی ڕێکخستنی یەدەگی بریکس (CRA) ، کە میکانیزمێکی نەختینەییە کە پشتگیری بۆ ئەو ئەندامانە دابین دەکات کە ڕووبەڕووی فشاری کورتخایەنی هاوسەنگی پارەدان یان ناسەقامگیری دراو دەبنەوە ) کوپەر، ٢٠١٧). هەر لەم چوارچێوەیەدا، لە کاتێکدا کە بەشێکی زۆری جیهان هێشتا بە هۆی پەتاکەوە (کۆڤید-١٩) دەناڵێنن، ڕەنگە ئەم پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنە چڕتر بێتەوە.

### بۆچی وڵاتان بەدوای شێوازی نوێی هاوکاریدا دەگەڕێن؟

هاندانەکانی ئەندامانی ئایندەی بریکس ئاڵۆزن. ئەگەر سعودییە وەربگرین: لە ئێستادا وڵاتێکی دەوڵەمەندی ناوازەیە، پەیوەندییەکی ئەمنی نزیکی لەگەڵ ئەمریکا هەیە و دەتوانێت سامان و سەروەتی بەرچاو بۆ وەبەرهێنان کۆبکاتەوە لە پێناو فراوانبوونی ئابوورییەکەیدا( ترودێل، ٢٠٢٢). بەڵام مۆدێرنیزاسیۆنی سیاسی ناوخۆیی بە هێواشی دەمێنێتەوە و ئابووری زۆر پشت بە وزە دەبەستێت و لە ماوەدای درێژخایەندا بەهۆی دیکاربۆنیزەکردنی جیهانییەوە مەترسی لەسەرە. هەروەها تا ڕادەیەک گۆشەگیریی دیپلۆماسی لە پاش کوشتنی ڕۆژنامەنووس جەمال خاشقچی بەدوای خۆیدا هێناوە. سعودییە وەک هەموو دەوڵەتە پاوانخوازەکان ناچارە بە دوای سەرچاوەی شەرعیەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا بگەڕێت. پەیوەندییە بازرگانییە چڕەکانی زیاتر لەگەڵ

چین بۆ ئەم هەوڵە گرنگ دەبێت، بە هەمەچەشنکردنی ئابووری و سەرچاوەکانی پشتیوانیی نێودەوڵەتیی لە هەمان کاتدا (مارتن، ٢٠٢١). لەم چیرۆکە هاوشێوانە بۆ وڵاتانی میسر، ئێران و تورکیاش دەگونجێت، کە ڕژێمەکانی هەریەکەیان لە مێژووی ئەم دواییەدا هەموویان ئابووری ناجێگیر و ململانێی سیاسی و گۆشەگیریی دیپلۆماسییان بەخۆوە بینیوە. بەهاری عەرەبی کە دە ساڵ لەمەوبەر ڕوویداوە هێشتا سێبەرێکی زۆر درێژ بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی دادەنێت و فەرمانڕەواکان هەست بە نائارامیی و سەرکوتکردنی بەردەوام دەکەن (جۆسوا و ئیدێل، ٢٠٢١). ئەندامێکی دیکەی بریکس، کە ئەگەری هەیە بەشدار بێت ئەرجەنتینە، کەمێک جیاوازە. گەشەکردنی لە دوای قەیرانی دارایی دراماتیک لە ساڵی ٢٠٠١ وە بەردەوام لە هەڵاوساندا بووە(ستیگلیتز و وایسبرۆت، ٢٠٢٢). قۆناغەکانی فراوانبوون و تاقیکردنەوەی سیاسەت هاوکات لەگەڵ داهاتی هەناردەکردنی بەرز لە کۆتاییەکانی ٢٠٠٠ و سەرەتای ٢٠١٠دا ڕوویانداوە(گروگێل و ڕیگیرۆزی، ٢٠١٢).

بەڵام هەڵاوسان لە ئاستێکی بەرزدا ماوەتەوە و دراویش دابەزیوە. یەک دۆلاری ئەمریکی پێش ساڵی ٢٠٠١ بەرامبەر یەک پێسۆ بووە؛ دوای دە ساڵ بەرامبەرهەشت بۆ دە پێسۆ بووە؛ و لەگەڵ ئەوەشدا دە ساڵ زیاترە، و لە ئێستادا بەرامبەر ١٤٨ پێسۆ دەبێت. قەرزەکانیش جارێکی دیکە زیاد دەکەنەوە. لە پاش قەیرانی ساڵی ٢٠٠١ بەرهەمی ناوخۆیی لە نزیکەی ٤٠٪ وە بۆ ١٦٠٪ زیادی کرد، و جارێکی دیکە دابەزییەوە بۆ نزیکەی ٤٠٪ شانبەشانی بووژانەوەی کاڵاکان تا ساڵی ٢٠١٤، پاشان جارێکی دیکە بەرزبووەوە بۆ زیاتر لە ١٠٠٪ی بەرهەمی ناوخۆیی تا ئەو کاتەی پەتای (کۆڤید-١٩ (هاتە ئاراوە لە ساڵی ٢٠٢٠دا. ئەرجەنتین لە مێژە پێویستی بە سەرچاوەی نوێی سەرمایەداریی و دەسەڵاتی دامەزراوەیی نێودەوڵەتی هەیە. لەڕاستیدا، داواکارییەکەی بۆ بەشداریکردن لە گروپی G٢٠ ٢٠) ) لە کاتی قەیرانی دارایی جیهانی ساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٩دا بەشێکی ڕەنگدانەوەی ناڕەزایی بوو لە ئەندامێتی بەڕازیل و پێگەیەکی تارادەیەک بەرزتر وەک هێزێکی تازەپێگەشتوو. بەڵام چی تێدایە بۆ بریکس وەک ڕێکخراوێک؟ لە ڕووی تیۆریەوە، ئەندامانی نوێ ئاماژەن بۆ سەرچاوە ئابووریە نوێیەکان کە دەتوانرێت کۆبکرێنەوە و هێزێکی زیاتری هەبێت لە ژمارەدا. هەروەها فراوانبوونی گروپەکە شەرعیەتی زیاتر دەدات و ئەو هەستە بەهێز دەکات کە کۆمەڵەکە شایەنی ئەوەیە کە پەیوەندی پێوە بکرێت و کاریگەرییەکی هەیە کە دەتوانێت توانای بەردەوامبوون زیاد بکات. لە هەمان کاتدا، لە کاتێکدا کە ئەم ئەندامە نوێیانەی ئەگەری هەیە بەشدار بن بە دڵنیاییەوە لە ڕووی ناوچەییەوە گرنگن، بەڵام گەورەترین، بەهێزترین ، لە ڕووی ئابوورییەوە دینامیکی یان کاریگەری دیپلۆماسی نین لە چاو ئەو وڵاتانەی کە لە ڕووی تیۆریەوە

دەتوانن بەشداری بکەن( بە دڵنیاییەوە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی MINT). جگە لەوەش، کۆمەڵەی بریکس چیتر بە پلەی یەکەم "وڵاتانی تازە گەیشتوو بە دەسەڵات" بە مانا جیهانییەکەی ناژمێردرێت، لەگەڵ بە ئەندام بوونی هەریەك لە ئەرجەنتین، ئێران و سعودییە.

لە ئەنجامدا، پرسە هەرە فراوانەکە ئەوەیە کە بریکس وەک ڕێکخراوێک هێشتا دامەزراوەیی قووڵتری نییە. لە دەرەوەی دامەزراندنی بانکی نوێی گەشەپێدان NDB ، ئەستەمە بزانین کۆمەڵەکە چی کردووە جگە لە کۆبوونەوەی ساڵانەی (ئۆنیڵ، ٢٠٢١). ئەم کێشەیە بەهۆی ئەوەوەیە کە ڕێڕەوی گەشەی ئابووری ئەوەندە نایەکسان بووە و کۆمەڵەکە بنەما ئایدیۆلۆژییە یەکگرتووەکانی ڕوون نییە یان دیدێکی هاوبەشیان نییە بۆ بەڕێوەبردنی نەزمی جیهانیی. کەواتە فراوانکردنی ئەندامێتی لانیکەم بەشێکی پەیوەندی بە بەدەستهێنانی پاڵنەرێکی نوێوە هەیە لە چوارچێوەیەکدا کە بریکس بەهۆی بەرژەوەندییە جیاوازەکان، ڕێڕەوی گەشەپێدان، ئاستی ڕێژەیی گرنگی جیۆ-ئابووری و توانای کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر سیستەمی نێودەوڵەتیدا گیرۆدە بووە. لە هەموو ئەم بوارانەدا، سەرچاوەی دەسەڵاتی چین زۆر لە سەرچاوەکانی دەسەڵاتی ئەندامەکانی دیکە زیاترە، لە کاتێکدا وەک هەژموونێکی ئاواتخواز، زۆرترین پشت بەخۆی دەبەستێت و بەرپرسیارێتی زیاتری هەیە بۆ پاراستنی ئابوورییەکی جیهانیی ئارام، سەقامگیر و کراوە (بیسۆن و زێنگ، ٢٠١٩). بەڵام ئەو ئاستە کراوەییەی کە چین دەیگرێتەبەر، یان ڕادەی خۆگونجاندنەکەی لەگەڵ ڕەوشتی لیبراڵ و ڕۆژئاواییدا، تا ڕادەیەکی بەرچاو بەندە بەو بواری سیاسەتەی کە باسی لێوە دەکرێت(حەمێری و زێنگ، ٢٠١٩؛ واینهارت و تێن برینک، ٢٠٢٠).

**چۆن فراوانبوونی بریکس دەتوانێت کاریگەریی لەسەر ئابووری جیهانیی هەبێت؟**

نیگەرانییەکە، لە ڕوانگەیەکی ڕۆژئاواییەوە، پەیوەندی بەو ڕاستییەوە هەیە کە جگە لە بەشێک لە ئەفریقای باشوور (ڕێدی، ٢٠٢٢) بریکس لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا بە پلەی جیاواز زیاتر ناسیۆنالیست و تاکڕەوتر بووە. ژی جین پینگ باڵادەستی خۆی لە چین چەسپاندووە. بەڕازیل لە سەردەمی جایر بۆلسۆنارۆ کە بەم زووانە ڕووبەڕووی دووەم هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەبێتەوە بەرامبەر لولا داسیلڤا و هیندستان لە سەردەمی نارێندرا مۆدی هەردووکیان وەرچەرخانێکی توندی پۆپۆلیستییان بەخۆوە بینیوە(دی سۆزا، ٢٠٢٠؛ سینها، ٢٠٢١). ڕوسیای ڤلادیمێر پوتین بووەتە دەوڵەتێکی پاریا (دەوڵەتی پاریا نەتەوەیەکە کە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بە دەرکراو دادەنرێت) کە چەندین پرسیاری جیۆپۆلیتیکی دڕکاوی دەخاتە ڕوو، کە زۆر لە قەیرانی دەستبەجێی ئۆکرانیادا

درێژدەبنەوە(بێرنز، ٢٠١٩؛ دی ئێرامۆ، ٢٠٢٢). لە هەر چوارولاتەکەدا کەمینەکان گۆشەگیر دەکرێن و مافە مەدەنییەکان سنووردار دەکرێن. لە ئەنجامدا هەندێک لە داڕێژەرانی سیاسەتی ئەوروپی و ئەمریکا نیگەرانن لەوەی کە ڕەنگە بریکس بە شێوەیەکی کەمتر ببێتە کۆمەڵەیەکی ئابووری وڵاتە زلهێزە تازە دەسەڵات بەدەستەکان کە هەوڵی کاریگەریکردن لەسەر گەشەکردن و گەشەسەندنی جیهانی دەدەن، بەڵکو ڕەنگە زیاتر ببێتە یانەیەکی سیاسی کە بە ناسیۆنالیزمی تاکڕەوانەی خۆیان پێناسە دەکەن. بەڵام هەردوو وڵاتانی بریکس و ڕۆژئاوا زۆر خاڵی هاوبەشیان هەیە. لە ڕووی ئابوورییەوە، خەڵک لە سەرانسەری جیهان لە مێژە لە جیهانگیریی سەرکردایەتی بازاڕ بێهیوا بوون. ئەمریکا و زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپی و تەنانەت خودی یەکێتی ئەوروپا (EU) سەرسام بوون بە فراوانبوونی چین و پێویستییەکانی بێهیوایی خۆیان بۆ دامەزراوە و میکانیزمی نوێ هەڵسەنگاندەوە بۆ ئەوەی بە شێوەی سیاسەتی پیشەسازیی دەستێوەردانگەرانە بتوانن بەردەوام بن(لاڤێری و شمید، ٢٠٢١؛ هۆپوێل، ٢٠٢١).

لە ڕووی سیاسییەوە لەگەڵ بەردەوامیی هەڵچوونی دەستوورییەوە کە بەهۆی برێگزت (کشانەوەی شانشینی یەکگرتوو لە یەکێتی ئەوروپا) و هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپەوە دروست بووە ئەمەش دیارترین نموونەیە و وڵاتانی ڕۆژئاوایش دووچاری پاشکەوتن بوونەتەوە لە کوالیتی دیموکراسیدا. لەگەڵ هەڵبژاردنی دەوڵەتانی ئەوروپا (یان نزیکبوونەوەیان لە هەڵبژاردن) ناسیۆنالیستەکانی وەک جۆرجیا مێلۆنی لە ئیتاڵیا یان مارین لۆپێن لە فەرەنسا، پێدەچێت زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە لە مێژووی ئەم دواییانەدا ڕووبەڕووی مەترسی خراپبوونی دیموکراسی زیاتر ببنەوە. لە ڕووی دیپلۆماسییەوە، پێدەچێت جەنگی ئۆکرانیا هێڵێکی دابەشکاری توندی لە نێوان ڕۆژئاواو ڕوسیایەکی پاڵپشتیکراو لەلایەن ڕۆژهەڵاتەوە کێشابێت. بەڵام ئەمە تەنیا ئەو ئاڵۆزییە تەمومژاوی دەکات کە زۆرێک لە دامەزراوە بانکییەکان و نوخبە سیاسییەکانی ڕوسیا، ڕژێمی پوتین بەرەوپێش دەبەن، تەنانەت لە کاتێکدا زیادەڕەوییەکانی پوتین لە بەرەوپێشچوونەکان زیاتر دەرکەوتوون (بیانکۆڤ، ٢٠٢٢). کەواتە لەگەڵ بالادەستی بریکسدا، بە شێوەیەکی کێشەدار نەزمی جیهانی تێکدەدەن کە هانی ڕۆژئاوا دەدات بۆ گرتنەبەری ڕەوشتی نالیبراڵی(هۆپوێل، ٢٠١٧). بەڵام ڕۆژهەڵاتیش ڕووبەڕووی فشاری بەرپەرچدانەوە دەبێتەوە بۆ ئەوەی خۆیان زیاتر لیبراڵیتر بن، بەمەش ئەو نەزمە بەهێزتر دەکەن و هەروەها چاکسازی تێدا دەکەنەوە(بیشۆپ و مۆرای-ئیڤانس، ٢٠٢٠). ئەمەش بەو شێوازە 'دووفاقییە' دیارەیە کە چین و هیندستان لە نێوان ناسنامەی خۆیان وەک وڵاتانی گەشەسەندوو، کە ئەرکێکی گوماناویان هەیە بۆ سەرکردایەتیکردنی باشووری جیهانی، و ئەو واقیعە حەتمییەی کە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان تادێت

لەگەڵ باکووری جیهانیدا هاوتەریب دەبن، ململانێ دەکەن(کوپەر، ٢٠٢١). تۆڕی ئەو سنووردارکردنانەی کە چین و هیندستان ڕووبەڕووی دەبنەوە تیشکێکی زۆری خراوەتە سەر- بەتایبەتی ئەو گرژییەی کە لە پاراستنی یەکێتی کۆمەڵەی ناجێگیری بریکسدا هەیە لەکاتێکدا دەبنە زلهێزە دیپلۆماسییە جیهانییە بەرپرسیارەکان ، کە لە ئەیلوولی ٢٠٢٢دا بە توندی تیشکی خستە سەر کاتێک هەردووکیان بۆ یەکەمجار و بە ئاشکرا ناڕەزایی خۆیان لە وێرانکارییەکەی ڕوسیا لە ئۆکرانیا دەربڕی (لاو، ٢٠٢٢).

## ئایا جیهانگیریی بەرگە دەگرێ؟

قورسە پێشبینی جیابوونەوەی یەکلاکەرەوەی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵات بکەین، یان پرۆسەیەکی یەکلاکەرەوەی ’جیهانیبوون‘ بێت. قەبارەی زۆری بازرگانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، ڕەوتی سەرمایە، داتا و خەڵکانی ئەو دیوی سنوورەکان بۆ ئاسانکاری، ڕادەی وابەستەیی ئابووری بە یەکتر و ئاڵۆزی بەرهەمهێنانی زنجیرە بەهای جیهانی، کە پشت بە زانیارییەکانی ناوەوە دەبەستێت کە لە سەرانسەری جیهانەوە سەرچاوەیان گرتووە، هەموو ئەمانە دژی شەڕ دەکەن(بیشۆپ و پاین، ٢٠٢١ a). ئێمە پاشەکشەیەکی یەکلاکەرەوە لە پشت سنوورە نیشتمانییەکانەوە نابینین. پاوانخوازیی ئەمڕۆ ستراتیژی گەشەپێدانی بژاردە و باوەڕپێکراو نییە. بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەو فشارانەی کە لە خوارەوە ڕووبەڕووی دەوڵەتان دەبنەوە، بەو مانایەیە کە ئاستی باڵای ئابووریی بێ نێوەندگیری و ناسەقامگیرکەر لە ڕووی سیاسیشەوە ژەهراوی دەمێنێتەوە. داهاتووی ئابووری جیهانی بە شێوەیەک کە جێی متمانە بێت بەگشتی بە جیهانگیریی دەمێنێتەوە و لەگەڵ گۆڕینی خودی جیهانگیری و لە هەمان کاتدا لە هەندێک ڕووەوە زیاتر نیشتمانی دەبێت. ئەمە ئەوەندەی دیارە دژ بەیەک نییە. جیهانگیری پرۆسەیەکە کە تا ڕادەیەکی زۆر لەلایەن ئەو وڵاتانەی کە تێیدا چەسپاون، بەڕێوەدەبرێت. ئەم دووانە پێکەوە بوونیان هەیە: بەدیل نین. ئێمە پێویستمان بە قەبارەدانانێکی سروشتی پەیوەندییەکە هەیە کە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی بۆشایی سیاسەتی زیاتر بۆ گەلان لە چوارچێوەیەکی جیهانی سەرتاسەری نوێکراوەی دامەزراوە و یاسا و نۆرمەکاندا. لە نێوان ئەو دووانەدا ئاستی ناوچەیی زۆر گرنگە. لەڕاستیدا، تەنانەت ئەگەر ئێمە شاهیدی پلەیەکی دیاریکراو لە "ئاوەدانکردنەوە" بین لە ژێر ڕۆشنایی ئۆکرانیا و گێژاوی فراوانتر لە ئابووری جیهانیدا، ئەگەری زۆرە زۆرێک لە تۆڕەکانی بەرهەمهێنان لەسەر ئاستی ناوچەیی نەک لەسەر ئاستی نیشتمانی خۆیان دابڕێژنەوە (گرەی، ٢٠١٩). فۆرمەکانی بەرهەمهێنانی مۆدێرن لە بەرزترین خاڵەکانی زنجیرە بەهایەکدا پێویستیان بە ئابووری قەبارە هەیە کە زۆرجار لە ڕووی پانتاییەوە کیشوەری بێت. پرسیاری سەرەکی ئەوە

نییە کە ئایا ئابووری جیهانی پەرەدەستێنێت و شێوەی دەگۆڕێت، بەڵکو ئەوەیە کە ئایا ئەمە بە شێوەیەکی باش بەڕێوەدەبرێت یان شێوازەکەی زیاتر مەترسیدار دەبێت. ئەمەش بە پێی چۆنیەتی گونجاندنی چوارچێوەی حوکمڕانی جیهانیی لەگەڵ واقیعی نوێدا دیاری دەکرێت. بێگومان ئۆرگانە نێودەوڵەتییەکان زۆر پێویستیان بە چاکسازی و بوژاندنەوە هەیە(بیشۆپ و پاین، ٢٠٢١ب). بەڵام ئەو سیستەمەی کە بەکۆمەڵ پێکهاتوون، ئەوەندە ناکارامە نییە کە زۆرجار بیریان لێ دەکرێتەوە (درێزنەر، ٢٠١٤). هەموو دەوڵەتەکان پێویستیان بەو یارمەتییە گشتیانە هەیە کە دابینی دەکەن و وەک لۆرد ئۆنیڵ (٢٠٢١) ئاماژەی پێدەکات، گەورەترین نائومێدی لە ئەدای بریکسدا ئەوەیە کە هێشتا نەیتوانیوە بەڵێنەکەی جێبەجێ بکات بۆ پشتگیریکردنی ٢٠ G لە بابەتی داهاتووی گەشەپێدانیدا. زاڵبوون بەسەر ئەمەدا پێویست دەبێت بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵەیە ڕۆڵی گرنگی خۆی لە "ئاراستەکردنی" ئابووری جیهانی لە ساڵانی داهاتوودا بەرجەستە بکات و دڵنیابێت لەوەی کە گرژییەکانی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بچووک بکرێنەوە نەک گەورە بکرێن.

**سەرچاوە: وێبسایتی ڕو انگە ئابوورییەکان**

# وەرزنامەکانی ڕانانی ستراتیجی مەڵبەندی دیراساتی گشتی

ژمارە (١)




ژمارە (٢)




ژمارە (٣)

